

# دەنگێک بۆ چاکسازی و نوێگەری و چاکەکاری

## دیرۆکی دکتۆر عەلی قەرەداغی

ئامادەکردنی بەزمانی عەرەبی: دەزگای وەشان

وەرگێڕانی: دکتۆر ئەبوبەکر پێنجوێنی

٢٠٢١

بسم الله الرحمن الرحيم


**ناوی کتێب:**

دەنگێك بۆ چاکسازی و نوێگەری و چاکەکاری

دیرۆکی دکتۆر عەلی قەرەداغی

**ناوەڕۆك:** ژیاننامە

**ئامادەکردنی بۆ زمانی عەرەبی:**

دەزگای وەشان-لەندەن

**وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی:**

دکتۆر ئەبوبەکر پێنجوێنی

**تایپ:**

ئەیمەن ئەمین، ئەحمەد میراودەلی

**دیزاینی بەرگ و ناوەوە:**

شێرکۆ خانزادی

**ساڵی چاپ:** ٢٠٢١

**لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان**

**ژمارەی سپاردن (١١٩٨)ی ساڵی ٢٠٢١ی پێدراوە**

**بەرهەمی نوسینگەی ڕاگەیاندنی**

**پرۆفیسۆر عەلی قەرەداغی**

**سلێمانی - ٢٠٢١**

# وتەیەکی پێویست

دەزگای (وەشان) بە باشی زانی دەلاقەیەك بەڕووی ژیان و خزمەت و کۆششی زانای گەورەی کورد پرۆفیسۆر قەرەداغیدا بکاتەوە، لای کەس شاراوە نییە کە بەڕێزیان یەکێکە لە کەسایەتییە دیارو هەرە کاریگەرەکان لە زیاتر لە بوارێکدا، وەك ڕووی زانستی و مرۆڤ دۆستی، بەڕێزیان کەسایەتییەکی جیهانین کە بەشێوەیەك جێ پەنجەیان دیارە لەسەر ئاستی جیهان، بەگەشت و گەڕان و سەردانە بەردەوامەکانیان بەبێ ماندوبوون و پسان و بێزاری، گەشەی زۆریان داوە بەدیدی ئیسلامی لەزۆر ڕوو و بوارەوە.

لەهەمان کاتدا پرۆفیسۆر قەرەداغی کەسایەتیەکی گەورەی کوردە کە ڕۆڵ و کاریگەرییەکی بەردەوام و پەیوەندیەکی دانەبڕاوی هەیە بەگەل و نیشتمانەکەیەوە (هەرێمی کوردستان) لە تەواوی ڕووداوو پێشهات و نەهامەتی و ناخۆشییەکاندا دەبینین کە چۆن قۆڵی مەردایەتی هەڵکردووەو چاکی جوامێری کردووە بەلاداو ئەرکی سەرشانی خۆی ئەنجام داوە لە ڕووی نیشتمان دۆستی و مرۆڤ ویستییەوە بەجۆرێك هەمووان شایەتی بۆ دەدەن.

لەبەرئەوەی تا ئێستا کتێبێکی تایبەت نەبوو بەژیان و کەسێتی و بەرهەم و خزمەتەکانی، کۆمەڵە خەڵکێك بڕیاریاندا ئەم کتێبە تەرخان بکەن بۆ گەشتی ژیان و توانا زانستییەکانیو بەم شێوەیە بخرێتە بەردیدی خوێنەران و ببێتە جێگای سوودو کەڵك وەرگرتن لەو تەمەنە پڕ بەرەکەتەی جەنابیان کە لێوان لێوە لە دڵسۆزی و پسپۆڕی و مرۆڤ دۆستی، بەشێوەیەك لە ڕۆژگارە تاریك و پڕ مەترسیەکاندا درەوشاوەتەوە بەپێی توانا.

تۆفیق ڕێکانی

سەرۆکی دەزگای وەشان

لەندەن - ٢٠١٩ز

بسم الله الرحمن الرحيم

يرفع الله الذين آمنوا منكم والذين أوتوا العلم درجات

صدق الله العظيم

سورة المجادلة (١١)

**پێغەمبەریش (ﷺ) دەفەرموێت:**

«مَنْ يُرِدِ اللَّهُ بِهِ خَيْرًا يُفَقِّهْهُ فِي الدِّينِ»

ئیمامی بوخاری گێڕاویەتیەوە بەژمارە (٧١) موسلم یش بەژمارە (١٠٣٧)

**هەروەها دەفەرموێت (ﷺ):**

«الْعُلَمَاءَ وَرَثَةُ الأَنْبِيَاءِ»

ئەبو داود بەژمارە (٣٦٤١) ترمذی (٢٦٨٢) ئیبن ماجه (٢٢٣)



# پێڕست

وتەیەكی پێویست........................................................................................... ٣
ڕێزو پێزانین............................................................................................ ١٠
لەبری پێشەكی......................................................................................... ١١
پێشەكی وەرگێڕ.......................................................................................... ١٥

## بەشی یەكەم

## ژیاننامەی پرۆفیسۆر. د. عەلی قەرەداغی

یەكەم: لە ئامێزی قەرەداغدا............................................................... ٢٠
دووەم: ڕێچكەی زانستی........................................................................ ٢٢
سێیەم: بەرەو مامۆستایەتی و قوڵبوونەوە..................................................... ٢٦
چوارەم: ئەرك و بەرپرسیاریێتی زانستی....................................................... ٢٨
یەكێتی جیهانی زانایانی مسوڵمان.............................................................. ٢٩
پوختەی ئامانجەكانی یەكێتی جیهانی زانایانی مسوڵمان.................................. ٣٠
پێنجەم: ئەندامێتی ئەنجومەنو لیژنەو كۆمەڵەكان........................................... ٣٣
شەشەم: لەبوارەكانی زانستی و ئەكادیمی...................................................... ٣٤
حەوتەم: توێژینەوەكان.......................................................................... ٣٩
هەشتەم: كتێبەكانی بەزمانی عەرەبی........................................................... ٥٢
نۆهەم: بەشێك لە ئەم كتێب و توێژینەوانەی وەرگێڕدراون بۆ زمانی كوردی.... ٥٥
دەیەم: دكتۆر قەرەداغی لەهۆڵی كۆنگرەو كۆبوونەوەكاندا................................. ٥٦
یانزەهەم: جەنابی دكتۆر قەرەداغی لەئاپۆڕای ڕێزلێنانەكاندا........................... ٥٧

## بەشی دووەم

### یەکەم: ڕشتەبەندی فیکری جەنابی دکتۆر قەرەداغی (المنظومة الفكرية)

یەکەم: ڕشتەبەندی فیکری جەنابی دکتۆر قەرەداغی (المنظومة الفكرية).......٥٩
میتۆدی دکتۆر قەرەداغی بۆ چاکسازی نەتەوەی ئیسلام.....................................٦٢
چاودێری و بەدواداچوونی بەردەوام، بەردەوامی یان دامەزراوی..........................٧١
فیقهی میزان.......................................................................................٨٥
میزانی مەعنەوی..................................................................................٨٩
میزان و دانایی (الحكمة)........................................................................٩٠
میزان و ئیجتیهاد.................................................................................٩١
میزانە پرش و بڵاوەکانی قورئان و سوننەت (میزانی ماددی و مەعنەوی)..........٩٣
میزانی تایبەت.....................................................................................٩٥
گرفتەکە لە لاوازی سستمی بەرگریدایە.....................................................١١٣
ڕۆڵو کاریگەری جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی لەچاکسازی کەرتی پەروەردەو فێرکردندا......١١٨
جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی لەپرۆسەی چاکسازییەوە بۆ ئاشتەوایی.............١٢٠
پرۆگرامو میتۆدی جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی لەپرسی ئیجتیهادو نوێبوونەوەدا.........١٢٢
مەرجەکانی نوێبوونەوە بەتایبەت لە ئابوری و مامەڵە داراییەکاندا................١٤٣
بوارەکانی نوێبوونەوە............................................................................١٤٧
ئێمە و ئەوانی دیکە لە لاپەڕەکانی ڕابردوو ئێستادا....................................١٥٠
بنەماو ڕێسا ئیسلامییەکان بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەدووتوێی
لاپەڕەکانی سەردەمدا...........................................................................١٥٧
نمونەیەك لە ململانێ فیکرییەکانی سیاسەتمەدارانی ڕۆژئاواو هەوادارەکانیان......١٦٤
یوسف پێغەمبەر (علیه السلام) وەك نمونەیەکی باڵا لەمیسردا.............................١٧٤
شاکارەکانی قەرەداغی لە پرسە ئیسلامییەکاندا.............................................١٨٤
ئاسایشی فیکریو دەروونی لەبەر ڕۆشنایی مەبەستەکانی شەریعەتی ئیسلامدا...........١٨٩
پرسی ئافرەتو دیموکراسی، لێکۆڵینەوەیەکی فیقهییە لەفیکری سیاسی ئیسلامدا.......١٩٥

## بەشی سێیەم

## ڕۆڵی جەنابی پڕۆفیسۆر قەرەداغی لە وەڵامدانەوەی گروپ و كۆمەڵە توندڕەو و تەكفیرییەكاندا، لەگەڵ خستنە ڕووی سۆزو میهرەبانی و میانڕەوی ئیسلام


دەستپێك.................................................................................................................٢٠٥

ئیسلام سەرچاوەی ڕەحمەت و میهرەبانییەو بانگەشە بۆ میانڕەوی دەكات........٢٠٨

جەنابی پڕۆفیسۆر قەرەداغی هەموو كاتێك چاوی لەسەر فیقهی میزانە..........٢٢١

ئیسلام دوژمنایەتیو ترسو تۆقاندن ڕەتدەكاتەوە لەهەر سەرچاوەیەكەوە بێت...........٢٢٣

خەواریجەكان سەرچاوەی هەموو توندڕەویو نەهامەتییەكی دینی بوون لەئیسلامدا...........٢٢٨

ئیرهاب لەسەردەمی ئێستادا.........................................................................٢٢٩

ئیرهابو توندڕەوی لەنێوان جولەكەو گاورو ئیسلامدا بەشێوەیەكی كردەییو ڕشتەبەندی....٢٣٤

تەورات و دیاردەی توندوتیژی.......................................................................٢٣٥

سۆزو میهرەبانی و ئیرهاب لە ئاینی گاورەكاندا................................................٢٣٧

دیدو هەڵوێستی ئیسلام لەسەر پەڕگیری و توندوتیژی..................................٢٣٧

تێگەیشتن لە ئیرهابی نێودەوڵەتی..................................................................٢٣٩

دیاردەی ئیرهاب لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی....................................................٢٣٩

تۆمەتباركردنی ئیسلام بە ئیرهاب لەپای چییە؟...............................................٢٤٠

ڕۆڵی ناوەندە زانستیو ڕۆشنبیرییەكان (المجامع الفقهية) لەبەگژداچوونەوەی پەڕگیری و توندڕەوی و ئیرهابدا...........................................................٢٤١

جێكەوتەی ئیرهاب..........................................................................................٢٤٦


## بەشی چوارەم

## جەنابی پڕۆفیسۆر قەرەداغی، پیاوی خاوەن هەڵوێست و خێرخواز


یەكەم: ڕابیتەی ئیسلامی كورد، خێرخوازی.....................................................٢٤٩

چەند نموونەیەك لە كارە خێرخوازی و مرۆییەكانی ڕابیتە................................٢٥٤

## بەشی پێنجەم:

جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی لە دیدی بەرانبەرەكانیدا.................................... ٢٦٤
یەكەم: دیدی بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی؛ سەرۆك كۆماری پێشوتری عێراق...... ٢٦٤
دووەم: دیدو شایەتیدانی گەورە زانای سەردەم دكتۆر یوسف قەرەزاوی؛ سەرۆكی
پێشووی یەكێتی جیهانی زانایانی مسوڵمان...................................................... ٢٦٧
سێیەم: دیدو شایەتیدانی گەورە زانای مەقاسیدی دكتۆر ئەحمەد ڕەیسونی،
سەرۆكی یەكێتی زانایانی جیهانی ئیسلامی...................................................... ٢٦٨
چوارەم: كاك عومەری سەید عەلی؛ ڕێكخەری گشتی بزوتنەوەی گۆڕان........... ٢٦٩
پێنجەم: دید و شایەتیدانی بەڕێز مامۆستا دكتۆر بەشیر حەداد، جێگری دووەمی
ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق................................................................................ ٢٧٢
شەشەم: مامۆستا ئارام قادر، سەرۆكی هاوپەیمانی نیشتمانی........................ ٢٧٥
حەوتەم: دیدو شایەتیدانی بەڕێز دكتۆر سەید ئەحمەد عەبدولوەهاب پێنجوێنی......... ٢٧٧
هەشتەم، دیدو شایەتیدانی بەڕێز پرۆفیسۆر مەریوان ئەحمەد ڕەشید، سەرۆكی
زانكۆی گەشەپێدانی مرۆیی لە شاری سلێمانی................................................... ٢٨٠
نۆیەم: عەلامەی قەرەداغیو ڕەهەندەكانی كەسایەتیی ئەو،
نوسینی: پرۆفیسۆر دكتۆر سەباح بەرزنجی........................................................ ٢٨١
دەیەم: دیدی بەڕێز مامۆستا زاهد ئەسعەد محمد.............................................. ٢٨٤
یانزەیەم: وتەی بەڕێز: (الشیخ ڕشید طه عثمان)........................... ٢٨٧
دوانزەیەم: دكتۆر عومەر عبدالعزیز دەربارەی بەڕێز د. عەلی قەرەداغی............... ٢٩٤
سیانزەیەم: وتەی بەڕێز ئەبوبەكر كاروانی، بیرمەندو سیاسەتمەدار................ ٢٩٦

## بەشی شەشەم:

ئەرشیفی وێنە................................................................................................ ٣٠١

## رێزو پێزانین

تـەواوی ڕێـزو خۆشەویسـتی و پێزانینـی خۆمـان ئاراسـتەی نوسـینگەی بەڕێـز پرۆفیسـۆر عەلـی قەرەداغـی دەكەیـن لـە شـاری سـلێمانی بەرەنجامـی ئـەو هـاوكاری و بەدەمـەوە بوونـەی هەیـان بـوو بۆمـان، بەهەمـان شـێوە نوسـینگەی بەڕێزیـان لـە دۆحـە.

هەروەهـا ڕێـزو سوپاسـی بـێ پایانمـان ئاراسـتەی تـەواوی ئـەو كەسایەتیانە دەكەیـن كـە بەدڵفراوانییـەوە زانیـاری پێویسـتیان پـێ بەخشـین لەبـارەی جەنابـی پرۆفیسـۆر عەلـی قەرەداغییەوە.

هەروەهـا زۆر سـوپاس بـۆ خـودی جەنابـی پرۆفیسـۆر عەلـی قەرەداغـی، كـە لوتفیكـرد بەهـاوكاری كردنمـان لەهـەر شـتێكدا كـە پێویسـتمان بـوو لەسـەرچاوەو بەرهەمەكانـی بەڕێزیـان بەدڵفراوانییـەوە خسـتیانە بەردەسـتمان، دووبـارە زۆر ڕێـزو پێزانیـن و حورمەتمـان هەیـە بـۆ هەمـوو ئـەم بەڕێزانـەی هاوكارمـان بـوون لـە كۆكردنـەوەی ئـەم زانیارییانـەی كـە لەدووتوێـی ئـەم كتێبەدایـە.

## لەبری پێشەکی

بە ئاسانی نابیتە مرۆڤێکی ناودار، بە تایبەتی ئەگەر ڕێگای بوون بە ناوداری بریتیبێت لە بیرکردنەوەی وردو تیۆریزەکردن (التفکیر و التنظیر) ئەوە ڕێگایەکی ئاڵۆزو دژوارە، پڕیەتی لە مەترسی و خۆ پارێزی، ئەمەش تەنیا لەبەر ئەوەی تۆ ئاوەزو ژیری ئەدوێنیت، ئاوەزو ژیریش ڕەزامەندنییە بە هەموو شتێك كە دەوترێت، بەڵكو ژیری گوتارەكە دەخاتە بەر سەنگی مەحەك و شرۆڤەكارییەوە، هەرچیەك گونجاو و سازگار بوو لەگەڵ ژیری قبوڵی دەكات، هەرچیەكیش دژو پێچەوانەبوو دەیخاتە كەنارەوە، لەبەر ئەوە دەبێت (گوتار) هەر جۆرە گوتارێك، پشتڕاست بكرێتەوە بە بەڵگەو سەلمێنەربێت، لە دوو توێی زمانێكی شیریندا بڕژێتە خوارەوە.

ئەم ڕێگا دژوارەی دكتۆر قەرەداغی گرتویەتییە بەر، خۆی پابەند كردووە بە بیركردنەوەو سەرگەرمی هەڵدانەوەی لاپەڕەكانی كلتوری ئیسلامییە، بە كۆن و نوێیەوە، خۆی بۆ تەرخان كردووەو بە وردی تێی دەڕوانێت و خەریكی هەڵێنجانی چاك و باشەكانییەتی بۆ ئاسانكاری و ڕێگا خۆش كردن بۆ نەتەوەكەی ئەوانەی كە ڕێگایان بزركردووەو لە نێوان چەندین ڕێچكەو ڕێبازدا سەرگەردانن نازانن كامیان هەڵبژێرن، قەرەداغی هاتوو بوویە ڕێ نیشاندەر لە ناو ئەو كوچەو كۆڵانە تاریكانەدا، كۆسپ و تەنگەڵانەكانی ڕێگای بۆ ئاسانكردن و دەستیگرتن بۆ ئەوەی ئیدی نەخزێن .

ئەو سروشتی وایە، هەمیشە كە دێتەوە لە گەشكۆڵەكەیدا شتانێكی پێیە كە پێی وایە مایەی سەرفرازین بۆ نەتەوەیەك كە خۆی بە ڕواڵەتی شتەكانەوە خەریككردووەو سەرقاڵیان كردووە بە

شەڕی نێوان خۆیانەوە، ڕایان دەوەشێنێت و دەڵێت بە ئاگابێنەوە، ئێوە شتانێکتان هەیە دەتواننساڵەهایەك لە سایەیدا بژین بەڵکو بۆ هەمیشە تاخودا ژین و ژیان دەپێچێتەوە، مەبەستی لەوە قورئانی پیرۆزو سوننەت و سیرەتی پێغەمبەرە (ﷺ) ئەو دووەی کە سەرچاوەی هەستانەوەو ڕاپەڕینی هەر کەسێکە کە بە دووی هیمەت و ورە بەرزییەوە بێت، هەموو شتێکیان سازگارو گونجاوەو بۆ هەموو کات و سەردەمێك دەبن دکتۆر قەرەداغیش هەرگیز ماندوو نابێت لە بێدار کردنەوەی خەڵك بەمە.

دکتۆر قەرەداغی مامە خەمەو هەڵگری خەمی گەلانی ئیسلامییە بە هەموو نەتەوەکانییەوە، خەمی بەرنامەڕێژی و چارەسەری کێشەو گرفتەکانی بووەتە خەونی لە مێژینەی، ئەو لەو کەسانە نییە کە دەوروبەری خۆیان بە شێوەیەك دەگرن کە نەتوانرێت بگەیتە لایان، لە کۆشك و تەلارەکانیاندا ژیانی خۆیان بکەن، بە جۆرێك قسە بکەن بە ئاسانی تێی نەگەن، بەڵکو جەنابیان قسەو دیدو بیروڕاکانیان بەشێوەیەکی کردەیی بەرجەستە دەکەن و دەبینین کە مەبەست و ئامانجەکانیان شرۆڤە دەکەن.

بە ئاسانی هەمووان تێدەگەن و دەگاتە هەمووان، بەردەوام هەوڵی نزیك بوونەوە دەدات لە خەڵك لە هەر کوێ بن تا یەکێك بێت لەوان، هەڵوێستە لە ئاست گرفت و خەم و کێشەکانیان دەکات و بەدەم پێداویستیەکانیانەوەیە، دەستی هاوکاری و کۆمەکیان بۆ درێژ دەکات و چروکیو کەمتەرخەمی ناکات لە ئاستیاندا بە زانست و داراییەکەی، تا ڕزگاریان ببێت لە بیری خراپ و گوزەرانی ناخۆش .

خوێنەری ئازیز لەم کتێبەی بەردەستتدا بەرچاو ڕوون دەبیت

بەسەر گوزشتەی ژیانی جەنابی دکتۆر عەلی قەرەداغی سەرەتای چاوکرانەوەو دەستپێکی فێربوونی زانست و زانیارییەکانی، سەرەتا لەلای جەنابی باوکی دواتر لە ناوچەی قەرەداغ، چی خوێندووەو لە کوێ خوێندویەتی، بەرهەم و نوسینەکانی کامانەن، ئەو پلەو پۆست و نازناوە زانستیانەی پێیدراوە و هتد ... ئەمە وەك بەشی یەکەمی کتێبەکە.

بەشی دووەم: بەشی دووەمی ئەم کتێبە ئامانجی گەورەو پوختەی مەبەستمانە، جەنابی دکتۆر عەلی قەرەداغی دەناسێنێت وەك بیرمەندو تیۆریزەکار لە کۆمەڵە پرسێکدا کە لە ئەمڕۆدا بۆ جیهانی ئیسلامی جێگای بایەخن، کۆمەڵە پرسێك کە دکتۆر قەرەداغی دیدو شرۆڤەی تایبەت بە خۆی هەیە، جیاواز لە وانی دیکە، کۆمەڵە پرسێك تایبەت بە ژیانی مسوڵمانان، لە ڕووی ماددی و مەعنەوی یەوە، ئێمە لەسەر دیدو تێگەیشتنە فیکرییەکانی لە ڕووی چاکسازی گشتگیرەوە هەڵوێستە دەکەین، هەروەها ڕێبازو پرۆگرامی لە ڕووی نوێگەری و هەڵێنجانەوە دەخەینە بەرچاو بەهەمان شێوە هەندێك لەبەرهەمە زێڕینەکانی لە دوو توێی لێکۆڵینەوە زانستییە ئیسلامیەکاندا نیشان دەدەین .

بەهەمان شێوە دەبێت قسە لەسەر ئەو کەسانە بکەین کە ئیسلام تاوانبار دەکەن بە تێوەگلانی لە توندڕەوی و ترس و تۆقاندن، تۆمەتبار کردنێك کە لە شارەزایی بە ئیسلامەوە سەرچاوەی نەگرتووە، ئەو کەسانە ناتێگەیشتوون لەو ڕووەوە کە ئیسلام ئاینی ڕەحمەت و میانەڕەوییە، هەروەك بێ ئاگان لەوەی کە ئیسلام دوژمنە بە توندڕەوی لە هەر بەرگ و پۆشاکێکدا بێت، هەموو ئەمانە لە بەشی سێیەمی ئەم کتێبەدا دەخرێتە ڕوو.

بەشی چوارەمی ئەم کتێبە تەرخان کراوە بۆ کارو چالاکییە

خێرخوازییەکان، لەو ڕووەوە کە جەنابی دکتۆر قەرەداغی هەمیشە خێرو خۆشی ویستووە بۆ هەمووان، لەو ڕوەوە کە چۆن هەنگاوی کردەیی هاویشتووە بۆ دامەزراندنی ڕابیتەی ئیسلامی کورد، چۆن هەوڵی بێ وچانی داوە بۆ کۆکردنەوەی خێرلێرەو لەوێ، مزگەوت و قوتابخانە و نەخۆشخانەی پێکردۆتەوەو چەندین پرۆژەی گرنگی ئەنجامداوە بۆ شوێن و جێگایەك کە سەختییەکانی ژیان تاڵاوی زۆری کردووە بە گەرویاندا، بەهەمان شێوە لەم بەشەدا ئەوە دەخەینە ڕوو کە جەنابیان خاوەنی هەڵوێستی مەردانە بوون لە ساتە ناسك و هەستیارەکاندا کە لێرەو لەوێ بەسەر ژیانی مرۆڤدا هاتوون.

دواتر لەبەشی پێنجەمدا تیشك دەخرێتە سەر کەسایەتی و ناو و ناوبانگی جەنابی دکتۆر قەرەداغی لە ڕوانگەو دیدی زاناو بیرمەندە ناودارەکانی سەردەمەوە، دەبینین چۆن شایەتی بۆ دەدەن

# پێشەکی وەرگێڕ

زۆرن ئەوانەی بەچاوی ڕێزەوە دەڕواننە جەنابی پرۆفیسۆر دکتۆر عەلی قەرەداغی بەشێکیان دەڵێن فەقیهێکی گەورە و موجتەهیدێکی سەردەم و بانگخوازێکی دیارو لەبەرچاوە، بەشێکی تر دەڵێن ئابوریناسێکی بێ ڕکابەرەو خاڵی یەکلا کەرەوەیە لەنێوان کۆنگرەو کۆنفرانسی مامەڵە داراییەکاندا ، بەشێکی تر دەڵێن موسڵیح و موجەدیدو خێرخوازو چاکەکارێکی کامڵ و خودا ویست و خۆنەویست و مامەخەمەیە، بەشێکی تر دەڵێن ئەکادیمی و زاناو زانستخوازەو دەیان جۆر ڕایەڵی پەیوەندی و بەشداری و ئەندامێتی جۆراو جۆری هەیە لەسەر ئاستی جیهانی عەرەبی و ئەوروپی و ئیسلامی، بەشێکی تر دەڵێن زۆرترین بەدەمەوە بوون و بەهاناوەچوونی هەیەو بەشدارو هاوبەشی خەم و خەون و کارو پرۆژەی مسوڵمانانە لەسەرتاسەری دنیادا، بەشێوەیەك دەکرێت بڵێین لەفڕۆکەیەك دادەبەزێت و لەفرۆکەیەکی تر سەردەکەوێت بۆ بەدەمەوە چونی بانگهێشتنامەکان و بەشداری و هاوبەشیکردن لە کۆنگرەو کۆنفراس و کۆبونەوەو میوانداریەکاندا، بەشێکی تر دەڵێن نوسەرێکی بلیمەتەو بەرهەم و نوسینەکانی تازەگەری و داهێنان و نەفەسی موجتەهیدێکی سەردەمیانەیان پێوە دیارە، وێڕای ئەوەی بەرهەمەکانی بونەتە بابەتی قبوڵکراو و دەنگ بۆدراو لەکۆڕبەندە فیقهی و زانستییەکاندا، بەشێکیشیان بونەتە پرۆگرامی خوێندن لەچەند زانکۆیەك، بەشێکیان تازەترین تازەگەرییان پێوە دیارە، بەشێکی تر دەڵێن پیاوی زیاتر لە مەیدانێکەو پێشەنگی سوارچاکانەو پیاوی وەڵامدانەوەی پرسیارە ئاڵۆزو دژوارەکانە، پیاوی

پەروەردەو بانگەوازە، پیاوی تەحقیق و تەرجیح و ئیجتیهادە، پیاوی سیاسیەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەكانە بەشێوەیەك دەكرێت بڵێین سەفیری ئیسلامەو مسوڵمانێكی موسافیرە، هەموانیش لەوەدا هاوڕان كە كوردێكی ڕەسەن و وەفادار و نەتەوە دۆست و نیشتمان پەروەرە...

كەمینەیەكیش بەداخ و كەسەرەوە چێو لەتاریكی دەكوتن و خەریكی شكاندنی ڕەمزە گەورەكانی نەتەوەو نیشتمانن، موفتی پێنجوێنی گوتەنی:

پیاوی گەورەمان نایەتە بەردڵ
هەتا ئەو ڕۆژەی دەچێتە ژێر گڵ
ئینجا بۆی ئەگرین بەشین و بەكوڵ
قەبرەكەی دەكەین بەگوڵزارو گوڵ

ئەمەش سروشتی ژیانە لە هەموو كات و سەردەمێكدا مرۆڤی دەم شڕو نابەرپرس و بێباك هەیەو هەر دەبێت، نەك مرۆڤە گەورەو گران قەدرەكان، بەڵكو پێغەمبەرانیش، تەنانەت خودای گەورە (سبحانە وتعالی) سەركۆنەمان دەكات لەسەر ئەوەی كە نەمانتوانیوە بەئەركی بەندەگی هەستین و دەركی كونهو عەزەمەت و خالقی ئەو بكەین وەك پێویست قەدرزانی نیشان بدەین، وەك دەفەرمووێت: (وَمَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ....) یان ئەوەتا گەورەی پێغەمبەران محمد (ﷺ) دەفەرمووێت بەدایكمان خاتوو عائیشە: (لقد لقیت من قومك مالقیت)

ئیدی ئەگەر خودا بۆخۆی یان بۆ پێغەمبەرو ڕەوانەكراوەكانی پارێزبەندیەكی دانەنابێت، ناكرێت و نابێت هیچ كەس ئەو جۆرە چاوەڕوانییەی هەبێت، وەك شاعیر دەڵێت:

قیل إن الإله ذو ولدٍ
قیل إن الرسول قد کهنا
ما نجی الله والرسول معاً
من لسان الخلق فکیف أنا؟

لە کاتێکدا ئەوە شتێکی سەلمێنراوە کە هیچ کەس بێ هەڵەو بێ پەڵە نییە (ولا نزكي على الله أحدا) جگە لە پێغەمبەران، بەڵام موفتی زادە گوتەنی:

چەمێکی خوڕ لە کوێستانێکی پاکا
تکەی جار جارە پیسی پیسی ناکا
هەزار خۆزگەم بەوەی وا ئەونە پاکە
خەتایشی گەر ببێ وەك کاری چاکە

من دڵنیام جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی بەدوای ئەوەوە نییە چی لەبارەیەوە دەوترێت ئەوەندەی کە لەخەمی ئەوەدایە بەکارو ئەرك و بەرپرسیارێتییەکانیدا بگات، ئەگەر چی هەموو باوەڕدارێك ئەم نزایەی باوکی پێغەمبەران ئیبراهیم (علیە السلام) دەکات (وَاجْعَل لِّي لِسَانَ صِدْقٍ فِي الْآخِرِينَ) الشعراء ٨٤

سەبارەت بەو کەسانەش کە بەنەزانی یان بەناحەزی لێرەو لەوێ لەبارەیەوە (رجماً بالغیب) قسەو قسەڵۆك فڕێ دەدەن، زمانی حاڵی جەنابیان ئەم شیعرەی عاریفی کورد مەحوی شاعیرە کەدەڵێت:

لەپاداشی قسەی سەردا هەمە ئاهو هەناسەی گەرم
کەسێ شێتانە بەردم تێبگرێ، من بەرقی تێ دەگرم
شوکر هۆشیارە (مەحوی) تێدەگات دنیا خەراباتە
کە بەدمەستی بکا ئەهلی، خراپەی بۆچی لێدەگرم



ماوەتەوە بڵێم جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی خەمی نەتەوەی ئیسلامی هەڵگرتووەو بەدیدی بنەمادۆزی و تیۆریزەكردن دەیەوێت ئاسۆیەك بەرووی هەمواندا بكاتەوە، هەوڵە ئیسلامی و نوێخوازی و خێرخوازییەكانی بەڵگەی حاشا هەڵنەگرن و دوورو نزیكو گەورەو بچوك شایەتی ئەو ڕاستییەن، تۆی خوێنەری ئازیزیش خۆت بڕیار بدە.

وَقُلِ ٱعۡمَلُواْ فَسَيَرَى ٱللَّهُ عَمَلَكُمۡ وَرَسُولُهُۥ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَۖ وَسَتُرَدُّونَ إِلَىٰ
عَٰلِمِ ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ﴿١٠٥﴾

وەرگێڕ
د. ئەبوبەكر پێنجوێنی
٧-٧-٢٠٢٠

## بەشی یەکەم:

جەنابی دکتۆر قەرەداغی مرۆڤێکی سەلاربوو.

١- لە ئامێزی قەرەداغدا.

٢- لە قۆناغی خوێندندا.

٣- جەنابی قەرەداغی مامۆستاو ئەکادیمی.

٤- جەنابی قەرەداغی و بەرپرسیارێتییە زانستییەکان.

٥- ئەمینداری گشتی یەکێتی جیهانی زانایانی مسوڵمان (IUMS).

٦- جەنابی قەرەداغی و ئەندامبوونیان لە دەزگاو ڕێکخراوەکان.

٧-جەنابی قەرەداغی بیرمەندو نووسەر.

کتێب و بەرهەمەکانی.

لێکۆڵینەوە زانستیەکانی (بابەت و لێکۆڵینەوە)

٨- جەنابی قەرەداغی لە ناوەندی کۆنگرەو کۆنفرانسەکاندا.

٩- جەنابی قەرەداغی و ڕێزلێنانی بەخەڵات و دیارییە زانستییەکان.

## ژیاننامەی
## پرۆفیسۆر. د. عەلی قەرەداغی

**یەكەم: لە ئامێزی قەرەداغدا**

لە گوندی نەوتی سەر بە شارۆچكەی قەرەداغی پارێزگای سلێمانی لە مانگی تەموزی ساڵی ١٩٤٩ز بەرانبەر بە ١٣٦٨ك جەنابی دكتۆر عەلی محیی الدین قەرەداغی چاوی بەدنیا هەڵهێناوە.

شایانی باسە ناوچەی قەرەداغ لە مێژە بووەتە لانكی چەندین زاناو داناو پیاوماقوڵی گەورەی وەك مامۆستا شێخ عبداللطیفی گەورەو، مامۆستا شێخ محمد نجیب قەرەداغی و مامۆستا شێخ عومەر قەرەداغی و مامۆستا شێخ مصطفی قەرەداغی و مامۆستا شێخ بابا ڕەسوڵ و مامۆستا شێخ نورالدین و مامۆستا شێخ نجم الدین، هەروەك لانكی سەرهەڵدانی زانای عاریف و گەورەی كورد مەولانا خالدی نەقشبەندی بووە.



جەنابـی دکتـۆر عەلـی قەرەداغـی سـەر بـە خێزانێکـی دیـن پـەروەر و زانسـت دۆسـت بـووەو لـەڕووی ڕەچەڵەکـەوە دەچێتـەوە سـەر ئیمـام حسـین (خـودا لێـی ڕازی بێـت).

جەنابـی شـێخ محیـی الدینـی باوکـی پیاوێکـی دیـن پـەروەر و خوانـاس و بەهەڵوێسـت بـووەو، هەمیشـە پشـتیوانی حـەق و ڕاسـتی بـووەو هـاوکار و دۆسـتێکی باشـی شـێخ مەحمـودی نەمـر بـووە لـە شۆڕشـی کوردیـدا دژی داگیـرکاری ئینگلیـز.

لەهەمانکاتـدا زۆر دژ بـووە بـە بیری شیوعییەکان و بەرەنگاری شـیوعییەت بووەتـەوە لـە سـاڵانی ١٩٥٨-١٩٦٣ز، جـەنابـی دکتـۆر عەلـی لـە بـارەی باوکییـەوە دەڵێـت: «جـەنابـی باوکـم پیاوێکـی چاونەتـرس و بوێـر بـوو جگـە لـە خـودا لـە هیـچ کـەس نەدەترسـاو، لـەڕووی ڕێکوپێکـی خێزانییـەوە توندوتـۆڵ و کاریگـەر بـوو، لەکاتـی گەرمـەی سـەرهەڵدانی شـیوعییەتدا لەگـەڵ چەنـد کەسێکی کـەم بەتونـدی لەڕوویانـدا وەسـتا لـە سـاڵانی ١٩٥٨-١٩٦٣ز، لەکاتـی شۆڕشـی عبدالکریم قاسـمدا لـە عێـراق، تەنانـەت هەوڵـی تیرۆرکردنـی جەنابـی باوکمیانـدا بـەڵام سـەرکەوتوو نەبـوون، ئـەو هەمیشـە خۆشەویسـتی (ئیسـلام)ی لـە دڵـی ئێمـەدا دەچانـد و فێـری دەکردیـن تەنیـا شـانازی بـە ئیسـلامەوە بکەیـن».

جەنابـی باوکیـان ڕۆڵێکـی کاریگەری هەبوو لەسـەر ئاراسـتەکردنی بـەرەو زانسـت، جەنابـی دکتـۆر عەلـی قەرەداغـی لـەم بارەیـەوە دەڵێـت: «باوکـم بەرەحمـەت بێت لـە قوتابخانەی حکومـی دەریهێنام و خسـتمیە حوجـرەوە لـە سـەردەمی گەرمـەی شـیوعییەت لـە عێراقـدا کـە لەوکاتـەدا هەرچـی کۆلێـژ و پەیمانـگا و قوتابخانـەی شـەرعی هەبـوو هەڵوەشـێنرابوویەوە».

دایكـی بەڕێزیـان خاتـوو ئامینـە عوسـمان بـە ڕەحمـەت بێـت، ئافرەتێكـی میهرەبـان و نەجیـب و خوانـاس و ئیمـان دامەزراوبـوو، زۆر هیواخـواز بـوو منداڵەكانـی قورئانـی پیـرۆز لەبـەر بكـەن و ببنـە مـەلا و زانـای پەیامـدار.

**دووەم: ڕێچكەی زانستی**



جەنابـی دكتـۆر عەلـی قەرەداغـی سـەرەتـای فێـربوون و خـوێندنی زانسـتەكانی لـە زێـدی خـۆی دەسـتپێكرد لـە گونـدی (نـەوتی) لـە شـارۆچكەی قـەرەداغ، لـەو ماوەیـەدا هەمـوو قورئانـی پیـرۆزی لەبەركـرد، دواتـر چـووە شاری سـلێمانی بـۆ خزمەتـی گـەورە و زانـا و مامۆسـتایانی وەك جەنابـی شـێخ نجم الدین قەرەداغی و مامۆسـتا شـێخ مستـەفا قەرەداغـی و چەندیـن زانـای تـری بەناوبانگـی شـاری سـلێمانی، دواتـر چوویە شـاری بەغـداد و لـە خزمەتـی كۆمەڵێـك گـەورە زانـای بەناوبانگـدا درێژەی دا

جەنابی دكتۆر؛
چووە بەغدادو لەلای
جەنابی مەلا عبدالكریمی
مودەڕیس و، جەنابی
مامۆستا شێخ عبدالقادری
وتاربیێـژ درێـژەی دا
بەخوێـندنی
زانستەكان

بە خوێندنی زانستەکان، لەو مەلا و زانا گەورە و قەدر گرانانە جەنابی مەلا عبدالکریمی مودەڕیس و جەنابی مامۆستا شێخ عبدالقادری وتاربێژ.

لە درێژەی گەشتە زانستییەکەیدا جەنابی دکتۆر عەلی قەرەداغی لە ساڵی ١٩٦٩ز پەیمانگای ئیسلامی تەواو کرد، یەك ساڵ دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٧٠ ز ئیجازەی عیلمی مەلایەتی وەرگرت لەسەر شێواز و ڕێ و ڕەسمی حوجرەکانی کوردستان لە خزمەتی چەندین گەورە زانا و مەلاباشی شاری سلێمانیدا، لەوانە جەنابی مامۆستا شێخ مستەفا قەرەداغی. شایانی باسە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان یەکەمی پەیمانگای ئیسلامی بوو، دواتر پەیوەندیکرد بە کۆلێژی ئیمام ئەعزەم لە بەغداد بۆ خوێندنی بەکالۆریۆس لە شەریعەتی ئیسلامیدا لە ساڵی ١٩٧٥ز، بە پلەی نایاب و بە ڕوتبەی یەکەم کۆلێژی ئیمام ئەعزەمی تەواو کرد. ئیدی خولیای خوێندنی باڵا کەوتەسەری و بەرەو وڵاتی میسر کەوتەڕێ و دەستیکرد بە خوێندنی ماستەر لە فیقهی بەراوردکاریدا لە کۆلێژی شەریعە و قانون لە زانکۆی ئەزهەر، لە ساڵی ١٩٨٠ز بڕوانامەی ماستەری بەدەستهێنا بە پلەی نایاب.

بەهەمانشێوە جەنابیان درێژەیان دا بە خوێندنی دکتۆرا و توانیان لەهەمان کۆلێژ و لەهەمان زانکۆ لەبواری گرێبەست و مامەڵە داراییەکاندا بە پلەی نایاب لەگەڵ ڕوتبەی یەکەمی شەرەف بڕوانامەی دکتۆرا بەدەستبهێنن لە ساڵی ١٩٨٥ز، هاوکات زانکۆی ئەزهەر ڕاسپێردرا بە چاپکردنی تێزی دکتۆراکەی و دەستاودەست پێکردنی لەسەر ئاستی زانکۆکانی جیهان، شایانی باسە تێزی دکتۆراکەی جەنابیان بەناونیشانی (مبدأ الرضا فی العقود: دراسة

مقارنة في الشريعة والقانون المدني) بوو، لەڕووی زانیارییەوە تێزی دكتۆراكە زانستی فیقهی هەرهەشت مەزهەبە زانراو و باوەكەی لەخۆگرتبوو، هاوكات لەڕووی یاساییشەوە یاساكانی ڕۆمانی و ئینگلیزی و فەرەنسی و میسری و عێراقی لەخۆگرتبوو.

لەڕوویەكی ترەوە گرنگە ئاماژە بەوە بدەین كە زیرەكی و بلیمەتی جەنابی دكتۆر عەلی قەرەداغی شتێكی چاوەڕواننەكراو نەبوو، چونكە جەنابیان زۆر بە دڵگەرمی و بێوچان سەرقاڵی فێربوون و لەبەركردن و خوێندنی زانستەكان بوون، لە تێكڕای زانستەكانی وەك فیقهـ و تەفسیر و زانستی فەرموودە و زانستەكانی زمان و ڕەوانبێژی و چەندین زانستی تر، بەشێوەیەك سەرجەمی ئەو زانستانە و شەونخونی و هەوڵی بەردەوامی جەنابیان لەگەڵیدا یارمەتیدەر بوون بۆئەوەی جەنابیان بگات بە كاروانی زانایانی پێشەنگ و پلەی ئیجتیهاد. وەك نموونە بەشێك لەو سەرچاوە زانستیانە ئاماژە پێ دەدەین:

- **لە زانستی زمانی عەرەبیدا (علم النحو):** كتێبی سەد عاملەكەی لەبەركردووە، العوامل للبركوي، لەگەڵ كتێبی (الإظهار)ی لەبەركردووە، كتێبی (الانموذج)ی لەبەركردووە تا بەشی (المنصوبات) كتێبی (الكافیة)ی لەبەركردووە، كتێبی (ألفیە إبن مالك) لەگەڵ شەرحی (البهجة المرضیة) سیوطی حەوت سەد بەیتی لەبەركردووە، دواتریش لە كۆلێژ خوێندویەتی.
- **لە زانستی سەرفدا (علم الصرف):** كتێبی (تصریف الزنجانی) لەگەڵ كتێبی (تصریف ملا علی) لەبەركردووە، هەروەها خوێندونی لەگەڵ چەند شەرحێكدا، چەندین حاشیەی قورس و گرانی وەك حاشیەی قزڵجی خوێندووە، كتێبی (الشافیة) خوێندووە لەگەڵ شەرحەكانیدا، بەڵام لەبەرینەكردووە، كتێبی گوڵستانی سەعدی شیرازی خوێندووە.

• **لە زانستی ڕەوانبێژیدا (علوم البیان والمعاني و البدیع):** کتێبی (الإیضاع)ی لەبەرکردووە، کتێبی (المختصر) مەتن و شەرحەکەی خوێندووەو چەند بەشێك لە مەتنەکەی لەبەرکردووە، کتێبی (المطول)ی خوێندووە بەڵام لەبەری نەکردووە.

• **زانستی ئوسوڵی فیقە (علم أصول الفقه):** کتێبی (جمع الجوامع) خوێندووەو لە سەرەتاوە تا بەشی (الإجتهاد والتقلید)ی لەبەرکردووە، کتێبی (لب الألباب)ی خوێندووە، بەشێك لە کتێبی (المستصفی)ی غەزالی خوێندووە، کتێبی (دراسة علم أصول الحنفیة)ی خوێندووە لە کۆلێژی ئیمام ئەعزەم.

• **زانستی فیقهـ و میرات (علم الفقە والفرائض):** کتێبی (فتح القریب)ی لەبەرکردووە، کتێبی (فتح المعین) خوێندوویەتی و بەشێکی لەبەرکردووە لەگەڵ شەرحی (إعانة الطالبین)، کتێبی (المنهاج) لەگەڵ شەرحەکەی، (تحفە المحتاج) بەشی نیکاح، لەگەڵ بەشی تەڵاقی خوێدووە لێی، کتێبی (المنهج) لەگەڵ شەرحەکەی خوێندووە، کتێبی (الهدایة) لەبەرکردووە.

• **زانستی قورئان و تەفسیر (علوم القرآن والتفسیر):** تەفسیری بەیزاوی خوێندووە لەگەڵ لەبەرکردنی بەشی زۆری، بەشێك لە تەفسیری (الکشاف)ی خوێندووە، لەگەڵ حاشیەکانی، چەند کتێبێکی سەردەمی نوێی خوێندووە لەبارەی زانستەکانی قورئانەوە، ئەو حوجرەیەی جەنابیان تێیدا فەقێ بووە شەوانی هەینیان تەرخانکردووە بۆ تەفسیری قورئان و گفتوگۆی شیکاری زمانەوانی (إعراب القرآن).

• **زانستی فەرمووده و ڕاڤەی فەرمووده (علوم الحدیث):** کتێبی (نخبة الفکر)، (الترغیب والترهیب) چەند بەشێکی لەگەڵ کتێبی (ریاض الصالحین)ی خوێندووە.

- **(علم الوضع):** كتێبی (رسالة فی علم الوضع)ی خوێندووە.
- **لە بواری ئەدەبدا:** جەنابی دكتۆر عەلی قەرەداغی بایەخێكی زۆری داوە بە ئەدەب و شیعر و وتەی جوانی زۆری لەبەركردووە هی سەردەمی كۆن و سەردەمی ئیسلام و گرنگی زۆر زۆری داوە بەڕەوانبێژی، لە حوجرەدا شەوانی سێ شەممە تەرخانكرابوو بۆ گفتوگۆی شیعری و هۆنینەوەی شیعر.
- **زانستی ژیربێژی (علم المنطق):** كتێبی (إیساغوجي) لەبەركردووەو شەرحەكەی خوێندووە، كتێبی (تهذیب المنطق) ی خوێندووە. كتێبی (شرح المطالع) خوێندووە. كتێبی (كلنبوی برهان)ی خوێندووە لەگەڵ شەرحی مامۆستا ئیبن قەرەداغی.
- **لە بواری بیروباوەڕ و عەقیدەدا (العقیدة وعلم الكلام):** كتێبی (تهذیب الكلام)ی لەبەركردووە لەگەڵ شەرحی نەسەفی. كتێبی (الفضیله: شرح الوسیلة) كتێبی (شرح المواقف)ی خوێندووە.
- **لەبواری زانستی گەردووناسیدا (علم الفلك والإسطراب):** جەنابیان بنەما سەرەكییەكانی ئەم زانستەیان خوێندووە، ئەم زانستە قورس و سەختبوو هەموو زانایەك توانای وتنەوەی نەبوو.

**سێیەم: بەرەو مامۆستایەتی و قوڵبوونەوە**

لە قۆناغی مامۆستاییدا جەنابی دكتۆر عەلی قەرەداغی بوویە مامۆستا لە كۆلێژی شەریعە لە زانكۆی قەتەر لە ساڵی ١٩٨٥ز. بە ڕێچكەی مامۆستایەتی و وانە وتنەوەدا سەركەوت تا گەیشتە پلەی (الأستاذیة) لە ساڵی ١٩٩٥ز. لەڕووی نوسین و بەرهەمی زانستییەوە زیاتر لە (٥٠) كتێبی هەیە و بابەت و لێكۆڵینەوە زانستییەكانی زیاتر لە (٢٠٠) لێكۆڵینەوەی زانستی دەبن، زۆرینەی بەرهەمە زانستیەكانی لە بواری ئابووری ئیسلامی و مامەڵە داراییەكاندایە، لەگەڵ ئەوەشدا لە بواری فیقهی سەردەم و فیكری



ئیسلامییدا جێگا پەنجەی دیارە و بەشێکی زۆر لە زانایانی سەردەم شایەتی ئەوەی بۆ دەدەن کە خاوەنی زانستێکی فراوان و فرە ڕەهەندە و کەسێکی مەوسوعەییە و وردبینی و قوڵبوونەوەیەکی زۆری هەیە لە فیقهی مامەڵە داراییەکان و ئابووری ئیسلامیدا. لەم ڕووەوە گەواهی زۆری لەسەر دراوەو ئاماژە بە بیرفراوانی و توانای زۆر و هەوڵی بەردەوامی دراوە. شایانی باسە جەنابی دکتۆر عەلی قەرەداغی لە زانکۆدا تواناکانی خۆی قەتیس نەکردبوو، بەڵکو بەشداری کاری ڕێکخراوەو ناوەندە زانستییەکانی دەکرد بە بەردەوامی و لە ناوەوەو دەرەوەی قەتەردا ئامادەی ناوەندە زانستی و ڕۆشنبیرییەکان بوو، وەك بانگخواز و موفتی هاوبەشێکی کاریگەری مەیدانی کار و کێشەکان بوو، لە ڕاگەیاندنەکاندا بینراو و بیستراو و نوسراو و قسە و بابەت و نوسینی هەبوو، سەرپەرشتیار و بەشداری بەشێکی زۆری لیژنەی فەتواو چاودێری شەرعی بانکە ئیسلامییەکان بوو، هەموو ئەمانە وایانکرد جەنابی دکتۆر قەرەداغی خۆشەویستی زۆرینەیەکی خەڵك بێت لە وڵاتی قەتەر و دەرەوەی قەتەردا، لەهەمانکاتدا ڕێز و پلە و پایەیەکی تایبەتی هەیە لە دڵی زانایانی سەردەمدا.

**چوارەم: ئەرك و بەرپرسیارێتی زانستی**

ئـەو ئـەرك و بەرپرسـیارێتیە زانسـتییانەی جەنابـی دكتـۆر عەلـی قەرەداغـی وەریگرتـوون تـا ئێسـتا زۆر و لەبەرچـاون، جۆرێـك لـە ئـەرك و بەرپرسـیارێتین كـە لـە ڕوانگـەیانـەوە جێكـەوتـەی لەبەرچاوی هەبـووە لـەڕووی گـەشـەی فیكـری و ئاراسـتەكردنـی دروسـتـەوە لەسـەر ئاسـتی ناوخـۆیـی و جیهانـی. بەهەمانشـێوە جەنابـی دكتـۆر قەرەداغـی هەمیشـە ئاسـت و پلـەو پۆسـت و توانـا زانسـتییەكانی خـۆی خسـتووەتە خزمەتـی ئـەو پرسـە گرنگانـەی كـە بوونەتـە خەمـی گـەورەی جیهانـی ئیسـلامی.

**لـە گرنگتریـن ئـەرك و بەرپرسـیارێتیەكانی جەنابـی دكتـۆر قەرەداغـی ئەمانـەن:**

- ئەمینداری گشتی یەكێتی جیهانی زانایانی مسوڵمان.
- جێگری ئەنجوومەنی ئەوروپی بۆ فەتوا و توێژینەوە.
- مامۆسـتا و سـەرۆك بەشـی كۆلێجی شـەریعە و یاسا و دیراساتی ئیسلامی لە زانكۆی قەتەر (پێشـوو).
- سـەرۆكی ئەنجومەنـی ئەمیندارێتـی زانكۆی گەشـەپێدانی مرۆییە لە كوردسـتانی عێراق، هەر خۆشـی ئـەم زانكۆیـەی دامەزرانـدووەو پاڵپشـتی دارایـی بۆ دابینكـردووە، زانكۆكـەش وەقفییـە نـەك قازانـج ویسـت.
- سەرۆكی ڕابیتەی ئیسلامی كوردە.
- سـەرۆك یـان ئەندامـی جێبەجێكردنـە لـە كۆمەڵێك دەسـتەی فەتـواو چاودێـری شـەرعی لـە كۆمەڵێـك بانكـی ئیسـلامی و كۆمپانیـای دڵنیایـی ئیسـلامی لـە نـاو قەتـەر، لەوانـەش كۆمپانیـای ئیسـلامی قەتـەر بـۆ دڵنیایـی، لـە دەرەوەی قەتەریـش وەك بانكـی دوبـەی ئیسـلامی و بانكـی وەبەرهێنـان لـە بەحرەیـن، یەكەمیـن لـە وەبەرهێنانـدا لـە كوەیـت.

## یەکێتی جیهانی زانایانی مسوڵمان:

لەبەر گرنگی و گەورەیی و شکۆی مەعنەوی یەکێتی جیهانی زانایانی مسوڵمان و ئەو ڕۆڵ و کاریگەری و دەورە ئەرێنییەی هەیەتی لە زۆر بواردا، بە گرنگمان زانی ناساندنێکی خێرای بۆ بکەین، ئەم ڕێکخراوە دامەزراوەیەکی ئیسلامی تایبەت بە زانایانە، ساڵی ٢٠٠٤ز لە شاری (دبلن)ی ئیرلەندا دامەزراوە، لە سەرەتای ساڵی ٢٠١١ز بارەگای سەرەکی خۆی هێناوەتە دەوحەی پایتەختی قەتەر. ئەم دامەزراوەیە لە چەندین وڵاتی دنیادا ئەندامی هەیە و لە وڵاتانی کەمینە مسوڵمانانیشدا خاوەنی چەندین ئەندامە، ئەم دامەزراوەیە کەسێتیەکی مەعنەوی تایبەت بەخۆی هەیە و سەر بە هیچ دەوڵەت و ڕێکخراوێکی سیاسی نییە و سەربەخۆیی خۆی پاراستووە و کەسایەتییەکی یاسایی و دارایی تایبەت بە خۆی هەیە.

**جەنابی دکتۆر قەرەداغی کەسایەتییەکی کاریگەری ئەم دامەزراوەیەیە و یەکێکە لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەران، پاشان بووە ئەمینداری گشتی دامەزراوەکە و تائێستاش لەو پلەوپۆستەدا ماوەتەوە.**

دیدگای یەکێتی جیهانی زانایانی مسوڵمان ئەوەیە کە ببێتە مەرجەعێکی گەورەی شەرعی لەڕووی بەرنامەرێژی و ئاراستەکردنی پرۆژەی شارستانی گەلانی ئیسلامی لە بازنەی پێکەوەژیانی ئاشتیانە لەگەڵ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی. پەیامی لەم بوارەدا بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە کێشە و گرفتی گەلانی ئیسلامی و دیاریکردنی کێشە و گرفتەکان و پێشکەشکردنی چارەسەری بنەڕەتی و خزمەتکردن بەگەلانی ئیسلامی لە ڕێگای دامەزراوەکەیەوە بە پێشەنگی زانایان.



**پوختەی ئامانجەكانی یەكێتی جیهانی زانایانی مسوڵمان بریتیە لە:**

• پارێزگاریكردن لە ناسنامەی گەلانی ئیسلامی تا بە ئوممەتی وەسەت بمێنێتەوەو، شایانی ئەوەبێت كە گەواهیدەر بێت بەسەر گەلانی دنیاوەو، فەرمان بە چاكە بكات و ڕێگری لە خراپە بكات.

• گرتنەبەری هەموو هۆكارێكی گونجاو بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەر ڕێكخراو و گروپێكی تێكدەر و چەواشەكار دژ بە ئاینی بەرزی ئیسلام، لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەكی، ئەو كارەش بەبڵاوكردنەوەو گەیاندنی فیكری میانڕەوی و برەودان بە ڕۆشنبیری ئاینی و ئاسانكاریكردن بۆ فێربوون و زانینی ڕێنماییە ئاینییەكان.

• بەهێزكردنی گیانی ئیسلام پەروەری لەسەر ئاستی تاك و كۆمەڵ تا گەلانی ئیسلامی ئامادە بكرێن بۆ ئەوەی بە ئەركی خۆیان هەستن و پەیامی ئاوەدانكردنەوەی زەوی لەسەر ئەرزی واقیع جێبەجێ بكەن و ئەركی جێنشینی پیادە بكەن و ببنە گەواهیدەری شارستانییەت لەسەر مرۆڤایەتی، بەشێوەیەك

جێکەوتەو بەرهەمی ئەو دیندارییە بەشێوەیەکی کردەیی سوودبەخش بێت و لەسەر بنەمای ڕەوشت بەرزی بێت و کەماڵی فیکری دەستەبەر بکات و لەڕووی بەها باڵاکانەوە بگاتە ترۆپك و ببێتە پێشەنگێکی جوان و چاك بۆ هەموو خەڵکی بەگشتی.

• دارشتنی بنەما گشتییەکانی جێبەجێکردنی شەریعەت، بە ڕێگای ئیجتیهادی سەردەم و لە ڕێگەی ناوەندە زانستییەکان و زانایانێکی شیاو و شایستە و شایەتی بۆدراو لەڕووی توانا و ئەمانەت پارێزییەوە، ئەمەیش بە ئامانجی ئەوەی کە گونجاوی و شایستەیی ئیسلام بسەلمێنێت بۆ هەمووکات و سەردەمێك، هەروەها دڵنیایی ئەوە بدات کە ئەحکامەکانی شەریعەت توانای وەڵامدانەوەی پێویستییەکانی سەردەمی هەیە و لەگەڵ بارودۆخی نوێدا خۆی دەگونجێنێت لەسەر ئاستی تاك و خێزان و کۆمەڵگا.

• یەکخستنی توانا و هێزی گەلانی ئیسلامی بە جیاوازی دید و مەزهەبەکانییەوە، هەروەها یەکخستنی تواناو کۆشش و هەڵوێستی فیکری و زانستی زانایانی ئوممەتی ئیسلامی لە پرسە گرنگ و چارەنوس سازەکاندا بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئاستەنگ و لەمپەرەکان بەیەك دڵ و یەك ڕیز.

ئەم دامەزراوەیە دامەزراوەیەکی ئیسلامی بێ خەوشە، پێکدێت لە زانایانی ئیسلام و کاردەکات بۆ خزمەتکردن و سەرخستنی پرسە ئیسلامییەکان، ئیلهام لە سەرچاوەی بێ خەوشی ئیسلام وەردەگرێت و لە هەموو کار و چالاکییەکانیدا شەریعەت دەکاتە پێوەر و نوێنەرایەتی مسوڵمانان دەکات بە هەموو مەزهەب و پێکهاتەکانیانەوە.

ئەم دامەزراوەیە ناوچەیی و ناوخۆیی نییە و عەرەبی و



عەجەمی نییە و ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی نییە، بەڵكو نوێنەرایەتی مسوڵمانان دەكات لەسەر ئاستی جیهانی ئیسلامی بە گشتی، هەروەها نوێنەرایەتی كەمینە مسوڵمانەكان دەكات لە دەرەوەی جیهانی ئیسلامی.

ئەم دامەزراوەیە دامەزراوەیەكی ڕەسمی سەربەدەوڵەت نییە، بەڵكو هێزوپێزی لەو متمانەیەوە وەردەگرێت كە گەلانی ئیسلامی و جەماوەری مسوڵمان پێیان داوە. لەهەمانكاتدا دژایەتی هیچ دەوڵەتێك ناكات، بەڵكو خوازیارە كە دەلاقەی پەیوەندییەكان بكاتەوە هاوكاری دەوڵەتان بێت لە هەرشتێكدا كە بەخێری ئیسلام و مسوڵمانان تەواو بێت.

> **یەكێتی جیهانی زانایانی مسوڵمان دەرگای بەئەندامبوونی كردووەتەوە بەڕووی زانایانی پسپۆڕ و دەرچووی زانستە ئیسلامییەكاندا لە زانكۆكانی جیهاندا**

ئەم دامەزراوەیە نابێتە پاشكۆی هیچ دەوڵەت و لایەن و ڕێكخراو و تاقم و پێڕێك، تەنیا شانازی بە ئیسلام و گەلانی ئیسلامەوە دەكات. ئەمە دامەزراوەیەكە بۆ زانایانی ئوممەتی ئیسلام، جێگای سەرسوڕمان نییە ئەم دامەزراوەیە زانست و كلتوری ئیسلامی بكاتە جێگای بایەخی خۆی و هەوڵی گەیاندن و ڕاستكردنەوەو بڵاوكردنەوەی بدات، لەهەمانكاتدا دامەزراوەیەكە بایەخ دەدات بە بانگەوازی ئیسلامی بە زمانی وتن و نوسین و هەر هۆكارێكی تری گونجاوی وەك خوێنراو و بیستراو و بینراو، لە چوارچێوەی ئەو هەوڵانەدا پابەندە بە میتۆدی قورئان لە بانگەوازكردندا بە حیكمەت و ئامۆژگاری جوان و گفتوگۆی شیرین.

ئـەم دامەزراوەیـە زیاتـر لـە ٧٠ وڵاتـدا کاردەکات، لـە ئاسـیاو ئەفریقا و ئەوروپا و ئەمریکا، کار و پرۆژەکانـی لە ڕێگای نوسـینگەو لقەکانییـەوە جێبەجـێ دەکات و ئەندامەکانـی بـە دڵگەرمییـەوە کار و چالاکـی دامەزراوەکـە جێبەجـێ دەکـەن بەهاوکاری لەگـەڵ ئـەو ڕێکخراوانـەی کـە ئامانجـی هاوبەشـیان هەیـە.

ئـەم دامەزراوەیـە دەرگای بەئەنـدام بوونـی کردووەتـەوە بـەڕووی زانایانـی پسـپۆڕ و دەرچـووی زانسـتە ئیسـلامییەکان لـە زانکۆکانـی جیهانـدا، هەرکەسـێکی تریـش کـە بایـەخ و قوڵبوونـەوەی هەبێـت لـە زانسـت و ڕۆشـنبیری ئیسـلامیدا و خاوەنـی توانـا و بەرهەمـی دیـار و بەرچـاو بێـت لـەو بـوارەدا.

## پێنجەم: ئەندامێتی ئەنجومەنو لیژنەو کۆمەڵەکان

١- ئەندامی ئەنجومەنی ئەوروپییە بۆ فەتواو توێژینەوە.

٢- ئەندامـی ئەنجومەنـی شـەرعیو دەزگای لـێ پێچینـەوەو پێـدا چوونەوەیـە بـۆ دامـەزراوە داراییە ئیسـلامییەکان.

٣- دامەزرێنەری دەزگای (الرحمة الإنسانية) لە ئەسکەندەنافیا.

٤- ئەندامـی دامەزرێنـەرە لـە دەزگای (شـیخ عیـد بـن محمـد الثانـی) لـە وڵاتـی قەتـەر.

٥- ئەنـدامو ڕاوێژکاری شـەرعییە لـە کۆمەڵـی گشـتی (کۆمەڵـەی قەتـەری خێرخـوازی).

٦- ئەنـدامو ڕاگـری نهێنـی لـە ئەنجومەنـی کۆلێـژی شـەریعەو یاسـاو، ئەندامـی زۆربـەی لیژنـەکانو بڕیـاردەری کۆبونـەوە زانسـتییەکانە، هەروەهـا ئەندامـی گۆڤـاری سـەنتەری توێژینـەوەی سـونەو ژیاننامـەی پێغەمبـەرە (ﷺ)، هەروەهـا ئەندامـی لیژنـەی ئامـادەکاری کـۆڕو کۆنگرەکانـە.

٧- پسپۆڕە لەكۆمەڵەی فیقهی ئیسلامی سەربە ڕێكخراوی كۆنگرەی ئیسلامی لە جددە.

٨- پسپۆڕە لە كۆمەڵەی فیقهی ئیسلامی سەر بە ڕابیتەی جیهانی ئیسلامی لە مەككە.

٩- پسپۆڕە لە دەزگای جیهانی زەكات.

١٠- سەرپەرشتیاری كۆلێژی بانكی ئیسلامییە لە زانكۆی (لۆتا) كە زانكۆیەكی كراوەیە لەسەر ئەنتەرنێت.

١١- ئەندامی لیژنەی ئەكادیمیو ڕاوێژكارییە لە مەركەزی ئیسلامی كە سەر بە زانكۆی ئۆكسفۆردە.

١٢- ئەندامی ئەنجومەنی ئەمینداریێتیو ئەنجومەنی جێبەجێكردنە لە زانكۆی ئیسلامی جیهانی (شیتا غونغ) لە بەنگلادیش.

## شەشەم: لەبوارەكانی زانستی و ئەكادیمی

## كۆنگرەو كۆڕە زانستییەكان

١- چەند كۆڕێكی زانستی سازداوە لەكۆلێژی شەریعە، زانكۆی قەتەر، بەم ناونیشانانە (مشكلة الديون ومنهج الإسلام في علاجها) (تذبذب النقود الورقية وأثره على الحقوق والالتزامات)، (حكم إجراء العقود بوسائل الإتصال الحديثة وكيفية القبض فيها)، (أحكام البورصة)و چەندانی تر...

٢- بەشداریكردن لە كۆنگرەی دامەزراندنی مزگەوتەكانی سەر بە ڕابیتەی جیهانی ئیسلامی لە ساڵی ١٣٩٥ كۆچی، ١٩٧٥ زاینی. بە بابەتێك بە ناونیشانی (مفهوم المسجد في الإسلام وماذا يتطلب منا في الوقت الحاضر).

٣- كۆنگرەیەك دەربارەی گرفتەكانی فێركردن لە ڕیزەكانی موجاهیدینی ئەفغان بەبابەتێك بەناونیشانی: (محو الأمية



الوظيفـي بيـن المجاهديـن) ســاڵی ١٩٧٨ز.

٤- هەمـوو ئـەو خولانەی کە لەلایەن ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامییەوە کراونەتـەوە لـە خولـی پێنجەمـەوە لـە سـاڵی ١٩٨٩ز تا ئێسـتا، پێشـکەش کردنـی توێژینەوەیـەك یـان دوو توێژینـەوە لە هـەر خولێکدا.

٥- بەشــداریکردن بەتوێژینەوەیــەك یــان دوو توێژینــەوە لــە خولەکانـی کۆمەڵـەی فیقهـی ئیسـلامی سـەر بـە ڕابیتـەی جیهانـی ئیسـلامی لـە سـاڵی ١٩٩٥ز هوە تـا ئێسـتا.

٦- بەشـداریکردن لەهەمـوو کۆڕەکانـی دەزگای جیهانـی زەکات لـە کوەیـتو پێشـکەش کردنـی توێژینەوەیـەك یـان دوو توێژینـەوە لـە سـاڵی ١٩٨٨ ز تـا ئێسـتا.

٧- بەشـداریکردن لەهەمـوو خولەکانـی ئەنجومەنـی ئەورووپـی بـۆ فەتـواو توێژینـەوە. پێشـکەش کردنـی توێژینـەوە لەخولـی یەکەمـەوە تـا ئێسـتا.

٨- ئەندامـی لیژنـەی ئامـادەکاری کـۆڕی سـەنتەری توێژینـەوەی سـوننەت و ژیاننامـەی پێغەمبـەر (ﷺ) بـووە لـە مارسـی ١٩٩٠ز.

٩- پێشكەشكردنی كۆرسێك دەربارەی (هەڵئاوسان) بەسەرپەرشتی كۆمەڵـی فیقهـی ئیسـلامیو بانكـی گەشـەپێدان لـە جـددە لـە ئۆكتۆبـەری ١٩٩٠ز لەهەمانكاتـدا جەنابیـان بڕیاردەری كۆڕەكـە بـوو.

١٠- بەشـداریكردن لـە كۆڕێـك لەسـەر شـێوازی وتنـەوەی یاسـاو پێویسـتییەكانی كۆمەڵـگای قەتـەری لـە بەشـی یاسـاو كۆلێـژی شـەریعە. بـە بابەتێـك بەناونیشـانی (علـم الخـلاف وكیـف یمكـن الاسـتفادة منـه فـي تدریـس القانـون).

١١- بەشداریكردن لـە چەنـد كۆڕێكـدا لەسـەر وەقفـی ئیسلامی لـە وڵاتـی ئیمارات و ئەبوزەبـی و كوەیـت و قەتـەرو سعودیە.

١٢- بەشـداریكردن لـە زۆربـەی كـۆڕە ئابوورییەكانـی (بیـت التمویل الكویـت)ی و بانكـی گەشـەپێدانی جددەو...هتـد

١٣- بەشـداریكردن لـە كـۆڕو ئەڵقەكانـی (دلـة البركـة) بـە توێژینـەوە یـان بەشـداری بەرنامـەی ئابووریـی بەتایبەتیـش لەئەڵقـە ڕەمەزانییەكانـدا.

١٤- بەشـداریكردن لەكۆڕێـك دەربـارەی (دڵنیایـی و یاسـا) كـە لەلایـەن كۆلێـژی یاسـاوە بەسـترا لـە زانكـۆی شـاریقە لـە ١٣-١٤ ڕەبیعـی یەكـەم ١٤٢٤ك بەرامبـەر بـە ١٤-١٥ مایسـی ٢٠٠٣ز.

١٥- بەشـداریكردن لـە زۆربـەی كـۆڕو كۆنگـرە فیقهیـەكانو لەوانـەش لـەو كـۆڕە فیقهیانـەی كە لـە وڵاتانی كـەنداو دەبەسترێت.

١٦- كۆنگـرەی دەزگای لێپێچنـەوەو پێداچونـەوە بـۆ دامەزراوەكانـی دارایـی ئیسلامی لـە بەحرەیـن.

١٧- كـۆڕی بانكـە ئیسـلامییەكان كـە لەكەناڵـی (جەزیـرە مباشـر) لـە مارسـی ٢٠٠٦ز پێشكەشـكراوە.

١٨- كۆنگـرەی تەمویلـی ئیسـلامی سـەنتەری ئۆكسـفۆرد بـۆ دیراسـاتی ئیسـلامی ٢٣ی مارسـی ٢٠٠٦ز.

١٩-کۆنگرەی یەکەمی فیقهی بۆ دامەزراوەکانی دارایی ئیسلامی نۆڤەمبەری ٢٠٠٦ز لە کوەیت.

٢٠-کۆڕی جیهانی زانایانی شەریعە لە مانگی ١١ی ٢٠٠٦ز لە بانکی ناوەندی مالیزیا لە کۆلالامپور.

٢١-کۆنگرەی ئیسلامی جیهانی بۆ تەمویلی ژێرخانی ئابووریی لەدۆحەی پایتەختی قەتەر لەمانگی ١١ی ٢٠٠٦ی ز.

٢٢-کۆنگرەی بەرەو پێشبردن و داهێنان و پیشەسازی دارایی ئیسلامی لە (بیت المشورة) لە کوەیت مانگی ١ی ٢٠٠٦ی ز.

٢٣-کۆنگرەی دۆحە بۆ پەیڤینی مەزهەبە ئیسلامییەکان بە ناونیشانی (دور التقريب في الحدة العملية للأمة) زانکۆی قەتەر. کۆلێژی شەریعە، مانگی ١ی ٢٠٠٧ز.

٢٤-کۆنگرەی نێودەوڵەتی دەربارەی (الطفل بين اللغة الأم والتواصل مع العصر) سەنتەری کلتوری منداڵ. قەتەر، ٢١-٢٣ی شوباتی ٢٠٠٧ز.

٢٥-کۆڕێکی زانستی بەناونیشانی (استكمال النظر في صكوك المشاركة: مكونات وموجوداتها) لە بەرواری ٢٥-٢٦ شوباتی ٢٠٠٧ ز لە بارەگای بانکی ئیسلامی گەشەپێدان بەسترا، کە کۆمەڵی فیقهی ئیسلامی نێودەوڵەتی سەربەرێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی لە جددە لەگەڵ پەیمانگای ئیسلامی بۆ توێژینەوەو ڕاهێنان سەر بەبانکی ئیسلامی گەشەپێدان ئامادەی کردبوو.

٢٦-کۆڕبەندی جیهانی دووەم بۆ دەرچووانی ئەزهەر ١-٣نیسانی ٢٠٠٧ز، زانکۆی ئەزهەر بە ناونیشانی (التحديات الحضارية للأمة الأسلامية)

٢٧-کۆنگرەی دووەم دەربارەی (التأمين التكافلي) لە کوەیت، ١٥-١٦ی نیسانی ٢٠٠٧ز.

٢٨-هەموو كۆبونەوەو دانیشتنەكانی ئەنجومەنی شەرعی دەستەی لێپێچینەوەو پێداچونەوەی دەزگاكانی دارایی ئیسلامی. هەروەها لیژنە هاوبەشەكانو لیژنە زانستییەكان - شوباتی ٢٠٠٧- ٢٠٠٨ز.

٢٩-كۆنگرەی (الإفتاء في عالم مفتوح) سەنتەری جیهانی بۆ میانڕەوی، كوەیت، ٢٦-٢٨ی مایسی ٢٠٠٧.

٣٠-كۆڕبەندی پێشەوا قەرەزاوی ١٣-١٥ی تەموزی ٢٠٠٧ز.

٣١-كۆنگرەی (دادوەری شەرعی نێودەوڵەتی یەكەم) ٣-١٥ی ٢٠٠٧ز-ئەردەن.

٣٢-كۆنگرەی ئیسلامی جیهانی دووەم بۆ تەمویلی ژێرخانی ئابووریی لە دۆحە ٤-٥ تشرینی دووەمی ٢٠٠٧ زاینی.

٣٣-كۆڕی (بەیەك گەیشتنی قودسی نێودەوڵەتی) ١٥-١٧ تشرینی دووەم/٢٠٠٧ز، ئەستەنبول، دەزگای قودسی نێودەوڵەتی.

٣٤-كۆنگرەی هەشتەمی جیهانی بۆ فیكری (بدیع الزمان سەعید نەورەسی) بەناوی (العدالة لأجل عالم أفضل للإنسانیة) ئەستەنبول، ١٨-٢٠، تشرینی دووەمی ٢٠٠٧ز.

٣٥-كۆنگرەی فیقهی دووەم بۆ دامەزراوە داراییە ئیسلامییەكان- كوەیت - ٢٤- ٢٥ تشرینی دووەمی ٢٠٠٧ز.

٣٦-كۆنگرەی پێنجەمی كۆمەڵی زانایانی شەریعە لە ئەمەریكا لە مەنامەی بەحرەین ٢٤-٢٧ تشرینی دووەمی ٢٠٠٧ز.

٣٧-كۆڕێكی زانستی بەناوی (المصارف الإسلامیة واقعا ومستقبلا) لە سەنتەری كلتوری عەرەبی لە دیمەشق لە ٢٠٠٨/٨/٢ز بەسەرپەرشتی دەزگای مەئمونی نێودەوڵەتی كە چەند تەوەرەیەكی لەخۆگرتبوو لەوانە (شێوازی كاری بانكە ئیسلامییەكان و جیاوازی جەوهەری لە نێوان بانكە ئیسلامییەكان

و تەقلیدییـەکان و بۆرسـەو بنەماکانـی کارپێکردنـی) هەروەهـا پەیوەنـدی بانکـە ئیسـلامییەکان بەبانکـە تەقلیدییـەکان و ڕۆڵـی بانکـە ئیسـلامییەکان لـە گەشـەپێدانی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی.

٣٨- کۆڕێکـی زانسـتی، زانکـۆی دیمەشـق لـە ٢٠٠٨/٢/٤ جیـاوازی فیقهـی، بنەمـاکان و ڕۆڵـی لەبەرەوپێـش بردنـی کاری بانکـی ئیسـلامی.

## حەوتەم: توێژینەوەکان

١- عەدالـەت لـە دامـەزراوە داراییـە ئیسـلامییەکاندا پەیوەنـدی بەبنەماکانـی کاری کۆمپانیـاکان لـە حکومەتـدا لـە فیقهـی نوێـدا. توێژینەوەیـەک بـوو بـۆ مونتـەدای قەتـەر بـۆ دارایـی و وەبەرهێنانـی شەشـەم پێشکەشـکرا لـە ٢٠-٢٢ی مانگـی ١٢ی ٢٠١٠ز.

٢- توێژینەوەیـەک بەناونیشـانی (دراسـة فقهيـة مقارنـة بالقانـون) کـە لەکۆنگـرەی کۆمەڵـی زانایانـی ئەمەریکا پێشکەشکرا لە ٣٠ تشرینی یەکـەم تـا ٤ی تشـرینی دووەم ٢٠١١ز کوەیـت.

٣- (إدارة السـيولة فـي المؤسسـات الماليـة الإسلامية دراسـة فقهيـة إقتصاديـة) توێژینەوەیەکـە لـە خولـی بیسـتەمی کۆمەڵـی فیقهـی ئیسـلامی سـەر بـە ڕابیتـەی جیهانـی ئیسـلامی پێشکەشـکراوە.

٤- (العلاقـة بيـن المسـاهمين ومجالـس الإدارات والإدارة التنفيذيـة)، توێژینەوەیەکـە لـە کۆنگـرەی یەکـەمـی دۆحـە بـۆ دارایـی ئیسـلامی - لـە بیـت شـورا - لـە ٢٠-٢١ تشـرینی یەکـەمـی ٢٠١٠ز پێشکەشـکراوە.

٥- (التأميـن التكافلـي الإسـلامي، تعريـف بـه وبأحكامـه وبمبادئـه وشـروطه وضوابطـه والفـروق الجوهريـة بينـه وبيـن التأميـن التجـاري)، توێژینەوەیەکـە لـە کـۆڕی بـە یـەک گەیشـتنی دڵنیایـی حەوتەمـی کەنـداو پێشکەشـکراوە لـە ١٣ – ١٤ تشـرینی یەکەمـی ٢٠١٠ زاینـی.

٦- (الفائض التأمينى في شركات التأمين التكافلى الإسلامي دراسة فقهية مقارنة) توێژینەوەیەكە لە كۆڕی بەیەكگەیشتنی دڵنیایی هاوكاری، دەزگای هاوكاری جیهانی بۆ ئابووری و تەمویل سەر بەرابیتەی جیهانی ئیسلامی لەریاز، ٦-٧ تشرینی یەكەمی ٢٠١٠ز پێشكەشكراوە.

٧- (العلامة الشيخ فتحي يكن مجددا للدعوة)، توێژینەوەیەكە كە پێشكەشكراوە بە كۆنگرەی جیهانی لەسەر بانگخواز (فتحی یكن رحمە اللە) لە تەرابلوس ١١-١٣ تەموزی ٢٠١٠ز.

٨- (مفهوم التأمين التعاونى ماهيته وضوابطه ومعوقاته دراسة فقهية اقتصادية) توێژینەوەیەكە پێشكەشكراوە بەكۆمەڵی فیقهی ئیسلامی نێودەوڵەتی كە دەربارەی (دڵنیایی هاوكاری) بەسترا لە لایەن زانكۆی ئەردەن لە ١١-١٣ نیسانی ٢٠١٠ز.

٩- (التأمين التعاوني، ماهيته وضوابطه ومعوقاته ـ دراسة فقهية إقتصادية)، توێژینەوەیەكە پێشكەشكراوە بەكۆڕبەندی دڵنیایی هاوكاری - دەزگای ئیسلامی جیهانی بۆ ئابووری و تەمویل - ڕابیتەی جیهانی ئیسلامی موحەڕەمی ١٤٣٠ك بەرامبەر بە كانونی یەكەمی ٢٠٠٩ز.

١٠- (زكاة الثروة المعدنية وحقوق الإمتياز، دراسة فقهية مقارنة)، توێژینەوەیەكە پێشكەشكراوە بە كۆڕی هەژدەیەمی كاروباری زەكاتی هاوچەرخ - ڕەبیعی یەكەمی ١٤٣٠ك بەرامبەر مایس ٢٠٠٩ز.

١١- الصكوك الإسلامية «التورق» وتطبيقاتها المعاصرة ـ دراسة فقهية إقتصادية تطبيقية، توێژینەوەیەكە پێشكەشكراوە بۆ خولی نۆزدەیەمی كۆمەڵی فیقهی ئیسلامی نێودەوڵەتی، ڕەبیعی دووەمی ١٤٣٠ك بەرامبەر نیسانی ٢٠٠٩ز.

١٢- (التنمية وتحدياتها، ومنهج الإسلام فيهما، درسة فقهية

مقارنة) سەنتەری دۆحەی نێو دەوڵەتی بۆ پەیڤینی ئاینەکان، کۆڕی گەشەپێدانی ئابووری قەیرانی دارایی، نیسانی ٢٠٠٩ ز.

١٣- (أسس التسامح الديني في الإسلام ـ دراسة فقهية تأصيلية ـ لبيان علاقة المسلم بغيره على ضوء الكتاب والسنة وفقه الميزان)، کۆنگرەی کۆلێژی شەریعە، زانکۆی دیمەشق، (لێبوردەیی ئاینی لە ئیسلامدا). دیمەشق ١٨-١٩ ڕەجەبی ١٤٣٠ك. بەرامبەر بە ١١-١٢ تەموزی ٢٠٠٩ز.

١٤- (تأمين الدِّين والضمان) پێشکەشکراوە بەسێیەمین کۆڕبەندی (البركة)، جددە لە ٥-٦ ڕەمەزان ١٤٣٠ك بەرامبەر بە ١٧-١٨ تشرینی یەکەمی ٢٠٠٩ز.

١٥- (السلم وتطبيقاته المعاصرة في السلع والمنافع والخدمات والصكوك، وحكم السلم المنظم ـ دراسة فقهية مقارنة). کۆڕی دووەمی ئاییندەی کاری بانکی ئیسلامی -جددە - کۆمەڵی بەرەو پێشبردنی کاری دراو لە بانکی ئەهلی بازرگانی ٢٨-٢٩ شەوال ١٤٣٠ك. بەرامبەر ١٧-١٨ تشرینی یەکەمی ٢٠٠٩ز.

١٦- (الحقوق المالية مع تطبيقاتها المعاصرة، ومدى جواز الاعتياض عنها ـ دراسة فقهية مقارنة)، دەزگای لێپێچینەوەو بەدواداچوونی دامەزراوە داراییە ئیسلامییەکان، ١٤٣٠ك – ٢٠٠٩ز. لەسەر ئەم توێژینەوەیە معیاری مافی دارایی و تەسەڕوف پێوەکردن دانراوە.

١٧- (الشخصية الاعتبارية وأحكامها في الدولة المعاصرة، وأثرها في تحقق شرط الملك التام - دراسة فقهية مقارنة بالقانون) پێشکەشکراوە بە کۆڕی حەڤدەیەمی کارو باری زەکاتی هاوچەرخ لە ١٢-١٥ مارسی ٢٠٠٨ز. لە قاهیرە.

١٨- (التجديد الفقهي في الإقتصاد والمعاملات المالية المعاصرة)، کۆڕی بەرەوپێشبردنی زانستی فیقهی حەوتەم بە ناونیشانی

(تەكنیكو تازەگەری لە فیقهی ئیسلامی هاوچەرخدا) لە ٤-٨ی نیسانی ٢٠٠٨ز لە سەڵتەنەی عومان - مەسقەت.

١٩- (دور الفتاوى فيس التقريب أو الإثارة والتبعيد)، پێشكەشكراوە بەكۆنگرەی بیستو یەكەمی نێودەوڵەتی بۆ یەكبوونی ئیسلامی، تاران لە ٤-٦ نیسانی ٢٠٠٨ز.

٢٠- (التحقيق في زكاة الأسهم والشركات ـ دراسة تأصيلية تفصيلية مقارنة) ـ زەكاتی پشك و كۆمپانیاكان لە ٢٢ نیسانی ٢٠٠٨ز ڕیاز - دەستەی ئیسلامی جیهانی بۆ ئابووری و تەمویل - ڕابیتەی جیهانی ئیسلامی- مەككەی پیرۆز.

٢١- (التجديد الفقهي في الإقتصاد والمعاملات المالية المعاصرة)، دەستەی لێپێچینەوەو بەخۆداچونەوە بۆ دامەزراوەكانی دارایی ئیسلامی - پێشكەشكراوە بە كۆنگرەی ساڵانەی دەستە شەرعیەكانی دامەزراوە داراییە ئیسلامییەكان لە ٢٧-٢٨ نیسانی ٢٠٠٨ز لە شانشینی بەحرەین.

٢٢- (هيئات الفتوى والرقابة الشرعية اختيار أعضائها، وضوابطها)، دەستەی لێپێچینەوەو بەخۆداچونەوەی دامەزراوەكانی دارایی ئیسلامی ٢٧-٢٨ نیسانی ٢٠٠٨ز لە شانشینی بەحرەین.

٢٣- (مستقبل المصارف الإسلامية في ظل ما يعتبر صعوبات شرعية لتطوير وابتكار المنتجات المالية الإسلامية، وأمام الأزمة المالية المعاصرة ـ دراسة فقهية إقتصادية ـ وتعدد جهات الفتوى وأثره على مستقبل العمل المصرفي الإسلامي)، كۆڕی ئایندەی كاری بانكی ئیسلامی كە لە جددە بەستراوە -لەلایەن- كۆمەڵەی بەرەوپێشبردنی كاری دراو لە بانكە ئەهلییە بازرگانییەكاندا لە شوالی ١٤٢٩ك بەرامبەر تشرینی یەكەمی ٢٠٠٨ز پێشكەشكراوە.

٢٤- (البيئة في نظر الإسلام، مبادئ وتطبيقات)، پێشكەشكراوە

بە سەنتەری ئۆکسفۆردی ئیسلامی لە بەریتانیا لە شەوالی ١٤٢٩ك تشرینی یەکەمی ٢٠٠٨ز.

٢٥- (آل النبي صلى الله عليه وسلم، وأهل البيت ومكانتهم عند أهل السنة - دراسة على ضوء الكتاب والسنة، وأقوال أهل العلم) کۆڕی کۆلێژی شەریعە لە زانکۆی قەتەر لە ذوالقعدة ١٤٢٩ك، تشرینی دووەمی ٢٠٠٨ز پێشکەشکراوە.

٢٦- (التحديات (الصعوبات) الشرعية المستقبلية أمام تطوير وابتكار المنتجات المالية الإسلامية ـ دراسة فقهية إقتصادية) توێژینەوەیەکە لە کۆنگرەی بەرەوپێشبردنو داهێنانی پیشەسازی دارایی ئیسلامی لە - بیت المشوره لە کوەیت - لە کانونی یەکەمی ٢٠٠٧ز پێشکەشکرا.

٢٧- (حوار المذاهب والأقليات وأثره في درء الفتن والعدوان الخارجي)، لە کۆنگرەی دۆحە بۆ پەیقینی مەزهەبە ئیسلامییەکان، لە زانکۆی قەتەر لە کۆلێجی شەریعە لە کانونی یەکەمی ٢٠٠٧ز پێشکەشکرا.

٢٩- کۆڕی زانستی (استكمال النظر في صكوك المشاركة: مكونات وموجوداتها) لە ٢٥-٢٦ شوباتی ٢٠٠٧ز پێشکەشکراوە، لە بانکی ئیسلامی گەشەپێدان کە لە لایەن کۆمەڵی فیقهی ئیسلامیی نێودەوڵەتی بەستراوە کە سەر بە ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامییە لە جددەو پەیمانگای ئیسلامی بۆ توێژینەوەو ڕاهێنان سەر بەبانکی ئیسلامی گەشەپێدان.

٣٠- (الأسرة المسلمة في الغرب بين الالتزام بالإسلام والقوانين الحاكمة)، لە کۆڕی بەیەك گەیشتنی دووەمی جیهانی بۆ دەرچوانی ئەزهەر لە ١-٣ نیسانی ٢٠٠٧ز پێشکەشکراوە لەزانکۆی ئەزهەر بەناونیشانی (رووبەرووبوونەوەی شارستانییەتەکانی ئومەتی ئیسلامی).

٣١- (المنافسة التجارية بين شركات التأمين التكافلي (الإسلامي)،

والتأمين التقليدي (التجاري)، وأثر ذلك على صناعة التأمين التكافلي (الإسلامي) لە كۆنگرەی دووەمی (دڵنیایی‌و لەخۆگرتن) لە كوەیت لە ١٥-١٦ نیسانی ٢٠٠٧ز پێشكەشكرا.

٣٢- (القرضاوي والإقتصاد الإسلامي)، لە كۆڕی بەیەكگەیشتنی پێشەوا قەرەزاوی لە ١٣-١٥ كانونی یەكەمی ٢٠٠٧ز پێشكەشكرا.

٣٣- (التقديرات المالية وأثرها على الأحكام القضائية الشرعية)، لە كۆنگرەی یەكەمی (دادوەری شەڕی نێودەوڵەتی)لە ٣-٥ ڕەمەزانی ١٤٢٨ك بەرامبەر ١٦-١٧ تشرینی دووەمی ٢٠٠٧ز پێشكەشكرا.

٣٤- (تطبيقات الوكالة والفضالة والمرابحة العكسية في البنوك الإسلامية)، لە كۆڕی بیست‌و هەشتەمی (البركة) لە ٤-٥ ڕەمەزانی ١٤٢٨ك كە بەرامبەر ١٦-١٧ ئەیلولی ٢٠٠٧ز پێشكەشكرا.

٣٥- (التحديات التي تواجه مشاريع التمويل المتوافقة مع الشريعة الإسلامية)، لە كۆنگرەی دووەمی ئیسلامی جیهانی بۆ تەمویلی ژێرخانی ئابووریی لە دۆحە لە ٤-٥ تشرینی دووەمی ٢٠٠٧ز پێشكەشكرا.

٣٦- (مواقيت الصلاة في أوروبا)، لە خولی نۆزدەیەمی كۆمەڵی فیقهی ئیسلام سەر بە ڕابیتەی جیهانی ئیسلامی لە ٣-٩ تشرینی دووەمی ٢٠٠٧ز پێشكەشكرا.

٣٧- (مضمون اسم الله العدل ومغزاه عند الإمام النورسي)، لە كۆنگرەی هەشتەم كە بۆ فیكری مامۆستا سەعید نەورەسی لە ژێرناوی (دادپەروەری لە پێناو جیهانێكی باشتر بۆ مرۆڤایەتی) لە ئەستەنبوڵ لە ١٨-٢٠ تشرینی دووەمی ٢٠٠٧ز دا پێشكەشكرا.

٣٨- (كيفية تحديد الأجور وتطبيقاتها في عقود العمل والتأجير المعاصرة)، لە كۆنگرەی دووەمی فیقهی بۆ دامەزراوەكانی دارایی ئیسلامی - لە كوەیت - لە ٢٤-٢٥ تشرینی دووەمی ٢٠٠٧ز پێشكەشكرا.

٣٩- (حكم التعامل، أو العمل في شركات التأمين خارج ديار

الإسلام)، لە کۆنگرەی پێنجەمی کۆمەڵی زانایانی شەریعە لە ئەمەریکا سازدرا لە مەنامەی شانشینی بەحرەین لە ٢٤-٢٧ تشرینی دووەمی ٢٠٠٧ز دا.

٤٠- (كرامة الإنسان في الإسلام)، توێژینەوەیەکە ئامادەکراوە بۆ لیژنەی نیشتمانی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە قەتەر، لە گۆڤاری (الصحیفە) ژمارەی دووەمی لە ئەیلولی ٢٠٠٧ز بلاوکراوەتەوە.

٤١- (تحليل وقياس وإدارة مخاطر شركات التأمين الإسلامي - الواقع المنشود)، لە کۆنگرەی مەترسیەکانی پیشەسازی دارایی ئیسلامییدا پێشکەشکراوە، لە بیت المشورە. لە کوەیت لە ٢٠-٢١ کانونی یەکەمی ٢٠٠٦ز.

٤٢- (التأمين على الديون -دراسة فقهية إقتصادية-) لە کۆنگرەی هاوبەندی یەکەمی دڵنیایی تەکافولی لەلایەن کۆمپانیای (وثاق). لە کوەیت لە ٢٠-٢٢ شوباتی ٢٠٠٦ز پێشکەشکرا.

٤٣- (قضايا المرأة والديمقراطية، دراسة في الفقه والفكر السياسي الإسلامي)، کۆنگرەی کۆڕبەندی جیهانی یەکەم بۆ دەرچوانی زانکۆی ئەزهەر لە چوارچێوەی تەوەرەی (یەکخستنی بۆچوونی ئەزهەر لەبەرەو ڕووبوونەوەی گرفتە هاوچەرخاکاندا پێشکەشکراوە) لە ١١-١٢ مارسی ٢٠٠٦ز.

٤٤- (الصفات المؤثرة في العلاقة بين الشركات (الشخصية الإعتبارية، الذمة المالية، الملكية المتداخلة، السيطرة)، توێژینەوەیەکی فیقهی یاسایی بەراوردکاریە، پێشکەشکراوە لە کۆڕی بیستو حەوتی (البركة) لەجددە لە ٢٥-٢٦ تشرینی ٢٠٠٦ز.

٤٥- (قاعدة التبعية في العقود وأثرها في الترخيصات الشرعية). لە کۆنگرەی یەکەمی فیقهی بۆ دامەزراوەکانی دارایی ئیسلامی پێشکەشکراوە لە کوەیت لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٦ز.

٤٦- (حول مواجهة مماطلة الديون في النظام المالي الإسلامي). لە كۆڕی جیهانی زانایانی شەریعە لە (كوالا لامبور) پێشكەشكراوە لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٦ز بە سەرپەرشتی بانكی ناوەندی مالیزی.

٤٧- (البنية التحتية في الفكر الإسلامي وتمويلها في المصارف الإسلامية)، لەكۆنگرەی ئیسلامی جیهانی بۆ تەمویلی ژێرخانی ئابووریی لە دۆحە لە ٢٠٠٦ز پێشەكەشكرا.

٤٨- (نحن والآخر -دراسة على ضوء الكتاب والسنة والفكر الإسلامي-) لە خولی شازدەیەمی كۆمەڵی فیقهی ئیسلامی نێودەوڵەتی لە ٢٠٠٥/٤/١٤ز لە دوبەی پێشكەشكرا.

٤٩- (فسخ الدين بالدين)، لە خولی هەژدەیەمی كۆمەڵی فیقهی ئیسلامی لە مەكەی پیرۆز لە ٢٠٠٥/٨/١٣ ز پێشكەشكرا.

٥٠- (الفحص الطبي قبل الزواج من منظور الفقه الإسلامي)، توێژینەوەیەكی زانستی فیقهییە - لە گۆڤاری زانستی ئەنجومەنی ئەوروپی بۆ فەتواو لێكۆڵینەوە – ژمارە ٧ جەمادی دووەم ١٤٢٦ك بەرامبەر بە كانونی یەكەمی ٢٠٠٥ز دا بڵاوبووەتەوە.

٥١- (العنف الأسري، آثاره والوقاية منه)، توێژینەوەیەكە لە ئەنجومەنی ئەوروپی بۆ فەتواو لێكۆڵینەوە، خولی ئاسایی پێشكەشكراوە.

٥٢- (حكم التأمين الصحي، وبعض صوره في المجتمع الأمريكي)، لە كۆنگرەی سێیەمی كۆمەڵەی زانایانی شەریعە لە ئەمەریكا لە مانگی (یۆلیۆ) ٢٠٠٥ز پێشكەشكراوە.

٥٣- (زكاة الثروة المعدنية والبحرية)، لە چواردەیەمین كۆڕی كاروبارەكانی زەكاتی هاوچەرخ لە مارسی ٢٠٠٥ز لە بەحرەین پێشكەشكرا.

٥٤- (رعاية المسنين (ذوي الشيبة) في ضوء القرآن الكريم والسنة،

مـع نمـاذج تطبيقيـة لرعايـة المسـنين فـي المجتمـع الإسـلامي)، لـە کۆنگـرەی دۆحـەی جیهانـی بـۆ سەرپەرشـتی بەساڵاچوان لەژێـر سـێبەری گۆڕانکارییـە هاوچەرخـەکان لـە نیسـانی ٢٠٠٥ز پێشکەشـکرا.

٥٥- (صكـوك الإجـارة)، توێژینـەوەیەکـی فیقهـی ئابوورییـە - لـە خولی پازدەیەمـی کۆمەڵـی فیقهـی ئیسـلامی نێودەوڵەتـی - لـە ٢٠٠٤/١١/٦ز لـە مەسـقەت پێشکەشـکراوە.

٥٦- (أحـكام إسـتثمار الموقـوف وغلاتـە)، توێژینـەوەیەکـی فیقهـی ئابوورییـە، لـە خولـی پازدەیەمـی کۆمەڵـەی فیقهـی ئیسـلامی نێودەوڵەتـی لـە ١١/٦ مارسـی ٢٠٠٤ز لـە مەسـقەت.

٥٧- (مشـكلة الديون المتأخرات في البنوك الإسـلامية)، توێژینەوەیەکە پێشکەشـکراوە بـە خولـی چواردەیەمـی ئەنجومەنـی کۆمەڵـی فیقهـی ئیسـلامی سـەر بەرێکخـراوی کۆنگـرەی ئیسـلامی کـە لە دۆحە بەسـتراوە لـە مانگی کانونـی دووەمـی ٢٠٠٣ز.

٥٨- فەتوا لە نێوان دەقو واقیعدا، بنەماو شێوازەکانی.

٥٩- فیقهـی نەگـۆڕو گـۆڕاوەکانو کاریگـەری لەسـەر نزیککردنـەوەی مەزهـەبو کۆمەڵـە ئیسـلامییەکان.

٦٠- (الزحـام فـي منـى وأحكامـه، مـن المبيـت والرمـي قبـل الـزوال فـي يـوم النحـر، وقبـل الـزوال فـي أيـام التشـريق)، بابەتێکـە پێشکەشـکراوە لـە کۆنگـرەی (مشـكلة الزحـام فـي الحـج) لـە مەکـەی پیـرۆز بەسـتراوە بـە ڕێـگای ڕابیتـەی جیهانـی ئیسـلامی لـە ساڵی ١٤٢٣ك.

٦١- (الأسـس والمبـادئ الإسـلامية للعلاقـات الدوليـة)، توێژینـەوەیەکـە پێشکەشـکراوە بـە کۆنگـرەی (مەکـەی پیـرۆز - خولـی سـێیەم)، ئـەوەش لـە ژێـر نـاوی (پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان لەنێـوان ئیسـلامو شارسـتانییەتی هاوچەرخـدا) لـە ڕۆژانـی ١-٣ ذی الحجـة ١٤٢٣ك بەرامبەر ٢-٤ شـوباتی ٢٠٠٣ز بەسـتراوە.

٦٢- (ئیسلام ئاینی سۆزو سەربەرزییە) توێژینەوەیەكە كە باس لە حەقیقەتی ئیسلامو ئیرهابی ئاینی دەكات، پێشكەشكراوە بە ڕابیتەی جیهانی ئیسلامی لە مەككەی پیرۆز لە ژێر ناوی (كاری ئیسلامی بە كۆمەڵ) لەگەڵ وەرچەرخانە مێژووییەكاندا دەگونجێت، كە ئێستا ئوممەتەكەمان پیایدا تێپەر دەبێت كە تیایدا هێرش دەكرێتە سەر ئیسلامو درۆی بۆ هەڵدەبەسترێتو بە ئیرهابی ناوزەدی دەكەن، لە ١٤٢٢/٧/٢٧ك پێشكەشكرا.

٦٣- (الجانب التطبيقي للتأمين الإسلامي (التكافلي)، توێژینەوەیەكە پێشكەشكراوە بەكۆڕی (دڵنیایی‌و یاسا) كە كۆلێژی یاسا لە زانكۆی شاریقە پێی هەستاوە لە بەرواری ١٣-١٤ ڕەبیعی یەكەمی ١٤٢٤ك بەرامبەر بە ١٤-١٥ مارسی ٢٠٠٣ز.

٦٤- (منهج الفقه الإسلامي في علاج القضايا المعاصرة)، توێژینەوەیەكە ئامادەكراوە بۆ خولێكی فیقهی‌و كاروبارەكانی زەكاتی هاوچەرخ، كە لەلایەن (پەیمانگەی بانگەواز) سەر بە بەڕێوبەرایەتی بانگەوازو ڕێنمایی بەڕێوەبراوە كە سەر بەوەزارەتی ئەوقافو كاروباری ئیسلامییە لە دەوڵەتی قەتەرو لە ٣ ڕەبیعی یەكەم ١٤٢٤ك بەرامبەر بە ٣/مارسی/٢٠٠٣ز بەڕێوەچوو.

٦٥- (أحكام التأمين التعاوني والتجاري والإسلامي ـ دراسة فقهية مقارنة)، توێژینەوەیەكە پێشكەشكراوە بە دەستەی لێپێچینەوەو بە خۆداچوونەوە بۆ دامەزراوە داراییەكان (كۆبوونەوەی دەیەم) لە عومان لە مانگی تەموزی ٢٠٠٣ز.

٦٦- (الهيئات الشرعية بين بيان مدى الأخطاء والمخالفات الشرعية في المصارف الإسلامية والسرية والمهنية ومدى تأثيره سلبا أو إيجابا على المصرفية الإسلامية)، توێژینەوەیەكە پێشكەشكراوە بە كۆنگرەی سێیەمی دەستە شەرعییەكان بۆ دامەزراوە داراییە ئیسلامییەكان،

کە لەلایەن دەستەی لێپێچینەوەو بەخۆداچونەوەی دامەزراوە داراییە ئیسلامییەکان بەڕێوە چووە لە بەحرەین لە بەرواری ٩-١٠ شەعبانی ١٤٢٤ك بەرامبەر تشرینی یەکەمی ٢٠٠٣ز.

٦٧- (قاعدة التبعية في العقود وأثرها في الترخيصات الشرعية مع بعض تطبيقاتها المعاصرة ـ دراسة فقهية تأصيلية)، توێژینەوەیەکە پێشکەشکراوە، بە کۆڕی فیقهی شەشەم کە سەر بە (بيت التمويل الكويت)یە لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٣ز.

٦٨- (ديون الوقف)، توێژینەوەیەکی فیقهی بەراورد کارییە، پێشکەشکراوە بە کۆڕی کاروبارەکانی وەقفی فیقهی، کە سەر بە ئەمانەتی گشتی ئەوقافە لە دەوڵەتی کوەیت لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٣ز.

٦٩- (الأسس الشرعية لتوزيع الأرباح والخسائر في البنوك الإسلامية)، توێژینەوەیەکی بنەڕەتی بەراوردکارییە، پێشکەشکراوە بە کۆنگرەی ڕۆڵی دامو دەزگا داراییو ئیسلامییەکان لە وەبەرهێنانو گەشەپێداندا -کۆلێژی شەریعەو خوێندنی ئیسلامی - زانکۆی شاریقە - ٢٦-٢٨ سەفەری ١٤٢٤ك بەرامبەر بە ٢٠٠٢/٥/٩ز.

٧٠- (إستثمار الوقف وطرقه القديمة والحديثة)، پێشکەشکراوە بە کۆمەڵی فیقهی ئیسلامی لە خولی سیانزەیەم لە کوەیت لەساڵی ٢٠٠٢ز.

٧١- (أثر النقود والديون على التعامل في الأسهم والصكوك والوحدات)، پێشکەشکراوە بەکۆڕی کۆمپانیای یەکەم بۆ وەبەرهێنان - کوەیت - ٢٠٠١ز.

٧٢- (المبادئ العامة للتحكيم في الفقه الإسلامي)، پێشکەشکراوە بە کۆڕی دادوەری لە شەریعەتی ئیسلامیدا - دوبەی - ٢٧-٢٨ تشرینی یەکەمی ٢٠٠١ز.

٧٣- دیدو تێڕوانین لەسەر توێژینەوەی ئەمانەتی دەستەی شەرعی كۆمپانیای (الراجحی) ٢٠٠١ز.

٧٤- (العلاج الجیني من منظور الفقه الإسلامي)، پێشكەشكراوە بە كۆڕی كاردانەوە ئەخلاقییەكان بۆ چارەسەری جینی - زانكۆی قەتەر ساڵی ٢٠٠١ز.

٧٥- (تنمیة موارد الوقف والحفاظ علیها)، توێژینەوەیەكە پێشكەشكراوە بە كۆنگرەی وەقف كە لە مەككەی پیرۆز بەستراوە لە ساڵی ٢٠٠١ز.

٧٦- (الإستثمار في الأسهم، حكمه وضوابطه الشرعیة)، توێژینەوەیەكە كە لەگۆڤاری كۆمەڵی فیقهی ئیسلامی لەجددە بڵاوكراوەتەوە.

٧٧- (الإستثمار في العملات، حكمه وضوابطه)، پێشكەشكراوە بەدەستەی (المعاییر) لە بەحرەین.

٧٨- (مافە مەعنەوییەكان) لە گۆڤاری وەرزی كۆلێژی شەریعەو یاسا لە قەتەر بڵاوكراوەتەوە.

٧٩- (الإیجار المنتهي بالتملیك، حكمه وضوابطه وصوره)، پێشكەشكراوە بە كۆمەڵەی فیقهی ئیسلامی لە خولی دوازدەیەم لە ڕیاز.

٨٠- حدیث «لا تبع ما لیس عندك»، سنده وفقهه، لە گۆڤاری سەنتەری لێكۆڵینەوەی سوننەو ژیاننامەدا لە قەتەر لە ساڵی ١٩٩٥ز بڵاوكراوەتەوە.

٨١ - حدیث «النهي عن صفقتین في صفقة واحدة» سنده وفقهه، لە گۆڤاری سەنتەری لێكۆڵینەوەی سوننەو ژیاننامەدا لە قەتەر لە ساڵی ١٩٩٥ز بڵاوكراوەتەوە.

٨٢- (مدی مسؤولیة المضارب ومجلس الإدارة عن خسارة الشركة)،

توێژینەوەیەكی بەراوردكارییە لە یاساو شەریعەتدا، پێشكەشكراوە بە كۆمەڵی فیقهی ئیسلامی سەر بەرابیتەی ئیسلامی جیهانی.

٨٣- (الحقوق المعنوية والزكاة فيها)، دەستەی جیهانی بۆ زەكات، لە گۆڤاری كۆڕی حەوتەمدا بەچاپیان گەیاندوە.

٨٤- هەڵئاوسانو چارەسەری لە ژێر ڕۆشنایی بنەماكانی فیقهی ئیسلامی.

٨٥- چۆن زەكاتی ماڵەكەت دەدەیت؟

٨٦- (الاستصناع بين الجواز واللزوم)، لە گۆڤاری وەرزی كۆلێژی شەریعەی زانكۆی قەتەر لەساڵی ١٩٩٣ ز بڵاوكراوەتەوە..

٨٧- (التطبيقات العملية لسوق المال الإسلامي)، توێژینەوەیەكە پێشكەشكراوە بەكۆمەڵی فیقهی ئیسلامی لە خولی هەشتەم لە برۆنان لە ساڵی ١٩٩٣ز.

٨٨- التأمين على الحياة، توێژینەوەیەكە پێشكەشكراوە بە كۆڕی دووەمی ئابووری بۆ (بيت الزكات) لە كوەیت، لە ساڵی ١٩٩٣ز.

٨٩- (البدائل الشرعية للسندات)، توێژینەوەیەكە پێشكەشكراوە بۆ كۆڕی دووەمی ئابووری كە لەكوەیت لە ساڵی ١٩٩٣ز بەستراوە.

٩٠- (الإمام البخاري وفقهه في الجانب الإقتصادي)، توێژینەوەیەكە پێشكەشكراوە بەسەنتەری ئۆكسفۆرد لە كۆڕێكدا كە دەربارەی ئیمامی بوخاری لە ساڵی ١٩٩٢ز بەستراوە.

٩١- (حكم إجراء العقود بوسائل الاتصال الحديثة)، توێژینەوەیەكە لە بڵاوكراوەی ساڵانەی زانكۆی قەتەر ژمارەی هەشتی ١٩٩٠ز بڵاوكراوەتەوە.

٩٢- (الإعجاز التشريعي للشريعة الإسلامية)، لە لایەن كتێبخانەی ئەقسا لە دۆحە لە ساڵی ١٩٨٩ز بڵاوكراوەتەوە.

٩٣- (كيفية دلالة السنة على الأحكام)، لە بڵاوكراوەی ساڵانەی

سەنتەری لێكۆڵینەوەی سوننەو ژیاننامە لە زانكۆی قەتەر، ژمارە چواردە بڵاوكراوەتەوە.

٩٤- (القبض وصوره المعاصرة)، كۆمەڵی فیقهی ئیسلامی لەجددە لە ژمارە چواری گۆڤارەكەیاندا لەساڵی ١٩٩٠ز بڵاوكراوەتەوە.

٩٥- (مصرف «وفي الرقاب» وتطبيقاته المعاصرة على الأسير والمختطف)، دەستەی جیهانی بۆ زەكات لە كوەیت لە ساڵی ١٩٨٩ز بڵاوكراوەتەوە..

٩٦- (مصرف «والغارمين» وتطبيقاته المعاصرة)، دەستەی جیهانی بۆ زەكات لە ساڵی ١٩٨٩ز بەستویەتی.

٩٧- (مصرف «والمؤلفة قلوبهم» وتطبيقاته المعاصرة)، دەستەی جیهانی بۆ زەكات لە كوەیت لەساڵی ١٩٨٩ز بەستویەتی.

٩٨- (نظرية عوض المثل وأثرها على الحقوق والالتزامات)، لە بڵاوكراوەی ساڵانەی كۆلێژی شەریعەی زانكۆی قەتەر لە ژمارە شەستدا لە ساڵی ١٩٨٨ز بڵاوكراوەتەوە.

٩٩- (مشكلة الديون ومنهج الإسلام في علاجها)، لە بڵاوكراوەی ساڵانەی كۆلێژی شەریعە زانكۆی قەتەر ژمارە ٥ ساڵی ١٩٨٧ز بڵاوكراوەتەوە.

١٠٠- (التشريع من السنة وكيفية الاستنباط منها)، لە بڵاوكراوەی ساڵانەی سەنتەری لێكۆڵینەوەی سوننەو ژیاننامەدا لە زانكۆی قەتەر ژمارە دوو ساڵی ١٩٨٧ز بڵاوكراوەتەوە.

## هەشتەم: كتێبەكانی بەزمانی عەرەبی

١. حقيبة طالب العلم في الإقتصاد الإسلامي والمعاملات المالية الإسلامية، لوزارة الأوقاف والشؤون الإسلامية لدولة قطر عام ٢٠١٠ز، والحقيبة تتكون من ١٢ مجلدا.

٢. الأزمة المالية العالمية دراسة أسبابها، وآثارها، ومستقبل الرأسمالية بعدها- علاجها من منظور الإقتصاد الإسلامي ـ وكيفية الاستفادة منها في عالمنا الإسلامي ط. دار البشائر الإسلامية ٢٠٠٩ز

٣. نحن والآخر دراسة فقهية تأصيلية لبيان علاقة المسلم بغيره في حالة السلم والحرب والأقلية والأكثرية على ضوء الكتاب والسنة وفقه الميزان. ط. لجنة التأليف والترجمة بالاتحاد العالمي لعلماء المسلمين ضمن سلسلة: قضايا الأمة (٣)، ط. ٢٠٠٩ز

٤. السلم وتطبيقاته المعاصرة في السلع والمنافع والخدمات (صكوكه، وحكم السلم المنظم) ـ دراسة فقهية مقارنة (في المطبعة)

٥. المصارف والتأمين، دراسة تحليلية (تحت الطبع).

٦. المنهل النضاخ في اختلاف الأشياخ تحقيق ودراسة، ط. دار البشائر الإسلامية بيروت ٢٠٠٧م

٧. فقه القضايا الطبية المعاصرة، ط. دار البشائر الإسلامية ٢٠٠٥م

٨. حكم الإستثمار في الأسهم ٢٠٠٥ ط.

٩. بحوث في فقه المعاملات المالية المعاصرة، ط. دار البشائر الإسلامية ببيروت ٢٠٠١م.

١٠. فقه الشركات، ط. دار المتنبي بالدوحة ١٩٩٦م.

١١. قاعدة المثلي والقيمي وأثرها على الحقوق والالتزامات مع تطبيق معاصر على نقودنا الورقية، ط. دار البشائر ٢٠١٦م.

١٢. الوسيط للغزالي، تحقيق ودراسة وتعليق (٩ مجلد).

١٣. مبدأ الرضا في العقود، دراسة مقارنة في الشريعة والقانون المدني، ط.دار البشائر الإسلامية ببيروت عام ١٩٨٥م، وهي رسالة دكتوراه من مجلدين.

١٤. معنى « لا إله إلا الله »للزركشي، تحقيق ودراسة وتعليق، طبع في مصر عام ١٩٨٢م .

١٥. أيها الولد للغزالي، تحقيق ودراسة وتعليق، طبع في مصر عام ١٩٨٢م.

١٦. الغاية القصوى في دراسة الفتوى، للقاضي البيضاوي، تحقيق ودراسة وتعليق، ط. مصر ١٩٨٠م.

١٧. الإنسان والإيمان للشيخ سعيد النورسي، تحقيق مع كتابة مقدمة طويلة عن حياة النورسي وجهاده وجهوده.

١٨. المنهج المختار في تفسير النصوص الشرعية (تحت الإعداد الأخير).

١٩. الجهاد والإرهاب والعنف (تحت الإعداد الأخير).

٢٠. مختصر الأم للبويطي، تحقيق ودراسة وتعليق (تحت الإعداد).

٢١. إلى أي إسلام ندعو؟ (تحت الإعداد).

٢٢. أثر ديون ونقود الشركة، أو المحفظة على حكم تداول الأسهم والصكوك والوحدات الإستثمارية (المشكلة والحلول) دراسة فقهية إقتصادية ط. بنك التنمية.

٢٣. استراتيجية التنمية الشاملة والسياسات الإقتصادية (النقدية والمالية).

٢٤. التأمين الإسلامي. دراسة فقهية تأصيلية.

٢٥. بحوث في فقه قضايا المعاصرة.

٢٦. بحوث في فقه البنوك الإسلامية.

٢٧. المقدمة في المال والإقتصاد والملكية والعقد.

٢٨. بحوث في الأقتصاد الإسلامي.

٢٩. المدخل الأقتصاد الإسلامي. دراسة تأصيلية مقارنة بالأقتصاد الوضعي على ضوء الكتاب والسنة ومقاضد الشريعة وتراثنا الفقهي.

٣٠. التورق المصرفي بين التورق المنضبط والتورق المنظم.

٣١. الحقوق المالية ومدى جواز الاعتياض عنها مع تطبيقاتها الماصرة.

٣٢. التأمين التكافلي الاسلامي.
٣٣. الاصلاح الشامل: رسالة الأنبياء ووسيلة النهوض والأرتقاء.
٣٤. الأجتهاد والفتوى (أهميتها وشروطها وتطبيقاتها المعاصرة).
٣٥. إسلام الرحمة وظاهرة الأرهاب.
٣٦. فقه الميزان.
٣٧. يوسف عليه السلام.... قدوة للمسلمين في غير ديارهم.
٣٨. المبادىء الأخلاقية الجامعة لأخلاقيات الطب الحيوي في الاسلام. دراسة مقاصدية تأصيلية ونقد لنظرية أخلاق الطب الغربية.
٣٩. البيئة أمنا. دراسة دراسة مقاصدية الأخلاقية في ضوء فقه الميزان.

**نۆهەم: بەشێك لە ئەم كتێب و توێژینەوانەی وەرگێڕدراون بۆ زمانی كوردی**

١- ئێمەو ئەوان.
٢- قەیرانی دارایی جیهانی.
٣- ئیسلامو ئیرهاب.
٤- كۆمەڵگەو گەشەپێدان.
٥- چۆن زەكاتیماڵەكەت دەدەیت؟
٦- گەشەپێدانو گەندەڵی.
٧- فیقهی بانگەواز.
٨- شایەتیەك بۆ مێژوو.
٩- بەختەوەری لە ئیسلامدا.
١٠-عباد الرحمن.
١١-دیدێكی ئیسلامی نوێ بۆ جیهاد و توندوتیژی.
١٢-كانیاوی خێرخوازی-مێژووی ڕابیتەی ئیسلامی كورد.

١٣-ئیسلام و پێكەوە ژیانی ئاشتیانە.
١٤-ئیسلام و ژیان - بەرگی یەكەم- كۆمەڵە وتار.
١٥-ئیسلام و ژیان – بەرگی دووەم- كۆمەڵە وتار-
١٦-دەروازەیەك بۆ ئابووری ئیسلامی - دوو بەرگ.
١٧-ئافرەت و بەشداری سیاسی لە ڕوانگەی ئیسلامەوە.
١٨-ئیسلام و مافی هاوڵاتی بوون.
١٩-ئایا هەژاری دیاریی خودایە؟
٢٠-جیهاد لە قورئان و سوننەتدا.
٢١-ئاسایشی گیان و فكر...
٢٢-داستانی یوسف - پێغەمبەر.

**دەیەم: دكتۆر قەرەداغی لەهۆڵی كۆنگرەو كۆبوونەوەكاندا**



جەنابی دكتۆر عەلی قەرەداغی بەشێوەیەكی نیمچە بەردەوام ئامادەیی هەبووە لە كۆنگرەكانی كۆڕبەندی فیقهی ئیسلامی نێودەوڵەتی و كۆڕبەندی فیقهی ئیسلامی سەر بەرابیتەی جیهانی ئیسلامی و دامەزراوەی جیهانی زەكات، دامەزراوەی (ئایوفی) و ئەو كۆنگرانەی تایبەت كرابوون بەبانكە ئیسلامییەكانو زۆری تر... دەكرێت بڵێین ئەو كۆنگرەو كۆبوونەوانە نزیكەی (١٧٠) دەبن، بەشێوەیەك جەنابیان پێشكەشكار و گفتوگۆكاری بابەت و لێكۆڵێنەوە ئابووری و فیكری و فیقهی و بانكییەكان بوون.

## یانزەهەم: جەنابی دکتۆر قەرەداغی لەئاپۆڕای ڕێزلێنانەکاندا



لە چەندین دەرفەت و بۆنەی جیاوازدا جەنابیان ڕێزلێنانیان بۆ کراوەو بەخەڵاتی گرنگ و بەناوبانگ و نێودوڵەتی بەسەر کراونەتەوە، لەوانە:

خەڵاتی لێکۆڵینەوەی زانستی ناوازە لەسەر کتێبی (التأمين التكافلي) لە ساڵی ٢٠١١ز لەشاری ڕیاز.

خەڵاتی (عجمان) تایبەت بوو بەوکەسانەی کە ڕۆڵێکی لەبەرچاو و کاریگەریان هەبووە لەخزمەتی کۆمەڵگادا لەسەر ئاستی جیهان، ساڵی ٢٠٠١ز.

خەڵاتی نێودەوڵەتی هاندان لەبواری فیقهی ئیسلامی بەراوردکاریدا، ئەو خەڵاتە وڵاتی قەتەر دەیبەخشێت بەو کەسانەی لە هەڵکەوتەو پسپۆڕییەکی قوڵیان هەیە لەیەکێك لەزانستەکاندا.

مەدالیای ڕێزلێنان لەلایەن سەرۆك کۆماری ئەنغۆشیاوە.

مەدالیای ڕێزلێنان لەلایەن موفتی کۆماری ڕوسیای یەکگرتووەوە.

چەندین خەڵاتی زانستی تری ڕێزلێنان لەوڵاتانی مالیزیاو، ڕوسیاو، تورکیاو، سودان و کوەیت و ئەردەنەوە.

**بەشی دووەم:**

جەنابی قەرەداغی بیرمەندو تیۆریزەکار

(مفكرا و منظرا)

**یەکەم:** رشتە بەندییە فیکرییەکانی جەنابی دکتۆر قەرەداغی.

میتۆدی جەنابی دکتۆر قەرەداغی بۆ چاکسازی ئوممەت

میتۆدی جەنابی دکتۆر قەرەداغی بۆ هەڵێنجاندن و نوێگەری (الإجتهاد و التجديد)

ئێمەو ئەوان لە لاپەڕەکانی رابردوو ئێستادا

**دووەم:** چەند نمونەیەك لە پرسە ئیسلامییەکان لە دیدگای جەنابی دکتۆر قەرەداغییەوە.

رۆڵ و گرنگی بەڕێوەبردن و کارگێڕیی لە ئیسلامداو ڕۆڵی لە شارستانیەتدا.

ئاسایشی ڕۆحی و فیکریی لەبەر رۆشنایی مەبەستەکانی شەریعەتدا.

**پرسەکانی ئافرەت و دیموکراسییەت:**

لێکۆڵینەوەیەك لە فیقهـ و فیکری سیاسی ئیسلامییدا.

## یەکەم: ڕشتەبەندی فیکری جەنابی دکتۆر قەرەداغی (المنظومة الفكرية)

ڕشـتەبەندی فیکـری جەنابـی دکتـۆر قەرەداغـی لـەو ڕێبـازە کلاسیکییە کۆنـەوە سـەرچاوەی گرتـووە کـە لـە قۆناغـە جیاوازەکانی خوێندنـدا لـە ڕووی مەوسـوعەییەوە کاریـان لەسـەر پێگەیاندنـی خـود کـردووە، دواتریـش بوونـە پسـپۆڕی بـواری شـەریعەت و یاساو ئابـووری‌و حـەزێکـی بەردەوامیـان هەبـووە بـۆ خـوێندنـەوەو بـەردەوام خوێنەرێکـی سـەرگەرمی زانسـتی کۆمەڵناسـی و دەروونناسـی و زانسـتی مێـژوو هاوشـێوەکانیان بـوون.

تواناکانـی جەنابیـان لـەوەدا چڕبووەتـەوە کـە گیانـی گفتوگـۆی لەسـەر خـۆو ژیرانـەو میانڕەوییانـەو نـەرم و گونجاویـان هەیـە، ئـەو گفتوگـۆ لەسـەرخۆیە لـەوەدا بەرجەسـتە دەبێـت کـە چاوێکـی لەسـەر ڕابـردووەو دەیەوێـت تەوزیفـی ڕەسـەنایەتییە زۆرو لەبـن نەهاتووەکـەی بـکات، ئێسـتای سـەردەم و ئـەو سـۆزە سـەردەمیە گەنجانەیـەی داوای خسـتنە ڕووی پێـش خـۆی دەکات بـۆ ئـەوەی ڕێـگا دژوارەکانـی بـۆ ئاسـان بکرێـت ئـەو ڕێگایـەی کەسانێك تێیـدا سـەرگەردان دەبـن کـە شـارەزاییەکی وردیـان نەبێـت لـەو کلتـورە دەوڵەمەنـدە، تێگەیشـتنێکی قوڵیـان نەبێـت لـەو هەمـوو سـەرچاوە زۆرو چـاك و باشـەی پێشـینان، هەروەهـا پێویسـتیان بـە ڕێنمـا کارێـك هەیـە کـە قاچیـان لـە خـزان بـەرەو گومڕایـی و نادانـی بپارێزێـت، بێگومـان جەنابـی دکتـۆر قەرەداغـی ئـەم دوو تایبەتمەندییـەی تێدایـەو لـە ڕوانگەیانـەوە هەنـگاوی بـۆ تیۆریزەکـردن هەڵنـاوە بـۆ گەلانـی ئیسـلامی، نەتەوەیـەك کـە بـە بیـروڕای جەنابـی دکتـۆر



قەرەداغـی لـە بیـری چـووە دەبێـت چـی بێـت و چـۆن بێـت! نەتەوەیـەك ئەگـەر بیزانیبایـە خاوەنـی چـی گەنجینەیەكـی گـەورەو لەبـن نەهاتـووە ئـەوا بێنیـاز دەبـوو لـە هەرشـتێكی تـر، بەڵكـو بێنیـاز دەبـوو لـەوەی لـەلای گەلانـی تـرە، یـان هەرشـتێكی تـری دەستبكەوتایە دەیخستـە سـەرخـەرمانی خـۆی بـەلای كەمـەوە، بـەڵام بەرانبەرەكانمـان ئەوەیـان كـرد، ئـەوەی ئێمـە نەمـان كـرد ئـەوان كردیـان، ئـەوان هەمـوو شـتێكیان تاقیكـردەوە ئێمـەش بێئاگابوویـن یـان خۆمـان بێئـاگا كردبـوو هیچمـان ئەزمـوون نەكـرد.

سـەرەڕای ئەمانـە جەنابـی دكتـۆر قەرەداغـی شـارەزاییەكی زۆرو فراوانـی هەیـە لـە زانسـتەكانی سـەردەمدا، بـەردەوام شـەن و كەویـان دەكات، باشـترین میتـۆدی پێشـكەش كـردووە بـۆ ئـەوەی ئومەتەكـەی بگەیەنێـت بـە چاكتریـن و باشـترین، لەبـەر ئەمەیـە

دەبینیت ئەوەی پێشکەشی کردووە بەگەلانی ئیسلامی ناوی ناوە چاکسازی گشتگیرو (الاصلاح الشامل) بەردەوام لە هەوڵی تازە گەریدایە (التجدید)، نوێگەرییەك بە خزمەتی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی تەواو دەبێت، هەروەها گفتوگۆ لەگەڵ ئەوانیتردا دەکات، گفتوگۆیەکی بنیاتنەرانەی پشت ئەستور بە گیانی کرانەوەو پێکەوە ژیان، نەك داخران و بەریەکتر کەوتن.

لەو ڕوانگەیەوە کە ڕشتە بەندییە فیکرییەکانی جەنابی دکتۆر قەرەداغی ئامێزێکی فراوانیان هەیە، بەسەر هەموو ڕەهەندو لق و بەشەکانی ژیاندا، چڵ و پۆپیان هاویشتووە، ناتوانین لە دەرفەتێکی کورتدا دەست بۆ هەموویان بەرین و شرۆڤەیان بکەین، بۆیە تەنیا لە سێ بواردا هەڵوێستە دەکەین و شرۆڤەکردنی بوارەکانی تر دەسپێرین بە خودی خوێنەری بەڕێزو هیواداریین بگەڕێنەوە سەر نووسین و بەرهەمە ناوازەو بەپێزەکانی، کە هەموویان جێگای سوودو کەڵکن و گرنگی خۆیان هەیە.

**ئەوانەی شرۆڤە دەکرێن و بەراوردکاریان تێدا دەکرێت ئەمانەن:**

میتۆدی جەنابی دکتۆر قەرەداغی بۆ چاکسازی ئوممەت.

میتۆدی جەنابی دکتۆر قەرەداغی بۆ هەڵێنجاندن و نوێنگەری.

میتۆدی جەنابی دکتۆر قەرەداغی بۆ لاپەڕەکانی ڕابردوو و ئێستا.

> **ڕشتە بەندییە فیکرییەکانی جەنابی دکتۆر قەرەداغی ئامێزێکی فراوانیان هەیە، بەسەر هەموو ڕەهەندو لق و پۆپەکانی ژیاندا چڵ و پۆپیان هاویشتووە**

## میتۆدی دكتۆر قەرەداغی بۆ چاكسازی نەتەوەی ئیسلام:

سەرەتا ئاماژە بەوە دەدەین كە ئێمە ئەم زانیارییانەمان لە كتێبی (الاصلاح الشامل: رسالة الأنبياء، وسيلة للنهوض والارتقاء، دراسة المعاني الاصلاح الشامل ومقاصده، وكيفية تحقيقه وفقا للمنهج وفقه الميزان)، لە نوسینی جەنابی دكتۆر قەرەداغی وەرگرتووە، یەكێتی جیهانی زانایانی مسوڵمان ئەركی چاپكردنی گرتووەتە ئەستۆ لە ساڵی ۲۰۱۸ز.

لە ڕوانگەی لێكۆڵینەوەو سەرنجدان لە نوسین و كتێبەكانی جەنابی دكتۆر قەرەداغییەوە ئەوەمان بۆ دەركەوت كە بەڕێزیان یەكێك لە گەورەترین و گرنگترین بانگەشەكارانی چاكسازی و گەشەپێدان و نوێ بوونەوەن، ئەوەش وابەستە دەكات بە ئامانجێكی بەرزو مەبەستێكی پیرۆزەوە كەناردن و هاتنی گەورەمان محمد پێغەمبەرە (ﷺ)، ئەوەش لەبەرئەوەی كە ئوممەتەكەی بەهۆی پەروەردەی ئەوەوە ببێتە خاوەنی جوانترین ڕەوشت و ئاكاری بەرزو چاكترین نیشتەجێ و باشترین ئاوەدانكارو تەواوترین خوێنەر ﴿خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ﴾ لەڕووی ڕەحمەت و پێشكەوتن و شارستانییەت و خزمەت بەهەموو خەڵك بەگشتی.

ئەو ئامانجە بەرزو مەبەستە گەورەیە نایەتەدی بە چاكسازی گشتی نەبێت لە كەرتی پەروەردەو فێركردن و سیاسەت و كۆمەڵایەتی و ئابووری و ژینگە، هەروەها بە پەروەردەو چاكسازی لە تاك و كۆمەڵگا و دەوڵەتدا، پێكهاتە سەرەكییەكانی چاكسازی و هەستانەوەو ڕاپەڕینی لە شەش پایەی سەرەكیدا كۆكردووەتەوە، لە پێشەكی كتێبی (الإصلاح الشامل: رسالة الأنبياء، وسيلة للنهوض والإرتقاء، دراسة المعاني الإصلاح الشامل ومقاصده، وكيفية تحقيقه وفقا للمنهج وفقه الميزان).

دەڵێت: ئەگەر بەوردی سەرنجی قورئانی پیرۆز بدەین دەبینین بەرنامە ڕێژییەکی وردی کردووە بۆ مرۆڤ سازی و پێگەیاندنی مرۆڤێك کە شایستە بێت بە حکومڕانی و ئاوەدانکاری، ئەو بەرنامە ڕێژییەش لە شەش پایەدا، یان شەش دەستەواژەدا داڕێژراوە، کەبریتین لەمانە:

١- پایەی خوێندنەوەیەکی چڕو پڕو دروست بۆ کتێب و گەردوون و مرۆڤ لە ڕوانگەی ڕبوبیەتی خوداوە: ﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ﴾[1] لە ڕوانگەی ڕێزو کەرامەت و شکۆو ئازادی بەرپرسیارانەی مرۆڤەوە: ﴿اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ﴾[2] واتە بۆ مرۆڤ.

٢- پایەی چاکسازی لە بیروباوەڕو فیکردا، لە ناخ و ڕواڵەتی مرۆڤدا، لە خێزان و کۆمەڵگەدا، لە ڕێساو یاساو میتۆدی سیاسی، پەروەردەو فێرکردنو کۆمەڵایەتیو ئابووریدا: ﴿إِنْ أُرِيدُ إِلَّا الْإِصْلَاحَ مَا اسْتَطَعْتُ﴾[3]

٣- پایەی پەروەردەو پاکژی دڵ و دەروون تا دەروون بەرزو دڵ پاك بێت: ﴿يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ﴾[4]

٤- پایەی گۆڕانکاری لە دەرووندا: ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا مَا بِأَنفُسِهِمْ﴾[5]

٥- پایەی گرنگی و بایەخدان بە ئاوەزو ژیری و ئاراستەکردنی بەرەو دانایی و داهێنان و چاکترین، ﴿وَمَنْ يُؤْتَ الْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْرًا كَثِيرًا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُو الْأَلْبَابِ﴾[6] یان دەفەرموویێت: ﴿لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا﴾[7]

---

١ العلق: ١
٢ العلق: ٣
٣ هود: ٨٨
٤ ال عمران: ١٦٤
٥ الرعد: ١١
٦ الملك: ٢
٧ البقرة: ٢٦٩

٦- پایەی بەهەندگرتنی فیقهی میزان (پێوانەیی)، یان پێوانەییەكان لە تێگەیشتن و مامەڵە كردن لەگەڵ قورئانو سوننەتدا، لەگەڵ مرۆڤ و گەردووندا: ﴿وَأَنْزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ﴾[8]، ئەمە پرۆگرامێكی دروست و پەسەندە لەو رێگایەوە دەتوانین بەسەر جیاوازی و پرشو بڵاوی و ڕا جیاییەكاندا سەر بكەوین لەبواری شتە جێگیرو نەگۆڕو بنەماو بابەتە سەرەكییەكاندا[9].

ئەمانە پایەكانی ڕاپەڕین و هەستانەوەو چاكی و چاكسازی و پێشكەوتن و داهێنان و شارستانییەت و ئاوەدانین، هەروەك پابەندی بەم پایانەوە دادگەری، میانڕەوی، هاوسەنگی، گەشەپێدانی گشتگیر، بەها باڵا ئیسلامییەكان، دەستەبەر دەكات.

بەڵام بە ئەنجام گەیاندنی ئەم شەش پایەیە پێویستی بە میتۆدێكی وردو تایبەت هەیە، كە پشت ئەستورە بەپلان و ئامانج و دیدگاو پرۆژەو بەرنامە.

شایەنی ئاماژە پێدانە كە چەمكی چاكسازی (الإصلاح) لە قورئاندا پایەكانی تریش دەگرێتەوە.

ئەگەر سەرنج بدەین لە ناونیشانەكە دەبینین جەنابی دكتۆر قەرەداغی بەبێ هودەو لە خۆوە ئەو ناونیشانەی دانەناوە بۆ ئەو كتێبە، بەڵكو دیاریكردنێكی بەمەبەست بووەو ئامانجی گەورەی لە پشتەوەیە، وەك شاعیر دەڵێت:

**له ظاهر قد عمه الحسن كله وظاهره لاشك عنوان باطن**

ئەو دەیەوێت ناونیشانەكە ببێتە ئاوێنەی ناوەرۆكی دەقی كتێبەكە، بەشێوەیەك ناونیشانەكە ببێتە ئاماژەو ناوەڕۆكەكەش

---

٨ الحدید: ٢٥

٩ بڕوانە بۆ كتێبی فقه المیزان معیار لفهم القران والسنة ورفعا لمواطن الخلل والفرقة

ببێتـە هـەواڵ و وەڵامگـۆی ئامـاژەکان، هەمیشـە ناونیشـان ڕێـگا بـۆ کتێـب ڕووناکدەکاتـەوە، ئـەو دەبێتـە سـورەیا و شوناسـی کتێـب لەناو کتێبخانەکانـدا، ئـەم ناونیشـانە زۆر گرنگـە بـۆ ئـەم کتێبـە، بـەلای کەمـەوە دەبێتـە کلیلـی زۆربـەی شـتەکان، (با ئاگاداربیـن، هەندێـك جـار درەختێـك جەنگەڵەکـە دادەپۆشـێت) بەڵـێ، جەنابـی دکتـۆر قەرەداغـی دارسـتانەکەی داپۆشـیووە لـە هەمـوو ڕوویەکـەوە، لـە پشـت ئەم درەختەوە، ناونیشـان، دارسـتانی چاکسـازییە، دارستانێکی چڕوپـڕو پـڕ لـە درەختـەو تاریـك و كـون و قوشـبنداره، بـەڵام جەنابـی دکتـۆر قەرەداغـی بەدەسـتێکی چرایەکـی ڕۆشـنکراوی پێیـەو تاریکییـەکان دەڕەوێنێتـەوە دەسـتەکەی تریشـی ئاماژەگەلێکـی تێدایـە بـۆ ڕزگار بـوون لەسەرگـەردانییەکان، لەدەستەکانییەوە ڕێنماکارێـك و دەلیلێـك دێتـەدەر بـۆ ئاراسـتەکردن، ئێـدی بۆمـان هەیـە بڵێیـن ئـەوەی جەنابـی دکتـۆر قەرەداغـی داخوازیەتـی و بـە ئاواتـی دەخوازێـت، لەگـەڵ ئـەوەی کـە زانـاو دانـاو شـارەزاو ئەمینـە، بریتییـە لەسـەرهەڵدانی چاکسـازییەکی گشـتگیر کـە هەمـوو بوارەکانـی ژیـان بگرێتـەوە، چونکـە ئـەو بـاوەڕی وایە هەر کەمتەرخەمـی و ناتەواوییـەك لەهـەر بوارێکـدا کاریگـەری نەرێنـی دەبێـت لەسـەر بوارەکانـی تـر، بـە نموونـە سیاسـەتێکی بەهێزمـان نابێـت بەبـێ ئابوورییەکـەی بەهێـز، بەپێچەوانەشـەوە، هەروەهـا

> **ئەوەی جەنابی دکتۆر قەرەداغی داخوازیەتی و بە ئاواتی دەخوازێت، بریتیە لەسەرهەڵدانی چاکسازییەکی گشتگیر کە هەموو بوارەکانی ژیان بگرێتەوە**

زانست و زانیارییەكی پێشكەوتوومان نابێت بەبێ پرۆگرامێكی زانستی وردو نەخشە بۆ داڕێژراو... هتد.

بۆیە ئەوەی جەنابی دكتۆر قەرەداغی جیادەكاتەوە لەوانی تر ئەوەیە كە جەنابیان چاویان لەسەر شۆڕشێكی گشتگیرە بۆ چاكسازییەكی سەرتاسەری لە هیچ ڕوویەكەوە ناتەواو نەبێت تا بە سوودو قازانج بشكێتەوەو خێرو بێرەكەی بڕژێتە بەرژەوەندی گەلانی ئیسلامییەوە لەم سەردەمە دژوارەدا كە تێیكەوتووین، ئەگەر بێت و جوڵانەوەیەكی چاكسازی لێپرسینەوە لەسەر تەواوی پرسەكان بكات بەبێ ترس و بیم و پشتگیری بۆ خۆی دەستەبەر نەكات لە چوارچێوەی ئەو جوڵانەوەیەدا بەشێوەیەك لە هیچ ڕوویەكەوە پوچگەرایی بەسەریدا زاڵ نەبێت، دەبێت كارێكی وابكرێت ئەو جوڵانەوەیە شورایەكی بەهێزی بەدەوردا دروست بكرێت تا لێدانی هیچ كەسێك نەیلەخشێنێت.

ئەم سەر بوردە كورتە لە بارەی ئەو شەش پایەی كە باسكران لە پێشەوە ئاماژەیەكی كورتن لەسەر فراوانی زانستی جەنابی دكتۆر قەرەداغی و دەرخەری شەپۆلی فیقهـ و فیكری بەڕێزیانە، دامەزراوی و پتەوی و ڕاوەستاوی ئەو پایانە وەك دیوارێكی دامەزراوو تێهەڵكێشراو هۆكار بوون بۆ ڕاوەستاوییان لە بەرامبەر ستەمكاری سەرمایەداری ئێستاو ئیشتراكیەتی ڕابردوو كە خاوەنی توانای خۆی بوو لە كاتی خۆیدا بەوشێوەیە. بۆیە دەستمان لە ئامانجەكەمان گیرنابێت تەنیا بەهیوا خواستن، یان بە لە دەرگادانی مرۆڤە جوامێرو بوێرەكان و هەڵگۆڕزین لەرۆشنبیرییە، نامۆو نەگونجاوەكانیان بەئێمە، دیدگا ئیسلامییەكەمان كە تێرو تەواوەو بەردەوام جەنابی دكتۆر قەرەداغی پێداگری لەسەر دەكات، بەڵكو بە پرۆگرامێك كە لە عەقیدەو بیرو باوەڕێكەوە سەرچاوەی

گرتووە کەلەسەر هەموو وردو درشتێك هەڵوێستەیکردووە، هەموو هەڵهاتوو هاتوویەکی لەبەرچاوگرتووە، دەرگای لەسەر پشتە لەبەردەم هەموو شتە نوێیەکاندا لەهەموو کات و سەردەمێکدا، قورئانی پیرۆزو شەریعەتی ئیسلام سازو گونجاون بۆ هەموو کات و سەردەمێك، هیچ کەسێك ئەمە ڕەت ناکاتەوەو گومانی خراپی پێ نابات مەگەر کەسێکی نەزان یان کەسێك کوێرانە خەریکی لاسایکردنەوە بێت و هیچ ئاشنایەتی و شارەزاییەکی نەبێت بەو سەرچاوە زوڵاڵانەی بەپاکی دەڕژێنە خوارەوەو هەرچی بیرێکی نەسازو خراپە خۆی ناگرێت لەبەردەم بەڵگەو بورهانی یەکلاکەرەوەی ئەم دینە بێخەوش و ڕێکە، بەڵگەو بورهانێك پشت بەو عەقڵە دەبەستێت کە قورئان ڕێزی لێگرتووەو داواکارە لە خاوەنەکەی بیخاتە گەڕو کارای بکات و بەکاری بهێنێت بۆ چارەسەری هەرگرفتێك کە بە دژوار بزانرێت لەسەرەتادا، ئەو عەقڵ و ژیرییەی زۆرجار پەردەو دەمامکی بەسەردا دەدرێت، چەندین ڕێگا چارەی پێیە کە دەبێتە جێگای سەرسوڕمانی سەرمایەداریی و ئیشتراکییەت کە وا گومان دەبات جگە لەو هیچ کەسێك نەتوانێت پەردە لەسەر ئاڵۆزییەکانی ژیان لابدات ئەو نەبێت.

جەنابی دکتۆر قەرەداغی پاش خستنە ڕووی کێشەو گرفتەکان بەوردی چاکسازی پێویست دەخاتە ڕوو پێمان دەڵێت هەڵەکان لە کوێدان و نەزانییەکان کامانەن، ئەو دەمە ئیدی چارەسەر بۆ کێشەکان دەخاتە ڕوو بەشێوەیەك کە بەخێر بگەڕێت بۆ گەلانی ئیسلامی و مرۆڤایەتی، چارەسەرێك کە سەرچاوەی لە قورئان و سوننەتی پێغەمبەرو (ﷺ) تێڕوانینی پێشینی چاکەکارەوە گرتووە بەشێوەیەك بمانبات بەرەو ڕەزامەندی خودا، بەبێ لاکردنەوە بەلای ئەوانەی پۆشاکی سەرمایەداری و ئیشتراکییەت درێژ

دەكەنەوە، ئەو دووانەی كە ئەو مەینەتییە زۆرەیان بەسەر ژیاندا هێنا ئایا ئێمە لە تواناماندا نییە بە گەڕانەوەمان بۆ ڕابردووی دەوڵەمەندمان باشترین چارەسەر بخەینە ڕوو بۆ باشتر كردنی ئوممەتێك ﴿كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ﴾ ال عمران ١١٠.

جەنابی دكتۆر قەرەداغی هیچ گومانی لەوە نییە كە مسوڵمانان سەردەمێكی زۆرە سەرقاڵكراون، دوورن لەو جۆرە دەستەواژانە یان لەو شەش پایەیە بە جۆرێك باروگوزەرانیان بە ئاستێك گەیشتووە كە بێڕێزییان پێدەكرێت لە واقیعی ئێستایاندا، ئەو سەرقاڵكردن و دواكەوتووییەی هەیانە بووەتە دووانەیەك و لێیان جیانابێتەوە، ئەو سەرقاڵكردنە بووەتە هۆكاری دابڕان و پەرتەوازەییان بەشێوەیەك وەك بڵێی لافاو بردوونی، پەرتەوازەییەك لە ئەرك و كارە گەورەكەیان بێئاگای كردوون، سەرەولێژ بوونەتەوە بەرەو پڕو پوچی و هیچ گەرایی، پشتیان لەشتە گرنگ و گەورەكان كردووە چەپڵە بۆ هەڵگیرساندنی شەڕو شۆڕش لێدەدەن و بەشێكیش لە نەزانیدا ڕۆچوون و بێئاگایانە قاقای پێكەنینیان لێداوە.

لێرەوە جەنابی دكتۆر قەرەداغی تەواوی خەمخۆری و بایەخ و توانا و ئاوەزو قورئانی پیرۆزو فەرموودەكانی پێغەمبەر (ﷺ) شرۆڤە زانستیەكان بەگەڕدەخات، بە ئامانجی بەرەو پێشبردن و سەرخستنی ئوممەتی ئیسلامی، ئوممەتێك كە شایستەیە بەوەی زەمینە سازی بۆ بكرێت تا بە شێوەیەكی بەهێزتر خۆی ڕێكبخاتەوەو بازێك بدات بەرەو چاكترو پێشكەوتن تا بگاتە ئاست و شانی گەلانی پێشكەوتووی دنیا، بەڵكو لەوانیش پێش بكەوێت لە سایەی كەڵك وەرگرتنی لە دەقە ئیسلامییەكان و لە بیریارو زانا مسوڵمانە گەورەكانی – وەك ئیبن خەلدون بە نموونە – بە دانانی بەرنامەو پڕۆگرامێك كە ئێمە وا گومانمان برد هی ئەوانە

بـەڵام هـی خۆمانـە، بەپێـی ئاماژەکانـی قورئـان ﴿هَـٰذِهِ بِضَاعَتُنَا رُدَّتْ إِلَيْنَا﴾ یوسـف ٦٥.

جەنابـی دکتـۆر قەرەداغـی پێـی وایە ئەوەی بەسـەر مسـوڵمانانی ئەمـرۆ هاتـووە لـە داڕوخـان و شکسـت لـە زۆر ڕووەوە، شکسـتی ڕەوشـتی و لەدەسـتدانی بەهـا بـاڵاکان، لاوازی حاڵەتـی ڕۆحـی، بێگومـان هەمـوو ئەوانـە، لەخـۆوە ڕوویـان نـەداوە هۆکارەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ بەهەنـد نەگرتنـی ڕێسـاو یاسا خواییـەکان و پشـتگوێ خسـتنیان وەك لـەم ئایەتـە قورئانییـەدا ئـەو ڕاسـتییە نمایـان دەبێـت: ﴿أَوَلَمَّا أَصَابَتْكُم مُّصِيبَةٌ قَدْ أَصَبْتُم مِّثْلَيْهَا قُلْتُمْ أَنَّىٰ هَـٰذَا قُلْ هُوَ مِنْ عِندِ أَنفُسِكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾[١٠].

ئـەوەی خسـتمانەڕوو وێنایەکـی پوختـی ئـەو چاکسـازییە گشـتییەیە کـە جەنابـی دکتـۆر قەرەداغـی دەیخاتـەڕوو قسـەی لەبـارەوە دەکات و هیـوا وایـە بەپایـان بگەیەنرێـت، لێـرە بـە دواوە هەوڵ دەدەیـن بە درێژی قسە لە سەر ئەو چاکسازییە گشتییە بکەیـن (الإصلاح الشـامل) کـە جەنابـی دکتـۆر قەرەداغـی بـە پەیام و دروشـمی پێغەمبەرانـی دەزانێـت، لەهەمـان کاتـدا لـە گرنگتریـن هۆکارەکانـی پێشـکەوتن و ڕاپەریـن و گەشـەپێدانی ئوممەتـە، جەنابیـان کەمتەرخەمییـان نەکـردووە لـە خسـتنە ڕووی پایەکانـی چاکسـازی و مەرجەکانـی و جوڵاندنـەوەی چاکسـازییەکان، هەوڵـی دەرمانکردنـی تێکـڕای دەردەکانـی ئوممەتـی ئیسـلامی داوە بەتـاك و کۆمەڵـگاو دەوڵەتەکانییـەوە.

وەك لـە پێشـەوە وتمـان جەنابیـان دەسـتەواژەیەك بەکارناهێنن تا بـەوردی لـە بارەیـەوە لێکۆڵینـەوەو بـە دواداچـوون نەکـەن، لێرەشـدا زۆر بـەوردی ڕەچـاوی ئـەو بابەتەیـان کـردووەو بـەوردی لـە سـەرچاوە

١٠ ال عمران: ١٦٥

زمانەوانییەکاندا سەرنجی دەستەواژەی چاکسازی (الإصلاح) یان داوەو ئەوەیان لێوەرگرتووە کە چاکسازی بریتییە لەدەستە بەرکردنی کەڵك و سوود و چاك و باش و لابردن و لادانی زیان و خراپەکان، چاککردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان، دواتر کۆتایی قسەکانی بەوە دەهێنێت و دەڵێت چاکسازی و چاکبوون نایەتەدی تابەسەر گەندەڵی و گەندەکاراندا زاڵ نەبین، ئەو گەندەڵی و فەسادەی قورئان چارەسەرێکی گشتی بۆ داناوە، عەقیدەیی و ڕەوشتی و پەرستش و ئاکارو هەڵسوکەوت دەگرێتەوە، هەروەك گەندەڵی دارایی و کارگێڕیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی دەگرێتەوە، بەهەمان شێوە دامەزراوەی دادوەری و سیاسی دەگرێتەوە.

**ڕێگای چاکسازی بێ گرفت و گرێ و گۆتاڵ نیە و ڕووبەڕووی زەحمەت و ناڕەحەتی دەبێتەوە**

جەنابی دکتۆر قەرەداغی لەپێش هەرکەسێکەوە دەزانێت کە ڕێگای چاکسازی بێ گرفت و گرێ و گۆتاڵ نییە و ڕووبەڕووی زەحمەت و ناڕەحەتی دەبێتەوە، لە توانای هیچ کەسێکدا نییە کە ئەو گرفت و لەمپەرانە تێپەڕێنێت مەگەر کەسێکی خەمخۆر و چاکە خواز کە ئەو سیفات و مەرجانەی تێدابێت کە قورئان باسیکردوون، مەرجەکانیش ئەمانەن:

نیازپاکی و دڵسۆزییەکی تەواو و پشت بەستن بە خودا.

لێوان لێوبوون لە گیانی سۆزو بەزەیی، ویستنی خێرو خۆشی بۆ خەڵك، پێناخۆشبوونی خراپە بۆیان.

ویست و تواناو ئیرادەیەكی بەهێزو هیواو ئومێدێكی گەورەو بڕواو قەناعەتێكی تەواو بەسەركەوتنی پرۆسەی چاكسازی.

قۆناغبەندی و خۆگری و پەلەنەكردن و بێهیوانەبوون و نەفەس درێژی چاكەخوازان لەبەرانبەر بانگەشەكردن و هەوڵدان بۆ چاكسازی.

پێشەنگ و سەرمەشقی چاك و باش، لەبەرئەوەیە خوای گەورە ﴿اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ﴾[11]، دەناسێنێت بەوەی كە ﴿صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا الضَّالِّينَ﴾[12].

**چاودێری و بەدواداچوونی بەردەوام، بەردەوامی یان دامەزراوی**

بوونی زانیاری پێویست لە بارەی چاكسازی و ڕێ و شوێنەكانییەوە، هەروەها ئاگاداربوون لە ڕێبازو ژیان و مێژووی چاكەخوازان لە پێغەمبەران و پیاوچاكان، لە هەمانكاتدا سوود وەرگرتن لە ئەزموونە سەركەوتوو شكستخواردووەكان (الحكمة ضالة المؤمن أن وجدها فهو أحق بها).

دواتر جەنابیان تەنیا ئاماژە بە فەرموودەیەكی پێغەمبەر (ﷺ) دەكەن دەربارەی چاكسازی كە دەفەرموێت: (اللهم أصلح لي ديني الذي هو عصمة أمري، وأصلح لي دنياي التي فيها معاشي، وأصلح لي أخرتي التي أليها معادي..)[13].

لەو ڕوانگەیەوە كە چاكسازی گشتی، بەپێی دیدگای جەنابیان، پێویستی بە بوونی پلانێكی ستراتیژی گشتی و قۆناغبەندی هەیە كە تەواوی مەرج و ڕێسا و یاسا پێویستەكانی

١١ الفاتحة : ٦

١٢ الفاتحة : ٧

١٣ المسلم ٢٧٠

تێدا بێتەدی بۆ چارەسەری ئەو كۆسپ و لەمپەرانەی دێنە سەر ڕێگای چاكسازی تا بگاتە سەركەوتن. پێش ئەوەی هەڵوێستە بكەین لەسەر ئەو ستراتیژییە نەخشە بۆ داڕێژراوە، كە بیری لێكراوەتەوە بەبیركردنەوەیەكی ورد، ئاماژە دەكەین بۆ تێڕوانینی جەنابی دكتۆر قەرەداغی لەو چاكسازییەی كە پەیامی پێغەمبەرانە (علیهم السلام) (رسالة الأنبیاء)، لەبەر گرنگی ئەم دەستەواژەیە كراوەتە تەواوكارو پاشكۆی ناونیشانی ئەو كتێبەی ئێمە خوێندنەوەی بۆ دەكەین، هەمیشە ناونیشانی دووەم دەبێتە تەواوكاری ناونیشانی یەكەم و ڕونكردنەوەی زیاتری پێدەدات، دیدگای نوسەر دەخاتە ڕوو بەشێوەیەكی گشتی لەبارەی ئەو دەقە شاراوەیەی كە لە دووتوێی كتێبەكەدایە، تێڕوانینی جەنابیان بریتییە لە:

- چاكسازی گشتگیر لە مرۆڤدا لەسەر ئاستی تاك و كۆمەڵ و كۆمەڵگا و دەوڵەت و ئوممەت.
- چاكسازی گشتگیر لەناخی مرۆڤدا: لەڕووی دەروونی و ئاوەزو دڵییەوە، لەڕووی ڕواڵەتییەوە چاكسازی سلوك، سیفاتە دەرەكییەكان، ئاكارو ڕەوشتی لە هەڵسوكەوتوو مامەڵەدا.
- چاكسازی گشتگیر لەدەوروبەری مرۆڤدا ژینگە و ژیان و ئاوەدانی.
- چاكسازی گشتگیر لەڕووی بیروباوەڕو فیكرو ئەخلاق و كۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە.
- چاكسازی گشتگیر لە ڕووی پرۆسەی سیاسی، پەروەردەو فێركردن، دینی، فیقهی، ئیجتیهادەوە.

ئەمە تێكڕای ئەو چاكسازییە گشتگیرەیە كە جەنابی دكتۆر قەرەداغی بانگەشەی بۆ دەكات و بەدرێژی خاڵ لەسەر خاڵ و

پایە بەدوای پایەدا دەیخاتە ڕوو لەهیچ ڕوویەکەوە هیچ ڕەهەند و بوارێکی فەرامۆش نەکردووە، چونکە نادیدەگرتن و فەرامۆشکردنی هەر یەکێکیان زیان بەوانیتر دەگەیەنێت و باڵەخانەی چاکسازی گشتی بە لاری و خواری دەمێنێتەوە، ئیدی مەترسی داڕوخانی دەبێت بەسەر ئەوکەسانەدا کە نەیانتوانیوە لەهەموو گۆشەو ڕووەکانییەوە تەواوکاری و چاککردنەوەی تێدا بکەن، چونکە هەر باڵەخانەیەك پایەکانی بەهێزو پتەوبن تەواوی باڵەخانەکە بەهێزو پتەو دەبێت، ئیدی ڕەشەبای سەرمایەداری نای لەرزێنێت و ئیشتراکیەت جوڵەی پێناخات، ئەگەرچی گەردەلولێکی بەگوژم و تینیش بێت.

ئەم گۆشە نیگایانە پایە بنەڕەتیەکانی چاکسازین و ئەو مەرجە سەرەکیانەی کە پرۆسەی چاکسازی بۆ تاك و کۆمەڵگا و دەوڵەت پێویستی پێیەتی، بێگومان ئەمەش پرۆسەیەکی سەخت و قورسە، بەڵام لەهەمانکاتدا دەرگا بەروویدا دانەخراوە، ئەمەش وەك هەر کارێکی گەورەو گرنگیتر کە بانگەشە بۆ ڕەسەنایەتی و هاوسەنگی و بەهێزو بەپێزی و بیرو باوەڕێکی کاریگەرو بەرنامە ڕێژییەکی وردو نەخشەو پلانێکی سەرکەوتوو بیرێکی ڕۆشن و قوربانیدانێکی گەورەو بێوچان و خەڵکانێکی باوەڕداری لەخۆبوردەی قوربانیدەر بەهەموو شتێك و سەرچاوەی دارایی و بەردەوامی و دامەزراوییەك ساردبوونەوەو مەلەل نەزانێت و گیانی پشت هەڵکردنی دەوێت لە نائومێدی و بێهیوایی لەلایەن ئەو کەسانەی کە بەئەرکی چاکسازی گشتگیر هەڵدەستن و دەبێت دوربن لەهەرشتێك کە وره بەرزییان کەم بکاتەوەو ویست و ئیرادەیان لاواز بکات، وەك موتەنەبی شاعیر دەڵێت:



**علی قدر العزم تأتي العزائم     وتأتي علی قدر الكرام المكارم**
**وتعظم في عين الصغير صغارها  وتصغر في عين العظيم العظائم**

لە توانای ئەم ئوممەتەدایە، وەك جەنابی دكتۆر قەرەداغی بەردەوام دەیڵێتەوە، كە دەتوانێت گەورەترینەكان بەدەست بهێنێت و نارەحەتیەكانی ڕێگا ببڕێت، ئەگەر بەگەورە سەیری خۆی بكات، ئەو دەمە بەبچوك سەیری گرفتە گەورەكان دەكات هەرچەند گەورەش بن، ئیتر گەیشتن بە ئامانج ئاسان دەبێت ئەگەر چی بەمەترسیداریش بێنە پێش چاو لەسەرەتادا.

جەنابی دكتۆر قەرەداغی وەك پیشەی هەمیشەیی خۆی، پایە بنەڕەتیەكانی چاكسازی دەخاتە ڕوو بەشێوەیەك ئەگەر ئەو نەبێت لەوانەیە نەخرایەتەڕوو بەم شێوەیە، بە ئامادەكراوی تەنیا چاوەڕێی جێبەجێكردنە بەشێوەیەكی زانستی كردەیی بەپان و تۆیەوە لەبەرگێكی قەشەنگی بەسوودا، ئەمەش پایەكانن:

١- چاكەخواز (المصلح)، تاك بێت یان كۆمەڵ یان دەزگا یان دەوڵەت، دەبێت خودایی و بۆ خودا سوڵحاو و دنیا نەویست و دانا و خۆگرو قوربانیدەربێت، بەرچاو ڕوون و ئومێدەواربێت ئاواتەكانی لە دنیا گەورەتر بێت و خاوەنی ئیمانێكی دامەزراو بێت بەوەی كە ﴿إِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا﴾[١٤].

٢- ئەو بەرنامەو پرۆگرامەی چاكەخواز دەیخاتە ڕوو بۆ چاكسازی، جەنابی دكتۆر قەرەداغی پێی وایە دەبێت چوار شتی سەرەكی تێدابێت:

• فێركردن (التعليم). فێركردنی پایەكانی ئیمان و تێكڕای ڕێنمایی و حوكمە ئیسلامییەكان و خستنەرووی جێكەوتە ئەرێنی و باشەكانی ئیمان (ئەمە وەك ڕەهەندی مژدەدان -التبشير-)،

---

١٤ الشرح: ٦

هەروەها خستنەڕووی جێکەوتە خراپ و مەترسیدارەکانی لەکاتی پشت هەڵکردن و سەرکەشیکردندا (ئەمە وەك ڕەهەندی ئاگادار کردنەوە – الإنذار).

• خاوێن کردنەوەی خود (التزکیة). خاوێن کردنەوەی خود لە ڕووی دەروون و دڵ و ئاوەزو ژیری.

• پەروەردەکردن (التربیة). پەروەردەکردنی تاك لەسەر ئاکارو بەها جوانەکان و ڕەوشت بەرزی و بەها بالآکان بەشێوەیەك هەڵسوکەوتی ڕەنگدانەوەی قورئانی پیرۆز بێت.

• پێشەنگیەکی باش و قوربانیدەرو دڵسۆزو خوا ویست و خۆنەویست لە پێناوی خوداو کۆمەڵدا، زۆرترین کاریگەری دەبێت لەسەر هەموو ئاستەکان.

بۆ ئەوەی ئەم چوار ڕەهەندە بەکردەیی بکرێنو جێبەجێ بکرێن، دەبێت هۆکار گەلێکی پێویست بگیرێتە بەرو بە ڕیتمێکی نوێ و ڕەسەنایەتی و سەردەمی بوون ئاوێتە بکرێن، لەگرنگترینی ئەو هۆکارانە:

• ئامۆژگاری حەکیمانە و (الموعظة الحسنة)، ڕوونکردنەوەی جوان و نەرم و ئامانجدارو وتاربێژی کاریگەرو شیعرو ڕەوانبێژی و وشە سازی و مانای بەتام و چێژو داستان و چیرۆك ڕاسترینەکانیان، نموونەی کاریگەرو بابەتی زیندوو بەپێز.

• شانۆگەری و تەمسیلی ڕاست و بەسوود، فیلمی پەیامدار (بەهەموو جۆرەکانییەوە) ئەوانەی چارەسەر ئامێزن و کێشە کۆمەڵایەتیەکان دەخەنەڕوو تۆوی ڕەوشت جوانی و بەها بالآکان دەچێنن و یارمەتی بنیاتنانەوەو پێشکەوتن و شارستانی بوون دەدەن.

• تۆڕەکانی ڕاگەیاندن بەهەموو جۆرەکانییەوە بینراو و بیستراو خوێنراو بەتایبەت هۆکارە سەردەمیەکانی یوتیوب و فەیسبوك و سۆشیال میدیا بەگشتی.

٣- هەر شتێكی پەیوەندیدار بەچاكسازی، مەبەست لەمە چاكسازیكردنە لە هەرشتێكدا كە بەئامانج دەگیرێت: مرۆڤ و هەرشتێكی پەیوەندیدار بە مرۆڤەوە، دەوڵەت و دامەزراوەو سەرجەمی ڕێسا پەیوەندیدارەكان بەدەوڵەتەوە.

جەنابی دكتۆر قەرەداغی هیچ شتێكی بەناتەواوی، یان گوماناوی بەجێ نەهێڵاوە، بەڵكو بەوردی بیریكردۆتەوەو تەواوی پرسیارە گریمانەكراوەكان هاتووە بەخەیاڵیداو هەموو ئەو شتانەی بەبیری خوێنەردا دێت، تیشكی خستۆتە سەریان، ڕوونكردنەوەی لەبارەیانەوە داوەو ئاسانترین و سازگارترین شێوازی گرتووەتەبەر بۆ خستنە ڕوویان، بەراوردكارییەكانی پڕاوپڕو دوور لە خەوشن لەم سەرو بەندەدا دەبینیین كە قەڵەم بەدەستەوە دەگرێت پان و تۆی بابەتی چاكسازی گشتی (الإصلاح الشامل) كۆدەكاتەوەو قەڵەم دانانێت تا دڵی ئاو دەخواتەوەو خۆی و خوێنەر ڕازی و دڵخۆش دەكات و تینوێتی دەشكێنێت سەبارەت بە خستنە ڕووی چارەسەری ئەو كێشانەی پێوەی دەتلێینەوەو دەست و پەنجەمان لەگەڵ نەرمكردوون، با لەگەڵ جەنابیاندا گەشتێك بكەین و بزانین چۆن قسە لەسەر دەسپێكی چاكسازی و مەرجە سەرەكیەكان دەكات:

**یەكەم:** ڕاستكردنەوەو بەخۆدا چوونەوەی دادگەرانەو ڕەخنە لە خۆگرتن، لە ئوممەت و مێژوو ڕەخنەیەكی زانستیانەو هاوسەنگانە و بەویژدانانەو دوور لە بەپیرۆزگرتن و بەكەم سەیركردن. ئەوەی جەنابیان مەبەستیەتی لێرەدا دوور كەوتنەوەیە لە شەڕی یەكتری و پێكەوە نەكران و ڕزگاربوون لە شپرزی و تەفرەقەو سوڕانەوە بەدەوری خودداو ڕێگریكردن لەوانەی تر كە جودایی و دووبەرەكەیی لە نێوان مسوڵماناندا دروست دەكەن، دەكرێت نموونە بەوە بهێنینەوە كە جەنابیان مەبەستیان ئەوەیە

کە لایەنە ئیسلامییەکان نەکرێن بەگژی یەکتردا و بەشەڕ نەیەن لەگەڵ یەکتری، وەك ئەوەی لەچەند وڵاتێکدا بەشێك لەسەلەفی و سۆفیەکان بەشەڕدران لەگەڵ برایانی مسوڵمان (الإخوان المسلمون)، یان بەکافرکردن و بە ئەهلی بیدعە زانینی ئەشعەری و ماتوریدییەکان.

هەروەکو ئومەتی ئیسلامی بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە زۆرینەی لە حاڵەتێکی خراپی دواکەوتووی و نەزانی و نەخوێندەوای و هەژاری و بێکارییدایە لەگەڵ بوونی خێروبێرێکی زۆرو دەوڵەمەنییەکی لەبەرچاو لەوڵاتە ئیسلامییەکاندا لە سامانی ژێر زەوی.

لە ڕوویەکی ترەوە ئەو دەوڵەتانەی بەناوی ئیسلامەوە حوکم دەکەن، نەیانتوانیوە وێنایەکی جوان لە حوکمی ڕەشیدو کەرامەت و شکۆی مرۆڤ و خۆشگوزەرانی بۆ گەلەکانیان دەستەبەر بکەن، هەروەك چۆن بزوتنەوە ئیسلامییەکانیش نەیانتوانیوە ئامانجەکانیان بهێننەدی بەهەر هۆکارێك. ئەم شکستە سەرتاسەرییە پرسیار بە دوای خۆیدا دەهێنێت، بەڵکو چەندین پرسیار بەدوای خۆیدا دەهێنێت کە ئایا ناتەواوی و هەڵەکان دەبێت لە کوێدابن، ئەمەش ئەوە دەخوازێت لە زاناو بیریاران کە بە ئەرکی بەخۆداچوونەوە هەستن، ئەم ئایەتە قورئانییە پرسیارێکی ڕەخنە ئامێز دەکات لەبارەی ئەم بارودۆخەوە وەك دەفەمروێت: ﴿أَوَلَا يَرَوْنَ أَنَّهُمْ يُفْتَنُونَ فِي كُلِّ عَامٍ مَرَّةً أَوْ مَرَّتَيْنِ ثُمَّ لَا يَتُوبُونَ وَلَا هُمْ يَذَّكَّرُونَ﴾[١٥].

بەتوندی ئەوە دووبات دەکەینەوە کە جەنابی دکتۆر قەرەداغی بەکەم سەیری هیچ کەس و لایەنێك ناکات و مافی هیچ کەسێك نادیدە ناگرێت، موسڵمان بێت یان موسڵمان

١٥ التوبة: ١٢٦

نەبێت، جەنابیان هەرشتێك خێری تێدابێت بە ئامانجی دەگرێت لەهەر كوێ بێت و لەهەركاتێكدا بێت، لەبەرئەوە جەنابیان دەبینن لە كەسانێك شت وەردەگرێت كە لەبارەی مێژوو و كلتورو شارستانییەتی ئێمەوە شتیان نووسیوەو بێ قەدریان كردووە بەو هەموو خزمەتە گەورەیەی كە پێشینانی دڵسۆزی ئێمە پێشكەشیان كردووە لەڕووی فیكری، زانستی، فیقهی، فەرموودە، شارستانییەت، فتوحات و ئاوەدانییەوە. ئەوەی لەسەرمانە، ئەوەیە بە ویژدانەوە سەیری مێژوو بكەین و بابەتیانە بۆی بڕوانین، نە پیرۆزكردن نەبەكەم سەیركردن، ناكرێت هەمووی بەڕەش یان بەسپی ببینین، ئەوەی سوودی هەیە بۆمان وەریدەگرین ئەوەی زیان دەگەیەنێت دوورە پەرێز دەبین لێی، چاكسازی واتە چارەسەری دەردو نەخۆشی و گەندەڵی، ئەگەر نەخۆشی و گەندەڵیەكان دیاری نەكرێن چارەسەر بێسوود دەبێت.

**دووەم:** مەرجی چاكسازی بریتییە لە شوناسی ئیمانی شارستانییانە، هۆشیارییەكی قوڵ لەڕووی دینی و كۆمەڵایەتی و شارستانی بوونەوە، لەگەڵ خوێندنەوەیەكی گشتگیری وردو دروست بۆ گەردوون، مرۆڤ، ئەزموونی ژیان، ئامادەگی فیكری و دەروونی، ویست و ئیرادەیەكی یەكلاكەرەوە، بەڕێوەچوون بەپێی ڕێساو یاسا گەردوونییەكان، دەستبەردار نەبوونی نەگۆڕو جێگیرەكان.

**سێیەم:** بوونی میتۆدو پەیڕەوێك بۆ تێگەیشتن و بیركردنەوەو لێكۆڵینەوەو كاركردن.

ئەگەر سەرنجێكی ورد بدەین لە ڕۆژئاوا دەبینین گۆڕانكاری كرد لە گەلێكی پرش و بڵاووجیاوازەوە بۆ گەلێكی شارستانی بەهێزو داهێنەرو وەبەرهێن، بەرێكاری گۆڕانكاری لە پرۆگرامیانداو شوێنكەوتنیان بۆ ئەزموونكردنی ژیان بەپێی میتۆدێكی دیاریكراو

ئـەو میتـۆدەی دەدرێتـە پـاڵ (روجربیكـون) ئـەو كەسـەی زۆرینـە بـە داڕێـژەری ئـەو میتـۆدەی دەزانـن، بـەڵام زانـای بلیمـەت (بریفولـت) بۆچونێكـی تـری هەیـە لـەم بارەیـەوە، ئـەو لـە كتێبـی بنیاتنانـەوەی مرۆڤایەتـی دا دەڵێـت: (روجـر بیكـون هیـچ فەزڵێكـی لـە داهێنانـی میتـۆدی ئەزمونكردنـدا نییـە، ئـەو تەنیـا گەیەنـەرو پەیامبـەری زانسـت و میتـۆدی موسـڵمانەكان بـوو بـۆ ڕۆژئـاوای مەسـیحیەت، ئـەو هەرگیـز بێـزارو مانـدوو نەدەبـوو لـەوەدا كـە هاوسـەردەمەكانی خـۆی تێبگـەیەنێـت لـە ڕۆژئـاوا كـە زمانـی عـەرەبی و زانسـتە ئیسـلامیەكان تەنیـا ڕێبازێكـن بـۆ فێربوونـی زانسـتی ڕاسـتەقینە)[١٦].

جەنابـی دكتـۆر قەرەداغـی بانگەشـەكەی بـە میتـۆدی ئەزمونكـردن پشـت ئەسـتوردەكات بەقورئانی پیرۆزو فەرموودەی شـیرینی پێغەمبەر (ﷺ)، ئێمـە لێـرەدا تەنیـا یـەك ئایـەت لەگـەڵ یـەك فەرمووده ئاماژە پێدەكەیـن وەك بەڵگـە بـۆ ئـەو پرۆگرامەی قورئـان هێناویەتی بەرروونی سـەرەتا ئایەتەكـە دواتـر فەرموودەكـە دەهێنیـن بۆ پاڵپشـتی.

خـوای گـەورە دەفەرموویـت: ﴿وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَانًا لِكُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً وَبُشْرَى لِلْمُسْلِمِينَ﴾[١٧]، پێغەمبەریش (ﷺ) دەفەرمووێت: [...وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، لَقَدْ جِئْتُكُمْ بِهَا بَيْضَاءَ نَقِيَّةً، لَا تَسْأَلُوهُمْ عَنْ شَيْءٍ فَيُخْبِرُوكُمْ بِحَقّ فَتُكَذِّبُوا بِهِ، أَوْ بِبَاطِلٍ فَتُصَدِّقُوا بِهِ، وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، لَوْ أَنَّ مُوسَى كَانَ حَيًّا، مَا وَسِعَهُ إِلَّا أَنْ يَتَّبِعَنِي][١٨].

ئـەو پرسـیارە گرنگـەی جەنابیـان دەیـكات گرێیەكـی ئاڵـۆزەو وەڵام دانەوەیەكـی ڕیشـەیی دەوێـت بـۆ دەربازكردنـی ئـەم ئوممەتـەی كـە كێشـەو گرفتەكانـی بەدەسـت و گەردنییـدا ئـاڵاوە، بێگومـان پرسـیار ئاسـۆیەكی فـراوان دەكاتـەوە بـەڕووی كەسـێكدا كـە زانسـتێكی فـراوان

---

١٦ وەرگیراوە لە شێخ عبدالحكیم محمود، منهج الاصلاح ألاسلامي في المجتمع، ط. مهرجان القراءة للجمیع، ٢٠٠٣م، ص ١٤-١٥ .

١٧ النحل: ٨٩ .

١٨ ئیبن كثیر گێڕاویەتییەوە.

و تێگەیشتنێكی قووڵی هەبێت، لێرەدا جەنابیان دەپرسن ئەو هەڵەو ناتەواویانە كامانەن كە ئەم ئوممەتەیان بەم ڕۆژە گەیاندووە لەڕووی بەجێمان و دواكەوتن لە شارستانییەت و ژیانی سەردەم، تابەم قۆناغە مەترسیدارە گەیشتووە، لەگەڵ ئەوەی كە ئوممەتێكە خاوەنی (قورئان و سوننەت)ە، وەڵامدانەوەی جەنابیان بۆ ئەم پرسیارە ڕیشەییە گرنگە ئەوەیە كە ئەم ئوممەتە ئەو میتۆدو نەهجەی بزركردووە كە دەبوو لەسەری بڕوات، ئەوەش تالاوی نەگەیشتن بەو ئامانج و مەبەستەی پێ چەشتووە كە لە پێناویدا هێنراوەتە بوون، بەهەمان شێوە لە زۆر بواردا میزان و پێوەرەكانی لێتێكچووە.

بۆیە جەنابیان ئەوە نادیدە ناگرێت كە دەبێت گرنگی زۆر بدرێت بە (تەزكیە) و (پەروەردە)، چونكە ئەم دووانە تەنیا ڕێگایەكن بۆ هەڵكشان و چوون بەرەو كەماڵ، چونكە ئەگەر خوێندنەوەی ڕووت تێگەیشتن و ورد بوونەوەی لەگەڵ نەبێت و بەشێوەیەكی مەنهەجی نەبێت ئامانج ناهێنێتەدی، ﴿وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَيُزَكِّيهِمْ﴾[19]. مەبەست لە پەرستش و عیبادەتەكان تەنیا بەپایان گەیاندن نییە، بەڵكو مەبەست ڕەنگدانەوەی جێكەوتەو تێگەیشتنە لە هۆكاری پەرستشەكان.

لەبەرئەوەیە قورئانی پیرۆز بەڕوونی ئاماژە دەكات بە دەستەواژەی (المنهاج) بەدەربڕینێكی ئاشكرا، بەشێوەیەك هیچ مانایەك بۆ گومان و دوودڵی ناهێڵێتەوە، وەك خودا دەفەرموێت: ﴿وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ مُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ الْكِتَابِ وَمُهَيْمِنًا عَلَيْهِ فَاحْكُمْ بَيْنَهُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ عَمَّا جَاءَكَ مِنَ الْحَقِّ لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنْكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَكِنْ لِيَبْلُوَكُمْ فِي مَا آتَاكُمْ فَاسْتَبِقُوا الْخَيْرَاتِ

---

١٩ البقرة: ١٢٩

إِلَى اللَّهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ﴾[20].

ئێستا گوێ ڕادێرن، بۆ جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی کە جەنابیان بە کورتی و پوختی ئاماژە دەکات بۆ مەنهەجی بوون و کردنی بەهۆکاری پێشکەوتن و گەشەکردن:

مەبەستی من ئەوەیە کە مەنهەجی تایبەت بە شەریعەتی ئیسلام پایەیەکی تەواوکاری دین و بە لوتکە گەیشتنی نیعمەتی خودایە، پێداگری قورئانی پیرۆزیش لەسەر ئەوەی کە بۆهەموو ئوممەتێك میتۆدێك (المنهاج) بوونی هەبووە ئاماژەیەکی ڕوونە بەگرنگی مەنهەج، هەروەك ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە - ئەوانەی کە گومڕابوون - لەگەڵ بوونی تەورات و ئینجیلدا هۆکارەکەی ئەوەبوو کە بەراستی و دروستی شوێن ئەو مەنهەجە نەکەوتن کە دەیگەیاندنە مەبەست و ئامانج، چونکە ئەوان شەریعەتی خودا کە میناهجە بۆیان لەناویاندا بوو وەك خودا دەفەرموویێت: ﴿وَكَيْفَ يُحَكِّمُونَكَ وَعِندَهُمُ التَّوْرَاةُ فِيهَا حُكْمُ اللَّهِ ثُمَّ يَتَوَلَّوْنَ مِن بَعْدِ ذَٰلِكَ وَمَا أُولَٰئِكَ بِالْمُؤْمِنِينَ﴾[21].

کەواتە ناتەواوییەکە دەگەڕێتەوە بۆ مسوڵمانان لە جێبەجێ نەکردنی منهاج و میزانی خودا لە ناوماندا وەك دەبینین بەم ڕۆژو حاڵەی گەیاندوین کە بوینەتە جێگای بەزەییپێداهاتنەوە!

جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی بەوە بەناوبانگە کە بەراوردکاری زۆریکردووە لە بابەتی (المنهاج) لەگەڵ (المیزان) ئەم دووانەی کە گەورەترین ڕۆڵ دەگێڕن.

فیقهی میزان یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتنێکی وردو بیرێکی قوڵ، بەڵام فیقهی منهاج (المنهجیة) یارمەتیدەرە بۆ کەوتنە سەر ڕێگای مەبەست و گەیشتن بەو ئامانجەی مرۆڤی لە پێناودا

---

٢٠ المائدة: ٤٨

٢١ المائدة: ٤٣

هاتووەتە بوون، پێمان باشە لێرەدا بەكورتی، دیدی جەنابیان سەبارەت بەم دوو پرسە بخەینەڕوو ئەم دووانە ئەگەر كاریان پێبكرێت و كارا بكرێن خێروخۆشی ڕووی دەكردەوە ئوممەتی ئیسلامی و نەهامەتی باری دەكرد لە ناوماندا.

مەبەست لە مەنهەج، بریتییە لە دارشتنی نەخشەو پلانێكی وردی تێكهەڵكێش و تۆكمەو قۆناغدار بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجێكی دیاریكراو و گرنگ، یان بەمانایەكی تر: بریتییە لە پرۆسەی بیركردنەوەو هونەرێكی ڕەسەن بۆ ڕێكخستنی زنجیرەیەك لە بیركردنەوە بۆ بەدەستخستنی ڕاستی و حەقیقەت[٢٢].

ئەوەی كە پەیوەندییدارە بە مینهاجەوە (المنهاج)، جەنابیان لەگەڵ خۆیان دەمانبەن بۆ سەرنجدان لە دەقە قورئانییە پیرۆزەكان تا بزانیین چۆن لەبارەیانەوە دێنەگۆ بەو مەنهەجیەتەی كە خۆیان هەیانە لە دەستبردن بۆ دەقەكان، جیاكردنەوەو ماناو مەدلولی چەمك و دەستەواژەكان بە بلیمەتی و زیرەكی خۆیان. با جارێكیتر ئەم ئایەتە پیرۆزە بخوێنینەوە ﴿لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا﴾ المائدة ٤٨، سەرنج بدەین جەنابیان چۆن چەمكی (الشرعة)جیادەكاتەوە لە (المنهاج) دوای ئەوە وردەكارییەكی زۆریان تێدا دەكات لە ڕوانگەی سەرچاوە زمانەوانییە ڕەسەنەكانەوە، دواتر دەڵێت جیاوازی ئەم دووچەمكە لە دوو ڕووەوەیە، بەم شێوەیە:

**ڕووی یەكەم:** شەریعەت (الشریعة) بریتییە لە حوكمە كردەییەكان (الأحكام العملیة)، قورئانی پیرۆز ئەمەی یەكلاكردووەتەوە، خودا دەفەرمووێت: ﴿ثُمَّ جَعَلْنَاكَ عَلَى شَرِيعَةٍ مِنَ الْأَمْرِ فَاتَّبِعْهَا وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَ الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ﴾[٢٣].

---

٢٢ بڕوانە: د.عائیشة عبدالرحمن، مقدمة في المنهج، ط معهد البحوث والدراسات العربیة، ١٩٧١، القاهرة، لا ١٣، ومحمد الدسوقي، منهج البحث في العلوم الأسلامیة، ط، دار الأوزاعي، ١٩٨٤، ص ٤٣ .

٢٣ الجاثیة: ١٨

**رووی دووەم:** میناهاج (المنهاج) ئەو ڕێگاو ڕێبازەیە کە دەمان گەیەنێت بەو مەبەست و ئامانجەی کە دین لە پێناویدا دابەزیوە (ئوسوڵ و بنەما گشتی و سەرەکییەکان لەبیروباوەڕو پەرستش و بەها باڵاکان)و هەروەها..

کەواتە میناهاجی هەڵبژێردراو و دیاریکراوی ئیسلام کامەیە؟ میناهاجی هەڵبژێردراو سێ پایەی سەرەکی هەیە بەم شێوەیە:

**یەکەم:** سوود وەرگرتن لە هەموو هۆکارو ڕێگایەکی باش و بەسوود بۆ تێگەیشتن لە ئیسلام و پەیام و بانگەوازەکەی، جێبەجێکردنی بەشێوازێکی ڕاست و دروست و چاکسازیکردن لە دەروون و ناخی مرۆڤدا، ئاوەدانکردنەوەی گەردوون بە میناهاجی خێر، بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی کارگێڕی، کۆمەڵایەتی، دارایی، سیاسی، ژینگەیی، هێنانەکایەی کۆمەڵگایەك گیانی هاوکاری و ماف و ئازادییەکان تیایدا باڵادەست بێت.

**دووەم:** بە ئامانج گرتنی ئەو مەبەستەی قورئانی پیرۆزی لە پێناودا دابەزێنراوە، ئەوەش بریتییە لە بەندەگی و گەردن کەچی بۆ خودای گەورە بەمانا فراوانەکەی بۆ بەجێهێنانی ئەرکی بەندەگی، بەمەبەستی هێنانەدی ئاوەدانی و سوود وەرگرتن لە نازو نیعمەتەکانی خودا بۆ بەرژەوەندی مرۆڤ.

**سێیەم:** پێکەوە گرێدان و لێکهەڵپێکانی هۆکارو ئامانجەکان بەو شێوەیەی ئیسلام دەیخوازێت، گرێدان و لێهەڵپێکانێك ساز و گونجاو بێت لەگەڵ هۆکارو ئامانجەکاندا.

ئەو ڕێبازەی (المنهاج) خودا دایڕشتووە بۆ ئەم شەریعەتە دەستەبەر دەبێت ئەگەر ئەو سێ پایەی تێدا بێتە دی، ئەوەش بەو مانایە دێت کە پلانێکی ستراتیژی و قۆناغبەندی ورد بوونی هەیە کە کۆکەرەوەی ڕەسەنایەتی و سەردەمیانەیە،

ئـەو دەمـە دەبێـت تواناو لێهاتوویـیـەكان لـە خزمەتیدابـن.

كەواتـە ئـەو مەبەسـت و ئامانجانـە كـە ڕێبـازی (المنهـاج) قورئـان دەیەوێـت ئـەنجامیان بـدات، ئـەمانـەن:

• بـە ئـەنجـام گـەیاندنـی بـەندەگـی (بـەتـەواوی مانـاو مەبەسـتەكانییەوە) واتە بە یەكتاپەرسـتی و دڵسـۆزی و ئـەنجامدانی پـەرستشـەكان، لـە هەمانكاتـدا گـەردن كـەچـی و گوێڕایەڵـی بـۆ خـوداو پەیـڕەو كردنـی تـەواوی فەرمانەكانـی و فەرمانبـەرداری لـە خـودا لـە هەمـوو ڕوویەكـی پەرسـتش و جێگـەداری و ئاوەدانـی.

• بە ئەنجام گەیاندنی پەیامی مرۆڤ لە سەرزەویدا.

• بەئەنجـام گـەیاندنـی ئـەركـی ئاوەدانكردنـەوە، وەك خـودا دەفەرمووێـت: ﴿هُوَ أَنْشَأَكُمْ مِنَ الْأَرْضِ وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا...﴾[٢٤].

• بـە ئـەنجـام گـەیاندنـی ئـەركـی بانگـەوازو گـەیاندنـی پـەیامـی ئیسـلام بـەگـەلانـی دنیـا بـەدانایـی و ئامـۆژگاری بـاش و فـەرمـان بـە چاكـەكـردن و ڕێگریكـردن لـە خراپـە.

• بـە ئـەنجـام گـەیاندنـی ڕەحمـەت و میهرەبانـی ئیسـلام بـەجیهـان بـە نیشـاندانی ڕووی ڕەحمـەتو خێـرو ئاشـتی خـوازی و میانـڕەوی ئیسـلام.

• دەسـتەبەركردنی بەختـەوەری دنیـا و دوارۆژ، وەك خـودا دەفەرمووێـت: ﴿وَمِنْهُمْ مَنْ يَقُولُ رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الْآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ﴾[٢٥].

لێـرەوە گرنگـی و پێویسـتی ڕێبازێكـی دیاریكـراو بـۆ تـەفسـیركردن و تێگەیشـتن لـە تێكـڕای چالاكییـەكان خـۆی دەسـەپێنێت، چونكـە هیـچ بیركردنەوەیەكـی بەسـوود سـەركەوتوو نابێـت، بابەتـە

٢٤ هود: ٦١

٢٥ البقرة: ٢٠١

نەریتییەکان تێناپەڕێنێت مەگەر لەبەر ڕۆشنایی ڕێبازێکی داڕێژراو و پشت ئەستوور بە زانست و واتاو شێواز، لەبەرئەوە کردەی تەفسیرو تێگەیشتن و هەڵێنجاندن پێویستیەکی حاشا هەڵنەگرەو دەگەڕێتەوە بۆ ئەمانە:

• پاراستنی دەقە شەرعییەکان لە شێواندنی واتاو مەبەست و مەدلولەکانی و بێڕێزیکردن لە لێکدانەوەیاندا، یان قەوچاندنەوەی ماناو مەبەستەکانی بەپێی حەزو ئارەزوو.

• نەبوونی مەنهەج و ڕێبازێکی دیاریکراو واتە بەفیڕۆدانی تواناکان و پرش و بڵاوکردنەوەی لێهاتووییەکان.

• مەنهەجییەت و بوونی ڕێبازێکی دیاریکراو یارمەتییدەر دەبێت بۆ کەمکردنەوەی ئەو جیاوازییانەی کە زۆربەیان بەهۆی پشت بەستن بە دەقە لاوازەکانەوە دروست دەبێت، یان ئەو دەقانەی کە لە بنەڕەتدا هیچ بنەمایەکی ڕاستییان نییە، یان دەقێکی بەهێزتری دژو پێچەوانەی ئەو بوونی هەیە، یان تێگەیشتنی ناڕاست و شپرز بۆ دەقەکە.

## فیقهی میزان[٢٦]:

ئەوەی کە دەبێت لەبارەی کتێبی (فقه المیزان)ە وە بوترێت ئەوەیە کە جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی زیاتر لە سی ساڵە سەرقاڵی خوێندنەوەو بیرکردنەوەو سەرنجدانە لەسەر چەمکی میزان لە قورئاندا دواجار لە ساڵی ٢٠١٨ز ئەو کۆشش و

٢٦ دەستەواژەی فیقە: بەواتای تێگەیشتنی وردو دەقیق دێت لە حکومە شەرعیەکان، دەستەواژەی (میزان)یش: بە واتای شایەن یان پێوانە یان تەرازوویەك کە کێشانەو پێوانەی پێبکرێت لە دوشتدا یان لە دوو جۆر تێگەیشتنی جیاوازدا، دانانەوەی ئەم دوو دەستەواژەیە وەك خۆیان بۆ دووشت دەگەڕێتەوە:

١/ دەستەواژەکان هەردووکیان لە ئەدەبیاتی کوردیدا هیچ نامۆ بونێکیان نییە .

٢/ لە زمانی کوردیدا واتایەکی پڕاوپڕمان نییە لەبری فیقە یان لەبری میزان، بۆیە بەگونجاوم زانی هەردووکیان وەك خۆیان بەکاربهێنمەوە لێرەدا! وەرگێڕ .

شەونخوونییە بەپایان گەیشت و لە دووتوێی كتێبێكدا هاتە بوون بەناونیشانی (فقه المیزان معیارا لفهم القران والسنة ورفعا لمواطن الخلل والفرقة).

دەبێت ئێمە چۆن بگەین بەو میزانەی كە خودای گەورە دیاریكردووە بۆ تێگەیشتن لەشەریعەتەكەی و لەهەمانكاتدا كردویەتییە مەرجی پیادەكردنی دادگەری، وەك دەفەرمووێت: ﴿وَأَنزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ﴾[٢٧].

١- پێش هەموو شتێك دەبێت ئێمە ئاشنا بین بەو میزانەی كە تایبەتە بەم بابەتە بۆ زانینی ئەو حوكمە یان ئەو دەقە كە لەكام بەش و بابەتە، تا بە شێوەیەكی دروست بەپێی میزانی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا بكرێت، بە نموونە میزانی عیبادەت و پەرستشەكان، جیاوازن لە میزانی مامەڵە دارایی و عورفییەكان، میزانی جەنگ و جیهاد جیاوازە لە میزانی بانگەوازو ئیرشاد... بەم پێیە سەیری نموونەكانی تریش بكرێت.

٢- دواتر پێویستە هێزو پێزی ئەو سەنگەو سووكی و لاوازییەكەی بزانین بۆ ئەو بەڵگەو حكوم و بابەتانە، جەنابیان ئەمە بە تێگەیشتنی پێوەرو پێوانەكان ناودەبەن (معرفه الأوزان).

٣- پاشان كۆكردنەوەی بەڵگەكان و دابەشكردنیان بەسەر هەردوولا و تای میزانەكەدا بۆ ئەوەی بە تێڕوانینێكی گشتگیر بڕیار لەبارەیانەوە بدرێت، ئەمە فیقهی بەراوردكاریی نێوان بەڵگە و حكومەكانە.

٤- دواجار گەیشتن بە حكومێكی هاوسەنگ (موزون) بە وردەكارییەكی زۆرو بێوێنە بۆ جێبەجێكردنی شەریعەت و حكومەكانی وەك هاوسەنگی گەردوون، چونكە خودای گەورە ئەم

٢٧ الحدید: ٢٥

گەردوونەی لەسەر بنەمای هاوسەنگییەکی بێوێنە بنیات ناوە، وەك خودا دەفەرموویێت: ﴿وَأَنبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ شَيْءٍ مَّوْزُونٍ﴾[٢٨]، شەریعەتەکەشی وەك گەردوون هاوسەنگی ژیانی مرۆڤایەتی دەپارێزێت و هیچ لێڵی و ناڕوونییەکی تێدا نییە و وەك ڕوناکی خۆر پرشنگدارە.

با لە دوورو نزیکەوە سەرنجی جەنابیان بدەین لە ڕووی چۆنییەتی پوختەکردنی (فقه المیزان) بە پوختە کردنێك کە لە ڕووی قەبارەوە کەم، بەڵام لە ڕووی ماناو ناوەرۆکەوە زۆرو گرنگ و هەستیار بەشێوەیەك زیاتر لە چارەکە سەدەیەکە پێوەی سەرقاڵە تا لە دووتوێی کتێبێکی قەشەنگ و ناوەزەدا خستوویەتە بەردیدەی خوێنەرانی، بەشێوەیەك دەرگایەکی بەرووی ئوممەتدا کردووەتەوە کە دەبێتە دەیان دەروازەی گەورەی نادیار لەبەردەم ئوممەتێکدا کە دۆش داماوەو نازانێت کامیان هەڵبژێرێت بە کورتی و پوختی:

مەبەست لە فیقهی میزان بریتییە لەوەی بزانین کە هەموو شتێك تەرازوو و (میزانی) تایبەت بە خۆی هەیە، سەنگی تایبەت بەخۆی هەیە، هەروەها هەموو بەشەکانی شەریعەت میزانی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەگەر شتێکی تری پێ هەڵبسەنگێنین، یان بوارێکی تری پێ هەڵبسەنگێنین، هاوسەنگییەکە تێك دەچێت و دەشێوێ، لەبەرئەوەیە قورئانی پیرۆز کاتێك تەعبیر لە دادگەری (العدالة) ڕەهای ڕۆژی ڕەستا خێز دەکات بە هەڵسەنگاندنەکان تەعبیری لێ دەکات (الموازین) بە کۆ و بە زۆری چونکە خودای گەورە لێپرسینەوە لەگەڵ باوەڕدار دەکات بە میزانی خۆی بەو پێیەی کە باوەڕدارە، بێباوەڕێکی یاخی سەر سەرسەختیش بەپێی میزانی خۆی بەو پێیەی کە بێباوەڕێکی سەرکەش و ستەمکارەو بانگەوازی ئیسلامی ڕەتکردووەتەوە، ئەو بێباوەڕەش کە بانگەوازی

---

[٢٨] الحجر: ١٩

پـێ نەگەیشـتووە، هەریەكەیـان بەپێـی میزانـی خـۆی، تەنانـەت ئەگـەر دەسـتەواژەی میـزان بەتاكیـش بەكاربریێـت لـەو كاتەشـدا مەبەسـتی گشـتی و تـاك و كـۆ و نێـرو مـێ دەگریێتـەوە.

**پرسـیارە گرنـگ و بنەڕەتییەكـە ئەوەیـە بۆچـی جەنابـی پرۆفیسـۆر قەرەداغـی لەسـەر بابەتـی فیقهـی میـزان نوسـیویەتی؟**

جەنابیـان لـە پێشـەكی كتێبەكەیـدا ئامـاژە بـەوە دەكات كـە زیاتـر لـە چارەكـە سـەدەیەك ئـەم بابەتـە سـەرقاڵیكردووەو مێشـكی مشـغوڵ بـووە پێـوەی لـە كاتێكـدا كەخەریكـی خوێندنـی قورئانـی پیـرۆز بـووە، لەسـەر ئایەتـی بیسـت و پێنجـی سـورەتی حەدیـد هەڵوێسـتەی كـردووە، كـە بریتییـە لـەم ئایەتـە پیـرۆزە: ﴿لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ وَأَنزَلْنَا الْحَدِيدَ فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللَّهُ مَن يَنصُرُهُ وَرُسُلَهُ بِالْغَيْبِ إِنَّ اللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ﴾[٢٩]. بەهەمـان شـێوە لـە سـورەتی شورایشـدا دووبارە بووەتـەوە وەك خـودا دەفەرموویێـت ﴿اللَّهُ الَّذِي أَنزَلَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ وَالْمِيزَانَ وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّ السَّاعَةَ قَرِيبٌ﴾[٣٠]. جەنابیـان دەڵێـن بەراسـتی ئـەم ئایەتـە پیـرۆزە ڕای گرتـم و موچڕكـەی هێنـا بـە گیانمـدا و هەسـتێكی سـەیرم بـۆ دروسـت بـوو كاتێـك ئـەوە هـات بەبیرمـدا كـە بنەمـای (القسـط) بەكتێـب و میـزان پێكـەوە دێنـە دی، دەزانیـن كـە كتێـب بریتییـە لـە قورئانـی پیـرۆزو تێكـڕای ئـەو كتێبانـەی كـە هاتوونەتـە خـوارەوە بـۆ پێغەمبـەران، بـەڵام دەبێـت ئـەو میزانـە چـی بێـت كـە لەگـەڵ كتێبـدا باسـیكراوەو بەپایـان گەیاندنـی دادگـەری لـە ڕووی قسـەو كارو تێگەیشـتنەوە لەسـەر ئـەو وەسـتاوە.

---

٢٩ الحديد: ٢٥

٣٠ الشوري: ١٧

جەنابیـان گـەڕان و بـەدوادا چوونیـان کـردووە لـە تەفسـیرەکاندا بـۆ ئـەم کێشـە زانسـتییە، دواجـار گـەیشـتونەتە ئـەم دەرەنجامـە: بـە بـڕوای جەنابیـان میـزان گرنگتریـن پێـوەرە بـۆ تێگەیشـتن لـە شـەریعەت بەشـێوەیەکی ڕاسـت و دروسـت و قـووڵ، هەروەهـا شـتێکی گرنگـە بـۆ کەمکردنـەوەو نەهێشـتنی ڕاجیایـی لەنێـوان زانایانـی ئوممـەت و ڕۆڵەکانیـدا.

هەروەها جەنابیـان پێیـان وایـە فیقهـی میـزان پێوەرێکـی گرنگـە بـۆ تێگەیشـتن لـە قورئـان و سـوننەت، بۆیـە بەپشـت بەسـتن بەسەرچاوە زمانەوانییـەکان و ئایەتەکانـی قورئـان و فەرموودەکانـی پێغەمبـەر (ﷺ) گەیشتووەتە ئـەو دەرەنجامـەی کـە فیقهـی میـزان بـۆ چـەنـد واتـاو مانایـەك بەکاردەبرێـت.

مەبەسـت لـە فیقهـی میـزان زانینـی ئـەو ئەندازەیەیـە کـە هەڵسـەنگاندنی پـێ دەکرێـت بـۆ هەمـوو بوارەکانـی ئیسـلام لـە ڕووی بیروبـاوەڕو شـەریعەت و ڕێبـازی ژیانـەوە، هـەر بوارێك بەمیزانـی تایبەتی خـۆی مامەڵـەی لەگەڵ دەکرێـت، زانینی پێوەری هەڵسوکەوت و حوکمە شـەرعی و سـەنگەکانیان بەڕێـگای دوولاو تـای تـەرازوو دەبێـت و بـەو ڕێگایـە دەگەینـە فیقهێکـی هاوسـەنگ و بیـرو فیکرێکـی هاوسـەنگ.

## میزانی مەعنەوی:

جەنابـی پرۆفیسـۆر قەرەداغـی قسـەی لەسـەر میزانـی مەعنـەوی کـردووە وەك پێوەرێـك بـۆ هەڵسـەنگاندنی فەزیلـەت و بابەتـە بەهایـی و بەهابـاڵاکان، بەڵکـو لـە ئایەتـە قورئانییەکانـەوە ئـەوە تێدەگەیـن کـە ئـەم گەردوونـە هاوسـەنگییەکی وردو هەسـتیاری تێـدا ڕەچاوکـراوە، بەشـێوەیەك کەمتریـن ناتـەواوی و گرفـت سـەر دەکێشـێت بـۆ وێرانـکاری گـەردوون و ڕوودانـی قیامـەت، ئاسمانەکان

و زەوی و هەسارەكان و خۆرو مانگ هەموویان بەپێی ئەندازەو هاوسەنگییەكی ورد ڕێكخراون تایبەت بە خۆیان، هەموو بونەوەرو دروستكراوێك تەرازووی هاوسەنگی تایبەت بەخۆی هەیە، بۆیە گەردوون هەمووی هاوسەنگەو ڕێكخراوە، وەك خودا دەفەرموویێت: ﴿وَالْأَرْضَ مَدَدْنَاهَا وَأَلْقَيْنَا فِيهَا رَوَاسِيَ وَأَنبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ شَيْءٍ مَّوْزُونٍ﴾[31].

جەنابیان دەڵێن فیقهی لەپێشترینەكان (فقه الأولويات) بەشێكن لە ڕشتە بەندی فیقهی میزان و یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن، هەروەك چۆن فیقهی میزان جیاوازە لە فیقهی ئامانجدار (فقه المقاصد) لەو ڕووەوە كە بەدوای دۆزینەوەو دانانی پێوەرو تەرازووەوەیە بۆ هەموو بابەت و بەشێك بەڵام ناتوانێت بێ نیازبێت لە فیقهی ئامانجدار، لەو ڕووەوە كە ناتوانێت بێنیازبێت لە پلەبەندی بەرژەوەندییەكان و گەندەڵییەكان (المصالح والمفاسد) تا پێوەریان بۆ دیاری بكات و تەرازووی هەریەكەیان بخاتە ڕوو لە نێوان سەنگە شەرعیەكاندا.

### میزان و دانایی (الحكمة)

جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی پێیان وایە كە فیقهی میزان هەڵشێلراوە لەگەڵ حیكمەت و دانایی و سازو تەبایە لەگەڵیدا، چونكە حیكمەتو دانایی شتێكە لە شوێنی گونجاوی خۆیدا، لە كاتێكی گونجاودا.

لەبەرئەوە میزان حیكمەتێكی دابەزێنراوە، هەردووكیان كۆمەك و بەهرەیەكی خوداییـن دەیبەخشێتە پێغەمبەران و بەندە ساڵحەكانی خۆی، بەڵام فیقهی میزان چوارچێوەو سەروبەندێكی دیاریكراوی هەیە بەڕێگای چەندین پێوەری جێگیر.

---

٣١ الحجر: ١٩

جەنابیان پێیان وایە فیقهی میزان کۆکەرەوەی هەموو کلیلەکانی تێگەیشتنە لە شەریعەت و یەکێکە لە زانستە بنەڕەتییەکان نەك بەشێك بێت (جزئی)، فیقهی میزان پێوەرە بۆ ڕێکخستنی هەڵێنجاندن و تێگەیشتن و پەی پێبردن، هەروەها تەواوکارە بۆ زانستی ئوسول فیقه و مەبەستەکانی شەریعەت (أصول الفقه ومقاصد الشريعة) چونکە میزانێکی وردو گرنگە بۆ تێگەیشتن و پەی پێبردن و هەڵێنجاندن بەباشی و ڕێکوپێکی لەهەموو بابەتە بنەڕەتییە گرنگەکاندا.

جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی پێی وایە کە فیقهی میزان پێویستی بە زانست و تێگەیشتنێکی قووڵ هەیە لە زانستی زمانەوانی و ئوسوڵ فیقه و تەفسیرو فەرموودەو زانستی قورئان و سوننەت، لە هەمان کاتدا پێویستی بە ئاوەزێکی باش و سروشتێکی دروست و هەستێکی جوان و بەرچاو ڕوونییەکی زۆر هەیە، هەروەك پێویستی بە وردبوونەوەو ژیان لەگەڵ دەقەکان هەیە بەبێ دەست لێبەردان، کەسێك ئەو فیقهە فێر ببێت پێویستی بەو کەسە دەبێت کە توانای نوێبونەوە یان قبوڵکردنی نوێبونەوەی هەبێت، بەڵام ناگونجێت بۆ هیچ زانایەك میزان و پێوەری بۆ قسەکان پێ بێت بەبێ هەڵسەنگاندنی سەنگی قسەکەرەکە.

## میزان و ئیجتیهاد:

بە بڕوای جەنابیان فیقهی میزان ئەگەر بەتەواوی لێی تێبگەین ڕا جیایی لە جێگیرەکاندا ناهێڵێت و جیاوازی کەم دەکاتەوە لە بابەتە خیلافیەکاندا بە حوکمی گەڕانەوەی بۆ میزان و تێگەیشتنێکی هاوبەش کە بەهۆی ئەوەوە دروست دەبێت، هەروەك ڕوونی دەکاتەوە کە کەسی موجتەهید ئەگەر بیەوێت ئیجتیهادەکەی وردو

قول بێت پێویستی بە فیقهی میزانی جۆراوجۆر دەبێت لە بواری شەریعەت و ژیاندا، بەهەمان شێوە كەسی موفتیش كە پلەی لە خوار موجتەهیدەوەیە، كاتێك فەتوایەك دەدات ناتوانێت سەنگی ئەو شتانە بزانێت كە فەقیهەكان وتوویانە هەروەك ناتوانێت پێوەرێكی ورد دابنێت بۆ قسەكان فیقهی میزان نەبێت، بۆیە ئەگەر موجتەهید و فەقیهـ یان لێكۆڵەرەوە فیقهی میزانیان نەبێت بەهەموو جۆرەكانییەوە ئەوكاتە دەكەونە هەڵەی گەورەوە لە هەڵێنجاندن و فەتوادا، چونكە ناكرێت میزانی پەرستشەكان بەكارببرێت بۆ دابونەریت یان بەپێچەوانەوە، یان میزانی سیاسەت بەكاربربرێت بۆ شتێكی تر.

هەروەك جەنابیان وای دەبینن گرنگی فیقهی میزان لەوەدایە كە خەڵك دەپارێزێت لە تێكەڵ و پێكەڵ كردن و لێتێكچون و وام پێ باشە، بە نموونە: كاتێك یەكێك ئەم ئایەتە دەخوێنێتەوە: ﴿يَمْحَقُ اللَّهُ الرِّبَا وَيُرْبِي الصَّدَقَاتِ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ كَفَّارٍ أَثِيمٍ﴾[٣٢]، ناكرێت وا تێبگات كە سوو خۆری پارە كەم دەكات و بەخشینی زەكات زۆری دەكات، بەو مانایەی ئەمە كەم كردنێكی دیارو لە بەرچاوان بێت، مەگەر لەكاتێكدا كە تێگەیشتنی ئەوەی هەبێت كە ئەمە بەپێی میزانی خودایە، نەك بە هەڵسەنگاندنی دنیا و مادده، هەروەها ناكرێت لەو فەرموودەیە واتێبگەین كە دەفەرمووێت: (لخلوف فم الصائم أطيب عند الله من ريح المسك)[٣٣]، مەگەر تێبگەین كە تەرازوو هەڵسەنگاندنی خودا بۆ شتەكان وەك هەڵسەنگاندنی دنیا نییە، تەنانەت لە خوێندنەوەی ئەو ئایەتانەی كە باس لە عەرەقی بەهەشت دەكەن سەرخۆش كارنین و زەرەرو زیانیان نییە ناتوانرێت قبول بكرێن، مەگەر كاتێك تێبگەین كە هەڵسەنگاندن و تەرازووی قیامەت جیاوازە لە دنیا.

---

٣٢ البقرة: ٢٧٦

٣٣ البخاري

## میزانـە پـرش و بڵاوەکانـی قورئـان و سـوننەت (میزانـی مـاددی و مەعنـەوی)

ئاشـنا بـوون بـە میزانـە جـۆراو جۆرەکانـی قورئـان و سـوننەت بـە شـێوەیەکی پـرش و بـڵاو، وەك جەنابـی پرۆفیسـۆر قەرەداغـی ئاماژەی پێـدەدات هیـچ کـەس ناتوانێـت لێیـان بێنیـاز بێـت، موجتەهیـد پشـتی پێدەبەسـتێت لەبەرگرنگـی و کاریگـەری ئیجتیهادەکەی بەهەمان شـێوە کەسـی موفتـی بێنیـاز نابێـت لێـی لەبـەر وردەکاری فەتواکـەی یـان کەسـی لێکۆڵـەرەوە بـۆ گرنگـی و زانسـتی بوونـی بابەتەکـەی هـەروەك خەڵـك بەگشـتی بـۆ تێگەیشـتنی باشـترو دڵ ئارامـی زیاتـر پەنـای بـۆ دەبـەن، جەنابیـان توانیویانـە وردەکاری و بەڵگـە هێنانـەوەو ڕێکخسـتن بکـەن لـە ڕوانگـەی قورئانـی پیـرۆزو سـوننەتی پێغەمبـەرەوە (ﷺ) بەشـێوەیەك فیقهـی میـزان هەمـوو بوارەکانـی عەقیـدەو شـەریعەتی گرتووەتـەوە، هەروەهـا ئـەوەی ڕوونکردووەتـەوە کـە دادگـەری (العدالـة) کـە لـە بابەتـە هەڵسـەنگێنراوەکانە، نایەتـەدی بـە ڕێـگای میزانێکـی وردنەبێـت، بەهەمـان شـێوە بابەتـە مەعنەوییـە تەکلیفییەکانیـش دەبێـت وابەسـتە بکرێـن بەمیزانـی مەعنەویـەوە، میـزان لـە قورئـان و سوننەتدا بابەتێکـی لەبەرچـاوەو پێغەمبەرو هاوەڵـە بەڕێزەکانی کاریان پێکـردووە، جەنابیـان ئـەو شـتانەیان خسـتووەتە ڕوو لـە کتێبەکەیانـدا (فیقـە المیـزان) و ئاماژەیـان بـەو ئایەتـە پیـرۆزە کـردووە: ﴿لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ وَأَنزَلْنَا الْحَدِيدَ فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللَّهُ مَن يَنصُرُهُ وَرُسُلَهُ بِالْغَيْبِ إِنَّ اللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ﴾[٣٤].

جەنابیان دەڵێن: ئەگەر مەبەست لە میزان بۆ کێشانەو سەنگی خورماو گەنم و جۆ بێت یان هەرشتێکی بەرجەستە، ئەی چۆن دەبێت میزانمان نەوێت بۆ ئەرك و مافەکان و بۆ خوداناسی و

---

٣٤ الحديد: ٢٥

ئاگاداربوون لەوەحی و پەیامی دابەزێنراوی خودا بۆ ڕێنمایی و هیدایەت؟ بەتایبەتی خودای گەورە هۆكاری دابەزاندنی میزانی لەگەڵ كتێبە ئاسمانییەكان وابەستەكردووە بەجێبەجێكردنی دادگەری و چەسپاندنی عەدالەت بەشێوەیەكی ڕەهاو گشتی كە مادی و مەعنەوی بگرێتەوە، گومان لەوەدا نییە كە چەسپاندنی دادگەری تەنیا بەمیزانی مادی نایەتەدی، بەڵكو هەردووكیانی پێویستە: مادی و مەعنەوی.

بە بڕوای دكتۆر قەرەداغی میزانی مەعنەوی، ئەو میزانەیە كە ڕاستی و ناڕاستی، خێرو شەڕ، هیدایەت و گومڕایی، كوفرو ئیمان، بەرژەوەندی و گەندەڵی، مافەكانی خوداو مافی بەندەكانی فەرمان و داخوازی و مەبەستەكانی خودا هەموویانی پێ جیادەكرێتەوە لە یەكتری و دەناسێنرێن.

بۆ سەلماندنی ئەم تێگەشتنە وردو قوڵ و جوانە بەڵگە بەو چەند ئایەتەی سورەتی ڕەحمان دەهێنێتەوە دواى ئەوەی كە خودا باسی فێركردنی قورئان و هێنانە بوونی مرۆڤ و خۆر و مانگ و هەسارەكانو دارو درەخت دەكات و ئاماژە بە بەرزكردنەوەی ئاسمان دەكات، وەك دەفەرموێت: ﴿الرَّحْمَنُ * عَلَّمَ الْقُرْآنَ* خَلَقَ الْإِنْسَانَ*عَلَّمَهُ الْبَيَانَ*الشَّمْسُ وَالْقَمَرُ بِحُسْبَانٍ*وَالنَّجْمُ وَالشَّجَرُ يَسْجُدَانِ* وَالسَّمَاءَ رَفَعَهَا وَوَضَعَ الْمِيزَانَ* أَلَّا تَطْغَوْا فِي الْمِيزَانِ*وَأَقِيمُوا الْوَزْنَ بِالْقِسْطِ وَلَا تُخْسِرُوا الْمِيزَانَ﴾[٣٥].

ئەم میزانە جۆراو جۆرانە لە دوو توێی ئایەتە قورئانییەكاندا دابەزێنراون، بەشێوەیەكی پرش و بڵاو لەناو قورئانی پیرۆزدا، جێكەوتەكەیان ئاشكرایە لەژیان و هەڵسوكەوتی پێغەمبەرو هاوەڵە بەڕێزەكانیدا، بەهەمانشێوە میزانەكان و سەنگەكانیان زۆر بەڕوونی بەدیاردەكەون.

٣٥ الرحمن (١-٨)

## میزانی تایبەت

جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی هەوڵی زۆری داوە بۆ ئەوەی لە کتێبەکەیدا هەموو میزانەکان بخاتە ڕوو هەروەها کارو ئاست و تایبەتمەندی و پلەکانیان دیاری بکات، دواتر دایبەزێنێتە سەر تەرازووی تایبەت بە هەر حوکم یان دەقێك، ئاست و پلەو وەزنی بخاتەڕوو بەدانانی هەرشتێك لە تای تەرازووی گونجاوی خۆیدا، جەنابیان پێیان وایە فیقهی میزان فیقهێکی هاوسەنگە هیچ زیادە ڕەوی و کەمتەرخەمی و کەموکورتی تێدا نییە، وەك زانستی ئوسوڵی فیقه وایە کە بنەما سەرەکیەکانی بوونی هەبووە، دواتر ئیمامی شافیعی قسەی لەسەر کردووەو بنەماکانی خستووەتە ڕوو لە بواری کردەییدا جێبەجێی کردووە تا گەیشت بەم ئاستە بەرزەو بوویە ئەم زانستە گرنگە، دوای جەنابیان خەڵکی تر گەشەی زیاتری پێدا، بەهەمان شێوە زانستی (مقاصد الشریعة)یش هەروابووە بەڵگەو ئاماژەکانی لە قورئان و فەرموودەدا ڕوون بوون و ڕەنگدانەوەیان هەبووە لە ئیجتیهادی موجتەهیدەکاندا، دواتر ئەوە بوو ئیمامی (شاطبی) هات و کردییە زاسنتێکی سەربەخۆ، بەهەمان شێوە زانستی فیقهی میزانیش لە دوو توێی ئەم کتێبە نوێ یەدا جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی خزمەتێکی ناوازەی کردووەو دەروازەیەکی گەورەی بەرووی زانایان و زانست خوازاندا کردووەتەوەو بەرهەمێکی زانستی گەورەی پێشکەشکردووە بەکتێبخانەی ئیسلامی.

ئامانج لەم کتێبە یارمەتیدانی زانستخوازان و زانایان و لێکۆڵەرەوانی زانستە تا بگەن بە ئیجتیهادێکی هاوسەنگ و فیقهێکی هاوسنگ و تێگەیشتن و دنیا بینییەکی هاوسنگ و حوکمێکی هاوسنگ و مامەڵەیەکی تەندروست و هاوسەنگ.

بەهەمان شێوە گەورە زانای ناسراو و دیاری ئەم سەردەمە جەنابی دكتۆر عەلی محمد صەللابی لە خوێندنەوەیەكی كورتدا گرنگی ئەم كتێبە باس دەكات و دەڵێت:

ئەم بابەتەی من بابەتێكی سەرنج ئامێزە، پاش خوێندنەوەی كتێبی (فیقە المیزان) لە نوسینی جەنابی دكتۆر عەلی قەرەداغی، كە باس لە فیقهی میزان و پایەبنەڕەتییەكانی دەكات، هەروەها فیقهی هەڵەسنگاندن دەخاتەڕوو بۆ ناساندنی حەقیقەت و میانڕەوی، درەوشاندنەوەو ڕەنگدانەوەی فیقهی میزان لە ژیاننامەی پێغەمبەرو ژیانی هاوەڵە بەڕێزەكانییدا بەشێوەیەكە دادگەری تەواو بەرجەستە نابێت مەگەر بە ڕەچاوكردنی سەرجەمی میزانە جۆراوجۆرەكان لەبواری ئەرك و مافەكاندا، هەروەها زانینی بەهای هەر كارێك كە ئەركە، دەبێت بە میزانی ڕاست و دروستی خۆی كە گونجاوە بۆی بكێشرێت، ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی شەریعەتی ئیسلام و بنەما گشتییەكانیدا هەروەها بە ئەزمون و داهاتووی ئوممەت بەراورد بكرێت، جەنابی پڕۆفیسۆر قەرەداغی بەم شێوەیە كتێبەكەی دابەشكردووە:

**١- پایەو پێكهاتەكانی فیقهی میزان:**

جەنابی پڕۆفیسۆر قەرەداغی لە كتێبەكەیدا بە وردی باسی لە پایەكانی فیقهی میزانی كردووەو پێكهاتەكانی بە جوانی خستووەتەڕوو هەروەها پێمان دەڵێت كە هەر حكومێكی شەرعی سەنگی تایبەت بەخۆی هەیە و بەهاكەی لەكاتی دانانی لەتەرازووی تایبەت بە خۆیدا بەدیاردەكەوێت بۆیە میزانەكان فرە جۆرو هەمەرەنگن وەك:

- میزانی دنیاو میزانی دوارۆژ.
- میزانی جیهانی بینراو و میزانی جیهانی نادیار.

- میزانی جەنگ و میزانی ئاشتی و میزانی بانگەواز.
- میزانـی حوكمـە شـەرعیەكان و سـەنگی هـەر حوكمێكـی شـەرعی بـە سـەربەخۆیی.
- میزانـی ئـەرك و مافـەكان كـە لـە ڕوانگـەیانـەوە سـەنگی هـەر ئـەرك و مافێـك بەسـەر بەخۆیـی دەزانرێـت.
- میزان بۆ هاوسـەنگی لە نێوان زانسـتە ماددی و شـەرعییەكاندا، بەشـێوەیەك هەمـوو حوكمێـك بناسـرێتەوە، ئایـا فـەرزی كیفایەیـە یـان فـەرزی گشـتە (عیـن) یـان سـوننەتە یـان موباحـە.
- میـزان بـۆ بەرژەوەنـدی و گەندەڵـی، دواتـر لـە نـاو هـەر میزانێكدا چەندیـن میزانـی جیـاواز هەیـە لـە ڕووی بەهێـزی و لاوازی و لـە ڕووی تـاك و كۆمـەڵ و دەوڵەتـەوە.
- میزانـی جێگیـرو گـۆڕاوەكان، بەشـێوەیەك سـەنگی نەگـۆڕو گـۆڕاوەكان بخاتـەڕوو، دواتـر سـەنگی هـەر نەگۆڕێـك لـە نێـوان خۆیانـدا هەروەهـا سـەنگی گـۆڕەواكان لـە نێوان خۆیانـدا بەهەمـان شـێوە بخاتـەڕوو، هەرچـۆن تـەرازووی مادیت پێویسـتە بـۆ دەرخسـتنی سـەنگی هەرشـتێك تـا بەهاكـەی بزانرێـت.

بەهەمانشـێوە پێویسـتمان بـە ڕێسـاو یاسـا گەلێـك هەیـە بـۆ بەهـا مەعنەوییـەكان تـا پێیـان بناسـرێنەوە.

جەنابـی پرۆفیسـۆر قەرەداغـی لـە كتێبەكـەیدا لەبـارەی پێـوەرو سـەنگەكانەوە دواوەو ئـەوەی خسـتووەتە ڕوو كـە قورئانـی پیـرۆز كۆمەڵێـك پێـوەرو میزانـی هەیـە بـۆ زانینـی ئـەو شـتە كـە سـەنگی زیاتـر قورسـترە یـان كەمتـرو سـوكترە لـە بازنـەی بەهـا بـالاكان و حوكمـە شـەرعی و كارو ئەركـە دینییەكانـدا، چونكـە ئەمانـە هەموویـان یـەك ئاسـت و پلـەو پێگەیـان نییـە، لەبـەر ئەوەیـە كـە دەقـە پیـرۆزەكان پێمـان دەڵێـن گوناحـە هـەرە گـەورەكان، كـە

بريتييە لە هاوبەشيدانان بۆ خودا (الشرك) جێگای لێخۆشبوون نييە بەڵام لە خوار ئەوەوە گوناحەكانی تر دەكرێت لێخۆشبوون بيان گرێتەوە، وەك خودا دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَاءُ وَمَن يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدِ افْتَرَىٰ إِثْمًا عَظِيمًا﴾[٣٦].

دوای ئەو حەوت يان نۆ گوناحی گەورە دێن وەك لە شەرعدا بە فەوتێنەر ناوبراون (المهلكات) دواتر گەورەكانی تر دواتر گوناحە بچوكەكان لەگەڵ بەردەوامی لەسەر كردنيان، دواتر ئەو گوناحە بچوكانەی كە بەردەوامی نييە لەسەر كردنيان، دواتر ئەو گوناحانەی كە خودای گەورە بە (اللمم) پێ خزان بەرەو گوناح ناوی بردوون، وەك دەفەرمووێت: ﴿الَّذِينَ يَجْتَنِبُونَ كَبَائِرَ الْإِثْمِ وَالْفَوَاحِشَ إِلَّا اللَّمَمَ إِنَّ رَبَّكَ وَاسِعُ الْمَغْفِرَةِ﴾[٣٧]، يان دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ الْحَسَنَاتِ يُذْهِبْنَ السَّيِّئَاتِ﴾[٣٨].

بەهەمان شێوە پابەندييەك دەبينين بۆ فەرمان و داوا خوداييەكان كە لە بەشی سەرەوەی هەرەمەكەدا داواكاری ئيمان و پايەكانی باوەڕە، بەڵكو لەناو خودی پايەكاندا پلە بەندی كراوە، دەبينين ئيمان بەخوداو يەكتا پەرستی دەكەوێتە بەشی سەرەوەی هەرەمەكە، بەهەمان شێوە پايەكانی ئيسلام پۆلێنكراون و ڕێكخراون سەرەتا بەوتنی شايەتومان دەست پێدەكات و دەبێتە پايەی يەكەم دواتر نوێژ و زەكات و ڕۆژو حەج.

## ٢- فيقهی ميزان و پلەبەندی كارەكان

جەنابی پرۆفيسۆر قەرەداغی لە كتێبەكەيدا بەوردی قسەيكردووە لەسەر پلە بەندی و سەرو خواری كارەكان بەپێی

٣٦ النساء: ٤٨

٣٧ النجم: ٣٢

٣٨ هود : ١١٤

زانستی سەنگەکان، ئەوەشی خستووەتە ڕوو کە سەنگ و قورسایی بابەتە مەعنەوییەکان لە ژمارە نەهاتوون، هەروەها قسەی لەسەر سەنگی دەقەکان کردووە لە ناو خۆیاندا، وەك دەڵێت: (هەڵسەنگاندنی خودی دەقەکان لەناوخۆیاندا ئاشنایی و تێگەیشتنێکی قووڵی دەوێت لە زانستی ئوسوڵی فیقهـ و مەبەستەکانی شەریعەت و زانستی زمانەوانی عەرەبی و بنەماو ڕێساو یاساکانی سازاندن و پێشخستنی شتێك بەسەر شتێکیتردا) بەهەمان شێوە بابەتێکی زۆر گرنگی تەرخانکردووە بۆ خستنە ڕووی هاوسەنگی لە نێوان گەردوون و مرۆڤ و شەریعەتدا، ئەوەی ڕوون کردووەتەوە کە ئیسلام لەسەر تێگەیشتنی دووانەیی وەستاوەو میتۆدی یەك شتی ڕەتکردووەتەوە، لەهەمان کاتدا پێداگری لەسەر ئەوە کردووە کە فیقهی میزان دەمان بات بەرەو دین و دینداریيەکی هاوسەنگ و بیرو فیکرێکی هاوسەنگ و ژیان و شارستانییەتێکی هاوسەنگ.

بۆ ئەمەش نموونەی هێناوەتەوە لە بواری عەقیدەو بیرو باوەڕو شەریعەت و ژیانی دنیاو دوارۆژو پەرستش و دروشمە عیبادەتییەکان و مامەڵە داراییەکان.

### ٣- فیقهی میزان و نەهجی میانڕەوی

جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی پێی وایە کە پیادەکردن و جێبەجێکردنی فیقهی میزان بە وردی و جوانی فیقهێکی هاوسەنگی لێوە بەرهەم دێت کە لەسەر بنەمای حەقیقەت و میانڕەوی وەستاوە، گەردوون لەوپەڕی هاوسەنگییەکی وردو سەر سوڕهێنەردایە، وەك خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿وَأَنبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ شَيْءٍ

﴿مَّوْزُونٍ﴾[39]، بەهەمان شێوە هاوسەنگی مرۆڤ و پێكهاتەكانی لە ڕووی خوڵقاندن و ڕووكاری مادیو مەعنەویەوە شتێكی حاشا هەڵنەگرو ئاشكرایە، خودا دەفەرمووێت: ﴿لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ﴾[40].

بەهەمان شێوە شەریعەتی خودا هاوسەنگە لە خودی خۆیدا، بێگومان ئەمەش لەبەرئەوەیە كە لەلای خودایەكی زاناو داناو باڵا دەستەوە دابەزێنراوە، وەك خودا دەفەرمووێت: ﴿أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ﴾[41]

كەواتە كێشەكە لە لێككەیشتن و دابەزاندنی دەقەكاندایە بۆ سەر واقیع، بۆیە زۆر پێویستە كە تێگەیشتنێكی هاوسەنگ و فیقهێكی هاوسەنگمان هەبێت بۆ ئەوەی هەڵسوكەوتەكانمان بەناوی شەریعەتەوە هاوسەنگ بن.

هەروەك جەنابیان لە بەشی سێیەمدا بەڵگەكانی ڕەوایەتی فیقهی میزانیان خستووەتە ڕوو ئەوەیان سەلماندوە كە ئەم بابەتە لە بەدواداچووندا سەلمێندراوە لەشەریعەتی ئیسلامدا، لەهەمان كاتدا بەچەندین ئایەتی قورئان بەڵگەی هێناوەتەوە، یەكێك لەو بەڵگانە ئاماژەی پێداوە ئەم ئایەتە قورئانییەیە كە خودا دەفەرمووێت: ﴿لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنْزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ﴾[42]

لێرەدا ڕوونكردنەوەی لەسەر ئەوە داوە ئەو میزانەی كە دابەزێندراوە ئەو تەرازووە ماددییە نییە كە كێشانەو پێوانەی شتە ماددیەكانی پێ دەكرێت، چونكە تەرازووی كێشانە كردنی شتە ماددییەكان شتێكی زانراو بووەو پێشتر بوونی هەبووەو مرۆڤ بە سروشتی خۆی پەیپێبردووە، بەڵام ئەوەی

39 الحجر: ١٩
40 التين: ٤
41 الملك: ١٤
42 الحديد: ٢٥





کە مرۆڤایەتی پێویستی پێی هەبووە بریتییە لە هیدایەت و ڕێنماییە خوداییەکان لە کتێبە ئاسمانییەکان و پەیڕەو و نەهجی پێغەمبەران. لە ڕوانگەی میزانەوە دەتوانین سەنگ و کێش و قورسایی ماف و ئەرك و حوکم و عەقیدەو بابەتە شەرعییەکان بزانین یان بەلای کەمەوە تەرازوو تەنیا بۆ سەنگ و کێشی شتە ماددیەکان نییە، بەڵکو مادی و مەعنەوی هەردووکیان دەگرێتەوە، وەك ئەوەی ڕوونیکردووەتەوە کە قورئانی پیرۆز بۆ هەرشتێك میزانی تایبەت بەخۆی هەیە، ئاسمانەکان و زەوی بۆ هەر یەکێکیان میزانی تایبەت بەخۆی هەیەو هەر ئەو هاوسەنگییەیە کە ڕایگرتوون، وەك خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿وَالسَّمَاءَ رَفَعَهَا وَوَضَعَ الْمِيزَانَ﴾[43] یان خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿وَالْأَرْضَ مَدَدْنَاهَا وَأَلْقَيْنَا فِيهَا رَوَاسِيَ وَأَنبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ شَيْءٍ مَّوْزُونٍ﴾[44] تەنانەت ڕۆژی ڕەستا خێزیش میزان و سەنگی تایبەت بەخۆی هەیەو جیاوازە لە تەرازووی دنیا، خودا دەفەرموویێت: ﴿وَنَضَعُ الْمَوَازِينَ الْقِسْطَ لِيَوْمِ الْقِيَامَةِ فَلَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْئًا﴾[45]

## ٤- فیقهی میزان و سەنگی شتەکان لە دید و ژیاننامەی پێغەمبەردا (ﷺ)

بەڕێز پرۆفیسۆر قەرەداغی چەندین ئایەتی قورئانی پیرۆزی وەك بەڵگە هێناوەتەوە کە نزیکەی بیست و سێ ئایەتە ئەم ئایەتانە بەروونی ئاماژەی ئەوەیان تێدایە کە هەموو شتێك تەرازووی خۆی هەیە بە مەبەستی دەستەبەرکردنی ئارامی و هاوسەنگی ژیان، وەك دەڵێت: (ئاشکرایە کە دادگەری لەنێوان

٤٣ الرحمن: ٧
٤٤ الحجر: ١٩
٤٥ الانبياء: ٤٧

خەڵكدا بە تەرازووی ماددی و بەرجەستە نایەتەدی، بەڵكو دادگەری گشتگیر و ڕەها بە تەرازووی دادگەری ماددی و مەعنەوی نەبێت نایەتەبوون و هەرداخوازی و كارێك پێویستی بەوە هەیە بەشێوەیەكی زانایانە بە تەرازووی دروست و هاوسەنگ و گونجاوی خۆی بكێشرێت).

ئەوەی سەلماندووە كە هاوەڵانی بەڕێز بە تاسەوە زانستی میزان و هەڵسەنگاندنیان بەهەند گرتبوو چونكە قورئانی پیرۆز ئەو گرنگترین و باشترین و بەهێزترین و لە پێشترینەی فێر دەكردن، هاوەڵانی بەڕێز خۆیان لە باشترین و تەواوترین و دڵسۆزانەترینیان دەپرسی و لە بارەی خراپە و خراپترینەوە پرسیاریان دەكرد و ئەوەیان دەویست بزانن كام كار و كردەوە بەرەو بەهەشتیان دەبات، وەڵامی دڵخۆشكەر و پڕ لە مژدەیان لەزاری پێغەمبەر (ﷺ) ی ئازیزەوە دەبیست لە بارەی بابەتەكەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی كە پێغەمبەر (ﷺ) بەشێوەیەكی كردەیی پێشەنگ و سەرمەشقێكی ناوازەبووە لە بواری فێركردن و پەروەردەكردنی هاوەڵانی بەڕێز لەسەر فیقهی میزان و هاوسەنگی و هەڵسەنگاندن.

جەنابی پڕۆفیسۆر قەرەداغی درێژەی بە بابەتەكەداوەو زیاتر قسە لەسەر ژیانی پێغەمبەری ئازیز (ﷺ) دەكات و پێداگرە لەسەر ئەوەی كە ژیانی لێوان لێو بووە لەسەر هاوسەنگی لە مامەڵە و هەڵسوكەوتی لەگەڵ خەڵكدا، بێگومان ئەو هاوسەنگییەی لە قورئانی پیرۆزەوە وەرگرتووە، وەك وتراوە پێغەمبەر(ﷺ) قورئانێكی كرداری زیندوو بوو لەناو خەڵكدا.

كۆمەڵێك نموونەی هێناوەتەوە، نموونەكان پەیوەندیدارن بە خوێندنەوەیەكی گشتگیرەوە بۆ یەكەم سورەتی قورئان و یەكەم ئایەتی قورئان لە سەرەتای هاتنە خوارەوەو دابەزینی بۆ

پێغەمبەر(ﷺ)، تا ببێتە بەڵگە بۆ بەهێزی و بەپێزی و سەنگ و قورسایی زۆری لە دڵ و دەروونی پێغەمبەردا (ﷺ)، چونکە دروست بوون و پێکهاتنی ئومەت بەبێ ئەوە بە خەیاڵدا نەدەهات، سەرەتای فەرمان و داخوازیەکانی بە زانست و یەکتاپەرستی دەستپێکرد، وەك خودا دەفەرمووێت: ﴿فَاعْلَمْ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَاسْتَغْفِرْ لِذَنبِكَ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مُتَقَلَّبَكُمْ وَمَثْوَاكُمْ﴾[٤٦]

زانست و زانیاری پێویست، بەر لە هەرکردەوەو کردارێك مەرجە بۆ دروستی و دامەزراوی ئیمان، ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە کە سەنگی خوێندنەوەی گشتگیرو ڕەها بۆ کتێب و گەردوون و مرۆڤە، نەك تایبەت بێت بە دین و قورئان بە تەنیا، هەروەك ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە کە سەنگ و تەرازووی دروست خوێندنەوەیەکە کە لەژێر چەتری عەقیدە و ئەخلاق و بەها بالأکاندابێت: ﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ﴾.

بە هەمان شێوە خوێندنەوەی ئازاد لە سایەی شکۆو کەرامەتی مرۆڤ و مافەکانیدا ﴿اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ﴾، واتە ڕێز و حورمەت بۆ مرۆڤ، هەروەك ڕونیکردووەتەوە کە فەرمان و داخوازییە خوداییەکان بایەخیان بە ڕەوشت و پەروەردە و پاکژکردنەوەی پێغەمبەرداوە (ﷺ) بەر لە فەرمانکردن بە بانگەواز، ئەوەتە فەرمانی پێدەکات بە شەونوێژکردن و قورئان خوێندن ﴿يَا أَيُّهَا الْمُزَّمِّلُ * قُمِ اللَّيْلَ إِلَّا قَلِيلًا﴾. هەروەك فەرمانی پێدەکات بەزیکرکردن و یادی خودا و دڵسۆزی و خۆتەرخانکردن بۆ پەرستش: ﴿وَاذْكُرِ اسْمَ رَبِّكَ وَتَبَتَّلْ إِلَيْهِ تَبْتِيلًا﴾، پاشان فەرمانی پێدەکات بەبانگەواز: ﴿أَيُّهَا الْمُدَّثِّرُ قُمْ فَأَنْذِرْ﴾. ئەمە بەڵگەیە لەسەر هێزی هاوسەنگی ئامادەسازی و پەروەردە و پاکژکردنەوەی دەروون بەر لە دەستکردن بە بانگەواز و گەیاندنی پەیام.

٤٦ سورة محمد: ١٩

**ئـەم سـێ سـورەتە دەبنـە دەسـپێكی فەرمـان و گوتـاری خـودا بـۆ پێغەمبـەر (ﷺ):**

**یەكەمیـان:** ئیسـلام لـە هەناویـدا یاسـای فێـركاری و خوێندنەوەیەكی گشـتگیری لەخۆگرتـووە وەك لـە سـورەتی (العلـق) دا بەرجەسـتە دەبێـت.

**دووەمیـان:** پەروەردەكـردن و پێگەیانـدن و پاكـژی دەروونـی كردووەتـە دەسـپێكی هەڵگرتنـی بـاری سـەنگینی بەرپرسـیارێتی وەك لـە سـورەتی (المزمـل)دا بەرجەسـتە دەبێـت.

**سـێیەمیان:** دەسـتكردن بـە كاری بانگـەواز بەشـێوەیەكی سـەرەتایی و گرتنەبـەری میكانیزمەكانـی وەك لـە سورەتی (المدثـر) دا بەرجەسـتە دەبێـت. ئـەم خاڵبەنـدی و ڕێكوپێكییـە لـە ترۆپكـی هاوسـەنگییدایە لـەڕووی ئاراسـتەكردنی ئومـەت بـەرەو بانگـەواز.

جەنابـی پرۆفیسـۆر قەرەداغی لەسەروبەندی بەڵگـە هێنانەوە لە ژیانـی پێغەمبـەر (ﷺ) لەڕووی چۆنێتـی ڕەچاوكردن و جێبەجێكردنی فیقهـی میـزان و هاوسـەنگی لـەڕووی چۆنێتـی مامەڵەكـردن لەگـەڵ بەندییەكانـی جەنگـی بـەدر و ڕاوێژكـردن لەڕووی چۆنێتی پاراسـتنی گرێبەسـت و پەیماننامـە لەگـەڵ یاریدەدەرانـدا، هەروەها ڕەچاوكردنی فیقهـی میزانـی تایبـەت بـە جەنـگ. هەروەهـا ئامـاژە بـۆ بوونـی فیقهـی میـزان دەكات لـە هەڵسـوكەوت و بڕیـاری پێغەمبـەردا (ﷺ) وەك لـەو فەرمودانـەدا هاتـووە كـە پەیوەندیـدارن بـە ڕاوێژكردنـەوە تـا دەرەنجامەكانـی بەشـێوەیەكی دەسـتەجەمعی قبوڵبكرێـن، وەك دەرەنجامـی غـەزوەی خەنـدەق، هەروەهـا ئـەوەی خسـتووەتە ڕوو كە هاوكێشـەی نوێبوونـەوە پشـت بـە پلانـی تۆكمـە و سـوودوەرگرتن دەبەسـتێت لـە ئەزموونـی ئـەوانـی تـر و ڕاوێژكردنـی بـەردەوام، بۆ ئەمـەش چەندیـن نموونـەی لـە ژیانـی پێغەمبـەر (ﷺ) هێناوەتـەوە،

بە فراوانی چووەتە ناو ئەو بابەتە و توانیویەتی لە ڕوانگەی ژیانی پێغەمبەرەوە بوون و گرنگی فیقهی میزان بسەلمێنێت، بە وردی سەرنجی خستووەتە سەر ئامادەسازی پێغەمبەر (ﷺ) لە ڕزگارکردنی مەککەدا و گرنگی فیقهی میزانی تایبەت بە جەنگی خستووەتە ڕوو لە ڕووی چاودێریکردن و پاراستنی نهێنی و پابەندی هاوەڵانی بەڕێز بە سەرجەمی ئەو وردەکاریانەوە، هەروەها قسەی لەسەر میزانی ویقار و شکۆی ئەو کەسانە کردووە کە لە جیلی یەکەمی مسوڵمانان بوون و هێز و پێزیان هەبووە یان لەبەشداربووانی بەدری گەورە بوون، ئەوەبوو پێغەمبەر (ﷺ) بە گیانی لێبوردەیی مامەڵەی لەگەڵ حاتەبی کوڕی بەلتەعە کرد، ئەگەرچی حاتەب پێچەوانەی بڕیار و پلانی پێغەمبەر هەڵسوکەوتیکرد.

هەروەها جەنابی پڕۆفیسۆر قەرەداغی نموونە گەلێکی زۆری هێناوەتەوە دەربارەی فیقهی میزان، لە سەروبەندی ڕزگارکردنی مەککەدا لە ڕوانگەی هەڵسوکەوتی پێغەمبەر (ﷺ) و گرتنەبەری سیاسەتێکی شەرعی لە ڕووی چۆنێتی ڕەچاوکردنو دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی و دوورەپەرێزی لە خراپە و مەترسییەکان.

بە کورتی و پوختی ئەوەی خستووەتە ڕوو کە یەك میزان و پێوەرمان نییە بەتەنیا، بەڵکو هەموو شتێك میزانی تایبەت بەخۆی هەیە، پێغەمبەریش لە ژیانی خۆیدا ئەوەی لەبەرچاوگرتووە، ڕێنمایی و ئاماژە گەلێکی ورد و ڕوونی پێداوین لە ڕووی بەهەندگرتنی ڕشتەبەندی و ڕەسەنایەتییەوە، بەشێوەیەك کە بەروونی ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە کە میزانی جەنگ جیاوازە لە میزانی بانگەواز و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوانی تر، میزانی سیاسەتی شەرعیش جیاوازە لە میزانەکانی تر، میزانی جەنگ

میزانی هێز و توندوتۆڵی و ڕەق ئەستوری و عیزەتە بەسەر دوژمناندا بە ڕەچاوکردنی هونەری جەنگ و لە بەرچاوگرتنی هۆکارەکان و گرتنەبەری تەکنیك لەسەر بنەمای چاوپۆشی و نەرمی نواندن بە مەرجێك خۆبەدەستەوەدان نەبێت و بەها جێگیر و نەگۆڕەکان پارێزراوبن، هەموو ئەمانەی نیشاندا لە ئاشتەوایی حودەیبییەدا.

وەك نیشانیدایەن کە میزانی سیاسەتی شەرعی لەسەر نیازپاکی بەندەو دەبێت بەرژەوەندییەکان بپارێزێت و مەترسی و خراپە دووربخاتەوە لە ڕووی کات و شوێن و خەڵك و نوێبوونەوەو داهێنان و گەشەپێدان و توانا و بۆ لووانەدا.

## ٥- فیقهی میزان و مامەڵەی خەلیفەکانی ڕاشیدین لەوبارەیەوە

جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی لە کتێبەکەیدا فیقهی میزان، بە وردی چۆنێتی مامەڵەی خەلیفەکانی ڕاشیدینی خستووەتەڕوو وەك گەڕانەوە بۆ میزانی عەقڵ و بەهەندگرتنی بەرژەوەندی گشتی لە سەروبەندی کۆچی پێغەمبەردا (ﷺ) لە ڕووی چۆنێتی هەڵبژاردنی گەورەمان ئەبوبەکر بە جێگاداری پێغەمبەر (ﷺ) ئەوە دەخاتە ڕوو کە چۆن سەنگی مافی گشتییان پێش خستوو دایان بەسەر سەنگی فەرز و پێویستیەکی لاوەکیدا، هەروەك چۆن گەورەمان ئەبوبەکر فیقهی میزانی لەبەرچاوگرت لە باسی زەکاتدا، ئەوەبوو سەنگێکی گەورەی دا بەزەکات لە چوارچێوەی دەوڵەتدارییدا، بەتەنیا وەك فەرزێکی عیبادەتی سەیری نەکرد، ئەوەبوو زەکاتدانی لە میزانی مافەکانی دەوڵەتدا داناو وەك بەشێك لە مافی گەلانی مسوڵمان و برایەتی ئیمانی سەیری کردو ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو کەسانەی بە پێویست زانی کە



لە ڕووی لوتبەرزی و فیز و تەحەدای دەوڵەتەوە دەیانەوێت زەکات نەدەن ئەمەش تێگەیشتنێکی ورد و گرنگ بوو لەڕووی فیقهی میزانەوە، ئەوەبوو ڕێگای نەدان بەو کارە و توانی کاروباری دەوڵەت ڕێکبخاتەوەو فیقهی مافی گشتی پێش بخات بەسەر فەرزێکی لاوەکیدا، یان ئەوەبوو گەورەمان ئەبوبەکر ڕاوێژیکرد بە گەورەمان عومەر لە چۆنێتی کۆکردنەوەی قورئاندا پشتبەستوو بەوەی وازهێنان لەوکارە مەترسی گەورەی لێدەکەوێتەوەو مەترسییەکی لەوە گەورەترە کە بوترێت پێغەمبەر (ﷺ) کارێکی لەو شێوەی نەکردووە، ئەوەبوو هەردوو خەلیفە بە ئاسانی لەوە تێگەیشتن کە میزانی ئامانج و مەبەستەکان (میزان المقاصد) لە پێشتر و گرنگترە لە میزانی ڕواڵەتبینی، دواتر جەنابیان

ئەوەی کە گەورەمان عوسمان کردی لە سوتاندنی موسحەفەکانی تر بۆ لادانی خەڵکبوو لە ئاشــوبوو مەترسی

چەندین نموونە دەهێننەوە لە ژیانی گەورەمان عومەردا لەڕووی چۆنێتی مامەڵەکردنی لەگەڵ کاربەدەست و بەرپرساندا و چۆنێتی لێپرسینەوەیان، یان لە سەردەمی گەورەمان عوسماندا ئەوەبوو هەموو خەڵکی کۆکردەوە لەسەر یەك موسحەف و یەك جۆر خوێندنەوە.

ئەوەی کە گەورەمان عوسمان کردی لە سوتاندنی موسحەفەکانی تر بۆ لادانی خەڵکبوو لە ئاشوبوو مەترسی، ئەو پێی وابوو وابەستەبوونی خەڵك بەو موسحەفەی کە کۆدەنگی

لەسەر هەبوو لە سەردەمی گەورەمان ئەبوبەكر لە پێشتر و باشترە، ئەمەش بێگومان لوتكەی فیقهی میزانە.

هەروەها جەنابیان ئاماژە دەكەن بە گرنگی و بایەخی فیقهی میزان لە لای پێشەوا عەلی كوڕی ئەبو تالیب، لە چۆنێتی جەنگاندنی لەگەڵ خەواریجەكاندا ئەوانەی لە فەرمانی خەلیفە یاخی بووبوون، ئەو پێیوابوو كە پارێزگاریكردن لە یەكڕیزی گەلانی مسوڵمان لە پێشترە لەو خوێنەی دەڕژێت لەو شەڕەدا، لەبەرئەوە هەموو جۆرە گفتوگۆیەكی لەگەڵ گرتنەبەر بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە سەر فامیدەیی خۆیان، تەنانەت پێشنیازی ئەوەی بۆكردن لەسەر بیروڕای خۆیان بمێننەوە بەومەرجەی چەك دژی دەوڵەت هەڵنەگرن، ئەوان سوور بوون لەسەر بڕیاری شەڕكردن لەگەڵیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێشەوا عەلی بۆ شەڕكردن لەگەڵ ئەواندا كۆمەڵێك پێوەر و مەرجی تایبەتی دانا كە جیاوازبوو لەگەڵ جۆری شەڕكردن لەگەڵ خەڵكی نامسوڵمان، ماڵ و دارایی ئەوان بە دەسكەوتی شەڕ دانەدەنراو ئافرەتیشیان نەدەكردە كەنیزەك و بریندارییان نەدەكوژرا، بەڵكو چارەسەردەكران.

**٦- فیقهی میزان.. قۆناغبەندی و پوختەكردنی**

جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی چەند هەنگاوێكی كردەیی لەبارەی فیقهی میزانەوە خستووەتەڕوو بەمشێوەیە:

**هەنگاوی یەكەم:** خستنەڕووی كۆمەڵێك میزان بە پرش و بڵاوی لە قورئان وسوننەت و سیرەتی پێغەمبەردا:

١- پێوەر و تەرازووی جیهانی ئایدیا و بیروباوەڕ بە هەموو جۆرەكانییەوە:

أ- تەرازوو و پێوەری جیهانی نادیارو پەنهان و جیهانی دیار و ئاشکرا.

ب- تەرازوو و پێوەری دنیا و دوارۆژ.

٢- پێوەر و تەرازووی پەرستشە ڕەهاو ڕوونەکان لەگەڵ پێوەر و تەرازووی پەرستش و خو و عادەتە ناڕەهاو ناروونەکان.

أ- میزانی بیدعەی یاساغ و حەرامکراو و میزانی بیدعەی قبوڵ و داواکراو لەڕووی شەرعەوە.

ب- میزانی ڕوخسەت و میزانی پەرستش.

٣- پێوەر و تەرازووی مامەڵە داراییەکان.

٤- پێوەر و تەرازووی خێزان و بابەتە پەیوەندیدارەکانی وەك نیکاح و میرات و خەرجییەکان.

٥- پێوەر و تەرازووی جەنگ و تێکۆشان و ئاشتەوایی.

٦- پێوەر و تەرازووی سزاکان.

٧- پێوەر و تەرازووی سیاسەتی شەرعی و بابەتە پەیوەندییدارەکان پێیەوە.

٨- پێوەر و تەرازووی شەرع و سۆز و سروشت و هتد.

**هەنگاوی دووەم:** دیاریکردن و تایبەت کردنی هەر میزانێك بەو مەبەست و حوکم و کارەی بۆی دانراوە، بە نموونە: کۆی ئەو ئایەت و فەرمودانەی ئاماژەی زبری و توندی و ڕقئەستوری و کوشتنیان تێدایە دەسەپێنرێن بەسەر حاڵەتی میزانی جەنگ و بەرگریکردن و ڕەتکردنەوەی دوژمنداریدا، بەهەمانشێوە ئەو ئایەت و فەرموودانەی زمان شیرینی و نەرم و نیانیان تێدایە لەگەڵ خەڵکی نامسوڵمان، دەچنە چوارچێوەی میزانی ئاشتی و بانگەواز و پێکەوەژیان.

**هەنگاوی سێیەم:** قۆناغی هاوسەنگی، ئەمە لەدوای تەواوكردنی هەنگاوی دووەم دێت، لەدوای هاوسەنگكردنەوە دێت لەرووی تەواوكردنی هێز و لاوازی و راگرتنی باری هاوسەنگی، لەبارەی فیقهی لەبەرترینەكان و فیقهی پلەبەندی و هاوسەنگییەكانەوە قسەی كردووەو ئەوەی خستووەتەروو كە میزانی زۆرمان هەیە و جۆراوجۆرن، بەلام بەگشتی هەمویان دەگەرێنەوە بۆ (میزانی دووانەیی) كە ئاماژەیە بۆ بوونی دوو تای تەرازوو و ئەو رێسا دووانەییەی كە خودا گەردوونی لەسەر خولقاندووە بە مرۆڤ و جنۆكە و گیاندار و بێگیان و بە هەموو پێكهاتەكانی گەردوونەوە هەموویانی بە دووانەیی خولقاندووە، وەك خودا دەفەرموێت: ﴿سُبْحَانَ الَّذِي خَلَقَ الْأَزْوَاجَ كُلَّهَا مِمَّا تُنبِتُ الْأَرْضُ وَمِنْ أَنفُسِهِمْ وَمِمَّا لَا يَعْلَمُونَ﴾[47]

گەردوون هەمووی لەسەر رێسای جووت و دووانەییە، ئەوەی تەنیا و تاكە تەنیا خودای گەورەیە، رۆڵ و ئەركی شەریعەت رونكردنەوەی ئەم بابەتە جیاوازانەیە بە رێگای پێوەر و تەرازوویەكی ورد بۆ گەیشتن بە دادگەری و پێدانی بەشی رێكی هەر شتێك، شەریعەت رۆڵی بنەرەتی ئەوەیە هەموو شتەكان بە هاوسەنگی سەیر بكات و بیانخاتە روو لە نێر و مێ و ئەرك و ماف و خێر و شەڕ و خۆشبەختی و نەهامەتی و دۆزەخ و بەهەشت و هەر شتێكی تر تا بەم رێگایە دادگەری بچەسپێت و هەموو كەسێك مافی شیاوی خۆی وەربگرێت، بۆئەوەی هیچ شتێك نادیدە نەگیرێت و خێر و شەڕ و كەم و زۆری، یان گەورە و بچوكی ون نەبێت، وەك خودا دەفەرموێت: ﴿فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ * وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُ﴾[48]

لە بەشی دووەمی كتێبی فیقهی میزاندا، جەنابی پرۆفیسۆر

---

47 سورة يس: ٣٦.

48 سورة الزلزلة: ٧-٨.

قەرەداغـی قسـە لەسـەر چۆنێتـی دابەزاندنـی فیقهـی میـزان دەکات بۆسـەر واقیع (بەکردەیی)، لـە بەشـی یەکەمـی کتێبەکـەدا قسـە لەسـەر پێـوەر و تـەرازووی گەشـەکردنەکان و ئایدیـا و بیروبـاوەڕ و پەرستشـەکان دەکات، لـە بەشـی دووەمـدا قسـە لەسـەر پێـوەر و تـەرازووی هەڵسوکەوت و ئابـووری و مامەڵـە داراییـەکان دەکات، لـە بەشـی سـێیەمدا قسـە لەسـەر پێـوەر و تـەرازووی چۆنێتـی تێگەیشـتن لـە بەڵگـەکان دەکات، ئـەوەش پێوەر و تـەرازووی چۆنێتـی تێگەیشـتن لـە قورئـان و پێـوەر و تـەرازووی چۆنێتـی تێگەیشـتن لـە فەرمـوودە دەگرێتـەوەو گرنگییەکـی زۆری هەیـە و چۆنێتـی ڕێکخسـتنی بەڵگەکانیـش فیقهـی تایبـەت بەخۆیـان هەیـە.

کتێبـی فیقهـی میزانـی جەنابـی پرۆفیسـۆر عەلـی قەرەداغـی بـە یەکێـك لـە سـەرچاوە نـاوازەکان ئەژمـار دەکرێـتو هـەروەك تازەگەرییەکـی ناوازەیـە لـە کلتـوری گەلانـی ئیسـلامییدا بۆ ناسـاندن و ماناکردنـی چەمکەکانـی قورئـان و سـوننەت بـە دیدێکی مەقاسـیدیو ئوسـوڵی و واقیعیانـە. لـە هەمانکاتـدا ئـەم کتێبـە بەهایەکـی زانسـتی گـەورەی هەیـە بەشـێوەیەك دەتوانرێت پشـتی پێ ببەسـرێت و ئومێـدی لەسـەر هەڵبچنرێـت و دەرەنجامەکانـی بەهەنـد بگیرێـت و کار لەسـەر فراوانکردنـی ئـەو دیـدە بکرێـت لـەڕووی مـاددی و مەعنەوییـەوە، لێرەوە کتێبەکـە گرنگـی خـۆی دەسـەلمێنێت و ئەرك و ڕۆڵـی زانایـان و زانسـتخوازان دەسـت پێدەکات، ئـەم کتێبـە ئاسـۆیەکی گـەورەی کردووەتـەوە بـە ڕووی تێگەشـتن لـە دەقەکانـی قورئـان و سـوننەت و چۆنێتـی جێبەجێکردنـی پەیامـی شـەریعەت و بابەتـە ئیجتیهادییـەکان وەك ئـەوەی کـە خەلیفـەکان و شـوێنکەوتوانیان جێبەیانکـردووە، ئەمـەو بێگومـان خاوەنـی ئـەم کتێبـە بـەوە ناسـراوە کـە فەقیهــ و زانـا و بانگخـواز و پسـپۆڕە و پاشـخانێکی قووڵی زانسـتی و دانایـی و وردبینـی و دوربینـی هەیـە لـە ڕووی بەڵگەسـازییەوە.

## گرفتەكە لە لاوازی سستمی بەرگریدایە

دواتر جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی بە بیركردنەوەیەكی قوڵ گەیشتووە بەو دەرەنجامەی كە ئەو ناتەواوییەی ئەمڕۆ گەلانی ئیسلامی پێیگەیشتوون لە ماتەمینی و خەمباری ناوبنێت بە گرفتی بەرگری بەدەستهاتوو (الخلل فی المناعة المكتسبة)، لەمەشدا گەلانی ئیسلامی چواندووە بە جەستەی یەك مرۆڤ كە سستمی بەرگری جەستەی تێكچووەو ناتوانێت بە ئەركی سەرەكی خۆی هەستێت، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی كە ڤایرۆس زاڵ ببێت بەسەر ئەو جەستەیەو بیكوژێت، بێگومان سستمی بەرگری ئەگەر لاوازبوو هیچ ڕێگرییەكی نامێنێت لە نەهاتنە ناوەوەی نەخۆشی، بۆیە دوورنییە خراپترین نەخۆشی بگرێت كە ئایدزە، بێگومان ئەوەش دەبێتە هۆكاری مردن، ئەمەش ڕێك وەك حاڵی گەلانی ئیسلامی وایە كە ملی ناوە بەرەوكەوتن و خەریكە دەبێتە لاشەیەكی بێگیان ئەگەر هەنگاو نەنێت بەرەو چارەسەرێكی ڕیشەیی بەمەبەستی كاراو بەهێزكردنەوەی سستمی بەرگری بەعەقیدەیەكی ڕەسەن و پەسەن و میانڕەوییەكی كردەیی و بیرو فیكرێكی بنیاتنەر و خوێندنەوەیەكی ورد و قووڵ بۆ كتێب و مرۆڤ و گەردوون و هەرشتێك كە پەیوەندیداربێت بە زانستەكانی دەروونناسی و كۆمەڵناسییەوە، دەبێت هەنگاو بنێت بەرەو بوژاندنەوەی عەقیدە و بیروباوەڕی ئیسلامی تا زیندوو و كاریگەر بێت و خاوەنەكەی ئاراستە بكات بۆ ئاوەدانكردنەوەی دنیا و دوارۆژ و ئەنجامدانی پەرستشەكان بەشێوەیەك كە جێكەوتەیان لەسەر ڕەفتار و هەڵسوكەوتی ڕۆژانە دیاربێت و ئەخلاقی خاوەنەكەی ببێتە ئەخلاقێكی قورئانی.

یەكەم و سەرەكیترین گرفت؛ گرفتی چۆنێتی تێگەیشتنە لە

ئیسلام و دید و پەیام و مەبەست و ئامانج و تەرازوو پێوەرەکانی.

دووەم گرفت؛ گرفتی کەوتنە ژێر کاریگەری ڕۆشنبیری ڕۆژئاوایە بەشێوەیەك هەندێك کەس و لایەن کەوتونەتە ژێر کاریگەری دیووە نەرێنییەکەی، بەشێوەیەك دەبینین هەندێك بیری فەلسەفی سەریان هەڵداوە دژ بە ئیسلام، ئەم بیرە فەلسەفیانە پێشتریش بونیان هەبووە چەندین سەدەیە زانایانی مسوڵمان بەتوندی وەڵامیان داوەتەوە، باشترین نموونە بۆ ئەم بوارە ئیمامی غەزالییە کە کتێبی (تهافت الفلاسفة) نوسیووە، لەو کتێبەدا وەڵامێکی توند و بەهێز و عەقڵانی داونەتەوە.

گرفتی سێیەم، بریتییە لە تێگەیشتن لە ئیسلام بەشێوەیەکی گشتگیر، هەندێك وا دەبینن گشتگیری ئیسلام واتە بوونی بەڵگە و دەقێك بۆ هەر ڕووداو و پێشهاتێك لە کۆن و نوێ، هەندێکی تر پێیان وایە ئیسلام قەتیسبووە لە نێوان پەیوەندی مرۆڤ و خودادا، بە مانای ئەوەی تەنیا پەرستشەکان ئەنجام بدرێت، لە ڕوویەکی ترەوە ئیسلام دوور و نزیك پەیوەندی بە سیاسەت و ئابووری و هەماهەنگی و هاودەنگییەوە نییە و نابێت، جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی پێی وایە گرفتی دووەم گەورەتر و مەترسیدارترە لە یەکەم، ئەمەش لە مێژە خەمێکی گەورەیە لەلای ئەو جەنابیان پێیان وایە ئەمە خواستێکی گەورەی دوژمنانی ئیسلامە، لە داگیرکاران و زایۆنیزم، چونکە هێز و پێزی ئیسلام لە گشتگیرییەکەیدایە بۆ ژیان، هەر ئەمەش دەبێتە هۆکاری پاراستنی گەلانی ئیسلامی لە توانەوەو ئاوێتەبوون، کەواتە دەبێت زەمینەسازی بکرێت بۆ نوێبوونەوەو پێشکەوتن و پێکەوەگرێدانی ڕەسەنایەتی و سەردەمیانەبوون، بۆئەوەی گەلانی ئیسلامی بتوانن لە ئاستی پێداویستی سەردەمەکەی خۆیاندابن.

گرفتی چوارەم؛ بریتییە لە گرفتی تێنەگەیشتن لەوەی كە ئیسلام دینی فیترەتەو فیترەتی ساغ و عەقڵێكی دروست لە ئامێزی دەگرێت، وەك خودا دەفەرموویێت ﴿فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا فِطْرَتَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا﴾[49]

ئەم خواروخێچی و گرفت و ناتەواویانە ڕاستناكرێنەوە بە هەوڵ و كۆششی بیرمەندان و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و پلاندانان و ڕۆشنبیری نەبێت ئەوەش بە دانانی پلانی ستراتیژی و قۆناغبەندی، بەمەبەستی گەڕانەوە بۆسەر مەنهەجی نوێگەری تەجرەبەكراو لەگەڵ كەڵك وەرگرتن لە میتۆدە كۆمەڵایەتیەكانی ترو مەنهەجی یاساو ڕێساكان، ئیبن خەلدون وتەنی هەر خۆیشی داهێنەری بوو بەڵام دواتر ڕۆژئاوا برەویان پێداو مسوڵمانان توشی داخوران و پاشەكشە هاتنو نەیانتوانی كەڵكی لێ وەربگرن، شایانی باسە دەبێت ئەم پلانە وتاربێژ و بانگخواز و ڕێنماكارانیش بگرێتەوە، چونكە ئەوانیش ڕۆڵێكی حاشا هەڵنەگریان هەیە لە ڕۆشنبیركردن و ڕاستكردنەوەی چەمكەكان و چاكسازیی فیكردا.

لەكاتی نەبونی مەنهەجی تەجریبی نوێگەریدا (المنهج التجريبي التجديدي) گەلانی ئیسلامی لە پشێوییەكی بێسەروبەردا ژیانی زانستی و كردەییان بەڕێوەدەبەن، بەشێوەیەك ئارامی و ئاسایشیان پێ دەستەبەرنابێت، ئەوكاتە پیس و پاك بەیەكتری تێكەڵ دەبن و لێكدانەوەو ماناكردنەكان دەشێوێنرێن لەكاتی شرۆڤەی چەمكە ئاشكراو ڕوونەكاندا، بۆیە ئەوەی پێویستە بكرێت خوێندنەوەی دەقەكانە بەشێوەیەكی عەقڵانی و ورد: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَقُولُوا رَاعِنَا وَقُولُوا انظُرْنَا وَاسْمَعُوا وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾[50] چەمكی (راعنا) جولەكەكان

---

٤٩ سورة الروم: ٣٠

٥٠ سورة البقرة: ١٠٤

بۆ گاڵتەپێکردن بەکاریان دەهێنا لەکاتێکدا لە زمانی عەرەبیدا بۆ مانایەکی جوان بەکاردەبرێت، بۆیە خودای گەورە ڕێگریکرد لەوەی مسوڵمانان بەکاری بهێنن، بەڵکو ئاراستەیکردن بۆ بەکارهێنانی چەمکی (انظرنا)، ئەمەش ئاگادارکردنەوەیەکی خودابیە لە بەکارهێنانی ئەو دەستەواژانەی کە نامسوڵمان بەکاری دەهێنن.

جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی لە بەرانبەر ئەم دەقەوە هەڵوێستە دەکات، وەك سروشتی هەمیشەیی خۆی لەگەڵ دەقەکاندا دەڵێت: چەمکی (راعنا) دەستەواژەیەکە جولەکە بەکاریان دەبرد بۆ گاڵتەپێکردن، لەگەڵ ئەوەدا کە لە زمانی عەرەبیدا مانایەکی جوانی هەیە و مانای خراپ هەڵناگرێت، بۆیە خودای گەورە ڕێگریکرد لە بەکارهێنانی، بەڵکو ڕێنماییکردن کە چەمکی (انظرنا) بەکاربهێنن، بێگومان ئەمەش ئاگادارکردنەوەیەکی خودابیە لەوەدا کە مسوڵمانان دەستەواژەیەك بەکارنەبەن کە ئەوانی دیکە بەکاریدەهێنن، هەروەك ئاماژەی ئەوەی تێدایە کە دەبێت زۆر بە وردی ڕەچاوی هونەری وشەسازی بکەن و ئاگاداری جەنگی دەستەواژەکان بن کە دەویسترێت غەزوی گەلانی مسوڵمانی پێ بکرێت، دەکرێت بە خێرایی چاو بخشێنین بەو چەمك و دەستەواژانەی کە شێواندن و لادانی زۆریان تێدا کراوە لە مانا بنەڕەتیەکانی خۆیان و دوورخراونەتەوە لە مانای بەکاربراوی خۆیان، لەوانە:

- ڕیبا کە یاساغ و قەدەغەکراوەو بەپێی دەقی قورئانی پیرۆز بەهۆکاری کەمکردنەوەی (محق) ماڵ و دارایی ئەژمار دەکرێت، ناوەکەی کراوەتە سوود (الفائدة) کە وشەیەکی جوانە و ئاماژەیە بۆ سوود و کەڵك گەیاندن.

- (الخمر) مەی کە مادەیەکی زیانبەخش و بێهۆشکارەو زەرەر لە ئاوەز

و تەندروستی و دەروونی مرۆڤ دەدات كراوەتە (المشروبات الروحیة).

- دابڕانی دین و دەوڵەتداری لە یەكتری كراوە بە عەلمانییەت (العلمانیة) كە وشەكە لە (العلم) زانستەوە وەرگیراوە.

- بیروباوەڕی دوور لە خودایی (الإلحاد) كراوەتە نیشانەی پێشكەوتن (التقدمیة)، بیروباوەڕی ئیسلامیش بە دواكەوتوویی ناودەبرێت (الرجعیة والتأخر)... هتد.

- گرفتەكان گەیشتوونەتە ئاستێك وەك ئاماژەمان پێدا لەگەڵ شێواندنی چەمكەكاندا بوونەتە دووانەیەكی تەواوكار، بە نموونە چەمكی بەندەگی (العبودیة) كە بە مانای جێبەجێكردنی كۆی فەرمانەكانی خودا دێت لە هەردوو ڕووی نەكردن و كردنەوە پەیوەندیدار بە پەرستش و ئاوەدانكردنەوەو جێگەداری و بنیاتنانی شارستانییەت، بەڵام ئێستا ئەم مانا فراوانە بەرتەسككراوەتەوە لە جێبەجێكردنی پەرستشەكاندا و بووەتە كۆی ئەركی مسوڵمانێتی، ئیتر بیرناكرێتەوە لە ئەركی ئاوەدانكردنەوەو خۆ بەڕێوەبردن و بوونە خاوەن قسە و بڕیار لەسەر زەویدا، ئیتر ئەمە دەبێتە سەرەتایەك بۆ دابڕان و گۆشەگیربوون لە ژیان.

جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی بەردەوامە لەسەر ڕێچكەی بەدیارخستنی گرفتەكان و زیاتر دەست دەخاتە سەر برینەكان و ڕوونكردنەوەی زۆرتر دەدات و پێی وایە دەبێت دەقە شەرعیەكان و ڕاڤە و تەفسیرەكانی قورئانی پیرۆز و لێكدانەوەو شەرحی فەرموودەكان ڕزگار بكرێن لە خورافیات و لێكدانەوەی نادروست، چونكە ئەو ڕاڤەكردن و لێكدانەوەیە كاریگەری نەرێنی بووە لەسەر مانا دروستەكان و جێكەوتەیەكی خراپی بووە لەسەر فیكر و مەنهەج و شارستانییەتی ئیسلامیەو مێژووی مسوڵمانان، بۆیە زۆر پێویستە كە ڕاستكردنەوەو پاككردنەوەو داڕشتنەوەی بۆ بكرێت.

هەروەك دەبێت لە تێگەیشتنی پارەیی (جزئي)یەوە بگوازینەوە بۆ تێگەیشتنی گشتی (الكلي) مەقاسیدی کە وابەستەبێت بە ڕشتەبەندی مەبەستەکانەوە بەپێی فیقهی میزان وەك پێشتر باسکرا.

جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی وەك خەمی هەمیشەیی لە هەمووکات و بۆنەیەکدا پێداگری دەکات لەسەر (ئیسلاحی گوتاری ئیسلامی و بانگەوازیی) بەپێی نەگۆڕ و جێگیرەکان، لەگەڵ نوێبونەوەیەکی بەردەوام و گەشەپێدان و لەبەرچاوگرتنی بارودۆخ و کات و شوێن و کەسەکان، لە هەمانکاتدا پێی وایە گوتاری ئیسلامیو کتێب و لێکۆڵینەوەو بابەت و وتار و سیمینار و وانە گشتییەکانی مزگەوت دەگرێتەوە.

پابەندی بە نەگۆڕ و جێگیرەکانەوە ئەوەمان فێردەکات کە ڕەسەنایەتی و سەردەمیانەبوون پێکەوە گرێ بدەین، وەك قورئان ئاماژەی بۆ دەکات: ﴿أَلَمْ تَرَ كَيْفَ ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا كَلِمَةً طَيِّبَةً كَشَجَرَةٍ طَيِّبَةٍ أَصْلُهَا ثَابِتٌ وَفَرْعُهَا فِي السَّمَاءِ * تُؤْتِي أُكُلَهَا كُلَّ حِينٍ بِإِذْنِ رَبِّهَا وَيَضْرِبُ اللَّهُ الْأَمْثَالَ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ﴾[51] لەم ئایەتە پیرۆزەوە ئەوە تێدەگەین کە گوتاری باشی کاریگەر پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە بە وەحی خوداییەوەو ڕیشکێکی پتەوی هەیە بە مێژووی دووروودرێژمانەوە، مێژووی پێغەمبەرانی بانگخواز و بانگخوازە چاك و ساڵحەکان لە ئادەم پێغەمبەرەوە بۆ ئێستای خۆمان، لق و پۆپەکانی لە ئاسماندا زۆرتر دەدرەوشێنەوەو هەوایەکی خاوێن هەڵدەمژن، بەوەش جوانتر و ڕەونەقدارتر دەبن، لەمەشدا ئاماژەیەك هەیە بۆ کەش و هەوای ئازاد و گرنگی فراوانبون و گرێدانەوەی ڕایەڵە کۆمەڵایەتیەکان لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، گوتار و نەرمی گوتار؛ نوێ دەبێتەوە وەك سروشتی لق و پۆپەکان.

٥١ سورة إبراهيم: ٢٤ - ٢٥.

## ڕۆڵ و كاریگەری جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی لە چاكسازی كەرتی پەروەردە و فێركردندا:

### ١- چاكسازی لە كەرتی پەروەردە و فێركردندا:

جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی لەسەر ئەوە پێداگرن كە چاكسازی لە بواری پەروەردەو فێركردندا كلیلی گەیشتنە بە شارستانییەت و حوكمڕانی و ئاوەدانكردنەوەو بونە خاوەنی بڕیار لەسەر زەوی بەڵكو لە گەردووندا، لەبەرئەوەیە كە خودای گەورە یەكەم ئایەت لە قورئانی پیرۆز دایبەزاند فەرمانكردن بوو بە خوێندنەوەیەكی گشتگیر بۆ گەردوون و مرۆڤ و كتێب ﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ﴾[٥٢]، ئەمەبوو وایكرد كە باوكمان ئادەم كاتێك فێری ناوی شتەكان بوو سەركەوت بەسەر فریشتەدا لە یەكەم تاقیكردنەوەدا كە بۆیان ئەنجامدرا، ئەوەبوو دواتر خودا فەرمانی ئەوەیكرد فریشتە كڕنوش بۆ ئادەم بەرن، ئەمە ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە كە دەستڕۆیشتووە بەسەر ژیان و گەردووندا و وابەستەی زانین و زانیارییەكی گشتگیرە، بەنموونە ڕۆژئاوا پێشنەكەوتن تا توانیان چاكسازی بكەن لە بواری پەروەردە و فێكردن و بواری سیاسی و بواری كۆمەڵایەتی و بواری فیكری دینی مەسیحیدا.

جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی بایەخێكی زۆری داوە بەم بوارەو هەر لە سەرەتای تەمەنیدا لێكۆڵینەوەی لەسەر كتێبی ئەی ڕۆڵەی هۆشیاری ئیمامی غەزالی كردووە (أيها الولد)، هەروەها پێشەكیەكی جوان و ناوازەی نووسی لەبارەی زانست و زانا و فێرخوازەوە، ئیتر ئەوەبوو ڕێگای بەشداریكردنی چەندین كۆنگرەی تایبەت بە پەروەردە و فێركردنی گرتەبەر.

---

٥٢ سورة العلق: ١

**٢- دامەزراوەی پەروەردەو فێرکردن:**

جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی تەنیا بەوە ڕازی نەبوو لە ڕووی زانستی و ڕشتەبەندییەوە قسە لەسەر گرنگی ڕۆڵی پەروەردەو فێرکردن بکات بەڵکو هەستا بە دامەزراندنی چەندین ناوەندی گرنگی پەروەردەیی و فێرکردن، ئەمانە گرنگترینیانن:




**یەکەم/ زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی:** ئەم زانکۆیە لە ساڵی ٢٠٠٧ز دامەزراوە لە هەرێمی کوردستان، چەندین کۆلێژی زانستی و زانستە مرۆڤایەتییەکان لەخۆ دەگرێت، چەند هەزار قوتابییەك لەخۆ دەگرێت بۆ خوێندن، چەندین جار پلەی یەکەمی دراوەتێ لەسەر ئاستی زانکۆکانی کوردستان. ئەم زانکۆیە چەندین خزمەتی گەورەو ناوازەی پێشکەشکردووە، سەدان کورسی خوێندنی تەرخانکردووە بۆ ئاوارەی سوری و عێراق بەبێ بەرانبەرو بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان بەدەستهێناوە، ئەمە وێڕای ئەوەی کە خودی زانکۆکە لەسەر بنەمای قازانج نەویست دامەزراوەو جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی وەقفی کردووە لە ڕێگای خودادا، لەخودا دەخوازین قبوڵی لای ئەو بێت.

**دووەم/ قوتابخانەی لیدەرس (سەركردە) لە هەرێمی كوردستان لە شاری سلێمانی:** ئەم قوتابخانەیە دوو ساڵە قوتابی وەردەگرێت، جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی دەیەوێت ئەم قوتابخانەیە قوتابخانەیەكی نموونەیی بێت لە ڕووی زانستی و پەروەردە و ئەخلاق و زمانەوە، ئومێدوایە كە دەرچووانی نموونەیی بن لە خزمەتكردن و داهێناندا لە هەموو بوارەكانی ژیاندا.

جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی وێڕای ئەوەی كە زیاتر لە ٣٠ساڵ سەرقاڵی وانە وتنەوە بووە لە زانكۆی قەتەر، لە چەندین زانكۆی تریش لەسەر ئاستی جیهان وانەی وتووەتەوە وەك زانكۆكانی بەریتانیاو مالیزیاو توركیاو ڕوسیا، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا خولیاو ئومێدی بەردەوامی ئەوەیە كە پەروەردە و زانست لە جیهانی ئیسلامیدا بگاتە ئاستێك هیچی لە وڵاتانی پێشكەوتوو كەمتر نەبێت.

**جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی لە پرۆسەی چاكسازییەوە بۆ ئاشتەوایی**

جەنابیان بەهۆی لێهاتویی و پێگەی زانستییانەوە بەشدارییەكی لەبەرچاوی بووە لە ئاشتەوایی نێوان بەشێك لە گەلان و دەوڵەتەكانیاندا:

- لە ساڵی ٢٠١٠ز سەركردایەتی وەفدێكی كرد لە ڕێگای یەكێتی جیهانی زانایانی مسوڵمانەوە بۆ ئاشتەوایكردن لە نێوان گەلی ئۆزبەكی و قرغیزەكاندا، ئەوەبوو لەسەر ئاستی سەرۆك كۆمار و سەرۆكی پەرلەمان و سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران پێشوازییەكی گەرمیان لێكراو دواتر سەردانی ئەو ناوچەیان كرد كە لە ساڵی ١٩٩٣ز وە شەڕ و توندوتیژی تێدابووە





بەشێوەیەك چەندین خانوو سوتێنراوەو هەزاران هاوڵاتی لە هەردوولا کوژراون، جەنابیان و وەفدی یاوەری لە زانایان بونە کلیلی ئەو ئاشتەواییەو توانیان کەرنەڤاڵێکی ئاشتی گەورە ساز بدەن و هەردوولایەن بە تەواوی ئاشت بکەنەوە.

- ئاشتەواییکردنی نێوان دەوڵەتی داغستان و گروپێك لە گەنج و لاوەکانیان کە چەکیان هەڵگرتبوو دژی دەوڵەت، خودا تەوفیقی جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی دا ئەو ئاشتەواییە بە پایان بگەیەنێت لەو ناوچەیەدا ئەمە بە شاهیدی خودی سەرۆك کۆماری ئەو وڵاتە لە بەردەمی جەماوەرێکی زۆردا.

**هەوڵە بەردەوامەکانی جەنابی دکتۆر بۆ ئاشتەوایی لە هەرێمی کوردستان لە نێوان هەردوو حیزبی فەرمانڕەوا ئاشکرایە**

- هەوڵە بەردەوامەکانی بۆ ئاشتەوایی لە هەرێمی کوردستان لە نێوان هەردوو حیزبی فەرمانڕەوا پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لای خەڵکی کوردستان و سەرکردایەتی هەردوو حیزب

ئاشـكرایەو خـەمخـۆری و كۆششـێكی لەبەرچـاوەو جێـگای ڕێـز و پێزانیـن بـووە.

- بەسـەركردنەوەی چـەندیـن سـەرۆك لـە چـەندیـن وڵاتـدا ئـەم كارەش بـە هەماهەنگـی بـوو لەگـەڵ وەفـدی یەكێتـی جیهانـی زانایانـی مسـوڵمان لـە ساڵی ٢٠٠٧ز وەك بەشێك لـە خـەمخـۆری و دڵسۆزی بـۆ گـەلانـی ئیسلامی و ستـەملێكراوی خـەڵكـی فەڵەستین و دۆزە ڕەواكـەی بەتایبـەت، لـەو سـەرۆك و سـەركردانە پادشـای سعودیە، پادشـای ئـوردن، سـەرۆك كۆمـاری توركیـا، سـەرۆك كۆمـاری سـوریایان بەسـەركردووەتەوە.

شـایانی باسـە جەنابـی پڕۆفیسـۆر قەرەداغـی كەسـایەتییەكی دیـار و هەڵكەوتـوو و ڕێزلێگیـراوە لەسـەر ئاسـتی گـەلانـی ئیسلامی و زۆرینـەی ناوەنـدە ڕەسمییەكان بەتایبـەت لـە هەرێمـی كوردسـتان.

**پرۆگـرام و میتـۆدی جەنابـی پڕۆفیسـۆر قەرەداغـی لـە پرسـی ئیجتیهـاد و نوێبوونـەوەدا..**

جەنابـی پڕۆفیسـۆر قەرەداغـی چـەنـد كتێـب و لێكۆڵینـەوەی زانسـتی نوسـیووە لەبـارەی گرنگـی ئیجتیهـادو تایبـەت بـەو كەسانـەی ئەهلـی ئـەو مەیدانـەن، هـەروەك پێـی وایـە كـە دەبێـت لـە بـواری بانگـەواز و شـێوازی بانگەوازكردنـدا نوێگـەری بكرێـت و چۆنێتـی خسـتنەڕوو گـەیانـدن دەبێـت گۆڕانـكاری بەسـەردا بێـت، دەبێـت چارەسـەری گونجـاو بخرێتـەڕوو بەپێـی كات و سـەردەم، بـەڵام وابەسـتە بكرێتـەوە بـە ڕەسـەنایەتییەوە، دەبێـت توانـای ڕووبەرووبوونـەوەی شـتە نوێیەكانمان هەبێت و لە ئاستی ڕووداو و پێشهاتەكاندابین. ئێمـە لێرەدا سـەربوردێك دەكەیـن بەنـاو كتێبـی (الإجتهـاد والفتـوى أهميتهـا وشـروطها وتطبيقاتهـا المعاصرة)، كـە

ناوەندی (دار البشائر) بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە چاپی کردووە لە ساڵی ٢٠١٨ز لە بەیروت.

بەڕێزیان بە بەڵگەو ئەزموون ئەوەیان سەلماندووە کە بواری ئیجتیهاد و نوێ بوونەوە زۆر فراوانە بواری سیاسەتی شەرعی و ئابووری و مامەڵە داراییەکان و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و بواری پزیشکی و مامەڵەکردن لەگەڵ دیگەران و پێکەوە ژیان و ئازادییەکان و دیموکراتیەت دەگرێتەوە، بۆیە ناکرێت و ڕەوا نییە ئەو بوارە فراوانانە بەرتەسك بکەینەوە، ئەوە ویست و ئیرادەی خوداوەندە بە شەریعەتەکەی خۆی کە کەماڵ و گشتگیرییەکەی بخاتە چوارچێوەی بنەما گشتی و یاسا و ڕێسا تایبەتەکانییەوەو ئەو دەقە پێویستانەی کە چارەدۆزی هەموو حاڵەتێکی گرنگ لە هەناوی خۆیاندا هەڵدەگرن و بوارێکی زۆریان هێڵاوەتەوە بۆ ئیجتیهاد و نوێبوونەوە.

لەبەرئەوەیە کە جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی پێی وایە تێکڕای ئەو دەقانەی گومان دەبەخشن قبوڵی خوێندنەوەی تازە دەکەن و دەبنە جێگای ئیجتیهاد، هەروەك ڕووبەرێکی زۆرمان هەیە لە پرس و بابەتەکانی سەردەم کە هیچ دەقێك لە بارەیانەوە نییەو بەجێهێڵراون بۆ ئیجتیهاد لەبەر ڕۆشنایی بنەماو ڕێسا و یاسا گشتییەکاندا، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە شەریعەت ببێتە کۆکەرەوەی ئەو ڕەسەنایەتییەی کە وەك پەیکەری ئێسکی مرۆڤ وایە لە خودی خۆیدا، لەگەڵ هاوچەرخایەتی بوونێك کە نوێ بونەوەو گەشەپێدان و داهێنان دەخوازێت.

ئەوەی کە جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی جیا دەکاتەوە لە بواری ئیجتیهاد و نوێبوونەوەدا ئەوەیە کە جەنابیان باوەڕێکی قووڵیان بەوە هەیە کە ئیسلام لە سایەی دەقە پیرۆزەکانی قورئاندا لە لوتکەی

تەواوكاری و كەماڵ و جوانیدایە بەشێوەیەك دەگونجێت بۆ هەموو كات و سەردەم و شوێنێك: ﴿الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا﴾[٥٣]، دەتوانێت وەڵامگۆی تێكڕای كێشەو گرفتە هەڵواسراوەكان بێت و چارەسەری گونجاو و شیفابەخش بخاتەڕوو لە ڕووی فیكری و ڕۆشنبیری و زانستی و سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە، بەومەرجەی پشت بەم دوو خاڵە ببەستێت، یەكەم: ئەو دەقە چەسپاو و جێگیرانەی گۆڕانكاری نایەت بەسەریاندا، ئەو دەقانەی كە خۆیان لە بنەما گشتی و ڕێسا و یاسا چەسپاوەكاندا دەبیننەوە كە بونەتە جومگە و پەیكەری بنەڕەتی تێكڕای جومگە هەستیارەكانی ژیان، ئەمانە لە ناوەڕۆكدا هۆی پاراستنی گەلانی ئیسلامین لە توانەوەو ئاوێتەبوون لەگەڵ دیگەران و لە دەستنەدانی ناسنامەی مسوڵمانێتی، دووەم: گەشەپێدان و نوێ بوونەوە، ئەوەش بەڕێگای ئیجتیهاد و هەڵێنجاندن، خودا دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى الرَّسُولِ وَإِلَى أُولِي الْأَمْرِ مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ الَّذِينَ يَسْتَنْبِطُونَهُ مِنْهُمْ﴾[٥٤]، ئیجتیهادكردنەكە ئیجتیهاد و هەڵێنجاندنێكی ڕاستەوخۆ بێت لە قورئان و فەرمودە بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ بۆ كەسێك كە توانای هەبێت و مەرجەكانی تێدا بێت، یان ئیجتیهادێكی ئەزموونی و هەڵبژاردنی بژاردەیەكی باش بێت لەناو ئیجتیهادە پێشووەكاندا، جەنابیان هیچ سنور و كۆت و بەندێك لەسەر ئیجتیهاد دانانێن، ئیجتیهاد لای بەڕێزیان دەبڕێت بەسەر كۆی ئەو دەقانەدا كە ئیجتیهاد هەڵدەگرن و هاوكات ئەو ڕووداوو پێشهاتانەی هیچ دەقێك لە بارەیانەوە بوونی نییە جێگای ئیجتیهاد كردنن، ئەوەش بەرتەسك نەكراوەتەوە لە بازنەی بابەتە فیقهییە فەرمییەكاندا.

---

٥٣ سورة المائدة: ٣

٥٤ سورة النساء: ٨٣

جەنابیان دەڵێن ئەگەر چی خودای گەورە کۆتایی بەوەحی و پەیامە ئاسمانییەکان هێناوە بە قورئانی پیرۆز، کۆتایی بە زنجیرەی پێغەمبەرایەتی هێناوە بە گەورەی پێغەمبەران محمد پێغەمبەر (ﷺ)، بەڵام لەهەمانکاتدا زانایانێکی پایە بڵند و نوێکەرەوەی هەڵخستووە لە هەموو سەردەمێکدا کە دڵیان وابەستەی حەقیقەت و ڕاستی بێت و بە هەموو شێوەیەك بەرگری لێ بکەن و لەسەری بەردەوام بن و نوێ بوونەوە لە دیندا بکەن و بیگێڕنەوە سەر ڕێباز و ڕەویە و شێوازی دروست و ڕەسەنی خۆی وەك ئەوەی کە لە سەردەمی پێغەمبەر و هاوەڵە بەڕێزەکانیدا بووە، بەشێوەیەك گەرم و گوڕی و زیندوێتی پێوە دیار بێت و بگونجێنێت بۆ ئەوەی لە هەموو کات و سەردەمێکدا جێبەجێ بکرێت، مەگەر ئەم هەواڵە دڵخۆشکارە بە ڕوون و ڕێکی لەسەر زاری پێغەمبەر (ﷺ) ڕانەگەیەنراوە وەك دەفەرموویێت: «إِنَّ اللَّهَ يَبْعَثُ لِهَذِهِ الْأُمَّةِ عَلَى رَأْسِ كُلِّ مِائَةِ سَنَةٍ مَنْ يُجَدِّدُ لَهَا دِينَهَا» چەمکی (مَنْ) لەم فەرموودەیەدا گشتییە، تاك و کۆ و گروپ و دامەزراوەکان دەگرێتەوە، بەتەنیا نابڕێت بەسەر فەقیهەکاندا، جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی بەڕوونی جیاوازی لە نێوان نوێ بوونەوە (التجدید) لەگەڵ گۆڕان (التغییر) دەکات و نوێ بوونەوە بەلای جەنابیانەوە، بە واتای گۆڕانکاری نایەت لە دینی ئیسلامدا بەومانایەی کە زیاد و کەمی تێدا بکرێت یان شتێك بگۆڕێت بەشتێکی تر لە حوکمەکانیدا، بۆیە لە هیچ کاتێکدا بەهیچ بەهانەیەك نوێ بوونەوە ناکاتە گۆڕان لەڕووی زمانەوانی و شەرعەوە، گۆڕانکاری لە دیندا مافی هیچ کەسێك نییە جگە لە خودای گەورە، ئەم ئایەتە قورئانییە ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە بە ڕوونی و هیچ بەهانەیەك ناهێڵێتەوە: ﴿قُلْ مَا يَكُونُ لِي أَنْ أُبَدِّلَهُ مِن تِلْقَاءِ نَفْسِي إِنْ أَتَّبِعُ

﴿إِلَّا مَا يُوحَى إِلَيَّ﴾[55]. ئیسلام پارێزراوە بەپێی دەقی قورئانی پیرۆز: ﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ﴾[56]. بەهەمان شێوە سوننەتیش پارێزراوە چونكە ڕونكەرەوەی قورئانە، كەواتە نوێ بوونەوە، خستنەڕووی دینە بەوشێوەیەی كە بووەو گەڕانەوەیە بۆ سەرچاوەی ڕەسەن و بێ خەوشی دینداری، بەشێوەیەك لەگەڵ عەنتیكە بوونەكەیدا نوێ دەكەوێتە پێش چاو ئەوەش بە پشت ڕاستكردنەوەی چۆنێتی لێ تێگەیشتنیو لێ وردبوونەوەو لێكۆڵینەوە لەبارەیەوە تا دەخرێتەوە سەر شێوەو وێنەی ڕاستەقینەی خۆی. ئەگەر بێت و چەمكی (دینها) لە فەرموودەكەدا مانا بكەینەوە بە دینی ڕاست و پەسەندی خودا كە ئیسلامە. ئەوە جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی لێكدانەوەیەكی تایبەتی هەیە بۆ چەمكی (دین) لەم فەرموودەیەدا، بەمشێوەیەو دەڵێت: «نوێ بونەوە ئەوەیە دین پاكژ بكرێتەوە لە دابونەریتی خراپ و بیدعە و خورافیات و توندگیری و شلگیرییەك كە تێكەڵكراوە بەدین بە درێژایی مێژووی ئیسلام لەلایەن گەلانی ئیسلامییەوە، كەسی نوێخواز (المجدد) تاك بێت یان كۆمەڵ، هەڵدەستێت بە بەدوورگرتنی دین لە شێواندن و لادانی سەرلێشێواوەكان و ڕەتكردنەوەی پەڕگیری توندڕەوەكان و شلگیری كەمتەرخەم و بێباكەكانە» ئەم شێوە تێگەیشتنە ئەگەر بەڵگە بێت لەسەر شتێك ئەوە بەڵگەیە لەسەر زانایی و دانایی و تێگەیشتنی فراوان و قوڵی جەنابیان لە زمانی عەرەبی.

بەهەمانشێوە دەبێت ئاماژە بەشتێكی زۆر گرنگ بكەین، ئەوەش ئەوەیە كە جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی لەسەر هیچ بابەت و

---

٥٥ سورة یونس: ١٥

٥٦ الحجر: ٩

پرسێك قسەی سەرپێی ناکات، بەڵکو بە وردبوونەوەو گەڕان و بەڵگە ڕاو بۆچوونەکانی خۆی پشتڕاست دەکاتەوە، بەشێوەیەك گونجاو بێت بۆ ژیان و بارودۆخ و سەردەم، لەهەمانکاتدا بنەمایەکی ڕەسەن و بەهێزی هەبێت و نەبێتە بارگرانی و نەهامەتی بۆ مسوڵمانان لەم سەردەمە دژوارەی ئێستاماندا، بۆیە خوێندنەوەو دید و بۆچوونی جەنابیان دابڕاو نییە لە ڕابردوویەکی دەوڵەمەند و بە تەواوی مانایش لەژێر کاریگەرییاندا نییە، بەڵکو تەباو گونجاوە لەگەڵ ڕابردوودا و مەبەستی خۆیشی دەگەیەنێت بەشێوەیەکی سەردەمیانە.

بۆ سەلماندنی ئەم ڕاوبۆچوونەو وردبوونەوەو هەڵسەنگاندن و لە قاڵب و بێژنگدانی بابەتەکان، دەبینین جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی لە بەشی یەکەمی کتێبی (الإجتهاد والتجدید) لە کۆی سەردەمەکاندا قسە دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی فیقهی ئیسلامی و تەواوی ئەو سەردەمە جیاوازانە کە پێیدا تێپەڕبووە لەڕووی گەشەکردن و پێشکەوتن و زیندوێتی لە ڕوویەکەوە، چەقبەستویی و دواکەوتویشی لە ڕوویەکی ترەوە، دواتر چۆنێتی هەستانەوەو ژیانەوە بۆ جارێکی تر، ئیدی بەمشێوەیە، جەنابیان خاوەنی هێزوپێزێکی زانستی و ورەیەکی بەرزی کردەیین، بەشێوەیەك ورەبەرزی دەبەخشێتە بەرانبەر و دەیەوێت بەڕەوت و گوڕوتینێکی باشەوە بیبات بەرەو چاوکردن لە دەستەبژێری سێ جیلی یەکەم، سەردەمی هاوەڵانی بەڕێز و شوێنکەوتوانیان و شوێنکەوتوی شوێنکەوتووان، ئەوانەی وەك جەنابیان وەسف و ستایشیان دەکات لەسەر ئەو هەموو ڕەنج و کۆششە بێ وچانەی کە دایان لەپێناو هێنانەدی سەردەمێکی پڕ لە گەرموگوڕی و کاروکۆشش و ئیجتیهاد و شارستانێتی و

زانست و بانگەوازێك كە ئەو شارستانێتییە فراوان و ناوازەیەی لێكەوتەوە، هەروەك بوێری و نەبەردی فەقیهەكانی هێنایەدی بەشێوەیەك كە بونە تیماركار و چارەدۆزی تێكڕای ئەو كێشە و گرفتانەی كە هەردوو شارستانییەتی ڕۆم و فارسەكان بەرهەمیانهێنابوو.

جەنابیان ئەوەمان پێ ڕادەگەیەنن كە پرۆسەی ئیجتیهاد بەگەش و زیندوویی بەردەوام بوو تا ناوەڕاستی سەدەی چوارەمی كۆچی بەتایبەت لە سەردەمی عەباسییەكاندا بایەخ و برەوێكی زۆریان دابوو بە گەشەپێدانی فیقهی، بەردەوام هانی زانایانیان دەدا كە خەریكی نوسین و وەرگێڕان و داهێنان بن لە هەموو زانستەكاندا و سوود لە هەموو شارستانییەتەكان وەربگرن، جەنابیان ئەو گەشەكردن و پێشكەوتنە بۆچەند هۆكارێك دەگێڕنەوە، كە ئەمانە گرنگترینیانن: هەماهەنگی لە نێوان دامەزراوەی خەلافەت و دامەزراوەی زانستییدا، چونكە مەیدانی بوون و كاركردن لە واقیعدا یارمەتیدەردەبێت بۆ چارەسەركردنی كێشەی ڕۆژانە، ئەمەش بووە هۆكاری دەوڵەمەندكردنی سەرمایە فیقهییەكە وێڕای ئەو هۆكارە كە كاریگەری هەبوو لەسەر گەشەپێدان و بەرەوپێشبردنی فیقە، هۆكاری كۆمەڵایەتیش بەهایەكی گەورەی هەبوو كە بووە هۆی پێشكەوتنی كۆمەڵگاكان و ڕۆشنبیری و توانا زانستییەكانیان گەشەی كرد، هەروەها هۆكاری زانستی، بەشێوەیەك بناغەی زانستەكان داڕێژران كە زانستە بنەڕەتیەكانی وەك زانستەكانی تەفسیر و قورئان و سوننەت و زانستەكانی فەرمووده و زانستی ئوسوڵی فیقە نوسرانەوە لەو سەردەمەدا.

ئەوەی ئەو سەردەمە جیادەكاتەوە لە سەردەمەكانی تر لە ڕووی پرۆسەی ئیجتیهادەوە ئەوەبوو كە بۆ پرۆسەی ئیجتیهاد

ڕاستەوخۆ سوود لە قورئان و سوننەت وەردەگیراو بەهەمان شێوە سوود لەپاشخانی زانستی زانایانی پێشین وەردەگیرا ئەمە وێڕای سوود وەرگرتن لە زانستەکانی سەردەم، تا گەیشتن بە کۆتایی سەدەی چوارەم یان سەرەتای سەدەی پێنجەمی کۆچی، ئیتر لەوە بەدواوە بەگشتی کتێبە فیقهییەکان پشتیان پێ دەبەستراو مەزهەبەکان گەشەیانکرد، بەڵکو میتۆدی خوێندنەوەو پێداچوونەوەو هەڵێنجاندنی دەقە فیقهییەکان بووە باو لەناو کتێبەکانی پێشەوای مەزهەبەکاندا، ئەمە وێڕای ئەوەی کە شرۆڤەکردنیان و کورتکردنەوەو لەسەرنووسین و ڕێکخستنیان بووەکاری لە پێشینەی زانایان، بەمەش ئاراستەی فیقهی ئیجتیهادی ڕێگای گۆڕی و بە ئاراستەیەکی تردا برا، بەڵکو گرفتی بۆ دروستکرا تەنانەت کودەتایەکی ڕاستەقینە کرا بەسەر میتۆدی هەڵێنجاندن و بەڵگەهێنانەوە و پرۆسەی ئیجتیهادا.

بەمشێوەیە جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی تاوتوێی مێژووی فیقه و فەقیهەکان دەکات و جیاکاری لە نێوان فەقیهی نوێخواز و موجتەهید و فەقیهی لاواز و موقەلید دەکات و ئەو نەهامەتییانە دەخاتەڕوو کە بەسەر پرۆسەی فیقهی ئیسلامییدا هاتووە لەڕووی کشانەوە لە مەیدان و ونکردنی ڕۆحی مەبەستگەرایی و کوژانەوەو لاوازبوونی ڕۆحی ئیجتیهاد، بەڕوونی سەرەتای ئەم لاوازی و پەککەوتنە دەگێڕێتەوە بۆ کەوتنی خەلافەتی عەباسی بەکەوتنی بەغداد لە ساڵی ٦٥٦ کۆچی لەسەر دەستی مەغۆل و تەتەر، ئەوان جیهانی ئیسلامییان پارچەپارچە کرد بۆ چەند دەوڵەتێکی بچوك، بەڵام خوداکردی ئەو تەبایی و یەك ڕیزییە گەڕایەوە بۆ گەلانی ئیسلامی لەسەر دەستی (نورالدین زەنگی) و دواتر سوڵتان صلاح الدینی ئەیوبی کارەکەی بەپایان گەیاند،

ئەوەش بوویە سەرەتای قۆناغێكی نوێ بۆ چالاككردنی پرۆسەی زانستی و فیقهی و فەرموودە لە وڵاتی میسر و شام و عێراق و شوێنانی تر، ئەوەبوو سوڵتان صلاح الدینی ئەیوبی لە قۆناغی ئیجتیهادەوە گواستییەوە بۆ قۆناغی تێكۆشان (جیهاد) و لە یەكخستنی گەلانی ئیسلامییەوە بۆ ڕزگاركردنیان هەنگاوی نا، بە گشتی ئەمانە بوونە هۆكاری لاوازبوونی ڕۆڵی فیقهی ئیسلامی و پرۆسەی ئیجتیهاد و نوێ بوونەوە پوكایەوە، ئەمەش لەبەر نادیدەگرتنی ڕووكاری مەبەستگەرایی، واتە مەبەستەكانی شەریعەت (المقاصد الشريعة).

دواتر جەنابی پڕۆفیسۆر قەرەداغی باسی پرۆسەی فیقهـ دەكات لە سەردەمی داگیركاری بێگانەدا، لەو ڕووەوە كە جێكەوتە خراپەكانی چی بووە لەسەر مسوڵمانان بەشێوەیەكی گشتی و لەسەر خودی پرۆسەی فیقهـ بەتایبەتی، ئەمەش لەڕووی میتۆدی فیقهی و نووسینەوەو ئیجتیهاد و بەرهەمهێنان و نوێ بوونەوەی فیقهەوە، بەڵام دوای ئەم سەربوردە لە مێژووی فیقهی ئیسلامی و كۆسپ و لەمپەرەكانی جەنابیان پێیان وایە كە فیقهی ئیسلامی ئەگەرچی بە قۆناغێكی دژواردا تێپەڕبووە بەڵام توانای لەسەر پێی خۆ وەستانی هەیەو ژێرخانێكی بەهێز و پتەوی هەیەو هەستانەوەو نوێ بوونەوە بەخۆیەوە دەبینێت، ئەوەش ڕاستییەكی حاشا هەڵنەگرە و لە سەدەی سیانزەیەمی كۆچییەوە دەستیپێكردووە (سەردەمی ڕاپەڕینی نوێ) ئەو ئومێدەش كاتێك بوژایەوە كە زانایانێكی نوێخواز و چاكساز لە بواری فیكر و عەقیدەو فیقهـ سەریانهەڵدا، هاوشێوەی زانایانی پایەبەرز صەنعانی و شەوكانی و دواتریش ئەفغانی و محمد عەبدەو شێخ ڕەشید ڕەزا، ئەمانە تەنیا وەك نموونە.

جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی هەرهەنگاوێك بنێ جێگا پێی خۆی خۆش دەكات و دەزانێت لەكوێدا پێ دادەنێت، بۆیە لە سەروبەندی باسی نوێ بوونەوەدا زۆر بە وردی قسە دەكات و بەڕوونی پایەكانی نوێ بوونەوە دەخاتەڕوو جەنابیان پێیان وایە نوێ بونەوە چوارپایەی بنەڕەتی هەیە بەمشێوەیە:

نوێخواز (كەس)

نوێبوەوە (دین)

ئەوەی نوێ بوونەوەی لەپێناودا دەكرێت (گەلانی ئیسلامی)

ئەوەی نوێ بوونەوەی پێ دەكرێت (كەرەسەی نوێ بونەوەو هۆكارەكانی)

دواتر بۆ هەریەكێك لەم پایانە مەرج و خواستی پێویست باس دەكات بۆ ئەوەی پرۆسەی نوێ بوونەوە بێتەدی، بۆیە ناكرێت كەسی نوێ خواز بەبێ مەرجەكانی نوێ بونەوە بتوانێت عەقیدە و فیكر و دنیابینی ڕاست و دروست بخاتەڕوو.

مەبەست لە چەمكی (دین) مانا گشتییەكەیەتی بە واتای فیكر و عەقیدە و ئەخلاق و عیبادات و مامەڵە داراییەكان و ئابووری و سیاسەت و جیهاد و قەزاوەت و پەیوەندییە مرۆییەكان دێت، جەنابیان زۆر پێداگرن لەسەر تێگەیشتنی دروستی دینی و ئاشنابوون بە هەر زیاد و كەمێك كە تێكەڵ بە دین كرابێت و بەڕێوەبردنی پرۆسەی ئیجتیهاد بە میتۆدێكی ڕوون و ڕەسەن و تەواو و گشتگیر، لەمانەش گرنگتر خستنەڕووی پەیامی دیندارییە بە زمانی سەردەم و بەشێوەیەكی ڕوون و بە گوتارێكی سەرنجڕاكێش تا شكۆ و جوانی و بێ وێنەیی ئیسلام بخرێتەڕوو بەشێوەیەك لە ئاستی سەردەم و تێگەیشتنی خەڵكدا بێت.

جەنابیان وادەبینن كە گەلانی ئیسلامی كە بریتییە لە پایەی

سێیەم، ئامادەییان هەیە بۆ ئەو نوێبوونەوەیە. دەبێت چاكساز و نوێ خوازەكان قۆڵی جوامێری و لێبڕانی لێ هەڵكەن لە تێكڕای بوارەكانی فیقهـ و فیكر و سیاسەت و ئەخلاق و كۆمەڵایەتیدا دەسبدەنە پرۆسەی نوێ بوونەوە.

كەرەسەی نوێ بوونەوەو هۆكارەكانیشی زۆر و لەبەرچاون بە بۆچوونی جەنابیان، گرنگترینیان: زانستە بە هەموو جۆرەكانییەوە، فیكر و فیقهـ، فیقهی بواری عیبادات بێت یان بواری مامەڵە داراییەكان، یان فیقهی سیاسی و فیقهی ئابووری بێت یان.. گرنگترین شێوازی نوێ بونەوەی فیقهـ ئەوەیە كە گرێ بدرێتەوە بە ڕشتەبەندی مەبەستەكانی شەریعەتەوە، كەڵك لە زانستەكانی سەردەمیش وەربگیرێت بەتایبەت زانستی كۆمەڵایەتی بۆ گەشەپێدان و بەرەوپێشبردنی، لێرەدا ڕەنگە جەنابی پڕۆفیسۆر قەرەداغی تەنیا كەسێك بێت كە پێی وایە گەلانی ئیسلامی ناتوانن ڕاپەڕین و پێشكەوتن بكەن بە ڕێگای زانستی كۆمەڵناسی نەبێت، چونكە زانستی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگاكان دەبات بەرەو تێگەیشتنی سەردەمیانە و وەرگرتنی شتەكان، بەتایبەت ئەو بابەتە دینییە پێویستانەی كە پێویستی ڕۆژانەی خەڵكن لە مامەڵەكان و هەڵسوكەوتكردن لەگەڵ دیگەران بەچاكی و جوانی و یەكتر قبوڵكردن و خۆنەسەپاندنی بەسەر كەسدا و گرتنەبەری باشترین ڕێگا بۆ دەستەبەركردنی نموونەیەكی جوان.

جەنابیان بۆ سەلماندنی ئەوەی كە دەیڵێت بەشێوەیەكی كردەیی نموونەی بۆ دەهێنێتەوەو دەیخاتە پێش چاومان و لە قولایی مێژووی ئیسلامییدا چەند ئاماژەیەك دەكات: «دەكرێت كەرەسەی نوێبوونەوە بە ڕێگای پلانی ستراتیژی بێت بۆ بەدەستهێنانی دەسكەوتێك بۆ گەلانی ئیسلامی، یان فەتح و

تێکۆشان بێت بە هەموو شێوەکانییەوە، بە نموونە (نورالدین)ی زەنگی نوێ کەرەوەبوو لەڕووی دانانی پلانی ستراتیژییەوە، بەڵام (صلاح الدین)ی ئەیوبی نوێ کەرەوەبوو لەڕووی پلان و ڕزگارکردن و سەرکەوتن و فەتحەوە».

وەك وتمان جەنابیان پێیان وایە کەرەسەی نوێ بونەوە زۆرەو دەکرێت نوێ بونەوە بە قسەو بە ژیری و فیکر و فیقهـ و بە تەکنەلۆژیای سەردەم و بە پرۆژەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بهێنرێتەدی، وا دەبینێت کە ئیجتیهاد پێویستییەکی گەورەی نوێ بونەوەیەو مەحاڵە نوێ بونەوەی ڕاستەقینە بێتەدی لەگەڵ لایەنگری کوێرانە و تەقلیددا، دەبێت لێرەدا ئەوەش بەبیر بهێنینەوە کە تەقلیدی کوێرانە و بێزراو جیاوازە لە بە پێشەنگکردن و شوێنکەوتن و هاوڕابوون و وەرگرتنی ڕاوبۆچونی زانایان ئەوانەیان کە خاوەنی زانست و زانیارین، خودا دەفەرموویت: ﴿فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾[٥٧]. تەقلیدی بێزراوو ڕەتکراوە بریتییە لەو تەقلیدەی کە بە دۆگمایی و چەقبەستویی شوێن کەسێك یان مەزهەبێك بە دیاریکراوی بکەویت و بەهیچ جۆرێك ئەملاولا نەکەیت هەرچەندە بەڵگەی ڕوون و بەهێزی پێچەوانەت نیشان بدرێت.

بەو پێیەی کە جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی پسپۆڕێکی گەورەی بواری ئابووری ئیسلامییە و دوور و نزیك شایەتی بۆ دەدەن لەو بوارەدا، دەبینین بەشێکی زۆری تواناکانی خۆی خستووەتە خزمەتی ئەو بوارەو ڕۆڵێکی لەبەرچاوی بووە لە بوژانەوەی ئابووری ئیسلامی و مامەڵە داراییەکانی سەردەمدا.

لەم بوارەدا جەنابیان نوێ خوازێکی (المجدد) بێ ڕکابەرن

٥٧ سورة النحل: ٤٣

و زۆرتریـن كاریـان لـە مەیدانـی نـوێ بونـەوەی فیقهـی ئابـووری ئیسـلامی و مامەڵـە داراییەكانـدا كـردووە، ئەمـەش بابەتێكـە لەبـەر گرنگییەكـەی مێشـكی هەمـوو تاكێكـی بەخۆیـەوە سـەرقاڵ كـردووەو جەنابیـان ڕێگاچـارەو چارەسـەر و میتـۆدی خۆیـان لـەم بارەیـەوە بـەردەوام دەخەنـەڕوو، بەشـێوەیەك كـە گونجـاو بێـت لەگـەڵ سـەردەم و بارودۆخەكـەدا سـەردەمی سـەرمایەداری.

چۆنێتـی نـوێ بونـەوە لـە فیقهـی ئابـووری ئیسلامی و مامەڵـە داراییەكانـی سـەردەمدا جەنابـی پرۆفیسـۆر قەرەداغـی لـە ڕوانگـەی ئـەم ناونیشـانەوە بـە قووڵـی چووەتـە نـاو بـاس و بابەتەكانـی پەیوەندیـدار بـەم بـوارە بەشـێوەیەك هیـچ شـتێكی پەیوەسـت بـەم بابەتـەی نادیـدە نەگرتـووە، ئێمـە لێـرەدا بـە پوختـی تیشـك دەخەینـە سـەر ئـەم بابەتـە:

١- نـوێ بونـەوەی فیكـری ئابـووری و یاسـای ئابـووری و دیـدە ئابووریيـەكان لـە ڕوانگـەی بنەمـا فیكرییـە تەواوكارەكانـەوەو خسـتنەڕووی چارەسـەری گونجـاو و ڕیشـەیی بـۆ تێكـڕای كێشـە ئابوورییەكان لەسـەر ئاستی ناوخۆیی و جیهان، هاوكات گرێدانێكی بەهێـز لـە نێوان بنەما و چارەسـەرەكاندا، لەگەڵ پێكەوەبەستنەوەی بابەتـە گـەورەو بچوكـەكان و لەگـەڵ گرێدانەوەیـان بەمەبەسـتە گشـتییەكانی شـەریعەتی ئیسـلامەوە.

٢- نوێكردنـەوەی بنەماكانـی هەڵێنجانـدن بۆ بابەتـە ئابوورییەكان و داڕشـتنەوەی میتـۆدی تایبـەت بـەو بـوارە، تـا توانـای نوێبونـەوەی فیقهـی هەبێـت، چونكـە هیـچ نوێبونەوەیـەك لـە فیقهـدا ڕوو نادات ئەگـەر نـوێ بوونـەوە لـە میتۆدەكەیـدا ڕوونـەدات، وەك دەزانیـن ئوسـوڵی فیقهـ بریتییـە لـە میتـۆدی هەڵێنجانـدن و ڕاسـتەوخۆ زانسـتی فیقهـ لـەوەوە سـەرچاوە دەگرێت، مەبەسـت لـە نوێبونەوەی

ئوسوڵی فیقهـ بەکەم سەیرکردنی ڕێساو یاسا ئوسوڵییەکان نییە، یان گۆڕانکاریکردن تێیاندا، یان گومان لێکردنیان، چونکە ئوسوڵی فیقهـ زانستێکی گەورەو گران قەدرە لەڕووی ڕێساو یاساکانییەوەو ئەوە بووەتە کەفیلی هەڵێنجاندنێکی ڕاست و دروست لە ئیسلام، بەڵکو مەبەست لە نوێبوونەوە بریتییە لەمانە:

- پێداچونەوەو چاو خشاندنەوە بەو شتانەدا کە دوورونزیک پەیوەندییان نییە بە ئوسوڵی فیقهەوەو دوورخستنەوەیان لە ئوسوڵی فیقهـ بە ڕێگای میتۆدێکی ڕوون و ئاشکرا، بە نموونە چەندین بابەت هەیە ئاراستە بەرەو تەقلیدکردن دەبەن لەبری ئیجتیهاد.

- بەستنەوەی بابەتە جوزئیەکان بەمەبەستە گشتییەکانەوەو لەبەرچاوگرتنی ڕێسا و یاسا گشتییەکان، لەهەمانکاتدا ڕەچاوکردنی هاوسەنگی لە نێوان هۆکار و مەبەستەکاندا، یان هاوسەنگیکردن لە نێوان بابەتە گشتییەکان لەگەڵ لقەکانی و هاوسەنگیکردن لە نێوان کردنەوەو داخستنەوەی ئەو شتانەی دەبنە بیانوو بۆ شتێکی تر (سد الذرائع)، یان هاوسەنگیکردن لە نێوان ئەحکامە ڕواڵەتییەکان لەگەڵ فیقهی هودەو سەرەنجام.

- داهێنانی چەند بنەمایەکی ئوسوڵی نوێ کە یارمەتیدەربن لەسەر ئاسان تێگەیشتن و هەڵێنجاندن، وەك فیقهی میزان لەبەر گرنگییەکەی هیچ زاناو توێژەرێك ناتوانێت لێی بێنیاز بێت، یان میتۆدی دووانەیی (الزوجي) گشتی لە تێگەیشتندا لەبری میتۆدی دانەیی (الاحادی الجزئي).

٣- وابەستەکردنی فیقهـ بە ڕشتەبەندی مەبەستگەراییەوە، ئەمە ئەو بابەتەیە کە جەنابیان هەمیشە پێداگری لەسەر دەکەن و بەرەهەندی مەبەستگەرایی ناوی دەبەن (البعد المقاصدي).

٤- كاركردن بۆ بەدەرخستن و دیاریكردنی بنەما گشتییەكان، یان ئەوەی كە بەرێساو یاسا گشتییەكان ناودەبرێن، یان دیدگا گشتییەكان تا لە ڕوانگەیانەوە بتوانرێت بابەتە زۆر و زەبەندەكان و بابەتە جیاوازەكان ڕێكبخرێنەوە.

بە كورتی جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی ئەو ڕێچكەیەی گرتووە كە بایەخدان بە ڕێسا و یاساكان و هەڵێنجاندن و خستنەڕوو لە گرنگترین جۆرەكانی نوێ بونەوەن لە سەردەمی ئێستاماندا.

٥- بەراوردكاری فیقهی لەناو مەزهەبە فیقهییەكاندا بەشێوەیەكی گشتی بە فیقهی حەنەفی و مالیكی و شافیعی و حەنبەلی و... بەڵكو گەڕان بەدوای ڕاوبۆچوونە زۆر و پرش و بڵاوەكاندا لەڕاوبۆچوونی هاوەڵان و شوێنكەوتووانیان، ئەم بەراوردكارییە جوڵانەوەیەكی فیقهی فراوانی هێنایەكایەو سەری لەبوژانەوەی فیقهی بەراوردكارییەوە دەرچوو بەتایبەت ئەگەر پابەندی بپارێزرێت بەمیتۆدێكی ڕاست و بەشێوەیەكی بەویژدانانە ڕاوبۆچونی هەموو مەزهەبە فیقهیەكان بخرێتەڕوو لەگەڵ دیاریكردنی شوێن و چۆنێتی ڕاجیاییەكانیان، بەرەچاوكردنی خستنەڕووی بەڵگەی هەموویان و گفتوگۆكردن لەسەر بەڵگەكانیان و دیاریكردنی ڕای پەسەند و بەهێز بەبێ دەمارگیری و لایەنگری، دواتر جێكەوتەی ڕای پەسەند و بەهێز باس بكرێت لەسەر واقیع.

٦- وابەستەكردنی ئیجتهاد بە فیقهی میزانەوە بەوپێیەی كە یارمەتیدەردەبێت بۆ باشتر تێگەیشتن لە قورئان و سوننەت.

٧- گشتگیركردنو فراوانكردنی بازنەی فیقه بەشێوەیەك كە فیقهی لەپێشترینەكان (الاولويات)و فیقهی میزانو هەڵسەنگاندنو فیقهی واقیع بگرێتەوەو زانیاری لەبارەی فیقهی قۆناغبەندییەكانەوە هەبێت، بەم فیقهە گشتگیرو بەو فیكرە قووڵەوە نوێبوونەوەی ڕاستەقینە دێتەدی.

٨- بایەخدانێکی لەڕادەبەدەر بە فیقهی دابەزاندنی دەقەکان و تێگەیشتن لێیان، واتە چۆنێتی دابەزاندنی دەقەکان بۆسەر زەمینی واقیع، باشترین نموونە ئەوەبوو کە گەورەمان خەلیفە عومەر لە ساڵی برسێتیدا دەستی دزی نەبڕی لەگەڵ ئەوەدا کە حوکمێکی یەکلاکەرەوەی لەسەرە.

٩- بەراوردکاری فیقهی ئیسلامی بە سەرجەمی مەزهەبەکانەوە، لەگەڵ یاسا دانراوەکانی دەستی مرۆڤ (القوانین الوضعیة) لەبواری ئابووری و سیاسییدا. ئەم بەراوردکارییە لە نێوان هەردوو دەسەڵات و حوکمەکەدا (ئیسلامی) و (وضعي) خزمەتێکی گەورە دەکات بە فیقهی ئیسلامی لە ڕووی چارەسەرییەوە، بەڵام بەیەك مەرج، مەرجەکەش ئەوەیە کە قوربانی نەدرێت بە میتۆدی فیقه و ئوسوڵ و ڕێسا و یاساکانی لەپێناو گەیشتن بە بنەمایەکی یاسایی.

١٠- وابەستەکردنی ئیجتیهادی فیقهی بەزانستە مرۆڤایەتییەکانەوە، بەتایبەت زانستە کۆمەڵایەتی و دەروونی و پەروەردەییەکان و هەر زانستێکی تری پەیوەندیدار بەبابەتەکەوە وەك زانستی پزیشکی. بۆ زانیاری زیاتر دەکرێت خوێنەر بگەڕێتەوە بۆ کتێبی (فقه القضایا الطبیة المعاصرة) لەم ڕووەوە لە نووسینی جەنابی پڕۆفیسۆر قەرەداغی. بەمانایەکی تر دەبێت کەسی زانا و موفتی زانیارییەکی بەرفراوانی هەبێت و کۆکەرەوەی زانستی فیقه و زانستە پەیوەندییدارە گرنگەکانی تریش بێت.

١١- ئیجتیهادی دەستە جەمعی، ئەمەش بریتییە لەو فەتواو بڕیارانەی کە ناوەندە فیقهییەکان دەریدەکەن چونکە ئەو ناوەندە فیقهییانە لەسەر بنەمای ڕاوێژ و گفتوگۆ لە نێوان خۆیاندا دەگەنە ڕاوبۆچونێکی هاوبەش یان فەتوایەك یان بڕیارێك کە

بەدەستەجەمعی یان بە زۆرینە بڕیاری لەبارەوە دەدەن. ئەم جۆرە لە ئیجتیهاد مێژوویەكی كۆنی هەیەو لە دێرزەماندا هاوەڵان و شوێنكەوتووانیان بەم میكانیزمە فەتوایان داوە.

دەبینین كە جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی بەم گرنگییەوە دەڕوانێتە ئیجتیهادی دەستە جەمعی، لەهەمانكاتدا پشتگیری ئیجتیهادی تاكە كەسی دەكات و پێیوایە ئیجتیهادی دەستە جەمعی ناتوانێت لێی بێ نیاز بێت، چونكە ئیجتیهادی تاكە كەسی یەكەم دەروازەو پاڵپشتی ئیجتیهادی دەستە جەمعییە، هەروەك هەوڵی تاكەكەسی زۆرتر دەست و پەنجە نەرم دەكات لەگەڵ گرفت و كێشەكانی گەلانی ئیسلامییدا بەشێوەیەكی ڕۆژانە و لە بابەتە نوێ و پێشهاتەكاندا. لەبەرئەوە دەبێت ئیجتیهادی تاكەكەسی لە شانی ئیجتیهادی دەستە جەمعییەوە پرۆسەیەكی بەردەوام بێت، لەهەمانكاتدا نابێت لە بابەتە هەستیار و چارەنووس سازەكاندا كەسێك بەتەنیا فەتوا بدات.

١٢- پارە پارە كردنی ئیجتیهاد(التجزئة)، مەبەست لێی ئەوەیە كە زانایەك لە بوارێكدا توانای ئیجتیهادكردنی هەبێت، بە نموونە مامەڵە داراییەكان، یان لەیەك بابەتی مامەڵە داراییەكاندا و لەوانەی تریاندا بێتوانایە. لە سەردەمی ئەمڕۆماندا بەزۆری ئەمە ڕوودەدات، وەك ئەوەی كەسێك بڕوانامەی دكتۆرا بەدەستدەهێنێت و تێزی دكتۆراكەی لەسەر بابەتێكی دیاریكراوە، دەكرێت خاوەنەكەی ببێتە موجتەهید لە تێزی دكتۆراكەی خۆیدا ئەگەر مەرجەكانی ئیجتیهادی تێدا هاتبێتەدی.

١٣- بە یاساكردنی فیقهی ئیسلامی و داڕشتنەوەی فیقه بەشێوەیەكی یاسایی بەشێوەی خاڵبەندی و پۆلێنكردن تا ماناكردن و تێگەیشتن لێی ئاسان بێت و گەڕانەوە بۆی سانا بێت.

١٤- هاندان بۆ ئیجتیهادکردن بە هەردوو جۆرەکەیەوە هەڵبژاردن و بابەتیانە (الإنتقائی) لەگەڵ نوێ و دامەزراندن (الإنشائی).

**جۆری یەکەم:** ئیجتیهادی هەڵبژاردن و بابەتیانەی پشت ئەستور بەو سامانە فیکری و فیقهی و شارستانییە فراوانەی کە گەلانی ئیسلامی هەیانە، دواتر پشتڕاستکردنەوەو ئیختیارکردنی ئەوەی بەڵگەکان پشتگیری دەکەن و لەگەڵ مەبەستەکانی شەریعەت ساز و تەبان، پاشان هەستان بە پرۆسەی هەڵبژاردنەکە بۆ گەیشتن بە خێر و بێر و بەرەکەتێك کە بەو ڕێگایە بەدەست دەکەوێت.

نابێت ئەو شێوە هەڵبژاردنە لە سنوری فیقهـ و ئوسوڵی فیقهدا قەتیس بکرێت، بەڵکو دەبێت سەرجەمی ئەو سامانە فیکری و شارستانییە بگرێتەوە کە پێشینانمان بۆیان بەرهەمهێناوین لە تەفسیر و فەرموودە و کۆمەڵناسی و دەروونناسی ئەمە وێڕای فیقهـ و ئوسوڵی فیقهـ.

**ئامانج لەم جۆرە ئیجتیهادە چوار شتە:**

• سوود وەرگرتن لە چارەسەرە کۆنەکان، چونکە زۆرینەی پرسیار و گرفت و کێشەکان بابەتێکی کۆن و نوێن، دووبارە دەبنەوە بەپێی تێپەڕبوونی کات و سەردەم.

• سوود وەرگرتن لە چارەسەرە فیکری و فیقهییەکان بە کەمێك دەسکاری و جوانکارییەوە یان بەرگێکی نوێ و سەردەمیانە دەکەین بەبەریدا، یان بە هەڵدورین و دانە دەم یەك بەشێوەیەکی گونجاو (تلفیق) لە نێوان ڕاوبۆچونەکاندا.

• چاوخشاندنەوەو پێداچونەوەی ئەوەی کە زانایان لە فیقهـ و ئوسوڵ پشتیان پێبەستووە لەو دەقانەی کە گومان دەبەخشن،

دەكرێت جارێكی تر چاو بخشێنرێتەوە بە مانا و مەبەست و شوێن و كاتی وتنیاندا، چونكە دەكرێت بە نوێبونەوەی سەردەم ئەوانیش نوێ ببنەوە، لەو چوارچێوەیەدا دەكرێت چاو خشاندنەوە بكرێت بەو بابەتانەی كە دەوترێت كۆدەنگی (إجماع) لەبارەیانەوە كراوە، لەكاتێكدا ئەو ڕاستییە بەدیاركەوتووە كە كۆدەنگی ئوسوڵی ڕووی نەداوە، بەڵكو ئەوەی ڕوویداوە كۆدەنگی بووە لە بەدەنگ نەهاتن، یان ئەوە سەلمێنراوە كە نارەزامەندی و بەدەنگهاتنی بەشێك لە زانایان بوونی هەبووە، یان كۆدەنگی بەپێی بەرژەوەندی و عورف بووە، لە ئەمڕۆدا ئەو عورف و بەرژەوەندییە گۆڕانكاری بەسەرداهاتووە. لەهەمانكاتدا ئەوەی لەسەر عورف بنیاتنراوە دەبێت لە ئەمڕۆدا پێداچوونەوەی تێدا بكرێت، چونكە عورفی گونجاو عورفی بەراوردكارییە نەك عورفی كۆن بەتەنیا.

• بوژانەوەو نوێكردنەوەی هەندێك ڕاوبۆچونی تاكەكەسی لە دەرەوەی مەزهەبە سەردەستەو باو و بڵاوەكان كە ڕۆژگار نادیدەی گرتووەو لەبیركراوە لەسەردەمە پێشووەكاندا بەهۆی پشت بەستنی خەڵك بە مەزهەبە باو و كاریگەرەكان لە جیهانی ئیسلامییدا، ئەمانە هەندێك ڕاوبۆچونی دەگمەن و گرنگن كە بەشێك لە هاوەڵان و پێشین و زانایانی گەلانی ئیسلامی بە درێژایی مێژوو وتوویانە.

**جۆری دووەم:** ئیجتیهادی دامەزراندنی نوێ (الإنشائی) بەم ئیجتیهادە نوێیە دەتوانرێت كۆمەڵێك كێشەی هەڵواسراوی نوێ چارەسەر بكرێت كە پێشینەی نەبووە لە ڕابردوودا، ئەم جۆرە لە بواری ئابووری و مامەڵە داراییەكاندا زۆر و حاشا هەڵنەگرن، چەندین شتی نوێمان هەیە كە پێشینەی نەبووە لە رابردوودا،

وەك كۆمپانیـا پشـكدارەكان و بابەتـی پشـك و دراوی كاغـەزی و دڵنیایـی (التأمیـن)و بانكـەكان و چەكـی بانكـی، ئەمانـە هەموویـان پێویسـتییان بـە ئیجتیهـادی نـوێ هەیـە.

جەنابـی پرۆفیسـۆر قەرەداغـی لەسـەر ئـەوە پێداگـرە كـە ئیجتیهاد لـەم بوارانـەدا دەبێت لەبەر ڕۆشـنایی بنەماگشـتییەكان و مەبەسـتەكانی شـەریعەت و ڕێساو یاسا گشـتییەكانی ئیجتیهاددا بێـت، لەگـەڵ هەمـوو ئەمانـەدا دەبێـت مەرجەكانـی ئیجتیهـاد بوونـی هەبێـت لـەو كەسـەدا كـە دەیەوێـت ئیجتیهـاد لـەم زەمینەیـەدا بـكات، ئەگەرچـی شۆڕشـی زانیارییـە تەكنۆلۆژییەكانـی ئـەم سـەردەمە ڕێـگای گەیشـتنی بـە ئیجتیهـاد ئاسـانكردووە.

١٥- بایەخـدان بـە ژیـری و ئـاوەزو كاراكردنـی و بایـەخ پێدانـی زیاتـری و گێڕانـەوەی ڕۆڵـی لـە سـێبەری وەحییـدا، چونكـە ژیـری خزمەتـكاری وەحییـەو هیچ ئاینێك نییە ئەوەنـدەی ئاینـی پیـرۆزی ئیسـلام بایەخـی بـە عەقـڵ دابێـت، سـەردەمی ئێسـتامان لـە هەركاتێـك زیاتـر پێویسـتی بـەوە هەیـە كـە ڕۆڵ بـدات بـە ژیـری و جێكەوتـەی دیار بێت لـە ژیانـی فیكری و ئیجتیهادی و شارسـتانییدا بـە ڕەچاوكردنـی هاوسـەنگی و هەماهەنگییەكـی تـەواو لـە نێـوان وەحـی و ژیریـدا، ژیـری تـەنیـا هـۆكار و ئامڕازێكـە كـە لـە ڕێگەیـەوە دەتوانرێـت پرۆسـەی ئیجتیهـاد و هەڵهێنجانـدن و نـوێ بونـەوەو تەرجیـح ئەنجام بدرێت. تەنانـەت ئەگـەر دەقەكانیـش یەكلاكەرەوە (قطعي)بـن ڕۆڵـی ژیـری هـەر تـەواو نابێـت. لەگـەڵ جۆرەكانـی تـری دەقـەكان (ئەوانەیـان كـە گومـان دەبەخشـن لـە ڕووی چەسـپاندن و ئامـاژەو گومـان و چەسـپاندن بەتەنیـا، بەڵگـەی گومانـاوی) ئـەوە ڕۆڵـی ژیـری زۆر زیاتـرە لـەڕووی ئیجتیهـاد و هەڵهێنجانـدن و دەورو خولـی ئـەم بابەتانـە و هەرچـی كـە پەیوەندیداربێـت پێیانـەوە.

١٦- نوێكردنەوە لە پرۆسەی پەروەردە و فێركردندا بەشێوەیەكی گشتی و شێوازی فێركردنی فیقهـ، لەوانە فیقهی ئابووری، بەشێوەیەكی تایبەت، دانانی ڕێ و شوێنی پێویست بۆ كاراكردنی پرۆسەی ئیجتیهاد و نوێبوونەوە، پرۆسەی پەروەردە و فێركردنی ئێستامان بەبۆچوونی جەنابی پڕۆفیسۆر قەرەداغی پێویستی بەنوێبوونەوەیە، بۆیە گەلانی ئیسلامی پێویستییان بەداهێنانو پەسەندكردنی چاكترینەكانە لەهەموو شتێكدا.

١٧- دامەزراندنی چەندین دامەزراوەی زانستی كە لە توانایدا هەبێت زانای چاوكراوەو بلیمەت بەرهەم بهێنێت لە فیقهـ و پرۆسەی ئیجتیهاددا، چۆن لە كۆندا قوتابخانەی نیزامی لە بەغداد و شوێنەكانی تر بەرهەمیان هێنا.

١٨- سوود وەرگرتن لە بزوتنەوە و جوڵانەوە مێژووییەكان و سەردەمی شارستانێتییەكان و بەهەندگرتنی ئەو پەیوەندییە بەهێزەی شارستانییەتی ئیسلامی هەیبوو لەنێوان زانستە شەرعیەكان و زانستە سروشتییەكاندا، ڕاگرتنی مێژووی شارستانییەتی ئیسلامیی و سەر هەڵدانی چەقبەستویی و شوێنكەوتنی كوێرانە كۆتاییەكەی بە پەككەوتنی پرۆسەی زانستی و ئیجتیهاد و نوێ بوونەوەی گەیاندن، هەروەك سەركوتكردن و بەرتەسككردنەوەی ئازادییەكان پەیوەندییەكی ڕاستەوانەی هەیە لەگەڵ چەقبەستوی و لاساییكردنەوەو سستكردنی پرۆسەی داهێنان و نوێ بوونەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا پرۆسەی نوێ بوونەوە ڕێ و شوێنی پێویستی خۆی هەیەو دەبێت بەهەند بگیرێت و پابەندی پێوەی بەشێوەیەكی دڵگەرمانە بێت، نوێبوونەوە مەیدانێك نییە هەموو كەس تەراتێنی تێدا بكات بەوشێوەیەی حەزودەرroونی

دەیخوازێت، بەڵکو مەیدانێکە گەورە زانایانێکی دەوێت کە خاوەنی پاشخانێکی قووڵی مەعریفی بن و شەو و ڕۆژیان دابێتە دەم یەکتری لەوپێناوەداو بتوانن بچنە قوڵایی زانستەکانەوەو دەرو ناوی بابەتەکان وەك یەك ببینن و وەك دەوترێت ئەودیوی شتەکان بخوێننەوە.

جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی بە وردی ئەو ڕێ و شوێن و کەرەسەو میکانیزمانەی خستووەتەڕوو بەشێوەیەك کە هیچ پرسیارێکی بەبێ وەڵام نەهێڵاوەتەوە.

## مەرجەکانی نوێبوونەوە بەتایبەت لە ئابووری و مامەڵە داراییەکاندا

سەرەڕای ئەو مەرجە پێویستانەی کە دەبێت لە کەسی موجتەهیدا بوونی هەبێت وەك توانا و لێهاتووی خودی و توانای مەعریفی و شارەزایی لە زمانی عەرەبی و زانابوون بە قورئان و فەرمووده بەشێوەیەکی بەرفراوان و ئاگاداربوون لە ڕاجیایی و هاوڕایی زانایانی تر لەوبارەیەوە، جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی چەند مەرجێك دەخاتەڕوو تایبەت بە نوێ بوونەوە لە ئابووری و مامەڵە داراییەکاندا، بەمشێوەیە:

**یەکەم:** پابەندی بە نەگۆڕ و جێگیرە شەرعیەکان و بنەما گشتییەکانی ئیسلامەوە، بۆ هیچ موجتەهیدێك ڕەوا نییە بەهیچ بەهانەیەك بەناوی نوێبوونەوەوە سنورشکێنی دەقە جێگیر و چەسپاوەکان بکات (النصوص القطعیة دلالة وثبوتا) یان دژ یەك بوون و بەریەککەوتنی هەبێت لەگەڵیان، بەهیچ بەهانەیەك ناکرێت ڕیبا حەڵاڵ بکرێت و بەرگی ڕەوایەتی بکرێت بەبەردا، مەگەر بۆ کەسی قەرزار و لە حاڵەتی زۆر ناچاریدا، ناچارییەکەش

بەپێی ئەندازەی خۆی بێگومان ئەم مەرجە هەرچەند قورسیش بێت پرۆسەی ئیجتیهاد و نوێ بوونەوە پەك ناخات، بەڵكو زیاتر تۆكمە و دامەزراوی دەكات و گەلانی ئیسلامی دەپارێزێت لەڕووی سەربەخۆیی و شوناسەوەو دووردەبن لە ئاوێتەبوون و توانەوە، شەریعەتەكەش دەپارێزێت لە شێواندن و چەواشەكاری و دەست بۆ بردن.

**دووەم:** شارەزاییەكی تەواو دەربارەی ئابووری وەك زانست و یاسا، شارەزایی دەربارەی دیدگا ئابوورییەكان و ئابووری گشتی و ئابووری پارەیی (جزئي). ئابووری سەرمایەداری ئازاد بێت یان ئابووری سنوردار و بەكۆت و بەند بێت، ئیشتراكی بێت یان شیوعی، بونی مەعریفەیەكی بەرفراوانی بەم شێوەیە و ئاگاداربوون لە هەموو قوتابخانە و ناوەندە زانستییەكانی ئابووری خزمەتێكی گەورە دەكات بە توێژەر لەم بوارەدا. كێشەی گەورەی ئەمڕۆی ئێمە كەمی ئەو كەسانەیە كە بەقوڵی تێگەیشتبێتن لە فیقهی ئیسلامی و ئابووری لەیەك كاتدا، بۆیە زۆر پێویستە زانستی ئابووری بەوردی بخوێندرێت و تێگەیشتن لێی بگاتە ترۆپك لەپاڵ تێگەیشتنی قوڵ لە ئابووری ئیسلامی و مامەڵە داراییەكان تا ئەو كەسە بتوانێت سەر لە پرۆسەی ئیجتیهاد و نوێ بونەوە دەركات بەبێ دووبارەكردنەوەی ئەوەی كە وتراوەو بەبێ ڕاكێشانی دەقەكان بەلایەكدا كە نەخوازراو بێت.

**سێیەم:** بایەخ و گرنگی پێدانی هەبێت بۆ زانستەكانی سەردەم، وەك زانستی كۆمەڵایەتی و زانستە مرۆڤایەتیەكان بەو ئەندازەیەی كە پێویستی پێی دەبێت.

**چوارەم:** ئاگاداری گۆڕانكارییە كۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییە ناوخۆیی و جیهانییەكان بێت، چونكە ئەو گۆڕانكارییانە ڕۆڵێكی

گەورەیان دەبێت لەڕووی ئابوورییەوە، وەك دەبینن گۆڕانکاری گەورە ڕوویداوە لەسەردەمی ئێستاماندا، بەتایبەتی لەڕووی ئابوورییەوە، کێشە و گرفتی گەورە سەریهەڵداوەو قەیرانی گەورەی ئابووری ڕوویداوەو بووەتە هۆکاری سست بوونی ئابووری و زیاتر بوونی ڕێژەی هەڵاوسان و سەرهەڵدانی بێکاری بەشێوەیەکی مەترسیدار، ئەم پێشهات و ڕووداوە نەخوازراوانە بەتەنیا نین بەڵکو وابەستەن بە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سیاسەتی جیهانی و سیاسیەتی شەڕ و ئاشتییەوە. بۆیە دەبێت ئیجتیهادی ئیسلامی بەرەوچارەسەری ئەو کێشانە بڕوات بەشێوەیەك کێشەی هەژاری و جیاوازی چینایەتی و هەڵاوسان و گرفتە هاوشێوەکان چارەسەر بکات، هەروەها دەبێت بەرەو گەشەپێدانی گشتگیر بڕوات، ئەم ڕوانگە و ڕێبازە دەبێت ڕۆڵی خۆی بگێڕێت لەڕووی ئاراستەکردنی فیقهی ئابوورییەوە بەرەو پەسەندکردنی ئەو قسە و ڕاو سەرنجانەی کە پشتی ئەو ئامانجانە دەگرن و دەمانبەن بەرەو دەستەبەرکردنی مەبەستەکانی شەریعەت لەڕووی ئاوەدانکردنەوەو جێگەداری لەسەر زەویدا، بەنموونە کاتێك خوێندنەوە بۆ قسەو ڕاو سەرنجە ئابوورییەکان دەکەین لەوەی کە فەقیهەکانمان وتویانە دەبێت ئەوانەیان پەسەند بکەین کە ئەو مەبەستانە دەستەبەر دەکەن.

بەهەمانشێوە شارەزایی فەقیهی ئابووری بە قەیرانە ئابوورییەکان و هۆکار و چارەسەرەکانیان و ئاشنابوون بە ئەزمونە سەرکەوتوو شکستخواردووەکان هەموو ئەمانە خزمەتی گەورەی پێدەکەن لە خستنەڕووی چارەسەری کێشەکان، چونکە ئەزمونەکانی ژیان موڵکی هەموو مرۆڤایەتییە، واجوانە لەوێوە دەست پێ بکرێت کە ئەوانی تر تەواو بوون، لەبەرئەوەبوو

گەورەمـان عومـەر سـودی لـە یاسـای تێنـوس (دەواویـن) وەرگـرت كـە ئیمپراتۆریەتـی فارسـەكان بەكاریـان دەهێنـا، ئەمـەش بـووە سـەرەتای كەڵـك وەرگرتنـی ژیارەكان و بەیەكتـر تێكەڵبونـی زانسـتی و كۆمەڵایەتـی لەهەمانكاتـدا.

**پێنجـەم:** نوێ بونـەوە لەنـاو خـۆی ڕشـتەبەندی فیقهـدا بكرێـت لـە ئوسـوڵی فیقهـ و سـەرچاوەكانی و ڕێسـا و یاسـاكانی، نـەك لەناو بازنـەی ئەوانـی تـردا لـە ئابـووری سـەرمایەداری یـان ئیشـتراكی، یـان قانـون و یاسـاكانی بێگانـە.

**شەشـەم:** دیاریكردنـی میتۆدێكـی نـوێ بـۆ نـوێ بونـەوەو ئیجتیهـاد، دەبێـت لەسـەر ئـەم بنەمایانـە بووەسـتێت:

- سەربەخۆیی ئیجتیهاد و دووربوونی لە كاریگەرییە دەرەكییەكان، ئەمـەش ئـەوە دەخوازێـت كـە نیـاز و مەبەسـت تەنیـا بـۆ خـوا بێـت و بەتـەواوی یەكلابونـەوە بڕیـار بدرێـت و دووركەوتنـەوە بڕیـار بدرێـت لەلاسایی كردنـەوەی كوێرانە(تقلیـد)و كاریگـەر نەبـوون بەدەسـەڵاتی سـەردەمو ڕای زۆرینـە و دووربـوون لـە حـەز و ئـارەزووی خـود.
- گـەڕان بـەدوای بەڵگـە و پشـت پـێ بەسـتنی بكرێتـە خـەم و ئامانجـی گـەورە.
- كۆكردنـەوەی بەڵگـەكان ئەوەنـدەی بكرێـت، چونكـە كاركـردن و پەیڕەوكردنـی بەڵگـەكان لـە پێشـترن لـە پشـتگوێ خسـتنیان.
- بەهەندگرتـن و كاركـردن بـە میتـۆدی كۆكردنـەوەو دووانەیـی (الزوجیـة).
- وابەستەكردنی بابەتە بچوك و پارەییەكان بە شتە گشتییەكان و لـق و پۆپـەكان بـە بنەماكانـەوە ببەسترێنەوەو هۆكارەكان بدرێنـە پاڵ ئامانجـەكانو بەڵگـە جوزئییـەكان ببەسترێنەوە بـە مەبەسـتە گشتییەكانەوە.

- پشـت بـە یاسـا و ڕێسـا گشـتی و ئوسـوڵە بنەڕەتییـەکان ببەسـترێت لـە فیقهـدا.
- پشـت بـە فەرمـوودە و زانسـتەکانی ببەسـترێت لـەڕووی زانیـن و گێڕانـەوەوە.
- پشت بە ئاوەزو ژیری ببەسترێت لە شتێکدا کە بواری ئەوە.
- ڕەچاوی ڕەهەندو مەبەستەکانی شەریعەت بکرێت.
- هەماهەنگی بکرێت لە نێوان ئیجتیهاد و واقیعی کۆمەڵایەتی و ئابووری بە تـەواوی مانا.
- ڕەچاوکردنـی ئاسـت و هێـزی بەڵگـەکان، چونکـە زۆر گرنگـە لـەڕووی میتـۆدەوە هـەر سـەرچاوەیەك سـەنگ و هێزوپێـزی خـۆی پـێ بدرێـت، قورئانـی پیـرۆز یەکەمینـە، سـونەت بـەدوای ئـەودا دێـت، دواتـر سـەرچاوەکانی تـر، بەهەمانشـێوە سـەنگ و هێـز و پێـز بدرێتـە تـەرازووی دروسـت (میزانـەکان) ئـەوانەیـان کـە هاودەنگییـان لەسـەرە بـە پلـەی یەکـەم، دواتـر ئـەوانەیـان کـە ڕاجیاییـان لەسـەرە، ئـەوەی کـە جێگیـر و نەگـۆڕە، ئـەوەش کـە گـۆڕاو و ناجێگیـرە، ئـەوانـەش کـە لـە مەبەسـت و ترۆپکـی ئامانجەکانـن و ئـەوانـەش کـە لـە هـۆکار و میکانیزمەکانـن، ئـەوانـەش کـە لـە بنـەمـا و ڕێسـا و یاسـا گشـتی و سـەرەکییەکانن ئـەوانـەش کـە لـە جوزئیاتـن.

لێـرە بـەدواوە جەنابـی پرۆفیسـۆر قەرەداغـی قسـە لەسـەر ئـەو بـوار و بابەتانـە دەکات کـە نـوێ بوونـەوە تێیانـدا مومکینـە.

**بوارەکانی نوێبوونەوە:**

بـواری نـوێ بونـەوە لـە دینـدا زۆر و لەبەرچـاون، ئـەوانـەش ئـەو بوارانـەن کـە دەکرێـت داهێنـان و ئیجتیهادیان تێـدا بکرێـت، لـەوانـە:
- بـواری بیروبـاوەڕ (عـەقیـدە) لـەڕووی بەڵگەکانییـەوەو لـەڕووی

وەڵامدانـەوەی گومـان و دوودڵیەكانـی سـەردەمی ئێسـتامان، دەكرێـت بـەوردی توێژینـەوە لەسـەر دەسـتە و گروپەكانـی سـەردەم بكرێـت و سـوود لـە زانسـتی لۆژیـك (منطـق) وەربگیرێـت و بكرێتـە دەروازەیەكـی سـەرەكی بـۆ ئـەو بـوارە.

- بواری فیقهـ و ئوسوڵی فیقهـ.
- بـواری مەبەسـتگەرایی شـەریعەت و وابەسـتەكردنی ئیجتیهاد و فەتـوا بـە ڕشـتەبەندی مەبەسـتەكانەوە، فیقهـی دەرەنجـام و فیقهـی واقیـع و فیقهـی چۆنێتـی دابەزاندنـی دەقـەكان.
- بواری فیكر و دنیابینی.
- بواری زانستەكان و هونەر.
- بواری پلان دانان.
- بواری رەفتار و ئەخلاق.
- بواری ئابووری بە زانست و یاسا و دید و جێبەجێكردنییەوە.
- بواری كۆمەڵایەتی بە زانست و یاسا و دید و جێبەجێكردنییەوە.
- بواری سیاسەت بە زانست و یاسا و دید و جێبەجێكردنییەوە.
- بواری پیشەسازی و كشتوكاڵ و بازرگانی.
- بواری تەكنەلۆژیا و جێبەجێكردن.

لـەم بارەیـەوە جەنابـی پرۆفیسـۆر قەرەداغـی قسـەی دڵـی دەكات و دەڵێـت نـوێ بوونـەوەی ڕاسـتەقیینە بـەوە دەبێـت كـە هەمـوو بوارەكانـی ژیـن و دیـن بگرێتـەوە، نـوێ بوونـەوەی پارەیـی (جزئـی) بـە بـڕوای جەنابیـان، پرۆسـەكە ناباتـە پێشـەوە، بەڵكـو ناتـەواو دەردەچێـت.

دەكرێـت كۆتایـی (میتـۆدی قەرەداغـی بـۆ ئیجتیهـاد و نـوێ بونـەوە) بـە بابەتێكـی زۆر گرنـگ بهێنیـن، ئـەوەش بریتییـە لـە چۆنێتـی جێبەجێكردنـی ئـەوەی كـە خـۆی ڕەنـگ ڕێـژی بـۆ كـردووە بەشـێوەیەكی كـرداری.

## بـواری کردەیـی و پراکتیکـی لای پرۆفیسـۆر قەرەداغـی لـە پرۆسـەی ئیجتیهـاد و نوێبونـەوەدا

قسـەکردنی جەنابیـان لەسـەر پرۆسـەی ئیجتیهـاد و نوێبوونـەوە تەنیـا لـە چوارچێـوەی خەیـاڵ و قسـە و سـەلماندندا نەماوەتـەوە، بەڵکـو بەشـدارییەکی لەبەرچـاو و کاریگـەری هەیـە، بەتایبەتـی لـە بـواری مامەڵـە داراییەکانـی سـەردەم و ئابـووری ئیسـلامی و بابەتـە پزیشـکییە سـەردەمیەکاندا بـە دیدگایەکـی ئیسـلامییانە، بـۆ نموونـە وەك کۆپیکردنـەوەی پەنجـە مۆر (البصمـة الوراثیـة).

> گرنگترین کتێبە زانستییەکانی جەنابی دکتۆر عەلی کە لە دووتوێی خۆیدا نوێ بونەوەو نوێکاری لەئامێز گرتووە بریتیە لە کتێبی (فیقە المیزان)

کتێبێکـی تایبەتـی لـەم بـوارەدا داناوە کە تەرخانیکردووە بۆ ڕەوشـت و ئاکاری پزیشـك وەك جێگرەوەیـەك بـۆ کتێبەکـەی (تـوم بوشـامبی) ئەمریکـی بەنـاوی بنەمـا ڕەوشـتییە پزیشـکییە بەهادارەکان، نووسەر لە کتێبەکـەی خۆیـدا گفتوگۆی ڕاسـتەوخۆ دەکات و ڕەخنـە لـەو کتێبـە دەگرێـت و وەك جێگرەوەیـەك ئـەو کتێبـەی دانـاوەو نـاوی نـاوە (ڕەوشـتە پزیشـکییە) بەهـادارەکان لـە بەڵێننامـەی ئیسـلامییدا، ئـەم کتێبـە ناوەنـدی یاسـادانانی ئیسـلامی و ڕەوشـت چاپـی کـردووە لـە زانکـۆی حەمـەد لـە دۆحـە.

ئەوەی شـایانی باسـکردنە لە گرنگترین کتێبە ناوازە و زانسـتییەکانی جەنابیـان کـە لـە دووتوێـی خۆیـدا نـوێ بونـەوەو نوێـکاری لـە ئامێـز گرتـووە بریتییـە لـە کتێبـی (فیقـە المیـزان)، ئەمـە زانسـتێکی نوێیـە هەڵگـۆزراوە لـە قورئـان و سـوننەت و ژیاننامـە و ڕێسـاکانی ژیـان.

## ئێمە و ئەوانی دیکە لە لاپەڕەکانی ڕابردوو و ئێستادا

لەو ڕووەوە جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی دەیکاتە کۆڵەکەی بنەڕەتی لەم بابەتە گرنگەدا بریتییە لە بە(میتۆدکردنی میانەڕەوی) وەك کۆکەرەوەی گیانی شانازیکردن بە ئیسلام و بنەما و حوکمە سازگارو گونجاوەکانی بۆ هەموو سەردەمێك، لەڕوویەکی ترەوە سوود و کەڵك وەرگرتن لە هەر دانایی و خێروبێرێك کە هەبێت بە چاوپۆشی لەسەرچاوەکەی، لەگەڵ بیروبڕوایەکی پتەوی وەها کە ئیسلام ئاینی ڕەحمەت و خێر و خۆشییە بۆ تێکڕای مرۆڤایەتی.

هەروەك باوەڕی تەواوی وایە کە ئێمە ناگەین بەوانی تر (دیگەران) تا خودی خۆمان باش نەبین، مەبەستی لەخود پەیوەندی مسوڵمان لەگەڵ مسوڵمان، زۆر پێداگری دەکات لەسەر تۆکمەیی و پێکەوەیی (خود)، چونکە ئەگەر ئێمە تۆکمە و تەبا نەبین خۆگر نابین لەئاست ڕەشەبا و گێژەڵوکە دەرەکیەکاندا چونکە ئەوان هەموو شتێك لەبن دەهێنن و ناهێڵن ئێمە بە هێز و جێگیر بین لەسەر زەوی.

ئێمە لەم هەڵوێستەماندا، لاپەڕەکانی کتێبی (ئێمەو ئەوان) هەڵدەدەینەوە کە لە نوسینی پرۆفیسۆر قەرەداغییە، ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکی فیقهی پشتراستکراوەیە، بۆ خستنەڕووی جۆری پەیوەندی مسوڵمان بەوانی ترەوە لە حاڵەتی ئاشتی و شەڕ و زۆرینە و کەمینە لەبەر ڕۆشنایی قورئان و فەرموودە و فیقهی میزاندا، لیژنەی نوسین و وەرگێڕان لە یەکێتی جیهانی زانایانی مسوڵمان لە زنجیرە بابەتە سەردەمیەکانی گەلانی ئیسلامییدا بڵاویانکردووەتەوە، بەچاپی سێیەم، لە دۆحە لە ساڵی ٢٠٠٩ز.

ئەوەندەی بکرێت لەسەر شێوازی گفتوگۆی ئەم کتێبە

هەڵوێستە دەکەین لە ڕابردوو و ئێستاماندا، بەشێوەیەك هێڵە گشتییەکانی دەخەینەڕوو سەبارەت بە ئێمە (ئێمەی) مسوڵمانان و ئەوانی دیکەی نامسوڵمان، جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی لەسەرەتادا چۆنێتی بیرۆکەی سەرهەڵدانی ئەم کتێبە دەخاتەڕوو، بێگومان ئەوەش زۆر گرنگە بۆ بەرجەستەکردنی نموونەیەکی کردەیی لە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوانی تردا لە دووتوێی داستان و بەسەرهاتی گەورەمان یوسف پێغەمبەر (علیه السلام).

بنەما گشتییە ئیسلامییەکان لەڕووی پەیوەندی نێودەوڵەتییەوە لە لاپەڕەکانی مێژوودا جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی پێی وایە لە هیچ کات و سەردەمێکدا ئیسلام خۆی گۆشەگیر نەکردووەو ناشکرێت گۆشەگیر بکرێت، بەڵکو هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە دەست و پەنجەی لەگەڵ ئەوانی تردا نەرم کردووەو ژیانی خۆی بەشێوەیەك داڕشتووە کە هەمیشە دید و ڕوانگەی خۆی بخاتەڕوو بۆ ژین و دین و هەمیشە بەشێواز و دەربڕینی جوان مامەڵەی لەگەڵ بەرانبەرەکانیدا کردووەو هیچ شتێکی بەزۆر بەسەرکەسدا نەسەپاندووە ﴿لاإكراه في الدينِ﴾[58].

توانا و لێهاتویی جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی لە ئاستێکی ئەوەندە بەرزدایە ڕاستەوخۆ پرسیار دەخاتە سەر شێوەژیانی پێغەمبەر و هاوەڵە بەڕێزەکانی، پاشان خەلیفە بەڕێزەکانی، ئەوان چۆن مامەڵە و پەیوەندی خۆیان ڕێکخستووە لەگەڵ ئەوانی تر، لەسەر چ بنەمایەك پەیوەندی خۆیان داڕشتووە، لەم ڕوانگەیەوە، دەڵێت ئیسلام هاتووە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خوداو پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤی هاوشێوەی مسوڵمان بێت یان نامسوڵمان، پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ گەردوون، بۆ ڕێکخستنی

---

٥٨ البقرة: ٢٥٦.

ئـەم پـەیوەندییـەش میتۆدێكـی تێـر و تـەسـەلی داڕشـتووەو بنـەمـا گشـتییەكانی خسـتووەتەڕوو بەشـێوەیەك سـازگار و گونجاوبێـت بـۆ هەمـووكات و سـەردەمێك، ئـەمـەش بـۆ ئـەوە دەگـەڕێتـەوە كـە ئاینی ئیسـلام شـیاوی گەشـەكردن و خـۆ گونجاندنـی هەیـە بـۆ هەمـوو سـەردەمێك لەگـەڵ پارێزگاریكـردن لـە ڕەسـەنایەتی و جێگیـری خـۆی.

ئـەو ڕێكخسـتنە لـە جێگایـەك بـۆ جێگایەكـی تـر و لـە كاتێـك بـۆ كاتێكی تر جیاوازی دەبێت، بەنموونە لە سـەردەمی مەككەدا سـەرەتای بانگـەوازی ئیسـلامی بـوو مسوڵمانان لە قۆناغـی دەوڵەتدارییـدا نەبون و پەیوەندییەكانیـان لەسـەر ئاسـتی تاكـە كەسـی بـوو پێغەمبـەر (ﷺ) بـەدڵ گەرمـیو پەرۆشـییەوە بانگـی خەڵكـی بـۆ مسـوڵمان بـوون دەكـرد و هانـی دەدان بـۆ قبوڵكردنـی دینـی یـەك خوداناسـی و كەوتنەسـەر ڕێـگای ڕاسـتی دینـداری و بنیاتنانـی عـەقیـدە و باوەڕێكـی دروسـت و پەسـەند و پەروەردەیەكـی دروسـتی خەڵـك لـەڕووی ڕۆحـی و دەروونـی و جەسـتەیی و كۆمەڵایەتـی، لـەو پێناوەشـدا خـۆی و هاوەڵـە بەڕێزەكانـی زۆرتریـن زەحـمـەت و ئـازار و ڕووبەڕووبونەوەیـان قبوڵكـرد لـە پێنـاو گەیاندنـی بانگەوازێكـی ڕەسـەن و پەسـەند و لـەو بوارەشـدا دروشـمیان بریتـی بـوو لـە ﴿كفُّوا أَيْدِيَكُمْ وَأَقِيمُوا الصَّلاَةَ﴾[٥٩]، بـەردەوام بەدڵ و بەكـوڵ دەپاڕایـەوە لـە خزمەتـی خـودادا بـۆ ئـەو بێباوەڕانـەی كـە ئازاریـان دەدان: (اللهـم اهـد قومـي فإنهـم لايعلمـون).

ئەوەبـوو كاتێـك پێغەمبـەر (ﷺ) كۆچیكـرد بـۆ شـاری مەدینـە بـارودۆخ شـێوازێكی تربـوو ئێمـە لـە مەدینـە لەبـەردەم دەوڵەتێكـی نوێدایـن، لـە خەڵكێكـی جۆراوجـۆر پێكهاتـوون و لـە شـوێنی جیاجیـاوە هاتـوون، ئـەو بارودۆخـە جۆرێكـی تـری دەخواسـت لـەڕووی ڕێكخسـتنەوەی پەیوەندییـە كۆمەڵایەتییەكان لەگـەڵ ئەو خەڵكەدا،

٥٩ النساء: ٧٧

خەڵکی مسوڵمان و خەڵکی نامسوڵمان، ئەوەبوو مسوڵمانەکان لە کۆچەری و پشتیوانان پێکهاتبوون، پشتیوانەکان هاوکارییەکی بێ وێنەیان پێشکەش بە کۆچەرییەکان کرد لەڕووی دارایی و زەوی و زار و باخ و بێستانەکانیانەوە، نامسوڵمانەکانیش بریتبوون لە جولەکە و ئەوانی تر کە لەسەر خاکی مەدینە دەژیان، ئەوەبوو بەڵێن نامە مێژووییەکەی لێکەوتەوە (وثیقة المدینة) لە (٤٧) خاڵدا، ئەو بەڵێن نامەیە بووە دەستوری پێکەوە ژیان و لەبەر ڕۆشنایی بەند و خاڵەکانیدا شێوازی پێکەوەژیان دیاریکرا لەسەر بنەمای یەکسانی و هاوڵاتی بوون و ڕەچاوکردنی ئەرك و مافەکان و بەرگریکردن لەشاری مەدینە.

دواتر ئەم دەوڵەتە نوێیە پەیوەندی خۆی دیاریکرد لەگەڵ قورەیش و هۆزەکانی دەوروبەری بەشێوەیەك پەیوەندی ئەوان لەگەڵ دەوڵەتی مەدینە لەسەر بنەمای شەڕ لەگەڵ کردن و هێرش بردنبوو بۆیان، ئەمە لەکاتێکدا کە ئیسلام هیچ کات مەیلی بەلای شەڕکردندا نەبووەو لەهیچ کاتێکدا دەست پێشخەرنەبووە وەك جەنابی پڕۆفیسۆر قەرەداغی پێداگری لەسەر دەکات، هەڵوێستی پێغەمبەر (ﷺ) تەنیا بەرگریکردن بوو لە ئیسلام و دەوڵەتە نوێکەی لەگەڵ ئەوەشدا زۆر سوور بوو لەسەر گەیاندنی بانگەوازی ئیسلامی پێیان و ئاشتەواییکردن لەگەڵیاندا، بەڵام ئەوان وەفادارنەبوون لە ئاست بەڵێن و پەیمانەکانیاندا.

هەڵوێستی پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بەگشتی پەیوەندی کردن بووە پێیانەوە لە ڕێگەی نامەی تایبەتەوە کە بۆی ناردوون و داوای مسوڵمان بوونی لێکردوون و پێی ڕاگەیاندوون لەسەر دەسەڵات و حوکمڕانی خۆیان بمێننەوەو چاکساز و دادگەربن بەو شێوەیەی کە ئیسلام دەیخوازێت.

جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی بەكورتی و بەپوختی چۆنێتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان دەخاتەڕوو لەوكاتەدا:

دەكرێت پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان لە حاڵەتی شەڕ و حاڵەتی ئاشتییدا كۆبكەینەوە لەم سێ ئایەتەی سورەتی (الممتحنە) دا، وەك خودا دەفەرموویت: ﴿عَسَى اللَّهُ أَن يَجْعَلَ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَ الَّذِينَ عَادَيْتُم مِّنْهُم مَّوَدَّةً وَاللَّهُ قَدِيرٌ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ (٧) لَّا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ (٨) إِنَّمَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ قَاتَلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَأَخْرَجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ وَظَاهَرُوا عَلَى إِخْرَاجِكُمْ أَن تَوَلَّوْهُمْ وَمَن يَتَوَلَّهُمْ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ (٩)﴾[٦٠]، ئایەتی یەكەم ئەوەمان پێ دەڵێت كە ئیسلام هەوڵی نەهێشتن و سڕینەوەی دوژمنداری دەدات و هەوڵی چەسپاندنی خۆشەویستی دەدات بەهەموو شێوەیەك، ئایەتی دووەمیش پەیوەندی مسوڵمانان بە نامسوڵمانەوە دیاری دەكات لەكاتی ئاشتی و دەستدرێژی نەكردنە سەریان بەم شێوەیە: ١- چاكە و چاكەكاری، ٢- دادگەری و هاوسەنگی. ئایەتی سێیەمیش پەیوەندی لەگەڵ نامسوڵمان دیاری دەكات لەكاتی جەنگ و دوژمنداریيدا، بەشێوەیەك كە دەبێت مسوڵمانان تەبا و یەكگرتووبن و وەلائیان بۆ خودا و مسوڵمانان بێت لەكاتی بەڵاو ناخۆشی و پشتیوانیكردندا، نابێت ببنە پارسەنگ و پشتیوانی بێباوەڕانی دوژمن، لەوكاتەشدا دەبێت مسوڵمانان لەسەر بنەمای دادگەری و ئینساف مامەڵە بكەن تەنانەت لەكاتی جەنگیشدا.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە ئیسلام كۆمەڵێك بنەما و ڕێساو یاسای فیكریی هەیە كە لە ڕوانگەیانەوە زەمینەسازی دەكات بۆ پێكەوە ژیان و پشتگیری ئەو بۆچونە دەكات، ئەمانەش بەشێكن لەو بنەمایانە:

---

٦٠ الممتحنة: ٧-٨-٩

- مرۆڤ بوون، ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ﴾[٦١].

- تەبایی و یەکێتی ئاینەکان، ﴿قُولُوا آمَنَّا بِاللَّهِ وَمَا أُنزِلَ إِلَيْنَا وَمَا أُنزِلَ إِلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَالْأَسْبَاطِ وَمَا أُوتِيَ مُوسَى وَعِيسَى وَمَا أُوتِيَ النَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمْ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ﴾[٦٢].

- ئەسڵ لە ئیسلامدا ئاشتی و پێکەوەژیانە نەك شەڕ و جەنگکردن، ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَّكُمْ﴾[٦٣].

- پێشخستنی ئاشتی بەسەر شەڕدا ئەگەرچی بەشێك لە زەرەر و دەستبەرداربوونی خواستەکانیشی تێدا بێت، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموویێت: ﴿وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَا يَسْأَلُونِي خُطَّةً يُعَظِّمُونَ فِيهَا حُرُمَاتِ اللَّهِ إِلَّا أَعْطَيْتُهُمْ إِيَّاهَا﴾[٦٤].

- بنەمای دادگەری و ڕەچاوکردنی مافەکان، ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ لِلَّهِ شُهَدَاءَ بِالْقِسْطِ﴾[٦٥].

- ئیقرارکردنی ڕاجیایی و فرەیی، ﴿وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ (١١٨) إِلَّا مَن رَّحِمَ رَبُّكَ وَلِذَٰلِكَ خَلَقَهُمْ﴾[٦٦].

- گفتوگۆ لەبری دەمەقاڵێ و هێزی لۆژیك لەبری لۆژیکی هێز، بەتایبەت قورئانی پیرۆز لە خۆیدا کتێبێکی پڕ لە گفتوگۆیەو چەندین گفتوگۆی تێروتەسەلی بەڕوونی خستووەتەڕوو لە نموونەی ئەو گفتوگۆیانە، گفتوگۆی فریشتەکان لەگەڵ خودای گەورە دەربارەی مرۆڤ و نیشتەجێبونی لەسەر زەوی، یان گفتوگۆی شەیتان لەگەڵ خودای گەورە، یان گفتوگۆی پێغەمبەران (علیه السلام) لەگەڵ خودای گەورە بەنموونە

٦١ الإسراء: ٧٠
٦٢ البقرة: ١٣٦
٦٣ البقرة: ٢١٦
٦٤ پێشەوا بوخاری گێراویەتیەوە.
٦٥ المائدة: ٨
٦٦ هود: ١١٨ - ١١٩

گفتوگۆی موسا پێغەمبەر (علیە السلام)، یان گفتوگۆی پێغەمبەران لەگەڵ گەل و نەتەوەكانیان، هەروەها چەندین گفتوگۆی تر لەوانە گفتوگۆی دوو هاوەڵەكە لە سورەتی (الكهف)دا.

- چەندین بنەما و ڕێسا و یاسای تر، مشتێك نموونەی خەروارێكە.

جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی پێی وایە ئەم بنەمایانە بونەتە بناغەیەكی پتەو و بەهێز بۆ یاسا نێودەوڵەتییەكان لە ئێستای سەردەمدا، ئەگەرچی باس نەكرابێتن، چونكە ئەمانە ڕەهەندێكی مرۆییان لەخۆگرتووە بەشێوەیەك لە هەناوی خۆیدا خواستەكانی مرۆڤی دەستەبەركردووە و ژیانێكی شایستە بە مرۆڤ دێتەدی لە سایەیاندا. لەبەرئەوە، جەنابیان پێیان وایە كە فیقهی ئیسلامی پێش یاسا دەستكردەكانی مرۆڤ كەوتووە لە داڕشتنی بناغە و بنەما گشتییەكانی تایبەت بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان و یاسا نێودەوڵەتییەكاندا، بەچاوپۆشی لەوەدا كە فیقهی ئیسلامی (جهاد) یان (سیر) ی بەكاربردووە، پێشەوا گەورەكان، بەتایبەت پێشەوا (محمدی كوڕی حەسەنی شەیبانی) لە دایكبووی ١٣٢ ك. مردنی ١٨٩ ك كتێبێكی گەورەی پێنج بەرگی نوسیوە لە بواری گەڕان و گەڕیدەییدا بەناوی (السِّيَر الكبير) یان بە مانایەكی تر لە یاسا نێودەوڵەتیەكان و یاسا نێودەوڵەتییە مرۆییەكاندا، بەشێوەیەك بە پێشەنگی یەكەمی ئەو بوارە ئەژمار دەكرێت لە نوسین لەو بوارەدا، ئەو بە كتێبەكەی خۆی پێشكەوتووە لە (غروتیوس)ی هۆڵەندی (١٥٨٣ - ١٦٤٥ز) كە بەباوكی یاسا نێودەوڵەتیەكانی سەردەم ناوزەد دەكرێت.

## بنەما و ڕێسا ئیسلامییەکان بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە دوو توێی لاپەڕەکانی سەردەمدا

جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی بابەتەکەی بەوە دەست پێدەکات کە داڕوخانی یەکێتی سۆڤییەتی جارانی لێ کەوتەوە ئەوان پێیان وایە کە ئیسلام ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لەو ڕوخاندنەدا لە ڕێگەی جیهادی ئەفغانستانەوە، تەنانەت بەشێك لە ڕۆژئاواییەکان پێیان وایە ئەگەر جیهادی ئەفغانییەکان و فەلسەفەی شیوعییەت نەبوایە بەو خێراییە یەکێتی سۆڤییەت نەدەڕوخا، بەڵام لێرەدا جەنابیان دان بە ڕاستییەکدا دەنێن:

بۆ خستنەڕووی ڕاستی دەڵێن: ئەوان لە زۆرکاتدا توانیویانە دەوڵەتە ئیسلامییەکان بەکاربهێنن بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێ و کێشمەکێشی سەرمایەداری و شیوعییەت لەبەرژەوەندی خۆیان، ئەوان کەڵکیان وەرگرتووە لە گفتوگۆی ئیسلامی - مەسیحی و پەیوەندییە ئاینییەکان کە بووەتە هۆکاری دروستکردنی پەیوەندییەکی ڕەسمی و لەوێوە زەبری کوشندەیان داوە لە فیکری شیوعی ئیلحادی.

لەدوای تەواوبوونی جەنگی سارد و کەوتنی سەربازگەی شیوعییەت بەردەوام ڕۆژئاوا دەگەڕا بەدوای دوژمنێکی نوێدا، ئەگەر بەرواڵەتیش بێت، بۆئەوەی ڕووبەڕووی ببێتەوە، دواجار ئەو دوژمنە ئیسلام دەرچوو.

ئەو دوژمنایەتییەی ڕۆژئاوا دەیکات لەگەڵ جیهانی ئیسلامی مێژوویەکی قوڵی هەیە و سیاسەتمەدارانی ڕۆژئاوا دەیانەوێت ململانێکان بەردەوام بن بۆ دەستخستنی ئامانجەکانیان و سەپاندنی خۆیان بەسەر جیهانی ئیسلامییدا بەگیانی داگیرکاری،

بەڵكو دەیانەوێت ڕۆژهەلات داگیر بكەن و بەزۆر خۆیان بسەپێنن، ئەمەش مێژویەكی قوڵی هەیە و سیاسەتمەدارەكانی ڕۆژئاوا هەر لە سەردەمی شەڕی ئەسكەندەری گەورەوە لەگەڵ ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، ئەو كارەیان كردووە و داگیركارە ئیغریقی و ڕۆمانییەكان نزیكەی (دە) سەدە درێژەیان بە داگیركارییەكانیان دا، تا سەردەمی فتوحاتی ئیسلامی سەریهەڵدا و جێگای پێ لێژ كردن.

دواتر جەنگی خاچ پەرستەكان سەریهەڵداو شام و فەلەستینیان داگیر كرد، تا لە سەردەمی سوڵتان (صلاح الدین) جارێكی تر ڕزگار كرانەوە، كاتێك نائومێدبوون لە ڕۆژهەلاتی جیهانی ئیسلامی، ڕویانكردە ڕۆژئاوای جیهانی ئیسلامی و ئەندەلوسیان داگیركرد و ئەو كوشت و بڕ و سوتاندن و وێرانكارییەیان ئەنجامدا كە ئەنجامیاندا، ئەوەبوو خەڵكیان سەرپشك دەكرد لە نێوان كوشتن و سوتاندن و بەگاوربوندا. دوای ماوەیەكی تر هێرشی ناپلیۆن سەریهەڵدا و وێرانكاری زۆری بەدوای خۆیدا هێنا. دواتر داگیركاری بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتاڵیا و هۆڵەندا، تا بە ئەمڕۆی سەردەم گەیشتین لە هات و هاواری ئەمریكا و بالادەست بوونی لە جیهانی ئیسلامییدا بەوشێوەیەی كە دەیەوێت نەك بەو شێوەیەی جیهانی ئیسلامی دەیخوازێت.

بەكورتی و بە پوختی مێژووی ڕۆژئاوا لەگەڵ ئیسلام لێوانلێوە لە ڕق و ململانێ بەهۆی نائاشناییان بە ڕۆحی ئیسلام و ترس لە ئیسلام و شەڕی دەسەلات و ناوچەی نفوز و ڕۆڵی خراپی كەنیسە لە خۆشكردنی ئاگری شەڕ لە ترسی كاریگەرنەبوونی گاورەكان بە ئیسلام و شارستانێتییەكەی تا كۆمەڵ كۆمەڵ و یەك یەك مسوڵمان نەبن.

ئەوان بەو كارەیان دەزانن چی دەكەن و لەسەر میتۆدێكی ڕۆشن

مامەڵـە دەکـەن کـە ڕۆژهەڵاتناسـە بلیمەتـەکان بۆیـان داڕشـتون و کێشـە و کـەم و کوڕییەکانـی جیهانـی ئیسـلامی و گەلانی ئیسـلامی شـارەزان، تەنانـەت کەنیسـە هانیـان دەدات بـۆ فێربوونـی زمانـی عەرەبـی بەمەبەسـتی ڕاڤـە و تەفسـیرکردنی قورئانـی پیـرۆز بـۆ زمانـە ئەوروپییـەکان بەشـێوەیەکی شـێوێنراو و بەو شـێوەیەی خۆیان دەیانەوێـت تـا لـە ڕوانگەیـەوە بتوانـن بەربەسـتێکی بەهێـز دروسـت بکـەن لەبـەردەم بڵاوبوونـەوەی ئیسـلامدا. ئەمـەش ئـەو کارەیـە کـە بەشـێکی زۆری ڕۆژهەڵاتناسـەکان لـە دێرزەمانـەوە کاریـان لەسـەر کـردووە، ئەوەبـوو (بیتـر میجـل) هەسـتا بـە وەرگێڕانـی قورئانـی پیـرۆز بۆسـەر زمانـی ئیسـپانی ساڵی ١١٤٣ز بـە وەرگێڕانێکـی دوژمنكارانەی شـێوێنراو تەنانـەت کردییـە بەشـێك لـە بانگەشـە بـۆ شـەڕی خـاچ پەرسـتان و ئەوروپـای بانگهێشـتکرد بـۆ جەنگـی ئـەو دینـە نامۆیـە.

بۆیـە ڕۆژهەڵاتناسـان ڕۆڵێکـی گـەورە و مەترسـیداریان هەبـوو لـە چۆنێتـی ناسـاندنی ڕۆژهـەڵات بـە ئەوروپییـەکان بەشـێوەیەکی گشـتی و ناسـاندنی جیهانی ئیسـلامی بەتایبەتی، بەوردی ململانێ فیکرییەکانـی نێوانیـان زەق کردبـووەوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا جەنابـی پرۆفیسـۆر قەرەداغـی بەڕەهـای و بـێ کـۆت و بەنـد ئـەم قسـانە نـاکات و پێـی وایـە بەشـێك لـە ڕۆژهەڵاتناسـەکان بـە ویژدانـەوە باسـی ئیسـلام و مسـوڵمانانیان کـردووە.

جەنابـی پرۆفسـیۆر قەرەداغـی ئـەو حاڵەتـە نەرێنییـە بـۆ جـۆری تێڕوانینـی ڕۆژئاواییـەکان بـۆ ئیسـلام دەگێڕێتـەوە بـۆ (ئـەو ژێرخانـە فەلسـەفییەی کـە لەسـەر ململانـێ بنیاتنـراوە)، بـە نموونـە فەلسـەفەی هیـگل، لەسـەر گواسـتنەوەی سـەردەمی نوێ بـۆ ڕابردوو وەسـتاوە لـە ڕێـگای ململانێکانـەوە بـە پێکهاتەکانییـەوە و سـڕینەوە و دانانـەوە لـە جێگایـدا.

بەهەمانشـێوە دیـدی داروین لـە فەلسـەفەی سـەرهەڵدان و گەشـەکردن، لەسـەر فەلسـەفەی کێبەرکێـی زینـدووەکان وەسـتاوە لەپێناو مانەوەی بەهێزترینـدا و زاڵبوون بەسـەر لاواز و لاوازترینەکاندا.

ئەمـەش لـەوەوە سـەرچاوەی گرتـووە کـە ڕۆژئاواییـەکان، بـە فەیلەسـوف و سیاسـەتمەدارەکانیانەوە واگومـان دەبـەن ئـەوان بەهێزتریـنـن و چاکتریـنـن بـۆ مانـەوە و بەردەوامـی، ئیتـر شارسـتانییەتەکانی تـر هیـچ ڕێگاچارەیـەك لەبەردەمیانـدا نییە جگە لـە گـەردن کەچـی بـۆ شارسـتانییەتی ڕۆژئـاواو بەهاکانـی نەبێـت ئەگـەر بیانەوێـت بـە ئاسـودەیی و خۆشـی بژیـن.

لێکۆڵینـەوەکان ئەوەیـان سـەلماندووە کـە تەنیـا شارسـتانییەتێك کە زۆرترین تاڵی چەشـتبێت بەدەسـتی ڕۆژئاواییەکان شارسـتانییەتی ئیسـلام بـووە، ڕۆژئـاوا بەبەردەوامـی ڕوی تیـر و شـیری خـۆی بـەرەو ئیسـلام گرتـووە لـەو ڕۆژەوە پرشـنگی داوە لەزەویـدا تـا بـە ئەمڕۆی ئێسـتامان دەگات، هۆکاری ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بۆئـەوەی کـە:

- ئیسـلام ئاینێکـی گشـتگیر و سەرتاسـەری و بـێ کـەم و کوڕییـە دەکرێـت ببێتـە مەترسـی بـۆ ڕۆژئـاوا لـەو ململانـێ و ترسـە دەسـتکردەی ڕۆژئـاوا خولقاندویەتـی.

- سیاسـەتمەدارانی ڕۆژئـاوا دەیانەوێـت لـە ڕێـگای پیلانـە سـەرەتاییەکانیانەوە هەمـوو تواناکانـی خۆیـان بخەنەگـەڕ بـۆ زاڵبـوون بەسـەر ئیسـلامدا، وەك قۆناغـی یەکـەم و سـەرەتا، دواتـر هەمـوو شارسـتانییەتەکانی تـر تێـك بشـکێنن، ئەمـەش بـەڕوون و ڕێکی قسـەی لەسـەرکراوە نـەك لەژێر پەردەوە ئەوەتە (صموئیـل هانتجتون) لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (صراع الحضارات)، دەڵێـت: «دەبێـت بڕیار بەدەسـتانی ڕۆژئاوا و ئەمریکا بەتایبەتی سـەرەتا شارسـتانییەتی ئیسـلامی و چینی تێکبشـکێنن دواتـر بێنەسـەر وێرانکردنـی شارسـتانییەتەکانی تـر».

ئـەو بڕیـار بەدەسـتانە دامـەزراوە جاسوسـییەکانیان بودجـەیەکـی زەبەلاحیـان لەبەردەسـتایە و لەشـکرێکی گـەورەیـان لـە بیرمەنـد و نوسـەر و ڕۆژنامەنـووس و ڕۆژهەڵاتنـاس بەگەڕخسـتووە و بـەردەوام تواناکانـی خۆیـان خسـتووەتەگەڕ بـۆ قسـەکردن لەسـەر ئیسـلامی تونـدڕەو و ئاراسـتەکردنی و ئیسـلامی سیاسـی و دژایەتیکردنـی و ئیسـلام وەك ئـەوەی کـە هەیـە لـە ڕێـگای جەنگـی جیهانـی سێیەمەوە بەنـاوی ئیرهابـەوە. چونکـە ئەمانـە بڕوایان بـەوە هەیـە کـە ئیسـلام لـە ڕابـردوودا دوو شارسـتانییەتی گـەورەی ڕووخانـدووە لەیـەك کاتـدا، ئەوانیـش شارسـتانییەتی ڕۆمانـی ڕۆژئاوایـی و شارسـتانییەتی ساسـانی ڕۆژهەڵاتـی، ئـەوە ئیسـلامە لەگـەڵ هەموو دەرد و مەینەتـی و کێشـەکانی لـەلاوازی و پەرتەوازەیـی هێشـتا توانـی یەکێتـی سـۆڤییەتی جاران بڕوخێنـێ (یەکێـك لـە دوو هێـزە گەورەکـە). بۆیـە بـەدوور نازانرێـت هێزێکـی گـەورەی تریـش لەسـەر نەخشـە بسـڕێتەوە، لەبەرئەمەیـە ئـەوان هەمـوو توانـا فیکـری و سـەربازی و ئابـووری و ڕاگەیاندنەکانیـان خسـتووەتەگەڕ بـۆ لێدانـی ئیسلام، وەك وتـراوە (بـا ئێمـە بیکەینـە ژەمـی نیوەڕۆ پێش ئـەوەی ئـەو ئێـوارە بمـان خـوات).

سیاسـەتمەدارانی ڕۆژئـاوا بـەو کارەیـان، وەك ئیـدوارد سـەعید دەڵێت: (ئیسـلامیانکردە دێوەزمە و بژاردەی یەکەم و ڕاگەیاندنەکانیان ئیسـلام و ئیرهابیـان پێکـەوە گرێـدا). لـەم بارەیـەوە وەزیـری دەرەوەی ئەمریـکا کەیسـنجەر لەکاتـی خۆیـدا دەیـوت: (ئـەو لایەنـە نوێیـەی دەبێـت ڕۆژئـاوا لـە ڕوویـدا بوەسـتێت و دژایەتـی بـکات جیهانـی ئیسـلامی و عـەرەبییـە و بەگومانـی ئـەوەی کـە ئەم جیهانـە دوژمنی نـوێ و سـەردەمی ڕۆژئاوایـە، دەبێـت جیهـان بەئاگابێتـەوە لـەو مەترسییانـەی کـە بەهـۆی ئیسـلامەوە ڕووبەڕووی دەبێتـەوە). بەبڕوای

جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی سیاسەتمەدارانی ڕۆژئاوا هیچ ئەرك و ماندوبوونێك نییە نەیگرنەبەر بۆ بەدوژمن ناساندنی مسوڵمانان و عەرەب بەرانبەر بە شارستانییەتی ڕۆژئاوا و پێیان وایە ئیسلام و مسوڵمانان پێشێلكاری مافەكانی ئەوانن، ئەوان پێیان وایە بەردەوام لە پێشكەوتندان و ئیسلام و مسوڵمانانیش لە تاریكی و نادانایییەكی بەسەرچودا دەژین. لەپاڵ هەموو ئەوانەی باسكران لە هەوڵی بێ وچانی ڕۆژئاواییەكان بۆ شێواندنی وێنای ئیسلام، بەشێوەیەكی مەبەستدارانە و بەرنامە بۆدارێژراو چەندین فیلمی ناشیرین بەرهەمهێنراوە كە مسوڵمانان بەشێوەیەك نیشانی ڕۆژئاواییەكان دەدەن كە ئەمانە دێوەزمە و غوڵ بن و هیچ پەیوەندییەكیان بە شارستانییەتەوە نییە و لە هەموو جوانییەكی ژیان بێ ئاگان. ئەو فیلمانە لەوە زۆرترن كە بژمێرێن، بەڵام زۆرینەیان شانۆگەرین و بەدەوری ژیانی بیابان و دەشتەكی بووندا دەسوڕێنەوەو توندوتیژی و ئارەزوبازی نیشاندەدەن، مسوڵمانان و عەرەب وا وێنادەكەن كە خەڵكێكی گێرەشێوێن و ئاشوبگێڕن و زیاتر لە دێوەزمە دەچن تا لە مرۆڤ، تەنانەت ئەم وێنایە بووەتە بەشێك لە زاكیرە و خەیاڵی خەڵكی ڕۆژئاوا و بە ئاسانی ناسڕێتەوە كاتێك عەرەب یان مسوڵمانیان بۆ باس بكرێت، پێیان وایە ئەوان چەتە و ڕێگر و ئافرەت ڕفێن و سەماكارن و هیچ كەس لەگەڵیان هەست بە دڵ ئارامی ناكات.

> قەرەداغی
> هەموو ئەو شێواندن و درۆ و هەڵبەستراوانە ڕەتدەكاتەوە كە ڕۆژئاواییەكان بۆ شێواندنی وێنای ئیسلام گرتویانەتەبەر

بێگومـان جەنابـی پڕۆفیسـۆر قەرەداغـی هەمـوو ئـەو شـێواندن و درۆ و هەڵبەسـتراوانە ڕەت دەکاتـەوە کـە ڕۆژئاواییـەکان بـۆ شـێواندنی وێنـای ئیسـلام گرتویانەتەبـەر، بـەڵام ڕووی گلەیـی و سـەرکۆنەکردنیش دەکاتـە مسـوڵمانان لـەوەدا کـە هاوبەشـی ئـەو شـێواندنەبوون، هەڵـس و کەوتـی هەندێـك خەڵـك و پێـڕ و گـروپ، بەتایبـەت ئەوانـەی کـە لـە ڕۆژئـاوا دەژیـن، یارمەتـی ئـەو دوژمـن و داخ لـە دڵانـەی داوە بـازاڕی خۆیـان گـەرم بکـەن، لێرەولـەوێ ئێمـە هەواڵـی ئـەوە دەبیسـتین کـە جالیـەی مسـوڵمان لـە ڕۆژئـاوا فەتـوای حەڵاڵـی ماڵ و دارایـی خەڵکـی نامسـوڵمانیان بـۆ دەدرێـت و بەشـێوەیەکی کردەیـی پیلانـی وێرانکردنـی ڕۆژئـاوا دادەڕێـژن وێـڕای ئـەوەی کـە بەشـێکی زۆریـان ڕەگـەزنامـەی ئـەو وڵاتانەیـان پێـدراوەو لـە سایەیدا ژیانێکـی ئـارام دەگوزەرێنـن و ڕزگاریـان بـووە لـە و وڵاتـەی کـە لەدەسـت زوڵـم و سـتەمی هەڵهاتـوون.

ئـەوەی ڕوویـدا لـە جەزائیـر لـە سـەرەتای سـاڵی نەوەدەکانـدا لەسـەر بڕینـی ئافـرەت و منـداڵ و ئـەوەی ڕوویـدا لـە عێـراق لەسـەردەمی حوکمڕانـی (صـدام حسـين)دا لـە کوشـتن و ڕفانـدن و سـەربڕین بەبـێ یەکلاکردنـەوەی تاوانەکانیـان، ڕۆڵێکـی گـەورەی هەبـوو لـە نیشـاندانی ئیسـلام بـەو شـێوەیەی کـە وێناکرابـوو لـە دیـدی ئەوانـی تـردا، بەڵکـو تەنانـەت لای خەڵکـی مسـوڵمانیش، دواتـر سـەرهەڵدانی قاعیـدە و داعـش ئـەوان بـەکار و کردەوەکانیـان مرۆڤایەتیـان شـەرمەزارکرد، هەمـوو ئەمانـە ئەوەنـدەی تـر وێناکەیـان ناشـیرینتر کـرد و گۆمەکەیـان لێڵتـر کـرد، بۆشـاییەکە ئەوەنـدە گەورەبـوو بەهیـچ شـتێك چارەسـەر ناکرێـت تەنیـا بـەوە نەبێـت کەبـە میتۆدێکـی دروسـت و سـەلیم ئیسلام لـە دوو توێـی ڕەحمەت و گفتوگـۆی جوانـدا بناسـرێنێتەوە.

## نموونەیـەك لـە ململانـێ فیكرییەكانـی سیاسـەتمەدارانی ڕۆژئـاواو هەوادارەكانیـان

چەنـد زۆرن ئـەو نمونانـەی كـە بـە ئاشـكرا دژایەتـی ئیسـلامیان كـردووە لـە بیرمەنـدە ڕۆژئاواییـەكان و میتـۆدی ململانێـی شارسـتانییەتەكانیان گرتووەتەبـەر، لەگـەڵ ئەوەشـدا جەنابـی پرۆفیسـۆر قەرەداغـی مەبەسـتی لە ڕۆژئـاوا و ڕۆژئاواییەكان ئەوانەیە كـە سیاسـەتێكی دژ بـە ئیسـلام و مسـوڵمانانیان گرتووەتەبـەر، مەبەسـتی هەمـوو گەلانـی ڕۆژئـاوا نییـە، یـان سیاسـی و بیرمەنـدە بەویژدانەكانیـان، لێرەدا بـە كورتـی و بـە پوختـی ئامـاژە دەكەیـن بـە ناوەڕۆكـی ڕاپۆرتێكـی دامـەزراوەی ڕانـد لـە ساڵی ٢٠٠٣ - ٢٠٠٤ز، ئەمـە نموونەیەكـە لـەكاری دامەزراوەیـی ئـەوان، دەبێـت نموونـەی بیـر و دیـدی تاكەكەسـیان چـۆن بێـت، وەك صموئیـل هانتجتـون و فرانسـیس فۆكۆیامـا و هەركەسـێكی تـری هاومەشـرەبی ئـەوان.

ڕاپۆرتەكـەی ڕانـد بـەوە دەسـتپێدەكات كـە (جیهانـی ئیسـلامی لـە ئێسـتادا سـەرقاڵە بـە ململانێـی ناوخۆییـەوە).

جەنابـی پرۆفیسـۆر قەرەداغـی شرۆڤەی ئـەم دەسـتەواژەیە بـەم جـۆرە دەكات: ئەگـەر مەبەسـت لـە ململانێـی ناوخۆیـی ڕاجیایـی فیكـری و سیاسـی و كۆمەڵایەتـی بێـت ئەمـە شـتێكی نـوێ نییـە بەڵكـو زادەی ئـەم سـەدەیە و سـەدەی پێشتریشـە، بەڵكـو ئـەم ململانێیـە بەشـێكی لـە بەرەنجامـی سروشـتی ڕاجیاییـەوە هاتۆتـە ئـارا لـە چوارچێـوەی ئیجتیهادێكـی قبوڵكـراودا، بـە شێكیشـی بەهـۆی هەوڵـی ئەوانـی تـرەوە (بەتایبـەت فیكـری لیبراڵـی و شـیوعی و ئیشـتراكی و ئیلحـادی و ئیباحییـەوە بـووە)، هـەوڵ و كۆششـێكی زۆری بێوچـان دراوە لەلایـەن ڕۆژهەڵاتنـاس و بیرمەنـدە دژ و دوژمنـەكان بـە ئیسـلام بـە پاڵپشـتی سیاسـەتمەدارانی ڕۆژئـاوا

بۆ شکستهێنان بە ئیسلام، بۆ ئەم کارەش هەموو هۆکارێکی گونجاویان گرتووەتەبەر.

ململانێ ناوخۆییەکان -ئەگەر دروست بێت بوترێت- بەهۆی داگیرکاری جیهانی ئیسلامی بەشێوەی کردەیی و فیکری ڕۆژئاواوە ڕوویداوە. ئەگەر وایش بێت ململانێ بوونی هەبێت ئەوە باشترنییە کە وازی لێبهێنرێت بۆ خەڵکی خۆیان تا خۆیان بڕیار لە چارەنوسی ژیانی خۆیان بدەن بەبێ دەستێوەردان و خۆتێهەڵقورتاندنی ئەوانی تر؟!

لە ڕوویەکی ترەوە ئەم ململانێیە لەسەر شتێکی تازە و سەردەمیانەی بەسوود نییە، بەڵکو ململانێیە لەپێناو پارێزگاریکردن لە جێگیر و نەگۆڕەکان و نەسڕینەوەیان، چونکە ئیسلام هەردەم مسوڵمان هەڵدەنێت لەسەر قبوڵکردنی عەنتیکەیەکی چاك و باش و تازەیەکی بەسوود.

- دروستکردنی هاودەنگی ئەوانی تر و (جگە لە ئیسلام) وروژاندنیان بە ئاراستەی ئەو ململانێیە بە بەهانەی ئەوەی هەڕەشەن (بۆ پارچەکانی تری جیهان).

- ئەو ڕاپۆرتە بەڕوونی کێشە و ململانێکان دەداتە پاڵ خودی ئیسلام، بەمانایەکی تر کەواتە ئیسلام توانای گەشەکردن و چارەسەری کێشەکانی نییە و ناتوانێت ڕایەڵەی پەیوەندیەکانی گرێ بداتەوە لەگەڵ جیهاندا، ئەمەش تەنیا لەبەرئەوەی کە (توندڕەوە یان تەقلیدییە). بەپێی ئەو ڕاپۆرتە بێگومان.

ڕاپۆرتەکە بەردەوام دەبێت و دەپرسێت (کەواتە، دەبێت ڕۆڵی باقی وڵاتانی تر چی بێت کە لەژێر هەڕەشەدان و کاریگەردەبن بەو ململانێیە؟).

ئەوەی لەو پرسیارە دەفامرێتەوە - بەپێی تێگەیشتنی جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی ئەوەیە کە ئەو ڕاپۆرتە مافی ئەوەی بە

ئیسلام نەداوە كە گرنگی و بایەخێكی زۆری داوە بە زانست و زانیاری و شارستانییەتێكی گەورەی بنیاتناوە بۆ چەندین سەدە سەردەستە و بڕیار بەدەستی ئەو شارستانییەتەبووە ئەمە ڕاستییەكە كە خەڵكی بە ویژدانی ڕۆژئاوا دانی پێدادەنێن، سەرنج بدە لە بیرمەندی گەورەی ئەمریكی پول كینیدی دەڵێت: «چەندین سەدە ئیسلام پێش ڕاپەڕینی ئەوروپا سەردەستەی جیهان بوو زانستەكانی وەك بیركاری و پزیشكی و نەخشەسازی و چەندین زانست و پیشەسازی تری داهێنا و بەڕێوەی دەبرد و گەشەی پێدەدا، هەروەك چەندین زانكۆو كتێبخانە و سەنتەری زانستی بە جیهان پێشكەشكرد، هەموو ئەمانە لەكاتێكدا بوون كە ئەمریكا و یابان هیچ شتێكیان نەبوو بەڵكو ئەوروپاش جگە لە شتێكی كەم هیچی نەبوو».

لە هەموو ئەمانە مەترسیدارتر ئەوەیە كە ئەو ڕاپۆرتە مسوڵمانان پۆلێن دەكات بۆ سێ بەش:

١- توندڕەوەكان دەیانەوێت كۆمەڵگایەكی پارێزگار بنیات بنێن و هیچ باوەڕیان بەداهێنان و نوێ بوونەوەو گۆڕانكاری نییە و لە هەموو ئەوانە بەدگومانن.

٢- نوێ خوازەكان خوازیاری ئەوەن جیهانی ئیسلامی ببێتە بەشێك لەم پێشكەوتنەی جیهانی گرتووەتەوە، هەروەك خوازیاری ئەوەن كە نوێ خوازی لە ئیسلامدا بكرێت و هەندێك چاكسازی تێدا ئەنجام بدرێت تا لە سەردەمی خۆی بەجێ نەمێنێت و لە كاروان دووانەكەوێت.

٣- عەلمانییەكان داوای جیاكردنەوەی دین دەكەن لە دەوڵەت، بەشێوەی دیموكراتی ئێستای ڕۆژئاوا.

ڕاپۆرتەكە كۆتاییەكەی بەوەدێت كە بەڕەواو دروستی

نازانێت پشتگیری مسوڵمانە توندڕەوەکان بکات، بۆیە پێی وایە نوێخواز و عەلمانییەکان لە میتۆدی ڕۆژئاواوە نزیکترن و دەبێت هاوکاری بکرێن بە دارایی و ڕاگەیاندن و هان بدرێن و نوسین و بەرهەمەکانیان بۆ چاپ بکرێت و بیروڕا و سەرنجەکانیان بکرێتە پرۆگرامی خوێندن و بەهەموو ڕێگایەك هەوڵی بڵاوکردنەوەی بدرێت و پرۆژە و بەرنامەی سیاسیان پێ بدرێت و هاوکاری بکرێن بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی سەربەخۆ.

بەمشێوەیە، سیاسەتمەدارانی ڕۆژئاوا ڕازی نابن بە ئیسلامێك نەبێت کە بەخواست و ویستی خۆیان وێنای بکەن، ئەوەش (ئیسلامی دیموکراتی شارستانییە)، هاوشێوەی دەستەواژەی (مەسیحی دیموکراتی) یان (حیزبی دیموکراتی مەسیحی)، لێرەدا جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو حیزبانە هیچ نزیکییەکیان لەگەڵ مەسیحییەت نییە مەگەر بەناو یان بەسۆز و عاتیفە.

جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی زیاتر شرۆڤەی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە دەکات و پێی وایە ئەم ڕاپۆرتە مەترسیدارترین ململانێ دەخوڵقێنێت لە مێژووی ئیسلام و مسوڵماناندا، ئەوەش بریتییە لە ڕووبەڕووبوونەوەی خودی دینی ئیسلام وەك ئەوەی ڕاپۆرتەکە بە ڕۆژئاواییەکان بڵێت: پێکەوە ژیان لەگەڵ ئاینی ئیسلام هیچ سوودو کەڵکێکی نییە، چونکە ئیسلام دەبێتە هۆکاری وێرانکردنی شارستانییەتەکەی ئێوە بۆیە، ئەگەر ئێوە بتانەوێت لەگەڵ وڵاتێکی ئیسلامی بژین و هەماهەنگی بکەن دەبێت ئیسلام وەك ئاینی مەسیحی لێ بکەن، ئەمەش ئەو ڕاستییەیە کە صموئیل هانتجتون بانگەشەی بۆ دەکات و دەڵێت سەرجەمی ئاینەکان بە عەلمانی کراون جگە لە ئیسلام کە وەك خۆی ماوەو

بەتەنیا لە گۆڕەپانی خەباتدایە و بەرگری لە دەقە پیرۆزەكانی خۆی دەكات، بۆیە دەبێت بەهەماهەنگی هەموو لایەكمان كار بكەین بۆ بەعەلمانی كردنی ئاینی ئیسلام.

دوای ئەم شرۆڤە دوورودرێژە كە جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی باسیكرد سەبارەت بە ڕۆژئاوا و نیاز خراپیەكانی دەربارەی مسوڵمانان و ئیسلام لە ڕق و كینە، دەڵێت دەبێت سیاسەتمەدارانی ڕۆژئاوا لەوە تێ بگەن كە مسوڵمانان ستەمدیدەی دەست و چەپۆكی ئەوانن و لەبەر ئەمەیە كە ڕقیان لێیانە، بۆیە دەبێت سیاسەتمەدارانی ڕۆژئاوا سەرچاوەو هۆكاری ئەو ڕق لێ بوونەوەیە نەهێڵن و بنەبڕی بكەن، ئەگەر ئەوان دەیانەوێت ئەو شتانە چاك بكەنەوە كە ڕۆژگار خراپی كردووە، ڕۆژگاری حوكمڕانی و دەستڕۆیشتوویی ئەوان.

چاكسازی نایەتەدی بە چەسپاندنی دادگەری نەبێت لە نێوان هەمواندا و مامەڵە كردن بە هاوسەنگی و خۆپارێزیی بكرێت لە مامەڵەی بانێكەو دوو هەوا، دوورەپەرێزی بكرێت لە هەڵگیرساندنی ئاشوب و ململانێكان لە ڕێگای گومان و دوودڵی دروستكردن لە پیرۆزی قورئان و سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) و هێرشكردنەسەریان بە ئاشكرا و بەرۆژی نیوەڕۆ، بێگومان ئەمە دەبێتە هۆكاری بریندارکردنی هەست و ویژدانی مسوڵمانان و ئاگری ئاژاوەو ئاشوبێك گەرم دەكات كە كۆتاییەكەی ماڵ وێرانكار دەبێت.

لێرەدا جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی پرسیارە بنەڕەتی و جەوهەرییەكە دەكات: ئیسلام و ڕۆژئاوا كامیان دژایەتی ئەویتریان دەكات؟

سیاسەتمەدار و بیرمەند و شرۆڤەكارانی ڕۆژئاوا بە هەموو هێز

و توانایانەوە لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنکار و بودجەی ڕەها و بێ شومار لە هەوڵی شێواندنی ڕاستییەکاندان و کار لەسەر بە باتڵ ناساندنی حەقیقەت دەکەن و دەیانەوێت بە ئاوەژوو واقیع نیشان بدەن و قوربانی دەکەنە جەلاد و ستەمکار بە قوربانی دەناسێنن. ئەمانە توانیان وێنای ئیسلام بشێوێنن و بەشێوەیەك نیشانی بدەن کە ئیسلام دینی ئیرهاب و ترس و تۆقاندنە، مسوڵمانانیش دەستدرێژیکار و خراپەکارن و ئەوە ئەوانن کە دوژمنایەتی ڕۆژئاوا دەکەن و ڕقیان لێیانە و توانای قبوڵکردنی شارستانییەتی ڕۆژئاوا و دیموکراسییان نییە.

بە پێچەوانەی چەواشەکارییەکانی سیاسەتمەدارانی ڕۆژئاواوە، ئیسلام ئاینی ڕەحمەت و لێبوردەییە بەشێوەیەکی کردەیی و گوفتاری، وەك جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی ئاماژەی پێدەدات لەسەرجەمی کۆنگرە و لێدووانەکانیدا پشتڕاستی دەکاتەوەو پێداگرە لەسەری.

جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی ماندونابێت لە شرۆڤەکردنی گوتاری ڕۆژئاواییەکان، بۆیە جەنابیان پێیان وایە سەرەداوەکان بەگشتی لە سێ کوچکەیەکدا خۆی دەبینێتەوە وەك ناوی ناوە (کێشە گەورەکە لای ڕۆژئاواییەکان) بە بڕوای بەڕێزیان ئەمە گرفتەکەیە:

١- سازاندنی دوژمنێکی وەهمی بەپێویست دەزانن بۆ خۆیان، بۆئەوەی بەهانەیان هەبێت بۆ هەر کارێك کە دەیکەن، وەك ئەوەی کە ئەمریکا دەیکات لە ڕاگەیاندنی جەنگی جیهانی بەناوی جەنگی ئیسلامی ئیرهابی، بەوهۆیەوە داگیرکارییەکی فراوانی ئەنجامدا ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لە زۆرینەی وڵاتانی ئیسلامیدا.

٢- كاریگـەر بـوون بـە سیاسـەتی دینـی زایۆنیزمـی جیهانـی و ڕاسـتڕەوی مەسـیحی تونـدڕەوی سـەهیۆنیزم.

٣- سـەپاندنی ئەخـلاق و بەهـا ڕۆژئاواییـەكان و ناچاركردنـی جیهـان بـەو مۆدیلـەی ئـەوان پیـادەی دەكـەن، بـە هەمـوو خێـر و شـەڕ و حـەق و بەتاڵـی ئـەو مۆدێلـەوە، والاكردنـی دەرگای لەشفرۆشـی تـا ئاسـتی ڕەگەزبـازی. قورئانـی پیـرۆز بەڕوونـی ئـەو ڕاسـتییەی خسـتووەتەڕوو وەك دەفەرموویـت ﴿وَلَا يَزَالُونَ يُقَاتِلُونَكُمْ حَتَّىٰ يَرُدُّوكُمْ عَن دِينِكُمْ إِنِ اسْتَطَاعُوا﴾[٦٧].

ئەمـە وێـڕای هەوڵـی بێوچانیـان بـۆ دەسـتگرتن بەسـەر داهات و خێـر و بێـری وڵاتانـی ئیسـلامیدا.

كەواتـە سیاسـەتمەدارانی ڕۆژئـاوا، نایانەوێـت ئیسـلام ڕەتبكەنەوە بـەو پێیـەی دیـن و عەقیدەیـە بەتەنیا، بەڵكو پرۆژەی شارسـتانییەتی ئیسـلامی ڕەتدەكەنـەوە، هـەروەك سـەربەخۆیی شارسـتانییەتی ئیسـلامیان قبـوڵ نییـە، بەڵكـو سـەربەخۆیی وڵاتانـی ئیسـلامی ڕەتدەكەنـەوە لـەڕووی سیاسـی و ئابوورییـەوە.

جەنابـی پرۆفیسـۆر قەرەداغـی بابەتێكـی گرنـگ دەوروژێنێـت كـە پەیوەنـدی بـە گوتـاری ڕۆژئاواییەكانـەوە هەیـە لـە داهاتـوودا، وەك دەڵێـت: سیاسـەتمەدارانی ڕۆژئـاوا نایانەوێـت كـە دیموكراسـییەكی ڕاسـتەقینە بەشـێوەیەكی ڕەهـا و ئـازاد جێگیـر ببێت، چونكـە ئەوانە سـوودمەند نابـن لێـی كـە لەسـەر میتـۆدی ئـەوان و لایەنگرەكانیانـن، ڕاپۆرتەكـەی ڕانـد دەڵێـت: «بەشـێوەیەكی ڕەهـا نابێـت هـاوكار و لایەنگـری عەلمانییـەكان بیـن، چونكـە بەشـێك لـەوان ڕقیـان لـە ڕۆژئاوایـە، یـان بەرنامـە و پلانـی تایبـەت بەخۆیـان هەیـە». لەبەرئەوەیـە دەبینیـن وڵاتانـی ڕۆژئـاوا یارمەتـی و پشـتیوانی هـەر

---

٦٧ البقرة: ٢١٧.

دەسەڵاتێك دەكەن هەرچەندە سەربازی و پاشایەتی و دیكتاتۆریش بێت، بەڵام تەنیا بەومەرجەی كە پارێزگاری لە بەرژەوەندییەكانی ئەوان بكات، مێژووی ئەم دەوڵەتە داگیركارانە لەگەڵ گەلانی ئیسلامی هیچ بنەمایەكی ئەخلاقی نەبووە بەزۆری یان لە هیچ كاتێكدا، قورئانی پیرۆز بەڕوونی ئەم ڕاستییەی خستووەتەڕوو وەك دەفەرموویێت ﴿وَلَن تَرْضَىٰ عَنكَ الْيَهُودُ وَلَا النَّصَارَىٰ حَتَّىٰ تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ﴾[68]

جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی دەگاتە ئەو دەرەنجامەی كە: (ڕۆژئاوا بەرژەوەندی لەوەدایە كە مسوڵمانان لاواز و پەرتەوازەبن (فَرِّقْ تَسُدْ)، ئەگەر سیاسەتمەدارانی ڕۆژئاوا بە ویژدان و دادپەروەربونایە دەبوو بیانزانیایە كە زوڵم و ستەمكاری هەرچەندە درێژە بكێشێت كۆتاییەكەی تەفروتونا بوونە، شەوەزەنگ هەرچەند تاریك بێت بەرەبەیانێكی ڕوون دەیرەوێنێتەوە، دەبوو بیانزانیایە كە بەرژەوەندی دوورمەودا لەسەر بنەمای یەكسانی و دادگەری ڕادەوەستێت و بە خێری هەمووان تەواو دەبێت).

لە بەرانبەر هەموو ئەمانەدا، دەبێت دید و هەڵوێستی ئیسلام چی بێت دەربارەی ململانێی شارستانییەتەكان بەپێی دید و تێگەیشتنی جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی؟ جەنابیان وادەبینن كە ئیسلام، وەك ئەوەی لە ڕوانگەی قورئانی پیرۆز و ژیاننامەی پێغەمبەرەوە (ﷺ) لێی تێدەگەین، بەڕوونی بانگەشە دەكات بۆ گفتوگۆ و لەیەكتر تێگەیشتن نەك بۆ ململانێ، بانگەشە دەكات بۆ پێكەوە ژیان نەك بۆ بەریەككەوتن، قورئانی پیرۆز پەیامی گفتوگۆ و بانگەوازە بەشێوازی باشترین لەسەرەتاوە بۆ كۆتایی، جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوە دوایین ئامرازە بۆ سەرخستنی حەق و ڕاستی دوای ئەوەی كە هەموو ڕێگاكانی لە یەكتر تێگەیشتن شكستیان خوارد و هەموو دەلاقەكان داخران.

68 البقرة: ١٢٠.

ئەمە ئەو ڕێباز و میتۆدەیە كە پێغەمبەر (ﷺ) گرتیەبەر لە سەرەتای كاری پێغەمبەرایەتیدا، بە گفتوگۆ دەستیپێكرد و بەجوانی بانگەوازی دەكرد، وەك خوا دەفەرموویێت: ﴿ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾[٦٩].

ئەمە بۆ ئیسلام شتێكی نامۆ نییە، چونكە فەلسەفەی شارستانییەتی ئیسلامی لەسەر چۆن بەرەو چاكترین بنیات نراوەو ڕابردووی باش دەكاتە میراتی خۆی و هەماهەنگی لەگەڵ شارستانییەتەكاندا دەكات نەك ململانێیان لەگەڵ بكات.

هەماهەنگی شارستانییەت بەوشێوەیەی ئومێد دەكرێت نایەتەدی بەزانست و خوێندنەوەو مێژوو نەبێت، شارستانییەتەكانی دوایی سوود لەوانەی پێش خۆیان وەردەگرن بەبێ هیچ ترس و دوودڵییەك ئەگەر خێر و زانست و حیكمەتی تێدا بێت، شتی سەرسوڕهێنەر دەبیستین لە خەلیفەكانی عەباسی لە چوارچێوەی ڕێز و پێزانینیان بۆ زانست و زانیاری. هەڵوێست و كارەكانیان جێگای سەرسوڕمان نەبوو لە واقیعدا، بەڵكو خاوەنی هەڵوێستی جوان بوون، ئەوەبوو دیاری و خەڵاتی گرانبەها و بەهاداریان دەبەخشییە ئەو كەسانەی كە زانستەكانیان وەردەگێڕایە سەر زمانی عەرەبی. ئایا گرنگتر لەم هەماهەنگییە چییە؟

ئاوەزو ژیری ململانێ ڕەتناكاتەوە دان بەبوونیدا دەنێت، هەردەشبێت بە بێگومان، نموونەی وەك بوونی ڕاجیایی وایە، ئەوەش بوونی هەیە نكوڵی لێ ناكرێت، بەچاوی سەر دەیبینین، ئیسلامیش ئەو ڕاستییە دەزانێت، لەبەرئەوەیە پێداگری دەكات لەسەر پێكەوە ژیان و بەریەك كەوتن ڕەتدەكاتەوە گفتوگۆ بە پێویست دەزانێت لەبری جەنگ و بەیەكترداهەڵپژان.

---

٦٩ النحل: ١٢٥

> **ئیسلام پێداگری دەکات لەسەر پێکەوە ژیان و بەریەك کەوتن رەتدەکاتەوەو، گفتوگۆ بە پێویست دەزانێت لەبری جەنگ و بەیەکترداهەڵپژان**

رەوا نییە بۆ ئەو مسوڵمانانەی کە بەرچاو روونن و لەژێر رێنمایی دەقە شەرعییەکان ژیان دەکەن، دوودڵی و دڵەراوکێیان هەبێت دەربارەی ململانێکان و دڵخۆش نەبن پێیان، بەڵکو ئەرکی ئەوان ئەوەیە هەڵگری چرای هیدایەت بن ئەوەندەی دەکرێ و دەتوانن، ببنە هۆکاری پەخشکردنەوەی خێر و رەحمەت و خەڵکی چاویان لێ بکات و ببنە پێشەنگێکی جوان بۆ ئەوانی تر و رزگارکاربن بۆ خەڵکێك کە لە نادانی و گومڕایی و سەرگەردانیان بەرەو رێگای راستی دینداری و ببنە هۆکاری خۆشەویستکردنی دین و مسوڵمان بە گوفتار و کرداری خۆیان نەك ببنە هۆکاری ناشیرینکردنی دین و مسوڵمان و خەڵکی لێ دوور بخەنەوە بێگومان ئەوە جێگای بێزاری و پێ ناخۆشبوونی ئیسلام و مسوڵمانانە و پێچەوانەی دەقە شەرعیەکان و ژیانی پێشینی سەردەستەیە.

لەو پێشینە گەورانەمان نموونەی یوسف پێغەمبەر (علیە السلام) وەردەگرین لەرووی چۆنێتی مامەڵەی لەگەڵ (ئەوانی تر)، بێگومان ژیانی ئەم مرۆڤە گەورەیە بۆ هەمیشە تا ژیان بمێنێت و مرۆڤ هەناسە بدات، بۆ هەمیشە وەك شاکارێکی ناوازە دەمێنێتەوەو دەبێتە مەشخەڵی رێگای هیدایەت و نموونەی جوانی هاوسەنگی.
لە دید و خوێندنەوەی جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغییەوە دەچینە ناو داستانی گەورەمان یوسف (علیە السلام).

## یوسف پێغەمبەر (علیه السلام) وەك نموونەیەكی باڵا لە میسردا

داستانی گەورەمان یوسف پێغەمبەر (علیه السلام) خەزێنەیەكی گەورەی پڕ لە نهێنییە، جار لەدوای جار و نهێنی لەسەر نهێنی ئاشكرا دەبێت و زیاتر دەبێتە جێگای سەرسوڕمان و جێگای سوود لێوەرگرتن و چاولێكردن، ژیانێك پڕ لە جوانی و چاكی و لێوان لێو لە بەها باڵاكان و دوور لە تەماع و چاوچنۆكی و لوت بەرزی و دڵدان بەدنیا و جوانییەكانی، ئیتر ئەو ژیانە كورت بێت یان درێژ.

ئەو نهێنییانەی ئێمە بەدوایەوەین و دەمانەوێت تیشكی بخەینەسەر و پەردەی لەسەر لابدەین، لە گۆشە نیگای جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغییەوە نهێنییەكی گەورەو گرانەو هەموو دڵسۆز و خەمخۆرێك بەدواوەیەتی و خوازیاری لێ تێگەیشتن و جێبەجێكردنییەتی، ئەوەش بریتییە لە سوود وەرگرتن لە ژیانی گەورەمان یوسف پێغەمبەر (علیه السلام) لەڕووی چۆنێتی مامەڵە و هەڵسوكەوتی مسوڵمان لەگەڵ ئەوانی تر، لەكاتێكدا كە لە وڵاتی خۆیدا نییە و لە تاراوگە ژیان بەسەردەبات لە كۆمەڵگایەكی نامسوڵماندا چۆن بتوانێت پارێزگاری لە جێگیر و نەگۆڕەكانی ژیانی دیندارانەی خۆی بكات و ئەو ڕێسا و یاسا نوێیانە ڕەت نەكاتەوە و ڕێزیان بگرێت، ئەوانەیان كە لەگەڵ بنەما ئاینییەكانی ئەو دژ و ناتەبانییە.

١- گەورەمان یوسف پێغەمبەر (علیه السلام) ژیانێكی سەربەرزانەی بەسەربرد لە وڵاتی میسردا بە پارێزگاری لە دین و ئەخلاق و بیروباوەڕەكەیەوە، نەكەوتە داوی ئارەزووبازی، وێڕای بانگهێشتكردن و تەنانەت زۆرلێكردنیش لەلایەن خێزانی عەزیزی میسر و ئافرەتانی تریشەوە، تا گەیشت بەوەی كە قورئانی پیرۆز

ئاماژە بەو بابەتە بدات ﴿وَرَاوَدَتْهُ الَّتِي هُوَ فِي بَيْتِهَا عَن نَّفْسِهِ وَغَلَّقَتِ الْأَبْوَابَ وَقَالَتْ هَيْتَ لَكَ قَالَ مَعَاذَ اللَّهِ إِنَّهُ رَبِّي أَحْسَنَ مَثْوَايَ إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ﴾[٧٠].
ئەوەبوو قوربانی زۆریدا بەهۆی بەگوێ نەکردنی خێزانی عەزیزی میسر و پارێزگاریکردن لە ئەخلاق و ڕەوشت جوانی خۆی، دەستبەرداری زۆر دەستکەوت و تایبەتمەندی خۆی بوو تەنانەت لەو پێناوەدا چەندین ساڵ زیندانی کێشا.

جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی لەڕووی تێگەیشتن لەو ئایەتەوە دەڵێت: دەبێت کەمینە مسوڵمانەکان یوسف پێغەمبەر (علیه السلام) بکەنە پێشەنگی خۆیان و خەمی یەکەمیان پارێزگاریکردن بێت لە ناسنامەی دینی و عەقیدەیی و ئەخلاقی خۆیان، دەبێت کار بۆ پاراستنی نەوەکانی داهاتوومان بکەن لەڕووی دین و ئەخلاقەوە بەگرتنەبەری هەموو هۆکارێکی ماددی و مەعنەوی و میکانیزمی پەروەردەیی و زانستی کردەیی بگرنەبەر بۆ دەستەبەرکردنی ئەو ئامانجە، لێرەوە ڕۆڵی دامەزراوی و پارێزگاریکردن لە شوناسی تاکەکەسی هەستی پێدەکرێت، ئەگەرنا نرخ و بەهای هیچ دەستکەوت و ئامانجێکی دنیایی هەرچەند گەورەبێت ئەوە نییە ئەگەر دین و ئەخلاقی لەسەر بدۆڕێنرێت. ئەمەش بەڕوونی دیارە لە دەربڕین و لێدووانەکەی گەورەمان یوسف پێغەمبەردا (علیه السلام): ﴿قَالَ رَبِّ السِّجْنُ أَحَبُّ إِلَيَّ مِمَّا يَدْعُونَنِي إِلَيْهِ﴾[٧١]. ئەو بەڕەهایی باسی زیندان دەکات، تا تێبگەن ئەگەر ئەو زیندانکردنەش هەموو تەمەنی بگرێتەوە باشترە بۆی لەوەی بکەوێتە گوناحێکەوە کە بیبات بەرەو خەشم و توڕەیی خودا، ئەی دەبێت وازهێنان لە دین و ئەخلاق و توانەوە لەناو

٧٠ یوسف: ٢٣.

٧١ یوسف: ٣٣.

بێباوەڕاندا چۆن بێت بۆ هەركەسێك یان بۆ نەوەكانی.

لەهەمانكاتدا گەورەمان یوسف (علیه السلام) وەفاداربوو بۆ هەر كەسێك چاكەی لەگەڵ كردبێت ئەگەرچی بێباوەڕیش بووبێت، ئەو دەستەواژەكەی عەزیزی میسری لەبیر نەكردبوو كاتێك كڕی ﴿وَقَالَ الَّذِي اشْتَرَاهُ مِنْ مِصْرَ لِامْرَأَتِهِ أَكْرِمِي مَثْوَاهُ عَسَى أَن يَنفَعَنَا أَوْ نَتَّخِذَهُ وَلَدًا﴾[٧٢]، پارێزگاری لەو دەربڕینە جوان و شیرینە كردبوو بۆیە پاش ترس لە خودای گەورە هۆكاری خۆبەدەستەوەنەدانی بۆ ئافرەتەكە ئەوەبوو كە دەفەرمووێت ﴿إِنَّهُ رَبِّي أَحْسَنَ مَثْوَايَ إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ﴾[٧٣].

٢- ستەم نەكردن لە هیچ كەس و خەڵكی هیچ وڵاتێك ئەگەرچی لە بەشێك لەو خەڵكیشەوە یان دەوڵەت و حوكمڕانەكانیان ستەم لە پەنابەرێك یان كەمینەیەك یان دەوڵەتانی ئیسلامی كرابێت بە ڕێگای داگیركاری، هەرگیز ستەم بە ستەم وەڵام نادرێتەوە، گەورەمان یوسف (علیه السلام) دوای هەوڵی خێزانەكەی عەزیزی میسر بۆ لەخشتەبردنی دەفەرمووێت: ﴿إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ﴾[٧٤]. لێرەدا وەڵامێكی بەهێز و یەكلاكەرەوە هەیە بۆ بەشێك لە مسوڵمانانی پەنابەر كە بەهانە دەهێننەوە بۆ خراپەكاری و دەستدرێژكاری بۆسەر ماڵ و دارایی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریكا بەوەی كە ئەو وڵاتانە داگیركارییان كردووە ماڵ و دارایی مسوڵمانانیان بە تاڵان بردووە، ئیدی ئەوانیش هەر تاڵانكارییەك بكەن دەبێتە بەشێك لە سزای ئەوەی ئەوان كردوویانە، بێگومان ئەمە تێگەیشتنێكی هەڵە و نادروستە و خراپ حاڵی بوونە لە شەریعەتێك كە بەڕوونی پێمان دەڵێت: ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى﴾[٧٥].

---

٧٢ یوسف: ٢١.

٧٣ یوسف: ٢٣.

٧٤ یوسف: ٢٣.

٧٥ الأنعام: ١٦٤.

٣- خۆشەویستی نیشتمان و نیشتمانپەروەری لای گەورەمان یوسف (علیه السلام) تێبینی ئەوە دەکرێت کاتێك تەنگی پێ هەڵدەچنرێت لەلایەن ئافرەتانەوە بیر لە هەڵهاتن و وڵات بەجێهێشتن ناکاتەوەو بڵێت ئەوەم پێ خۆشترە، بەڵکو دەڵێت: ﴿السِّجْنُ أَحَبُّ إِلَيَّ مِمَّا يَدْعُونَنِي إِلَيْهِ﴾[٧٦]. ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەو میسری بە نیشتمانی خۆی قبوڵکردووەو زیندانکردنی لە میسردا بەلاوە باشترە لەوەی لە میسر هەڵبێت و بەجێی بهێڵێت. لەوە گرنگتر ئەوەیە کە ئەو بۆخۆی داوایکرد لە پادشا کە بیکاتە بڕیاربەدەستی خەزنەکانی وڵات بۆ ئەوەی خزمەتی گەلی میسر بکات، بەڵکو باوان و براکانی هێنا بۆ میسر بۆئەوەی لەوێ نیشتەجێ ببن وێڕای ئەوەی کە خەڵکی میسر لەسەر دینی ئیبراهیم پێغەمبەر نەبوون (علیه السلام).

٤- وێڕای دژواری بارودۆخی ژیانی گەورەمان یوسف (علیه السلام) دەسبەرداری بانگەواز نەبوو بە ئامۆژگاری جوان و شێوازی باش، ئەوەبوو فرۆشرا و کرایە کۆیلە و ئەو حاڵەتەیش کاریگەری نەرێنی هەبوو لەسەر پێگەو پلەی کۆمەڵایەتی لەسەرەتادا، تەنانەت لە زیندانیشدا دەستبەرداری بانگەواز نەبوو بەڵکو بوویە کەسایەتییەکی خاوەن کاریگەری ناوازە و سەرکەوتنێکی گەورەی تۆمارکرد، دەکرێت بڵێین داستانی یوسف لە زیندانەوە سەریهەڵدا.

ئەمە بۆ کەمینە مسوڵمانەکانیش هەروایە، دەبێت دەسبەرداری کاری بانگەواز نەبن و بەدانایی و ژیری بانگەواز بکەن و ئامۆژگاری باش بدەن بە گوێی خەڵکدا، چونکە بانگەواز ئەرکی هەمووانە، هەرکەسێك بەپێی ئاست و توانای خۆی ئەگەر بۆ گەیاندنی یەك ئایەتیش بێت، وەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ﴿بلِّغوا عني

٧٦ یوسف: ٣٣.

ولو آية﴾[٧٧].

٥- نامسوڵمانەكان هەموویان وەك یەك نین، هەیانە دادپەروەر و باشە لە مامەڵەی دنیایدا، هەیانە قەبوڵی ئەوە دەكەن كە مسوڵمان لەناویاندا ببێتە كاربەدەست و پلەوپۆستی گرنگیان پێ دەبەخشن، بۆیە ناكرێت هەموویان یەك بڕیار بدرێت بەسەریاندا.

ئەوەبوو عەزیزی میسر خانەدان و میهرەبان و نەرم و نیان بوو لە مامەڵەدا، كاتێك بینی یوسف (علیە السلام) و خێزانی بەرەو دەرگاكە بەڕاكردن هاتن و شایەتێك شایەتی دا وتی بە یوسف: ﴿يُوسُفُ أَعْرِضْ عَنْ هَذَا﴾[٧٨]، لەهەمانكاتدا وتی بە خێزانەكەی: ﴿وَاسْتَغْفِرِي لِذَنبِكِ إِنَّكِ كُنتِ مِنَ الْخَاطِئِينَ﴾[٧٩]. بەڵكو سەركۆنەیكرد و كارەكەی بەفێڵ ناوبرد: ﴿فَلَمَّا رَأَى قَمِيصَهُ قُدَّ مِن دُبُرٍ قَالَ إِنَّهُ مِن كَيْدِكُنَّ إِنَّ كَيْدَكُنَّ عَظِيمٌ﴾[٨٠].

٦- كەمینە مافی خۆیەتی پۆست و پلەی بالای بدرێتێ لە ئەرك و بەرپرسیارێتی و دەبێت بۆ دەست خستنی هەوڵ بدات، وەك گەورەمان یوسف (علیە السلام) هەوڵیدا بۆ بەرپرسیارێتی خەزنەكان: ﴿قَالَ اجْعَلْنِي عَلَى خَزَائِنِ الْأَرْضِ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٌ﴾[٨١].

٧- مسوڵمان بەرپرسە لە ژیانسازی لە هەموو كاتێكدا، نەك لە مەرگ و وێرانكاری، گەورەمان یوسف (علیە السلام) زەمینەسازی بۆ ژیانی گەلێك كرد كە مسوڵمان نەبوون توانی لە مەرگ و برسێتییەكی چاوەڕوانكراو ڕزگاریان بكات، جوانترین دید و بیرۆكەی پێشكەشكردن، بەڵكو لە سایەی وەحی ئاسمان و پرشنگی پێغەمبەرایەتییدا بوویە هۆی ڕزگاركردنیان، كەمینەی

---

٧٧ البخاري.

٧٨ یوسف: ٢٩.

٧٩ یوسف: ٢٩.

٨٠ یوسف: ٢٨.

٨١ یوسف: ٥٥.

مسولْمان دەبێت بە ئەرکی خۆی بزانێت هەرچی پێیە لە زانست و داهێنان بیخاتە خزمەتی نیشتمانەکەیەوە بۆ گەشەپێدان و بەرەوپێشچوونی زیاتر، وەك یوسف پێغەمبەر (علیه السلام) کردی لە وڵاتی میسردا.

٨- لەبیرنەکردنی نیشتمانی دایك و مانەوەی سۆز و خۆشەویستی بۆی و دەربڕینی عاتیفە بەرانبەری، پێشکەشکردنی هاوکاری و هاریکاری بۆ دانیشتوانەکەی، گەورەمان یوسف (علیه السلام) هاوکاری پێشکەشکرد بە براکانی و زۆر بەخشندەبوو لەگەڵیان، خۆراکی بۆ دەستەبەرکردن و دواتر داوایکرد کە باوان و براکانی بێنە میسر بەسەربەرزی و بەرێزەوە: ﴿وَقَالَ ادْخُلُوا مِصْرَ إِن شَاءَ اللَّهُ آمِنِينَ﴾[٨٢].

٩- لەبیرکردنی خراپە و هەڵەی خەڵکی وڵاتەکەی ئەگەر بوبێت، دووربوون لە گیانی ڕق و تۆڵەسەندنەوە، دەبێت مسولْمانی تاراوگە خراپەی وڵاتی خۆی لەبیر بکات (خەڵك بێت یان دەسەڵات) ئەگەر هەبوو دوای ئەوەی خودا یارمەتیدا لە نیشتمانی دووەمیدا، بەگیانی ڕق و تۆڵەوە نەژی، لەگەڵ خۆی عەیب و عاری وڵاتەکەی نەبات. بۆیە دەبێت گۆڕانکاری لە خۆیدا بکات بەرەوباشتر. گەورەمان یوسف (علیه السلام) بەوشێوەیەی کرد لەگەڵ براکانی ئەو برایانەی کە پیلانی کوشتنیان بۆ دارشت و دواتر بەوەی خستیانە بیرەکەوە ئامانجی خۆیان هێنایەدی و بوویە هۆی ئەوەی کە یوسف (علیه السلام) ببێتە کۆیلە و بفرۆشرێت، چەندین ڕق و تورەیی تریان لەگەڵ بەخەرجدا تا گەشت بە دەرهێنانەوەی مەنی پادشا لە باری برا باوك و دایکییەکەیدا: ﴿قَالُوا إِن يَسْرِقْ فَقَدْ سَرَقَ أَخٌ لَّهُ مِن قَبْلُ فَأَسَرَّهَا يُوسُفُ فِي نَفْسِهِ وَلَمْ يُبْدِهَا لَهُمْ﴾[٨٣].

---

٨٢ یوسف: ٩٩.

٨٣ یوسف: ٧٧.

ئەمە ڕقێكی شاراوەی ناودڵیان بوو بەڵام یوسف (علیه السلام) وەك ئەوان مامەڵەی نەكرد، تەنانەت لە وەڵامیاندا نەیفەرموو ئێوە خراپترینن بەڵكو شوێنەكەیانی بەخراپ ناوبرد: ﴿قَالَ أَنتُمْ شَرٌّ مَّكَانًا وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا تَصِفُونَ﴾[٨٤]. گەورەمان یوسف دەرفەتی ئەوەی هەبوو بە ئاسانی دزییەكە بسەپێنێت بەسەریاندا یان سزایان بدات لەسەر تاوانباركردنی بەبێ بەڵگە، بەڵام وازی هێنا لە هەموو ئەوانە.

كاتێك ڕاستییەكان دەركەوتن و تاریكی ڕەوایەوە براكان هەستیان بە شەرمەزاری خۆیان دەكرد، مامەڵەیەكی دەروونی جوانی لەگەڵ كردن و هاوكارییەكی باشی دارایی پێشكەشكردن: ﴿قَالَ هَلْ عَلِمْتُم مَّا فَعَلْتُم بِيُوسُفَ وَأَخِيهِ إِذْ أَنتُمْ جَاهِلُونَ (٨٩) قَالُوا أَإِنَّكَ لَأَنتَ يُوسُفُ قَالَ أَنَا يُوسُفُ وَهَٰذَا أَخِي قَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَيْنَا إِنَّهُ مَن يَتَّقِ وَيَصْبِرْ فَإِنَّ اللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ (٩٠) قَالُوا تَاللَّهِ لَقَدْ آثَرَكَ اللَّهُ عَلَيْنَا وَإِن كُنَّا لَخَاطِئِينَ (٩١) قَالَ لَا تَثْرِيبَ عَلَيْكُمُ الْيَوْمَ يَغْفِرُ اللَّهُ لَكُمْ وَهُوَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ (٩٢) اذْهَبُوا بِقَمِيصِي هَٰذَا فَأَلْقُوهُ عَلَىٰ وَجْهِ أَبِي يَأْتِ بَصِيرًا وَأْتُونِي بِأَهْلِكُمْ أَجْمَعِينَ (٩٣)﴾[٨٥].

دەبینین گەورەمان یوسف پێغەمبەر (علیه السلام)، بڕوبەهانە دێنێتەوە بۆ براكانی، تا شەرمەزارییان لەسەر لاببەرێت، ئەو بارە دەروونییە خراپەیان لەسەر سوك بكات كە بەهۆی مامەڵەی خراپیانەوە لەگەڵی تێی كەوتبوون لە خەم و پەژارە.

جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی لەبەر ڕۆشنایی داستانی گەورەمان یوسف (علیه السلام) ئەم پەند و ئامۆژگاری و وانانەی هەڵێنجاوە بۆ كەمینە مسوڵمانەكان لە وڵاتانی نامسوڵماندا، بەشێوەیەك ئەرك و مافەكانیانی دیاریكردووە لەبەر ڕۆشنایی ئەم داستانەدا.

---

٨٤ یوسف: ٧٧.

٨٥ یوسف: ٨٩ - ٩٣.

پەیوەندی کەمینە مسوڵمانەکان بەو دەوڵەتە نامسوڵمانانەی کە تیایدا دەژین لەژێر ئەم ناونیشانە هەستیارەدا خەڵکێکی زۆر لەوانەی کە قەدەری ژیان سەری پێ هەڵگرتوون و لێرەو لەوێ بردوونی بەرەو وڵاتانێکی نامسوڵمان، بۆئەوەی ژیان بکەن و ڕزگاربن لە ترسی برسێتی و ستەمی دیکتاتۆری، پێویستیان بە چرایەکە ڕێگایان ڕوناك بکاتەوەو مەشخەڵێك بدرێت بە دەستیانەوە تا بە بەرچاوڕوونی بژین لە تاراوگەدا، جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی بەوردی لەبارەی ئەرك و مافی ئەو کەمینە مسوڵمانەوە دەدوێت لەو وڵاتانەدا، نموونەیەکی جوانی باش لە بەرگی دینداری و ئەخلاق جوانییدا دەخاتەڕوو تاببنە پێشەنگ و سەرمەشق بۆ (ئەوانی تر) بەڕێزیان پێیان وایە تەعالیمەکانی ئیسلام هێندە بەرز و جوانن هەمیشە هانمان دەدەن بۆ ڕێزگرتنی بەرانبەر و کۆتاکردنی دەستی خەتا و خراپەکاری و دووربوون لە هەر نیاز خراپییەك بەرانبەر ئەو وڵاتانەی کە دەرگای خۆیان کردووەتەوە بەڕووماندا و لە ئامێزی خۆیانیان گرتووین و ناسنامەی وڵاتی خۆیانمان پێ دەبەخشن، بەشێوەیەك دەکەوینە ناو ئارامی و ئاسایشێك کە ئازاری ستەمکاری وڵاتی خۆمان لەبیر بچێتەوەو لە چنگی ستەمکاری و برسێتی ڕزگارمان ببێت.

بە کورتی و بە پوختی ئەمە ئەو ئەرك و مافانەیە کە مسوڵمان دەبێت ڕەچاویان بکات لە وڵاتێکدا کە تێیدا دەژی، وەك بەڕێزیان دەڵێن:

- دەبێت وەفا بکرێت بەهەر بەڵێن و ڕێککەوتننامەیەك کە واژۆی لەسەر دەکرێت، مەگەر لە حاڵەتێکدا پێچەوانەبێت لەگەڵ دەقە جێگیر و نەگۆڕەکانی شەریعەت، بەڵگەی بۆ ئەم قسەیە ئەم ئایەتە قورئانییەیە: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَوْفُوا بِالْعُقُودِ﴾[٨٦].

---

٨٦ المائدة: ١.

- ڕێگا بەخۆ نەدان بۆ هەر فێڵ و درۆو گزیكارییەك بەرانبەر بە دەوڵەت یان هەركەسێك بەڵگەی بۆ ئەم قسەیە ئەم فەرموودەی پێغەمبەرە (ﷺ): ﴿مَنْ غَشَّ، فَلَيْسَ مِنِّي﴾[87]، ئەوەش ڕوونە كە ناپاكی یەكێكە لە نیشانەكانی دووڕوویی لە ئیسلامدا.

- پابەندی بە یاسا و ڕێسا بەركارەكانی وڵاتەوە بەومەرجەی پێچەوانە نەبێت لەگەڵ جێگیر و نەگۆڕەكانی شەریعەت، لەوانە یاسای باج و داهاتەكان، چونكە بەشی هەرە زۆری خەرج دەكرێتەوە بۆ خزمەت و بەرژەوەندی گشتی.

- پارێزگاریكردن لە ئاسایش و سەلامەتی كۆمەڵگا.

- هاوبەشیكردن لە خزمەتكردنی وڵاتدا، بەڵكو كاركردن بۆ بەرەوپێشبردن و گەشەپێدانی، وەك گەورەمان یوسف پێغەمبەر (علیە السلام) لە وڵاتی میسردا ئەنجامی دا.

- بانگەواز كردنی خەڵك بۆ پەیڕەویكردنی حەقیقەت و دادگەری و هاندانیان بۆ مسوڵمان بوون بە شێوازی جوان و ڕەفتاری نەرم و ئامانجدارانە.

- نیشاندانی وێنایەكی جوان و ئەرێنی ئیسلام و مسوڵمانان و ناساندنی ئیسلام وەك ئاینی ڕەحمەت و پێكەوە ژیان و هاریكاری و برایەتی و تەبایی و لێبوردەیی.

لەهەمانكاتدا مافی كەمینە مسوڵمانەكان لەو دەوڵەتانەی كە تێیدا دەژین بەم شێوەیەیە:

- پیادەكردنی دادگەری و یەكسانی و بواردان بە ئازادییەكان لە چوارچێوەی یاسادا و ڕێگریكردن لە بیری توندڕەوی و ڕەگەزپەرستی و بەرتەسكردنەوەی بوار بۆیان بەشێوەیەك زەرەر و زیان نەدات لەبەرژەوەندی مسوڵمانان و هەست و سۆزیان بپارێزێت.

---

٨٧ مسلم.

- بوار بدرێت بە مسوڵمانان دامەزراوەی تایبەت بەخۆیان هەبێت کە مافی بڕیارە شەرعییەکانی بواری خێزان و باری کەسێتی و کاروباری ئاینی تایبەت بەخۆیانی تێدا بدرێت، وەك ئەوەی لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا دەرفەت دراوە بە نامسوڵمانەکان کە دامەزراوەی تایبەت بەخۆیان هەبێت، جێگای خۆیەتی لێرەدا ئاماژەیەك بدەین بەو هەڵوێستە جوانەی وڵاتی بەریتانیا کە ڕەزامەندی داوە بە مسوڵمانان دامەزراوەی شەرعی تایبەت بەخۆیان هەبێت بۆ باری کەسێتی.

- پارێزگاریکردن لە ناسنامەی کەمینەکان و تایبەتمەندییەکانیان بەمەبەستی پاراستنی فرەیی، نابێت هیچ دەوڵەتێك کار بۆ سڕینەوەو نەهێشتنی کەمینەکان بکات و هەوڵی توانەوەیان بدات لەناوخۆیدا، وەك بەشێك لە کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی یان کۆمەڵگایەکی نامسوڵمان بەگشتی.

سەرەڕای ئەوەی چەندین مافی هاوبەش هەیە لە نێوان دەوڵەت و کەمینەکاندا کە دەبێت هەردوولایان پێوەی پابەندبن بەمەبەستی گەیشتن بە ژیانێکی هاوبەش و ئارامی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی کۆمەڵگا، لەوانە:

- یەکتر ناسین و یەکتر قبوڵکردن، خودا دەفەرموویێت: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾[٨٨].

دەبێت ئەو مسوڵمانانەی کە لە ڕۆژئاوا دەژین دید و تێڕوانینی خۆیان ڕاست بکەنەوە سەبارەت بە کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی بەشێوەیەکی گشتی لەو ڕووەوە ئەگەرچی ڕۆژئاوا عەلمانین بەڵام هەژموونی دینی لەناویاندا ڕاستییەکی حاشا

---

٨٨ الحجرات: ١٣.

هەڵنەگرە و ئینكار ناكرێت، لەبەرئەوە چالاكی ڕۆشنبیری ئاینی ڕێگا پێدراوە بەشێوەیەكی سنووردار و بە ئاستێك كە بونیادی كۆمەڵگا نەگۆڕێت و نەگاتە ئاستێك سەر بۆ ڕێكخراوێكی سیاسی ئیسلامی بكێشێ یان دامەزراوەیەكی سەربەخۆی ئیسلامی.

• هاوكاریكردنی یەكتر لەسەر خێر و چاكە و هەرشتێك كە بەرژەوەندی مرۆڤایەتی دەستەبەر بكات و بەقازانجی تەواو ببێت. خودا دەفەرموویێت: ﴿وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ﴾[٨٩].

### شاكارەكانی قەرەداغی لە پرسە ئیسلامییەكاندا

ڕۆڵی كارگێڕی كار لە ئیسلامدا لەسەر شارستانییەت[٩٠].

جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی لە یەك كاتدا پیاوی زانست و كاركردنە، ئەو زانیارییەی بەدەستی هێناوە لە چوارچێوەی زانستە ئیسلامییەكاندا بەشێوەیەكی جوان ڕەنگدانەوەی بووە لەسەری و گۆڕیویەتی بۆ كردار بۆ خزمەتی كۆمەڵگای ئیسلامی، بەڵكو بۆ خزمەتی كۆمەڵگای مرۆڤایەتی.

لەم بەراوردكارییەماندا بۆ خستنەڕووی دید و بەرهەمەكانی جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی، ئاماژەیەكی خێرا دەدەین بە بابەتێكی گرنگ و هەستیار بە ناونیشانی (الإدارة المتقدمة في الإسلام و دورها في الحضارة)، ئەگەر ئەم ناونیشانە لەسەر ئەرزی واقیع جێبەجێ بكرێت زۆرێك لە كێشە و گرفتەكان چارەسەر دەبن، ئەو گرفتانەی كە هۆكارەكەی بریتییە لە خراپی كارگێڕی و بەڕێوەبردن، بەوپێیەی ئیسلام شەریعەتێكە كە هیچ شتێكی

٨٩ المائدة: ٢.

٩٠ خودی ئەم بابەتە یەكێكە لە بەرهەمەكانی جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی بەهەمان ناونیشان.

نادیدە نەگرتووە و ڕێنمایی پێویستی لە هەموو بارەیەکەوە داوە بە مسوڵمانان و هانیداون بۆئەوەی هەرچی دەکەن بە خێر و سوود تەواو ببێت بۆ هەموولایەك.

بەڵێ، (کارگێڕی کاری پێشکەوتوو) لای بەڕێز جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی بریتییە لە (تدبیر وتدبر و ولایە) ڕێکخستن و ڕێك و پێککردن و سەرپەرشتیکردن، ئەم سێ دەستەواژەیە ڕیشەکێکی قوڵیان هەیە لە شەریعەتدا، واتە لە قورئان و سوننەتدا، بەڵگەی ئەو قسەیەش ئەم ئایەتە قورئانیانەیە: ﴿أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ أَمْ عَلَى قُلُوبٍ أَقْفَالُهَا﴾[91]، یان: ﴿كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ إِلَيْكَ مُبَارَكٌ لِّيَدَّبَّرُوا آيَاتِهِ وَلِيَتَذَكَّرَ أُولُو الْأَلْبَابِ﴾[92].

جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی جیاوازی دەستەواژەی (التَّدَبّر) دەکات لە نێوان خودا و مرۆڤدا، پێیان وایە لەلای خودا لەسەر شێوەی کەمال و داهێنان دێت لە هەمووکاتێکدا، چونکە هەموو شتێك لەلای خودا زانراوە، دیار و نادیار و ئێستا و داهاتوو ڕابردووی وەك یەك وایە. بەڵام لەلای مرۆڤ بەمانای بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی چاك دێت ئەو شێوەیەی کە تێگەیشتنی دروست لە بارەیەوە هەبێت و بەرچاوڕوونی لەبارەی ئەنجامەوە دیار بێت بەپێی توانا، لەبەرئەوە، دەبینین کە چەمکی (تدبیر) لە سوننەتی پێغەمبەردا (ﷺ) هاتووە وەك دەفەرموویت: (التدبیر نصف المعیشە)، (بێگومان نیوەکەی تری هەوڵ و کۆششە -وەرگێڕ-).

کەواتە ئیسلام بایەخێکی زۆری داوە بە کارگێڕی و ڕێکخستن، تەنانەت بەشێکی زۆر لە پایەکانی ئیسلام پێویستیان بە ڕێکخستن و ڕێکوپێککردن هەیە، بە نموونە نوێژ بە کۆمەڵەکان و نوێژی هەینی دەبێت ڕێکبخرێن و لەپشت سەری ئیمامێکەوە

---

91 محمد: ٢٤.

92 ص: ٢٩.

بێـت و پێـوەی پابەندبـن، بەشـێوەیەك هیـچ كـەس لێـی پێـش نەكەوێـت نـە بـە گوفتـار و نـە بەكـردار، هەمـووان لـەدوای نوێـژ دابەسـتن و (اللـە أكبـر)ی ئـەو نوێژدادەبەسـتن و پێـوەی پابەنـد دەبـن لـە وەسـتان و ڕكـوع و سـەجدەدا، كـەس ناتوانێـت كۆتایـی بـە نوێژەكـە بهێنێـت تـا ئـەو سـەلام دەداتـەوە، لەهەمانكاتـدا بەڕیـز و بەڕێكوپێكـی لەدوایـەوە دەوەسـتن ڕیـز لـەدوای ڕیـز بەجوانتریـن شـێواز، ئەنجامدانـی حەجیـش بەهەمانشـێوەیە لەگـەڵ ئـەوەدا كـە پرۆسـەیەكی چەنـد ملیۆنییـە بـەڵام یـەك دروشـمی و یـەك ئامانجـی كۆیـان دەكاتـەوە لـە كەرنەڤاڵێكـی دڵ ڕفێنـدا.

لـەڕووی كردەییشـەوە پێغەمبـەری ئازیـز (ﷺ) فەرمانیكـردووە ئەگـەر سێ كـەس پێكـەوە سـەفەر بكـەن یەكێكیـان ببێتـە گـەورەو دەمڕاسـتیان بـە هەڵبژاردنـی باشـترینیان، وەك دەفەرموێـت: ﴿إِذَا خَرَجَ ثَلَاثَةٌ فِي سَفَرٍ فَلْيُؤَمِّرُوا أَحَدَهُمْ﴾[٩٣].

ئـاوەزو ژیـری لەمـەوە ئـەوە تێـدەگات كـە گرنگیدانـی ئیسـلام بـە كارگێـڕی و بەڕێوەبـردن كۆمەڵێـك ئامانجـی لـە پشـتەوەیە دەیەوێـت بیانهێنێتـەدی. لـەو ئامانجانـە:

- هێنانـەدی پەرستشـێكی گشـتگیر، بـەو مانایـەی ئەگـەر كارگێـڕی كار بەشـێوەیەكی گشـتی خزمـەت بەئاوەدانكردنـەوەی سـەرزەوی و گەشـەپێدانێكی زیاتربـكات و بەسـوودی مـرۆڤ تەواوببێـت ئـەوە پەرستشـێكی تـەواوە ئەگـەر تێیـدا مەبەسـت ڕازیكردنـی خـودا بێـت و بەجێهێنانـی فەرمانەكانـی ئـەو بێـت لەبازنەی جێنشـینی لەسـەر زەویدا.
- هاوبەشـیكردن لـە ئاوەدانكردنـەوەی سـەرزەوی و هێنانـەدی مەبەسـتی جێنشـینی لەسـەر زەویـدا، وەك خـودا دەفەرموێـت: ﴿هُوَ

٩٣ رواه ابو داود.

أَنشَأَكُم مِّنَ الْأَرْضِ وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا﴾[٩٤].

- هاوبەشیکردن لە دەستەبەرکردنی شارستانییەت و پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی بۆ گەلانی ئیسلامی و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەگشتی، وەك بەپایان گەیاندنی بەشێك لە ئاماژەکانی ئایەتی ﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ﴾[٩٥]، زاڵبوون بەسەر کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی وەك نەخۆشی و هەژاری و بێکاری و دواکەوتوویی، یان کەمکردنەوەیان.

- پارێزگاریکردن لە ماڵ و دارایی و گەشەپێدانی.

کارگێڕی و بەڕێوەبردن کۆمەڵێك تایبەتمەندی هەیە کە خۆی لە پەرستش و بەندەگی و بۆ خودابوون دەبینێتەوەو لەهەمانکاتدا پەیوەندییدارە بە عەقیدە و ئەخلاق و بەها بالاکان و مامەڵە و هەڵسوکەوتی جوان لەگەڵ هەمووان، بەتایبەت لەگەڵ کەسانی پەیوەندیدار، هەروەك پەیوەندییدارە بە ڕاوێژ و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی و خزمەتی کۆمەڵگا و فەلسەفەی کۆمەڵایەتییەوە، لەهەمانکاتدا پەیوەندییدارە بە هەردوو بنەمای سزا و پاداشتەوە، لەگەڵ زانینی سنوری ئەرك و بەرپرسیارێتی و وابەستەبوون بە کارنامەی کارکردن و گوێڕایەڵی کارگێڕی و بەڕێوەبردن لە ئیسلامدا لەسەر بنەمای دادپەروەری و هاوسەنگی بەڕێوەدەچێت، هەروەك کارگێڕی و بەڕێوەبردن لە ئیسلامدا بریتییە لە دڵسۆزی و پسپۆڕی و داهێنان، بەهەمانشێوە.

بەروونی ئەوە بەدیاردەکەوێت کە کارگێڕی و بەڕێوەبردن ئەمانەتێکی گەورەوگرانە و دەبێت پارێزگاری لێ بکرێت و مافی بدرێت، ئەو کارەش تەنیا بەدوو مەرج ئەنجام دەدرێت:

١- بسپێردرێت بە کەسێك کە شایستە بێت و مەرجی پێویستی تێدابێت بۆهەڵگرتنی ئەو ئەرك و بەرپرسیارێتییە، لە گرنگترینی

٩٤ هود: ٦١.
٩٥ الأنبياء: ١٠٧.

ئەو مەرجانە دڵسۆزی و ئەمانەت پارێزی و تەقواو لەخودا ترسانە، هاوكات دەبێت پسپۆڕ و ئەزموونـدار و زانا بێت، لەبەر ئەوەبوو گەورەمان یوسف پێغەمبەر فەرمووی: ﴿اجْعَلْنِي عَلَى خَزَائِنِ الْأَرْضِ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٌ﴾[٩٦]، مەبەست لە (حفیظ) دڵسۆزی و ئەمانەت پارێزییە، مەبەست لە (علیم)یش پسپۆڕی و تواناداربوونە بۆ جێبەجێكردنی ئەرك و كارەكە، كچی پیاو چاكەكەش لەبارەی گەورەمان موسی پێغەمبەرەوە وتی: ﴿إِنَّ خَيْرَ مَنِ اسْتَأْجَرْتَ الْقَوِيُّ الْأَمِينُ﴾[٩٧].

٢- پێویستە لەسەر سەرۆك و بڕیاربەدەستی یەكەم كەسی ئەمانەت پارێز و دڵسۆز و پسپۆڕ دیاری بكات بۆ ئەرك و بەرپرسیارێتییەكان دوور لە مەیلی خۆشەویستی و خزمایەتی و خاترانە. ئەگەر دیاریكردنی كەسی بەرپرس لەسەر ڕەچاوكردنی بەرژەوەندی سەرۆك و كەسی بڕیار بەدەست بێت یان بەرژەوەندی یان خزمایەتی و خۆشەویستی، حیزبایەتی، یاخود بەرتیل و دەستكەوتی ماددی، ئەوە قیامەتی ئەو دەزگا و دامەزراوەیە هەڵدەستێت و باری ئاسایی ئەو دەوڵەتە دەشێوێت و بایەقوش لەسەر كەلاوەی وێرانی ئەو وڵاتە دەخوێنێت، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێت: ﴿مَا مِنْ عَبْدٍ يَسْتَرْعِيهِ اللهُ رَعِيَّةً، يَمُوتُ يَوْمَ يَمُوتُ وَهُوَ غَاشٌّ لِرَعِيَّتِهِ، إِلَّا حَرَّمَ اللهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ».﴾[٩٨].

ئەگەر ئەوانەمان جێبەجێكرد دەگەینە ئاستی حوكمی ڕەشید و كارگێڕی و بەڕێوەبەرییەكی ڕەشید كە سوودمەند بووە لەوەحی ئاسمان و سەلیقە و ئاوەزو ژیری پەسەند، ئەمانەش هەردووكیان ئەوە دەخوازن لە مرۆڤ كە لە هیچ ئاستێكدا نەوەستێت، بەڵكو دەبێت بەردەوام لە گەشەكردن و بەرەوپێش چووندا بێت لە

٩٦ یوسف: ٥٥.

٩٧ القصص: ٢٦.

٩٨ رواه البخاري ومسلم.

هەمـوو بوارێکـدا، چونکـە قورئانـی پیـرۆز وەسـتانی بەبەشـێك لـە دواکەوتـن و شکسـت نـاوزەد کـردووە، وەك خـودا دەفەرموویـت: ﴿لِمَن شَاءَ مِنكُمْ أَن يَتَقَدَّمَ أَوْ يَتَأَخَّرَ﴾[99]، نەیفەرمـووە (أو یتوقـف) واتـا یـان بوەسـتێت، دروسـت نییـە بـۆ مرۆڤـی مسـوڵمان بوەسـتێت لەکاتێکـدا ئـەو ئەرکـی ئاوەدانکردنـەوەی سـەرزەوییە وەك وتـراوە (هەرکـەس دوو ڕۆژی تەمەنـی وەك یـەك بێـت خەڵەتـاوە، هەرکەسـیش ئـەمڕۆی لـە دوێنێـی خراپتـر بێـت ئـەوە مەلعونـە).

## ئاسایشی فیکری و دەروونی لەبەر ڕۆشنایی مەبەستەکانی شەریعەتی ئیسلامدا[100]

لـە سـایەی باڵادەسـتی زمانـی هەڕەشـە و توندوتیـژی و وێرانـکاری و دەربـەدەری و زاڵبوونـی بەسـەر زمانـی گفتوگـۆو ڕازی کردنـی یەکتـر، هەروەهـا زاڵبوونـی لۆژیکـی هێـز بەسـەر هێـزی لۆژیکـدا و باڵادەسـتی زمانـی جەنـگ و هەڕەشـە و ترسـاندن بەسـەر ئاشـتەوایی و لێبوردەیـی و هـاوکاری و چاکەکارییـدا، ڕووبەڕووی دنیایـەك لـە کێشـەی ئاڵـۆز و شـەڕی مـاڵ وێرانـکار و ئاژاوەگێڕییەکـی ناکۆتـا بوینەتـەوە کـە تـەڕ و وشـك پێکـەوە دەسـوتێنێت و ڕۆح و جەسـتەی مـرۆڤ هەڵدەقرچێنێـت، ئـەوەی دەگوزەرێـت بێگومـان تـرس و دڵەڕاوکەیەکـی زۆری هێناوەتـە ئـاراوەو هەست بە ئارامی و ئاسایشـی سیاسـی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ناکرێت، بەڵکـو زیاتـر هەسـتی ڕق لێبوونـەوە دەورەی داویـن و ئـەوەی قوڕەکـەی خەسـتکردووەتەوە ئەوەیـە کـە زیاتـر لـە ٣٥٪ ڕێـژەی دانیشـتوانی جیهان بەدەست نائارامـی و کێشـەی دەروونییـەوە دەناڵێنـن بەهـۆکاری زاڵبونـی ماديـات بەسـەر ڕۆحانییاتـدا و زاڵبوونـی ڕواڵـەت بەسـەر ناخـدا.

٩٩ المدثر: ٣٧.

١٠٠ ئەم ناونیشانە بەشێکە لە کتێبی (الإسلام والرحمة والسطية: وموقف الإسلام وبقية الأديان من ظاهرة الإرهاب (المفاهيم، والأسباب، والعلاج الشامل) لە نوسینی پرۆفیسۆر عەلی قەرەداغی

رزگاربـوون لـە چیدایـە؟ ئـەو بارودۆخـە دەروونییـەی پێشـهاتووە بووەتـە جێـگای نیگەرانـی و حاڵەتێكـی شـەرمەزار كار و پڕمەینەتـی لێكەوتووەتـەوە ئەگـەر بـە سـانایی سـەیری بكەیـن؟ مـرۆڤ كاتێـك گیـرۆدەی شـپرزی و دڵەڕاوكـێ و ناجێگیـری دەروونـی ببێـت لەوانەیـە ببێتـە مرۆڤێكـی توندڕەو و ڕەگەز پەرسـت و هەموو شـتێك ڕەتبكاتـەوەو تـەڕ و وشـك پێكـەوە بسـوتێنێت و لـە بچوكتریـن ڕاجیایـی لەگەڵیـدا پێتـدا هەڵشـاخێت! بۆیـە ناتوانیـن لـەم كێشـە و گرفتارییـە هەڵبێیـن و چـاوی لـێ كلا بكەیـن بەڵكـو لـە هەنـگاوی یەكـەم و سـەرەتادا دەبێـت دانـی پێـدا بنێیـن و دواتر ڕووبەڕووی ببینـەوەو هەوڵی ڕیشـەكەنكردنی بدەیـن و نەهێڵیـن لـەوە زیاتـر بڵاوببێتـەوە لەنـاو گـەلانـی تـردا، چونكـە ئەگـەر لـەوە زیاتـر بـڵاو ببێتـەوەو بـرەوی پـێ بدرێـت لـە كۆنتـرۆڵـی ژیـر و ڕەشـیدەكان دەردەچێـت، بۆیـە دەبێـت بـە هـەر ڕێگایـەك بـووە بـەری لێبگیرێـت، ئاسـانترین ڕێـگاش لەدیـدی پرۆفیسـۆر قەرەداغییـەوە گەڕانەوەیـە بـۆ ئەسـڵ و بناغـەی یەكـەم (خۆشـبەختانە هەمـوو ئاینـە ئاسـمانییەكان كـۆ دەنگـن لەسـەر ڕەتكردنـەوەی توندڕەوی فیكـری و ڕۆحـی و ئازاردانـی مـرۆڤ و زەوتكردنـی مافەكانـی).

جەنابـی پرۆفیسـۆر قەرەداغـی وەك مامـە خەمەیەكـی گـەورەی گـەلانـی ئیسـلامی لەسـەر ئـەم پرسـە هەڵوێسـتە دەكات و دەسـت بـۆ چارەسـەرێكی ڕیشـەیی دەبـات ئەگـەر جێبەجـێ بكرێـت ئارامـیو ئاسـایش باڵـی خـۆی دەكێشـێت بەسـەر هەمـوو لایەكـداو هەمووان هەناسـەیەكی ئاسـودەیی دەدەیـن، ئـەو چارەسـەرەش تەنیـاو تەنیـا بریتییـە لـە پێگەیانـدن و پـەروەردەی تاكـی بـاوەڕدار بـە میتۆدێكـی دینـی میانـەڕەو، دوور لـە پەڕگیـری و تونـدڕەوی، بەشـێوەیەك خاوەنەكـەی لـە سـایەیدا بحەوێتـەوەو هەسـت بـە ئارامـی بـكات و دوور لـە نیگەرانـی بـژی.

ئـەو بـاوەڕدارەی دڵـی جـەنابـی پڕۆفیسـۆر قەرەداغـی دەیخوازێـت ئـەو کەسـەیە کـە ڕەچـاوی پارێزگاریکـردن دەکات لـە هەشـت مەبەسـت و ئامانجـی شـەریعەت و لـە ژیانـی خۆیـدا دەسـتەبەریان دەکات تـا تامـی دڵ ئارامـی و ئاسـودەیی دەروونـی بـکات:

١- مەبەسـتی (مقصـد) دیـن و هـەر شـتێك پەیوەندییـدار بێـت بـە ئـازادی دینییـەوە بـۆ هەرکەسـێك و هـەر بیروباوەڕێـك، ﴿فَمَن شَاءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاءَ فَلْيَكْفُرْ﴾[101].

٢- مەبەسـتی نەفـس، مەبەسـت لێـی دەسـتدرێژینەکردنە سـەر هـەر مرۆڤێکـە و ئازارنەدانییەتـی لـەڕووی دەروونـی و جەسـتەیی و پێشـێلنەکردنی مافەکانییەتـی، بەپێـی یاسـا و بەشـێوەیەکی دادگەرانـە نەبێـت.

٣- مەبەسـتی ئاوەزوژیری و پاراسـتن و گەشەپێدانیو ڕەخساندنی دەرفـەت بـۆی تـا بتوانێـت داهێنان بـکات و بەئەرکی خۆی هەسـتێت تـا دەگات بە قۆناغـی داهێنانکاری.

٤- مەبەسـتی ماڵ و دارایـی و پارێزگاریلێکردنـی و بەفیڕۆنەدانـی لەشـتی خراپـدا و گەشـەپێدانی دارایـی و وەبەرهێنـان و بـرەودان بـە بـواری وەبەرهێنـان بـە ئامـڕاز و میکانیزمـی پێشـکەوتوو ڕەچاوکردنـی مافـە داراییـەکان و لەبیرنەکردنـی گیانـی هاریـکاری و هـاوکاری و بەخشـینی بـڕی پێویسـت بـە خەڵکـی موحتـاج.

٥- مەبەسـتی ڕەچەڵـەك، بـە ڕێـگای بەردەوامـی ژیانـی خێزانـی و دوور بـوون لـە پەیوەنـدی حـەرام و گرنگـی دان بـە خێـزان و خسـتنەوەی نـەوە.

٦- مەبەسـتی نامـوس، پاراسـتنی نامـوس و کەرامەتـی مـرۆڤ و دەسـتدرێژی نەکردنـە سـەری و بەحـەرام سـەیرکردنی.

---

١٠١ الكهف: ٢٩.

٧- مەبەستی ئاسایشی كۆمەڵگا، پاراستنی ئاسایشی كۆمەڵگا بە ڕێگای پاراستنی ئاسایشی فیكری و دەروونی و كۆمەڵایەتی و ئابووری و ژینگە بە هەموو هۆكارێكی گونجاو و پەسەند، یاساغكردن و ڕێگرتن لە هەرشتێك بە زەرەر و زیانی ئەو بوارانە تەواو ببێت، هەوڵدان بۆ گەشەكردن و بەرەوپێشبردنی ئاسایشی فیكری و دەروونی و ئاوەزو كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری.

٨- مەبەستی پارێزگاریكردن لە ئاسایشی دەوڵەتی شەرعی، دەبێت هەمووان بەشداربین لە پارێزگاریكردن لە ئاسایشی دەرەكی و ناوخۆیی دەوڵەتی شەرعی، دەبێت هەمووان پابەندبین بە بڕیارەكانی دەوڵەتەوەو ڕەچاوی یاسابەركارەكان بكەین بەومەرجەی پێچەوانە نەبێت لەگەڵ دەقە شەرعییەكاندا، نابێت دژایەتی بكرێت و چەكی بەڕوودا هەڵبگیرێت.

ئەگەر بەوردی سەرنج بدەین لەو هەشت مەبەستە كە باسمانكردن هەموویان لە چەمكی ئاسایشی گشتگیر (الأمن الشامل)دا كۆدەبنەوە، بۆیە دەكرێت بڵێین ئاسایشی گشتگیر مەبەستی مەبەستەكان و كۆی مەبەستەكانە بەشێوەیەك دەكرێت بوترێت كتێبە ئاسمانییەكان و پێغەمبەران لەو پێناوەدا نێرراون، ئاسایشی گشتگیر لە دیدی ئیسلامدا ئاسایشی دنیا و دواڕۆژی مرۆڤ دەگرێتەوە تا دەڕواتە بەهەشت بە ئارامی و بێوەیی بۆ هەمیشەیی، خودای گەورە ئیسلام و ئیمانی بۆ بڕیار داوین كە سەرچاوەی سەلامەتی و بێوەیی و ئارامین، بەهەمانشێوە بەهەشتیشی بە (دار السلام) ناوبردووەو سڵاوكردنی مسوڵمانی بە (سلام) دیاریكردووەو كۆتایی نوێژیش بە (سلام) دەهێنرێت و ئارامی و بێوەیی بەخشییوە بە ئیمانداران، وەك خودا دەفەرموێت:

﴿فَأَيُّ الْفَرِيقَيْنِ أَحَقُّ بِالْأَمْنِ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ (٨١) الَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يَلْبِسُوا إِيمَانَهُم بِظُلْمٍ أُولَئِكَ لَهُمُ الْأَمْنُ وَهُم مُّهْتَدُونَ (٨٢)﴾[١٠٢].

بەو پێیەی جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی لێرەدا باسی لایەنی فیکری و دەروونی دەکات، دەستەواژەیەکی وردو پڕمانا بەکار دەبات بەشێوەیەك ئاسودەیی دەروونی دەبەخشێت و پڕاو پڕ ئامانج دەپێکێت، ئەوەش بریتییە لەچارەسەر بۆ دەردەکان، چارەسەر بۆ ئەو پشێوی و بێسەروبەرییە فیکری و دەروونییەی کەلەترس و دڵە ڕاوکەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەوەش بەرهەمی ئیرهاب‌و ترس‌و کوشتارو تەقینەوەیە، سەرچاوەی ئەمانە هەمووی بۆ گرفتێکی گەورەو بنەڕەتی دەگەڕێتەوە، ئەو دەستەواژەیەی جەنابیان بەکاری دەبەن بریتییە لە دەستەواژەی دەرمانخانەی ئیسلام (صيدلية الاسلام) دەرمانخانەیەك کەچەندین دەرمانی جۆراو جۆری تێدایە، لەوانە:

ڕاستکردنەوەی پەروەردەیی دینی هەڵەو گۆڕینی بە پەروەردەیەکی دینی ڕاست و دروست، چارەسەرکردنی ژینگەیەکی خراپ کە بووەتە هۆکاری پێگەیاندنی لادانە فیکری و پەروەردەییەکە بەسازاندنی ژینگەیەکی سازو لەبار بۆ پەروەردەکردنی فیکرێکی ڕۆشنگەرو ڕاست و ڕێك، پەروەردە بەمەنهەجێکی میانڕەو بەعەقیدەو پەرستش و سلوك و بەها باڵاکان، پەروەردە لەسەر بەهای میهرەبانی‌و سۆزو دڵنەرمی‌و لەسەرخۆیی و خۆگری و هەر بەهایەکی تری جوان کە لە ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتووەو پێی دەناسرێتەوە.

ئەگەر بمانەوێت چارەسەری کێشە فیکری و عەقیدەییەکان بکەین دەبێت نەگۆڕ و چەسپاوەکان دیاریبکەین لەبواری عەقییدەدا ئەوانەیان کە بە بەدیهییاتی دینی دەزانرێن، ئەوانیتر بەجێگای

---

١٠٢ الأنعام: ٨١-٨٢

ئیجتیهاد و قسە لەسەر كردن بزانین ئەگەرچی بەلاشمانەوە پەسەند نەبن، لەبەر ڕۆشنایی ئەو تێگەیشتنەدا ئیتر ناكرێت حوكمی كافر كردن بدرێت بەسەر ئەو كەسانەدا كە ئەمانەیان وتووە، ئەوە لەمێشكی خۆماندا جێگیر بكەین كە ئەو دەقانەی لەبارەی عەقیدەوە هاتوون هەمویان یەكلاكەرەوەو چەسپاو نین، بەڵكو ئەوانەش وەك دەقەكانی تر بەشێكیان گومان هەڵدەگرن و دەكرێت ڕاڤەو لێكدانەوەی جیاوازیان بۆ بكرێت.

دەبێت پێداگری لەسەر ئەوە بكەین كە ئیسلام توندوتیژی و پەڕگیری ڕەت دەكاتەوە، بەڵكو دەكرێت بڵێین هیچ ئاینێك نییە هێندەی ئیسلام دژی توندڕەوی و پەڕگیری بێت لەهەموو شتێكدا، بەروونی شەڕی خۆی لەو بارەیەوە ڕاگەیاندوەو بەتوندی ئاگاداركردنەوەی داوە، بەروونی قورئانی پیرۆز سەركۆنەی ئەهلی ئاینە ئاسمانییەكان دەكات، ئەوانەیان كە لادان و پەڕگیرییان كردووەو گۆشەگیرییان بڕیار داوەو وازیان لە دنیا هێناوە بەخەیاڵی خۆیان، وەك خوای گەورە دەفەرموویێت ﴿قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لَا تَغْلُوا فِي دِينِكُمْ غَيْرَ الْحَقِّ﴾[١٠٣] هەروەها پێغەمبەری ئازیز (ﷺ) دەفەرموویێت ﴿إياكم والغلو في الدين، فإنما أهلك من كان قبلكم الغلو في الدين﴾[١٠٤].

گرنگە ئاماژەیەك بەوە بدەین كە پابەندی بەقورئان و سوننەتەوە یان ڕاو بۆچونی پەسەندی زانایان مانای توندڕەوی و پەڕگیری ناگەیەنێت، بەڵكو توندڕەوی و پەڕگیری بریتییە لە سنور بەزاندن و دەرچوون لەهێڵی ڕاست لەگەڵ دەمارگیری بۆ ڕاوبۆچونێكی تایبەت و حسابنەكردن بۆ هیچ كەسی ترو دان پێدانەنانی.

شتێكی تر لە چارەسەری دەرمانخانەی ئیسلام ئەوەیە

١٠٣ المائدة: ٧٧

١٠٤ رواه ابن ماجة وصحيحه للالباني

کە گرنگی پێدانێکی زۆری بەفراوانکردنی بازنەی برایەتی ئیسلامیداوە بەشێوەیەك کە هەموو ئەهلی قیبلە بگرێتەوە، لەگەڵ هەوڵدانێکی بەردەوام بۆ ڕاستکردنەوە بەدانایی و ئامۆژگاری جوان، لەهەمانکاتدا بایەخی زۆری داوە بەبڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری خۆشەویستی و یەکتر قبوڵ کردن و ئەتەکێتی جوان و سەردەمیانە.

ئایا ئەگەر سوود لەم چارەسەرانە وەربگرین کە لە دەرمانخانەی ئیسلامدا هەیە شتێك دەمێنێت ناوی گیروگرفتی فیکری و ڕۆحی بێت؟

وەڵامی ئەم پرسیارە بەجێ دەهێڵین بۆ خوێنەری ئازیز خۆی بیری لێبکاتەوە...

## پرسی ئافرەت و دیموکراسی
## لێکۆڵینەوەیەکی فیقهییە لە فیکری سیاسی ئیسلامدا

جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی تەرخانکردووە بۆ ئەو بابەتە گرنگ و هەستیارە لەجیهانی ئیسلامییدا بەو ناونیشانەی سەرەوە.

لەسەروبەندی ئەم بابەتەدا جەنابیان دەڵێن عەقڵ و شەرع هەردووکیان جیاوازییەکانی نێوان پیاو و ئافرەت دەسەلمێنن، بەڵام لەڕووی مرۆڤ بونەوە نا، بەڵکو لەڕووی دەروونی و لەش و لارەوە، بەشێوەیەك کاریگەری دەبێت لەسەر کارو پیشەی هەریەکێکیان، بە نموونە هەندێك کار هەیە پیاو ناتوانێت بیکات لە کاتێکدا ئافرەت زۆر بەجوانی و سەرکەوتوویی ئەنجامیان دەدات، هەروەها چەندین کار هەیە بە ئافرەت ناکرێت، بەڵام پیاو زۆر بەجوانی ئەنجامیان دەدات، ئەمەش بەشێکە لە تایبەتمەندی دەروونی مرۆڤ هەرچەندە خەڵکانێك دەیانەوێت بە پێچەوانەی ئەم

ڕاستییەوە خۆیان نیشان بدەن، لێرەو لەوێ هاواری دژایەتی كردنی پیاو دەبیسترێت یان هاواری پەراوێز خستنی ئافرەت بەرگوێ دەكەوێت و دەویسترێت لەبازنەی ژنایەتی و دایكایەتیدا قەتیس بكرێن! وەك جەنابیان بەبەڵگە دەیسەلمێنن ئەم دوو گروپە هەردوكیان هەڵەن، چونكە ڕاستییەكە ئەوەیە كە دوور لە شلگیری و پەڕگیری مامەڵە لەگەڵ حەقیقەت و واقیعدا بكرێت بەو شێوەیەی شەریعەتی ئیسلام ڕەنگرێژی كردووە، وەك جەنابیان دەڵێن: ئەگەر سەرنج بدەین لە مێژووی مرۆڤایەتی دەبینین زۆربەی بەڵاو كێشەكان دەكەونە نێوان: پەڕگیری و شلگیری، یان ئەوەیە كە هەموو شتێك بەڕەوا دەبینرێت و دەرگا دەخرێتە سەرپشت بەبێ هیچ كۆت و بەندێك ئەوەش سەر دەكێشێت بۆ پشێوی و ئاشوبێكی ناكۆتا، یان دەرگاكە بەتەواوەتی دادەخرێت و بزمار ڕێژ دەكرێت، تەنانەت بواری هەوا گۆڕكێش ناهێڵرێتەوە، سەرەنجام ئەوەی لەودیو دەرگاكەوەیە خراپ دەبێت.

پشت ئەستور بەو بنەمایەی كە دەڵێت: (لا افراط ولا تفريط) نە پەڕگیری و نە شلگیری، دەڵێین ئافرەت بەدیدێكی مرۆییانە هاوشانی پیاوەو لە ڕووی مافەوە یەكسانە لەگەڵی، ڕێزلێگیراوە وەك پیاو: ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ﴾[١٠٥]، چەمكی (بني آدَمَ) نێرو مێ دەگرێتەوە بەبێ جیاوازی، ڕەوا نییە لەپێگەو بەهای كەمبكرێتەوەو هەڵاواردن و جیاكاری بكرێت لەنێوان پیاو و ئافرەتدا، دەبێ پارێزگاری لەماف و كەرامەتی بكرێت لەبەردەم یاسادا، هەروەك مافی ئازادی دینی و فیكری و پەرستشی هەیە وەك پیاو تەنانەت لەوەدا هەیەتی بەسەر پیاودا كە نابێت ئافرەت بكوژرێت لەمەیدانی جەنگدا.

كەواتە، ئافرەت لە ئیسلامدا پاشكۆی هیچ كەس نییە، نە

١٠٥ الاسراء: ٧٠

لە دینداری و نە لە ڕەچەڵەك و نە لەماڵ و داراییدا، تەنانەت نابێتە پاشكۆی پیاوەكەی، وەك ئەوەی لە ڕۆژئاوادا بوونی هەیە لە ئێستادا، بەڵكو ئافرەت بەش و نیوەیەكی تەواوكارە لە ژیانی مرۆڤایەتییدا، لەبەرئەوەیە خودا بە (زوج) ئافرەتی نابردووە لەگەڵ پیاودا:

زەوج لەدوو شت و ژمارەی یەكسان پێكدێن، وەك پیاو مافی تەواوی هەیە لە ئازادی بڕیاردان و ویست و ئیرادە و فیكردا.

لەهەمان كاتدا ئازادی ڕەهاو تەواو نییە لە ئیسلامدا نە بۆ پیاو نە بۆ ئافرەت بەڵكو ئازادی سنووردار كراوە بەكۆت و بەندو مەرجی بەها باڵاكان و ئەخلاقی جوان و پەسەند.

وەڵامی سروشتی و ئاسایی بۆ ئەو پرسیارەی كە مێشكی هەموانی جەنجاڵ كردوە: (ئایا ئافرەت وەك پیاوە لەهەموو شتێكدا؟) لە وەڵامدا لەوانەبێت دووكەس ڕا جیاییان نەبێت لەوەدا كە بوترێت: ﴿وَلَيْسَ الذَّكَرُ كَالْأُنْثَى﴾[١٠٦] نێر وەك مێ نییە بەهەمان شێوە مێش وەك نێر نییە، ئەمە ڕاستییەكە كە هیچ كەس نكۆڵی لێ ناكات و ژیری و سروشت و پێكهاتەی جەستەیی و لەش و لارو ئەندامەكانی لاشە دەیسەلمێنن.

شتێك نییە بەناوی ڕێزداری پیاو بەسەر ئافرەتدا یان بەپێچەوانەوە، بەڵكو جیاوازی و تایبەتمەندی و سروشتی و خیلقەت و لاشەیی و هۆرمۆنی بوونی هەیە، كەواتە ئەم جیاوازییانە دەبێت ڕەنگدانەوەو جێكەوتەیان دیار بێت لەسەر كارو ئەرك و ئاوەدانكردنەوەو جێگەدارییەك كەخودا خەلقی كردووین لەپێناویدا ئەمە پاش ئەنجامدانی ئەركی بەندەگی و پەرستشێك كە پیاو و ئافرەت تێیدا جیاواز نین،

---

١٠٦ ال عمران: ٣٦

بەڵكو جیاوازییەكە لەرۆڵ بینیندایە لە ئەركی گەشەپێدان و ئاوەدانكردنەوەی سەرزەوی، ناكرێت ئەو جیاوازییانە نادیدە بگرین و پشت گوێیان بخەین لە ئەركی ئاوەدانكردنەوەی ئەو گەردوونەی كە لەسەر بنەمای دووانەیی دارێژراوە (الزوجیة) لە هەموو شتێكدا، دووانەییەك كە تەواوكاری بەوان دێتە دی و هاوسەنگی دەستەبەر دەكات، وەك خودا دەفەرمووێت: ﴿وَالْأَرْضَ مَدَدْنَاهَا وَأَلْقَيْنَا فِيهَا رَوَاسِيَ وَأَنبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ شَيْءٍ مَّوْزُونٍ﴾[١٠٧].

لەبەر ڕۆشنایی ئەو تێگەشتنەدا جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی پێیوایە پیاو و ئافرەت دوو بەشی تەواوكاری یەك پرۆژەو پرسن ئەوەش مرۆڤ بوونە، دەبێت ئەرك و ڕۆڵ دابەش بكرێت بەسەریاندا تا تەواوكاری بێتە دی (التكامل) ئەوەش بەوە دەبێت كە هەموو شتێك بەوردی و دانایی لەجێگەی خۆی دابنرێت، ناكرێت مافەكانی ئافرەت پێشێل بكرێت، (التفریط) ڕووبدات، هەروەها نابێت زیادەڕەوی بكرێت لەپێدانی ڕۆڵێك بەئافرەت كە لە پسپۆڕی و تایبەتمەندی ئەودا نییە یان ڕۆڵێك بدرێت بە پیاو لە پسپۆڕی ئەو نییە بەكردنی كارێكی لەو شێوەیە شتێك دادەندرێت لە شوێنێكدا كە شوێنی خۆی نییە بەمەش ڕێساویاساكان دەشێوێنرێت دەبێت بەدوای مامەڵەكردنی سروشت و فیترەتەوە بین نەك بەریەك كەوتن لەگەڵیدا دەبێت سازان و گونجانو هەماهەنگی دروست بكەین لەنێوان هەردوو بەشی پرۆژە مرۆییەكەدا (الانسان) دوور لە كێشمەكێش و دژایەتی و بەریەككەوتن و دوژمنداری، ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴾[١٠٨]،

١٠٧ الحجر: ١٩

١٠٨ الروم: ٢١

ئیسلام ئەوە دەخوازێت کەتاك ئاسودەو دڵ ئارام و دامەزراو و هاوسەنگ بێت خێزانیش ئاسودەو دڵ ئارام و لێوان لێو بێت لە میهرەبانی و تەبایی و هاوسەنگی لە کاتێکدا بانگەشەکارانی مافی ئافرەت ئاگری شەڕێکی سوتێنەریان دژی پیاو گەرم کردووە بەتایبەت ئەوانەیان دەیانەوێت بجەنگن تا بەرپاکردنی جیهانێك خاڵی لە پیاو بە شێوەیەك لە ئێستادا زۆربەی ڕێکخراوە ئافرەتە مێینە ئەوروپییەکان لە سەدەی بیستەمدا دەیانەوێت تەواوی مەینەتیەکانی ئافرەت بدەن بەسەر شانی پیاودا، لەبەرانبەردا بەشێك لەبیرمەندە پیاوەکان خەریکی سەلماندنی ئەوەن کە پیاو لە ئافرەت باشترە وەك پەرچەکردارێك، ئەم پرسە بۆتە بابەتێکی ناکۆکی لەسەروو خێزانیش پریشکی ئەو ئاگرەی بەرکەوتووە، بەشێکیان خستنەوەی نەوەو دایکایەتی ڕەت دەکەنەوە، بەڵکو خودی خێزان ڕەت دەکەنەوەو کار بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەکەن و ڕەوایەتی دەدەن بە لەباربردن و ڕەگەزبازی و نەهێشتنی ڕۆڵی باوك، وای لێهاتووە ململانێ و خۆسەلماندن و خۆسەپاندن بۆتە ئامانج لە ژیاندا، لە بری سۆزو بەزەیی و دڵ ئارامی و دابەش کردنی ئەرك و ڕۆڵ وەك ئەوەی ئیسلام دەیخوازێت، ئەگەر میتۆدێکی هاوسەنگ پەیڕەو بکرێت وەك ئەوەی جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی خستوویەتییە ڕوو ئەوە ئەمانەی لێ دەکەوێتەوە:

- یەکسانی: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: «النساء شقائق الرجال»[١٠٩]

- دادپەروەرییەك کە ڕەچاوی جیاوازییە خیلقییەکان بکات بۆ هەردوو ڕەگەز، بەشێوەیەك ئەو جیاوازییانە وەك تەواوکاری و جۆراو جۆری سەیر بکرێن نەك جیاوازی دژ بەیەکترو ناتەبا لەگەڵ یەك.

---

١٠٩ رواه احمد وابوداود والترمذي

- جێبەجێكردنی میتۆدێكی ڕاست و دروست كەپشت بەكۆ و دووانەیی و سازان ببەستێت و دوور بێت لە تێڕوانینی دانەیی (الآحادیة) بۆ دەقەكان.

یەكێك لەو بابەتە گرنگانەی كەجەنابیان ئاماژەیان پێداوە لە پرسی یەكسانییدا بریتییە لە یەكسانی ئافرەت و پیاو لە ویلایەت و موالاتدا (سەرپەرشتیاری)، بەشێوەیەك كە هیچ كەس ڕا جیایی تێیدا نییە لەو سەرپەرشتیارییەی خودا پێویستیكردووە لەسەر مسوڵمانان لەنێوان یەكتردا بە ئافرەت و پیاوەوە بەبێ جیاوازی، وەك دەفەرموویێت ﴿وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَـٰئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾[١١٠] بێگومان ئەم ویلایەتە هەموو بوارەكانی ژیان دەگرێتەوە، لەسەروی هەمووشیانەوە بەشی سیاسی، وەك باوەڕ پێبونێكی بنەڕەتی.

لەسەروبەندی قسە كردن لەسەر ئەم بابەتە جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی هەڵوێستە لەسەر ڕاجیایی فەقیهەكان دەكات لەم بارەیەوە كە تا چ ئاستێك ئافرەت بەگونجاو دەزانن بۆ بەرپرسیارێتی گشتی، بەخستنەرووی دەستەی یەكەم دەست پێ دەكات كە بەلایانەوە دروست نییە ئافرەت بەرپرسیارێتی گشتی لەلا بێت، دواتر ڕاوبۆچوونی دەستەی دووەم دەخاتە ڕوو كەبەلایانەوە دروستە بەرەهایی، لێرەدا جەنابیان بێ لایەنانە نەهجی میانڕەوانەی خۆی دەگرێت و دەچێت بەرەو ڕاوبۆچونی دەستەی سێیەم كەبەوردی و دووردرێژی شرۆڤەی ئەم بابەتە دەكەن و بەڵگەی خۆیان دەخەنە ڕوو.

---

١١٠ التوبة: ٧١

**پاش خستنە ڕووی سەرجەمی ڕاوبۆچونەکان جەنابیان گەیشتوون بەم دەرئەنجامە بەپوختی:**

ئەوەی بەلامەوە ڕایەکی پەسەندو بەهێزە ئەوەیە کە ئەسڵ لە پیاو و ئافرەت ڕۆڵی تەواوکارییە لە ئەنجامدانی ئەرك و بەرپرسیارێتییەکاندا بەبێ هەستی بەکەم زانینی ڕۆڵی ئەویان لەبەرانبەر ئەوی تریاندا، مانەوەو بەردەوامی ڕەچەڵەکی مرۆڤ وابەستەیە بەوەی کە ئافرەت ڕۆڵی دایکایەتی و نەوە خستنەوە بگێڕێت و چاودێرو سەرپەرشتیاری خێزان بێت، ئەمە لە گرنگترین ئەرك و کارە گەورەکانی ژیانی دنیایە، ڕۆڵی پەروەردەکردن و ژیانسازی و پێگەیاندنی پیاو و مرۆڤسازییە، ئەم ئەرکە نابێت پەك بخرێت و هیچ شتێکی تر لەوە لە پێشتر بێت و نابێت بەکەم سەیر بکرێت، لەپاڵ ئەو ڕۆڵ و ئەرکەدا دەتوانین ئاسودەیی دنیاو دوارۆژ بەدەست بهێنین.

ئێمەی مسوڵمان تۆکمەیی خێزان و بەهێزیی ڕایەڵەو تەونی کۆمەڵایەتیمان جێگای سەرنج و خۆزگە پێخواستنی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتە، ئەوەتە (گۆرِ باتشۆف) دوای قسەکردن لەسەر ئەو بارودۆخەی بەسەر ئافرەتدا هاتووە لە یەکێتی سۆڤییەت دەڵێت: (زۆر پێویستە کار ئاسانی بکرێت بۆ ئافرەت بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە سەر ڕۆڵی ئافرەت بوونی خۆی)، بۆ دەستەبەرکردنی (کەش و هەوایەکی خێزانی) و (نەهێشتنی ئەو کێشەو گرفتانەی لە سلوك و پەروەردەی منداڵ و لاواندا بوونی هەیە، هەروەها ڕێگری بکەین لە داڕوخانی پەیوەندییە خێزانییەکان). هەموو ئەوانە بەومەرجە دێنە دی کە بتوانین پارێزگاری بکەین لەو ئەرك و ڕۆڵە گرنگە، لە هەمان کاتدا ئافرەت مافی بەشداریکردنی هەیە لە پرۆسەی سیاسیدا و دەکرێت پۆست و بەرپرسیارێتی بگرێتە ئەستۆ ئەگەر ئەم مەرجانە هاتنەدی:

سازاندنی کەش و هەوایەکی لەبار لەڕووی شەرعییەوە بەشێوەیەك مەترسی ڕوودانی بێشەرعی نەهێڵێت وەك پێکەوەیی حەرام و (الخلوة) ڕوانین و هەرشتێکی تری ناشەرعی.

پابەندی ئەو ئافرەتەی بەرپرسیارێتی دەوێت بەشەریعەت و گرتنە بەری ڕێکارە شەرعییەکانی وەك ئەخلاق جوانی و خۆرازاندنەوە بەبەها بالاکان و بالاپۆشی و هەرشتێکی تری پێویست.

هاوبەشیکردن لەسەر حسابی مافی منداڵ و خێزانەکەی نەبێت، بەمانایەکی تر گرنگترین ڕۆڵ و ئەرك و بەرپرسیارێتی ئافرەت پەروەردەکردن و ئامادەکردنی نەوەیەکی ئازاو ئازاد و بوێرو پەروەردەکراوەو سازاندنی کەش و هەوایەکی سازو لەبارە لەڕووی ئارامی و ئاسودەیی بۆ هاوسەرو خێزان و منداڵەکانی، بۆیە ئەگەر هاوبەشی ئافرەت لەدەرەوە دژو پێچەوانە بوو لەگەڵ ئەو ئەرکە گرنگ و بنەڕەتییەی خۆی، ئیدی بەبڕوای من کارەکەی لە دەرەوە ڕەوایەتی لەدەست دەدات.

توانای جێبەجێکردن و ئەنجامدانی ئەرك و بەرپرسیارێتییەکەی هەبێت بەشێوەیەکی تەواو و ڕێك و پێك، لە هەمانکاتدا لەسەر بنەمای ڕاوێژ کار بکات و پابەند بێت بە دەرئەنجامی ڕاوێژەکەوە.

**ئەگەر ئەم مەرجانە هاتنەدی دروستە بۆ ئافرەت:**

بەمافی دەنگدانی خۆی هەستێت و بەشداری پرۆسەی سیاسی بکات، چونکە ئەو بوارە دەچێتە بازنەی شایەتیدان و بە کۆی دەنگ مافی ڕەوای خۆیەتی، بەڵکو دەچێتە چوارچێوەی هاوکاریکردن لەسەر خێرو چاکە، چونکە دەبێتە پاڵپشتی کەسێك کە شایان و شایستە بێت بەوەرگرتنی پۆست

و پلەو بەرپرسیاریتییەك، بەڵکو دەنگدان وەك ڕاسپاردن وایە (التوكيل) ئافرەت مافی ئەوەی هەیە کەسێك بەنوێنەری خۆی ڕابسپێرێت بۆ چوونە ناوەندێکی بەرپرسیاریتی وەك پەرلەمان یان ئەنجومەنی پارێزگا تا بەئەرکی فەرمانکردن بەچاکەو ڕێگریکردن لەخراپە هەستێت.

مافی خۆپاڵوتنی هەیە بۆ بوون بە ئەندامی پەرلەمان، چونکە زۆربەی کاروبارەکانی پەرلەمان پەیوەندییان بەدەرکردنی یاساوە هەیە، ئەوەش دەچێتە بواری ئیجتیهادێك کە پیاو و ئافرەت هاوبەشن تێیدا، ئەوەتا دایکی مسوڵمانان خاتوو عائیشە گەیشتبووە ئاستێك لە فیقهو زانستدا تەنانەت ڕاستکرنەوەی بۆ گەورە هاوەڵان دەکرد.

بەشداریکردن لەگردبونەوەو خۆپیشاندان و نارەزایەتی سیاسی و هەرشتێکی تر کە بۆ دەستەبەر کردنی بەرژەوەندی خەڵکی بێت، یان بۆ لادانی فەرمان ڕەوایەکی ستەمکار بێت بەشێوەیەك کە خراپتری لێ نەکەوێتەوە.

مافی بەشداریکردن لە کەرتی پۆلیس و ئاسایشی گشتی ئەو بوارەی تایبەتە بە ئافرەت، وەك بەشی تایبەت بە زیندان و گەڕان و لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئافرەت، یان هەر کارێکی تری بەڕێوەبردنی ئیداری کە گونجاو بێت لەگەڵ سروشت و پێکهاتەی ئافرەت بەو سێ مەرجەی پێشتر باسکران.

مافی بەشداریکردن لە جەنگی بەرگریدا، لە کاتی ڕوودانی داگیرکاری بێباوەڕان بۆ وڵاتانی ئیسلامی، ئەمە ئەگەر کوشتنیشی لێ بکەوێتەوە یان بە هەر ڕێگایەکی تر، بەهەمان شێوە بەشداریکردن لەجەنگی هێرش بردندا بە شێوەیەك کە سازو گونجاو بێت لەگەڵ سروشت و لەش و لاری ئافرەت، ئەوەتا

دایکـی مسـوڵمانان خاتـوو سـەفیە بەشـداریی جەنگـی کـردووەو جولەکەیەکـی کوشـتووە لـە ڕۆژی خەندەقـدا.

مافـی بەشـداریکردن لـە دامەزراندنـی ڕێکخراوەکانـدا و ڕێکخـراوە ئافرەتییـەکان، هەمـوو دامەزراوەکانـی کۆمەڵـگای مەدەنـی، بەڵکـو ئافـرەت لـە پێشـترە تـا پیـاو لـە هەندێکیانـدا.



## بەشی سێیەم:

رۆڵی جەنابی پڕۆفیسۆر قەرەداغی
لە وەڵامدانەوەی گروپ و کۆمەڵە توندڕەو و
تەکفیرییەکاندا، لەگەڵ خستنەڕووی سۆزو
میهرەبانی و میانڕەوی ئیسلام.

ئیسلام سەرچاوەی رەحمەت و میهرەبانییەو
بانگەشە بۆ میانڕەوی دەکات.
ئیسلام توندوتیژی رەتدەکاتەوە
لەهەر شوێنێکەوە سەرچاوەی گرتبێت

## دەستپێك

لەسەردەمی ئێستاماندا كۆمەڵێك دیدو بیروڕای مەترسییدار سەری هەڵداوە و ئیشی بووەتە بەبیدعە زانینی زۆر شت و كافركردنی ئەهلی قیبلە لە مسوڵمانان، دواتر لە كافر كردنەوە گواستیانەوە بۆ تەقاندنەوەو توندوتیژی نواندن بەرامبەر مسوڵمانان و خەڵكی تریش هاوشێوەی سەلەفی جیهادی، وەك قاعیدەو داعش و بۆكۆ حەرام و هاوشێوەكانی، ئەمانە خراپەكاری و لادانی زۆریان بڵاوكردەوە ئەوەی زۆرتر خراپەكارییەكانی ئەوانی بەرجەستە كرد دەستیانگرت بەسەر بەشێكی زۆری ناوچەكانی عێراق و سوریاداو دەوڵەتی خۆیان تێدا ڕاگەیاند بەناوێكی جوان كە ئەوان لێی بێبەرین بەناوی (دولة الخلافة بمنهاج النبوة)، بوونە هۆی ڕشتنی چەندەها خوێنی بەناهەق و كوشتنی چەندین كەسی بێتاوان، بەڵكو هەندێكیان سوتاند، ئەوەش بوو بەئابڕوچونێكی گەورە بۆ خۆیان و شەرمەزاری بۆ مسوڵمانان، هەروەك بووە هۆكاری ئەوەی هێرشی ناڕەوا بكرێتە سەر خودی ئیسلام، لەهەمان كاتدا بەهانەی داگیركارییەكی نوێیان دابەدەستەوە لەلایەن ئەمەریكاو بەریتانیاو ڕوسیاو وڵاتانی ترەوە.

جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی بەجوانترین شێوە مەترسی و خراپی ئەو بیروبۆچونانە دەخاتە ڕوو پوچی و بێمانایی بەڵگەكانیان دەسەلمێنێتو دوور بوونی ئیسلام لەو مامەڵەو هەڵسوكەوتانە، لەو بوارەدا چەندین كتێب و لێكۆڵینەوەی نوسیووە بۆ ئەو مەبەستە بەشداری چەندین كۆنگرەی كردووە لە ڕێگەی ئەو بەشداریكردنەوە ئەوەی سەلماندووە كە ئیسلام ئاینی ڕەحمەت و خێرو خۆشی و میانڕەوییەو بەبەڵگەی

قورئان و فەرمودەو ژیاننامەی پێغەمبەر (ﷺ) و خەلیفە بەرێزەکانی قسەکانی پشت ڕاست کردۆتەوە، هەموو عەقڵێکی ساغ ئەوە دەزانێت کە هەموو دینێکی ئاسمانی پەیامی خێرو ڕەحمەتی لەگەڵ خۆی هێناوەو مەبەستییەتی شکۆ و ڕێزی مرۆڤ بپارێزێتو ڕێنمایی بکاتو هەموو بوارەکانی ژیانی بۆ چاك بکات.

جەنابیان باوەڕیان وایە ئیسلام بەمەبەست چەمکی ڕەحمەتی بەکاربردووەو بازنەکەی فراوانکردووە تا هەموو گەردوون بگرێتەوە، خوداش دەفەرموێت: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ﴾[1] لەسەر چەمکی ڕەحمەت هەڵوێستە دەکەین کە جەنابیان هەڵوێستەیان لەسەر کردووە، لەکتێبە گرنگەکەیاندا بەناوی (الإسلام والرحمة والوسطية وموقف الإسلام وبقية الأديان من ظاهرة الإرهاب المفاهيم، والأسباب والعلاج الشامل)

لەو کتێبەدا دەڵێت ئیسلام دینی خێرو خۆشییە و چاکەی بۆ هەمووان دەوێت و توندوتیژی و ئیرهاب و پەڕگیری ڕەتدەکاتەوە بەهەموو شێوەیەك وەك سروشتی خۆیان دەقەپیرۆزەکانی قورئان و سوننەت دەکەنە بەڵگەی قسەکانی و بیروڕاکانی بە دەقەکان پشت ڕاست دەکاتەوە، بەمەبەستی ئەوەی خەڵك بگەنە ژیانێکی باش و باشتر لە ئێستاو داهاتوودا.

ئێمە لێرەدا سەرنج دەدەین لەجەنابی پرۆفیسۆر کە چۆن وێنەیەکی جوانی ئیسلاممان بۆ دەخاتەڕوو لەدوو تابلۆدا، لەو ڕووەوە کە چەند میهرەبانە لەگەڵ مرۆڤ، تەنانەت دەیچوێنێت بە دایکێکی میهرەبان لەگەڵ ڕۆڵەکانی کە هەمیشە خێرو خۆشی دەوێت بۆیان، خۆی دەداتە بەر هەر سەختی و دژوارییەك کە ڕووبەروویان دەبێتەوەو خوازیاری ئەوەیە ناخۆشی نەبینن.

---

١ الانبياء: ١٠٧

## ئیسلام سەرچاوەی ڕەحمەت و میهرەبانییەو بانگەشە بۆ میانڕەوی دەكات

لەوانەیە گونجاوترین شتێك بیكەینە دەستپێكی ئەو بابەتە، ئاراستەكردنی ئەم پرسیارە بێت (مرۆڤ كەی چاك و باش و میهرەبان دەبێت؟)

لێرەدا وەڵامی جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی وەڵامێكی بەهێزو بەپێزو پڕاوپڕە، جەنابیان دەڵێن ئەگەر فیكرو دیدو بیری مرۆڤ باش و چاك بوو بیروباوەڕو ئاراستەی باش و چاك دەبێت، برینی خراپەكاری دەروونی ساڕێژ دەبێت و دەروونی واز لەشەرەنگێزی و تاوان دەهێنێت، چیدی دەروونی فەرمان بەخراپەكاری ناكات، چونكە كۆی لادان و خەتاو خراپەكارییەكان بەهۆی لادانی عەقیدەو بیروباوەڕەوە سەر هەڵدەدەن، ئەوەی دەبێتە ئەرك بۆمان ڕاستكردنەوەی خوارو لارییەكانە بەراستكردنەوەیەكی گشتگیر بەمەش ڕۆح دەگەڕێتەوە بۆ باری ئاسایی خۆی بەو شێوەیە دەبێت كە دەبوو ببوایە.

بەڵێ ئەمە ناوەڕۆكی ئیسلامەو ئەوە بەزەیی و میهرەبانی ئەوە، ئەگەر بێت و ڕۆژئاواییەكان لەمە تێبگەن و واز لەدیدی دانەیی (الآحادي النظرة) بهێنن، یان دنیا یان دوارۆژ دەستبەرداری تاوانبار كردنی ئیسلام ببن بەناڕەواو واز لەو نەزانییە بهێنن كە دەربارەی ئیسلام هەیانەو دنیاداری بكەین بەو شێوەیەی كە ئیسلام قبوڵییەتی، ئیسلام بەو پێیەی كە دینێكی تێرو تەواوە وەك ئەوەی كە بۆ محمد پێغەمبەر (ﷺ) هاتووە جیاوازیی هەیە لەگەڵ ئاینە ئاسمانیەكانی تردا، بە نموونە ئاینی جوەكان بانگەشەی ئەوە دەكات كە بەهەشت لەسەر زەوی بەرپا دەكات نەك لە دوارۆژدا، ئەو جیهانەی كە جووەكان

ویێنایان کردووە بۆ خودا بریتیە لەسەر زەوی نەك ئاسمان، ئاینی گاورەکانیش بانگەشەی ڕۆحانییەت دەکات و ڕوویکردووەتە بەها ئەخلاقییە ئاسمانییەکان و وازی لەدنیا هێناوە.

> **ئیسلام کۆکەرەوەی نێوان دامەزراوی و نوێخوازییە، کۆکەرەوەی ڕەسەنایەتی و سەردەمی بوونە، کۆکەرەوەی واقیع و خەیاڵە، کۆکەرەوەی روح و مادەیە**

ئەمە لەکاتێکدا کە ئیسلام دینی یەك خودا ناسییە لەرووی بیروباوەڕەوە، لەسەر بنەمای دوانەییە لە هەموو شتێکدا جگە لە (توحید)، ئیدی ئەو هەم دینە هەم دنیایە وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، ئیسلام کۆکەرەوەی نێوان دامەزراوی و نوێخوازیە، کۆکەرەوەی ڕەسەنایەتی و هاوچەخی بوونە، کۆکەرەوەی واقیع و خەیاڵە، کۆکەرەوەی ڕۆح و مادەیەو تاك و کۆمەڵ پێکەوە گرێ دەدات و قورئانی پیرۆز بووەتە بەڵگە لەسەر ئەو ڕاستییە حاشا هەڵنەگرە وەك خودا دەفەرمووێت: ﴿قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ * لَا شَرِيكَ لَهُ وَبِذَلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ﴾[٢]

ئیسلام ژیانێك بە ئاوات دەخوازێت بۆ مرۆڤ کە لەسەر بەها ئیمانییەکان وەستابێت، بەشێوەیەك مرۆڤ لەسەر ئاسودەیی و پاکێتی و شەفافیەت بنیات دەنێت و ڕای دەهێنێت لەسەر ئەو بەها بالآیانە، وەك خودا دەفەرمووێت ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اسْتَجِيبُوا لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمْ لِمَا يُحْيِيكُمْ﴾[٣]

---

٢ الانعام: ١٦٢-١٦٣

٣ الانفال: ٢٤

كەواتە، ئاین، پێویستییەكی بنەڕەتییە بۆ ژیانی تاك و كۆمەڵگا، چونكە هەستێكی شاراوەی ناخ و سروشتی مرۆڤەو یەكێكە لە زەرورەتەكانی كۆمەڵگاو ژیان، ئاین مرۆڤ ئاراستە دەكات بەرەو پابەندی بەو رەفتار و بەها بالآیانەی كە هانی دەدەن بەرەو پاكێتی و كاركردن و بنیاتنان و پێكەوە ژیان لەگەڵ دیگەراندا بۆ هێنانەدی مەبەست و ئامانجە بالآكان، بۆیە ئاین بەشێوەیەكی گشتی و ئیسلام بەتایبەتی، ئەركی مرۆڤ سازی و گەشەپێدانی توانا مرۆییەكانەو هەستی ویژدان زیاتر دەكات و كەسێتی دادەڕێژێتەوەو ڕایەڵەی پەیوەندییە كۆمەلآیەتییەكانی بەهێز دەكات بەرێگای نزیكبوونەوەو تێكەلآوبوون لەخەڵك و كۆمەڵگا، ئامانجی لەهەموو ئەو كارانەدا ئەوەیە مرۆڤێك بەرهەم بهێنێت لەسۆزو میهرەبانی هەڵشێلرابێت و بانگەشە بۆ میانڕەوی بكات و ئەوانیتری قبوڵ بێت هەرچی و هەركەس بن ئەوانیتر.

گەیشتن بەو مەبەستە كۆمەڵێك شتی بنەڕەتی دەوێت وەك عەقیدەو بیروباوەڕو شەریعەت، چاكەكارییەك كە سەراپای بەها بالآكان و خۆپاریزی (تقوی)و دڵسۆزی و داهێنان بگرێتەوە.

**جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی وەك سروشتی هەمیشەیی خۆی بەسادەیی‌و ڕوونی شتەكان دەخاتە ڕوو ئەم بابەتەشی لەچوار ڕەهەندا خستووەتە ڕوو بەم شێوەیە:**

**ڕەهەندی یەكەم: بیروباوەڕو عەقیدە**

پایە بنەڕەتییەكانی بیروباوەڕ بەم شێوەیەیە:

ئیمان و باوەڕهێنان بەخودای تەنیا و تاك، ئاگادارو زانا بەهەموو شتێك، دوور و پارێزراو لەهەر ناتەواوی و كەم و كورتییەك، خودا

دەفەرموویێت: ﴿وَلِلَّهِ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَىٰ فَادْعُوهُ بِهَا﴾[٤]

ئیمان و باوەڕهێنان بەسەرجەمی پێغەمبەران (علیهم السلام).

ئیمان و باوەڕهێنان بەسەرجەمی کتێب و پەیامە ئاسمانییەکان و بڕوابوون بەوەی کە ئیسلام جێگرەوەو میراتگری هەموو پێغەمبەران و کلتورەکانیانە.

ئیمان و باوەڕ بە فریشتەکان.

ئیمان و باوەڕ بەڕۆژی دوایی (ڕەستاخێز)

ئیمان و باوەڕ بەقەزاو قەدەر.

**ڕەهەندی دووەم: بەهابالاَکان و ئەخلاقە بەرزو پەسەندەکان ئەوانەی هەموو پەیامە ئاسمانییەکان پێداگرن لەسەریان**

جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی بەوردی لەوە تێگەیشتووە کە بەها بالاَکان جێکەوتەی زۆریان هەیە لەسەر سازدانی مرۆڤی خاوەن بەها، لەمامەڵەو هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئەوانیتردا، مسوڵمان بێت یان نا مسوڵمان، لەبەرئەوەی پێداگری لەسەر ئەم لایەنە پرشنگدارە دەکات لە ئیسلامدا، چونکە بەها بالاَکان دەگرێتە خۆی کەمەبەستی مەبەستەکان و ئامانجی ئامانجەکانن، نەك بەتەنیا هۆکارو میکانیزم بن، دەقە شەرعییەکانیش لەسەر ئەم حەقیقەتە پێداگری دەکەن، ئەوانەیان کە پەیوەندیدارن بەبیروباوەڕو دابەزاندنی وەحی و ناردنی پێغەمبەران و بەندەگی و پەرستشەکانەوە، یان ئەوانەیان کە تایبەتن بەمامەڵە دارایی و ئابووری و سزاکان و یاساکانی خێزان و سیاسەت و جیهادەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەلسەفەی پێغەمبەرایەتی و ڕەوانەکردنی خۆی وابەستە دەکات بەتەواوکاری ئەخلاقەوە وەك دەفەرموویێت ﴿إنَّما

٤ الاعراف: ١٨٠

بُعثت لأتمّم مكارم الأخلاق﴾[5]، هەر لەبەرئەوەشە جوانترین وەسفێك خودا وەسفی پێغەمبەری پێكردبێت ئەم ئایەتە قورئانییە: ﴿وَإِنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ﴾[6]

بەشێك لە ئامانجەكانی بڕوابوون بەخوداو بەرۆژی دوایی بۆ ئەوەیە كە باوەڕدار بگەیەنێتە ئاستی خۆپارێزی و خۆ دوورگرتن لە تاوان و خراپەكاری و بەها نزم و پەستەكان، بەڵكو تەنانەت لە بواری سیاسیدا، قورئان پێداگرە لەسەر ئەمانەت پارێزی و دادگەری و چاكەكاری و دوور بوون لە ستەم و خراپە، خودا دەفەرموویت: ﴿إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ إِنَّ اللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُمْ بِهِ إِنَّ اللَّهَ كَانَ سَمِيعًا بَصِيرًا﴾[7]

ئەگەر بمانەوێت بەها باڵا جوانەكان كۆبكەینەوە لە كۆمەڵێك بنەمادا دەبێت بڵێین: بریتین لەگەردن كەچی و ورە بەرزی و پاكێتی و چاكەكاری و بەخشندەیی و خۆگری و لێبوردەیی و نەرمونیانی و دەروون بەرزی و خۆبەكەمزانی و قەناعەت و ڕاستگۆیی و دڵسۆزی و قەدرزانی خێرو چاكەو خافلاندنی خود لەخراپەكاری خەڵك و خۆهەڵنەقورتاندن لەشتی ناپەیوەندیدار بەخودەوەو دوور بوون لەبەها نزم و پەست و خراپەكان بەدڵ و كردارو گوفتار.

بەها پەست و نزمەكانیش وەك خۆ بەگەورە زانین و لوت بەرزی و شەڕەنگێزی و زوڵم و ستەمكاری، ئیرەیی، دڵڕەقی، ڕاكردن بەدوایی پلەو پۆست و كورسیدا، خۆ فەرز كردن بەسەر خەڵكدا، ڕەتكردنەوەی حەق و ڕاستی، هەرشتێكی تر كە لەو چوارچێوەیەدا بێت.

٥ اخرجه احمد، والبخاري في الادب المفرد.

٦ القلم: ٤

٧ النساء: ٥٨

بەگشتی جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی بنەما سەرەکییەکانی ئەخلاق جوانی و ئەخلاق نزمی لە پێنج بنەمادا کۆدەکاتەوە بەم شێوەیە:

١- خۆپاریزی و لەخواترسان، پێچەوانەکەی بێ باکی و گوێ نەدان بە ترس و چاودێری خودا.

٢- حەق دۆستی و زاڵبوونی گیانی خێرو چاکەکاری بەتەواوی مانا، پێچەوانەکەی ڕق و قین و ئیرەیی و نیگەرانی.

٣- سۆزو میهرەبانی و جێکەوتەکانی لەسەر ناخ و دەری مرۆڤ، پێچەوانەکەی شەڕەنگێزی و خراپەکاری و دڵڕەقی و ئازاربەخشی و ڕەق ئەستوری.

٤- ئیرادەو ویستێکی بەهێزو دەرهاویشتە رەفتارییەکانی.

٥- دادگەری لە مامەڵەو هەڵسوکەوتدا، پێچەوانەکەی دەستدرێژکاری و دوژمنکاری.

ئەو گرنگییە زۆرەی جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی داویەتی بە بابەتەکانی ئەخلاق لەبەرئەوەیە کە جێکەوتەی ئەخلاق ئەنجامەکەی بەوە دەگات مرۆڤ ببێتە خاوەنی پەیوەندییەکی باش لەنێوان مرۆڤ و خودادا، لەنێوان مرۆڤ و برا مرۆڤەکانی تردا، لەنێوان مرۆڤ و گیانداراندا، لەنێوان مرۆڤ و ژینگەدا، ئەم پەیوەندییەش هەمووی بەخێرو خۆشی تەواو دەبێت، بەڵکو جەنابیان لەوە زیاتر پێشبینی دەکەن و پێیان وایە قەیرانی ئەخلاق مرۆڤ بەرەو هەڵدێری مەترسیدار دەبات، قەیرانە مرۆییەکان لە ڕووی ئابووری و سیاسەت و کۆمەڵایەتی و جەنگە خوێناوییەکانەوە بەشی هەرە زۆری دەگەڕێتەوە بۆ قەیرانی ئەخلاق و بەهاکان. ئەمەش ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرەو بەشێکی زۆری ئابووریناس و سیاسەتمەدارەکان دانی پێدا دەنێن.

ئەوەی لەسەر مسوڵمان پێویستە، ئەگەر خواستی هەبێت لەم تەنگژەیە ڕزگاری ببێت، تەنیا وابەستە بوونە بەقورئانەوە وەك لە باسی جیاكردنەوەی بەها بالاكان و بەها نزم و پەستەكاندا ئاماژەی پێ دەكات: ﴿وَهَدَيْنَاهُ النَّجْدَيْنِ﴾[8]

جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی لەبابەتەكەیدا دەربارەی ڕەحمەت ئاماژە بۆ بابەتێكی گرنگ دەكات، ئەوەش بریتیە لە سەپاندنی ئەخلاق، كێشەی سەپاندن و پابەندكردنی بەئەخلاقەوە لە گەورەترین ئەو كۆسپانەیە كە ڕووبەرووی بیری سەردەمی دوور لەوەحی دەبێتەوە، تەنانەت كارگەیشتووە بەوەی كە بوترێت ئەمانە دژ بەیەكترن، ئەمەش پێچەوانەی ناوەرۆكی قورئانە كەخۆی لەزانست و ڕەفتار و ئەخلاق و بەها بالاكاندا دەبینێتەوە.

ئەو بەرپرسیارێتیەی دەكەوێتە ئەستۆی مسوڵمانی پەیامدار زۆرن، لەوانە بەرپرسیارێتی تاكەكەسی لەو بوارەدا تاكە كەس بەرپرسە لە ڕەفتار و دەروونی خۆی، هەروەها بەرپرسیارێتی دەستە جەمعی لە ڕێگای فەرمانكردن بەچاكەو ڕێگریكردن لەخراپە، بەرپرسیارێتی لەسەر جێكەوتەی كرداری مرۆڤ، هەروەها بەرپرسیارێتی هەماهەنگی گشتگیر بۆ هەموو تاكەكان ئەوانەی نیشتمانێك كۆیان دەكاتەوە.

## ڕەهەندی سێیەم: ئەنجامدانی پەرستشەكان

ئامانج لێی بەجێهێنانی ئەركی بەندایەتییە بۆ خودای گەورەو سازدانی مرۆڤ بەرەو چاكەكاری و چونی بەرەو چاكتر ئەمەش بە ڕوونی بە دیار دەكەوێت لەئایەتە قورئانییەكاندا بە نموونە لەباسی نوێژ و زیكر كردندا دەفەرموێت: ﴿اتْلُ مَا أُوحِيَ

8 البلد: ١٠

إِلَيْكَ مِنَ الْكِتَابِ وَأَقِمِ الصَّلَاةَ إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَىٰ عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنكَرِ وَلَذِكْرُ اللَّهِ أَكْبَرُ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَصْنَعُونَ﴾[9]، یان لەئایەتی پەیوەندیدار بەزەكاتەوە دەفەرموویێت: ﴿خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِم بِهَا وَصَلِّ عَلَيْهِمْ إِنَّ صَلَاتَكَ سَكَنٌ لَّهُمْ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾[10]، یان لە باسكردن لە حەج دەفەرموویێت: ﴿الْحَجُّ أَشْهُرٌ مَّعْلُومَاتٌ فَمَن فَرَضَ فِيهِنَّ الْحَجَّ فَلَا رَفَثَ وَلَا فُسُوقَ وَلَا جِدَالَ فِي الْحَجِّ﴾[11]

دەبینین كە پەرستشەكان مرۆڤی پابەند پێیانەوە سازدەدات، تا مرۆڤێكی ساڵح و چاكەخواز و میهرەبان و دادگەر بێت.

## ڕەهەندی چوارەم: ئەنجامدانی ئەركی ئاوەدانكردنەوەو جێنشینی لەسەر زەوی:

ئەوەش بەهەڵگرتنی كۆڵی سەنگینی ئەمانەت پارێزی بەرانبەر خاوەنەكەمان (خودا) و بەرانبەر هەموو دروستكراوەكانی خودا، بەكەڵك وەرگرتن لە هەموو زانستە سوود بەخشەكان و سوود وەرگرتن لە ئەزموونی گەلانی دنیاو سوود وەرگرتن لە دینی پیرۆزو پاك و بێگەرد، بەشایستە بوون بۆ هەڵگرتنی ئەرك و بەرپرسیاریێتی و ئەمانەت بەدادگەری و پاكێتی، تا ڕەحمەت و میهرەبانییەكی گشتگیر بێتەدی و بگەیەندرێت بەهەموو جیهان.

بەو پێیەی ئیسلام خاوەنی كۆمەڵێك تایبەتمەندییە كە پێی جیادەكرێتەوە لە هەموو ئاینەكان و لەهەموو یاساو دەستورەكانی تری ژیان، دەكەوینە باسكردنی ئەو تایبەتمەندییانەی كە پەیوەندیدارن بە ڕەحمەت و سۆزەوەو بەو شێوەیەی جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی ڕیزبەندی بۆ كردوون.

٩ العنكبوت: ٤٥

١٠ التوبة: ١٠٣

١١ البقرة: ١٩٧

**تایبەتمەندی یەكەم:** ئیسلام ئاینی بێ خەوشی خودایەو خۆیشی پارێزەریەتی، بەرهەم و جێكەوتەی ئەم تایبەتمەندییە ئەوەیە كە كۆی حوكمە شەرعییەكانی ئیسلام لەسەر بنەمای دادگەری و یەكسانی بنیاتنراوە، خودای گەورە بەدیهێنەری هەموو شتێكە، مرۆڤەكان هەمویان بەندەی ئەون، ئەویش خودایانەو هیچ جیاوازی و هەڵاواردنێك لە نێوانیاندا ناكات و ڕێزی كەسیان نادات بەسەر ئەوی تردا مەگەر بەخۆپارێزی (التقوى) و دڵسۆزی و پاكێتی و چاكەكاری لەدنیاو دوارۆژدا.

بەشێكی تری بەرهەم و جێكەوتەكانی ئەوەیە كە ئەم شەریعەتە پیرۆزو دوورە لە هەر دژیەك بوونێك، لەكاتێكدا یاساو ڕێساو بەرنامە دەستكردەكانی مرۆڤ خاڵی نیە لە كەموكورتیو دژیەك بوون و جیاوازی.

بەرهەم و جێكەوتەیەكی تری بریتیە لە دوور بوون و پارێزراوی لە حەیف و مەیل و حەزو ئارەزووی مرۆڤ و خێزان و حیزب و نەتەوەو هەر حەیف و مەیلێك كە ئەوە بخوازێت بەرژەوەندی خۆی پێش بخات بەسەر بەرژەوەندی ئەوانیتردا، بە نموونە یاسا ڕۆمانییەكان تایبەتمەندی و ڕێزێكی زۆرتری داوە بە مرۆڤی ڕۆمانی، تەنانەت لەمەرجەكانی ئەهلیەتی كامڵ و تەواودا ڕۆمانی بوون بەمەرج گیراوە، بەڵام شەرع و یاسای خودا دوورو پارێزراوە لەو حەزو حەیف و مەیلانە.

ئاسان جێبەجێكردنی ئەم شەریعەتە یەكێكی ترە لەبەرهەم و جێكەوتەكانی، ئەمەش زۆر بەجوانی و بەروونی دیار بوو لەسەر جیلی یەكەمی هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ)، بەتەواوی گەردن كەچی و گوێرایەڵی خۆیان نیشاندا بۆ سەرلەبەری فەرمان و داخوازییەكانی خودا، ڕووبەرووی حەزو خواستەكانی خۆیان بوونەوەو زۆر بەخێرایی وەڵامی داخوازییەكانی شەریعەتیان

دایەوە لەکاتی دابەزینی ئەم ئایەتەدا، ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالْأَنصَابُ وَالْأَزْلَامُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ *إِنَّمَا يُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَنْ يُوقِعَ بَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاءَ فِي الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ وَيَصُدَّكُمْ عَنْ ذِكْرِ اللَّهِ وَعَنِ الصَّلَاةِ فَهَلْ أَنْتُمْ مُنْتَهُونَ﴾[١٢]، ڕاستەخۆ و دەست و برد فەرمویان بەڵێ ئیدی وازمان هێنا.

یەکێکی تر لەو بەرهەم و جێکەوتانە هاوسەنگی نێوان شەریعەت و عەقڵ و ئیجتیهادە، وەك دەبینین چەمکی (ئیجتیهاد) ئامادەگی هەیە لە هەر گفتوگۆیەکی جەنابیان و ڕاوبۆچونێکیاندا لەهەر بەراوردکارییەکدا بۆ هەر بابەتێك. عەقڵ ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە تێگەیشتنی کۆی دەقە شەرعییەکاندا، عەقڵ گەشت و گەڕانی خۆی دەکات لەناو دەقە گشتی و بنەماو ڕێسا سەرەکییەکاندا بەهەڵێنجاندن و ئیجتیهاد کردن.

**تایبەتمەندی دووەم:** ئیسلام ئاینێکی مرۆیی جیهانییە:

جیهانی بوونی لەوەدایە کە هەرچی لەسەر ڕووی زەوی بوونی هەیە یەکەیەکی پێکەوە گرێدراوە بەبەرژەوەندییەکانییەوە، ناوەڕۆکی مرۆیی بوونی ئەم ئاینە لەوەدایە کە لەپێناوی مرۆڤدا دابەزێندراوە، وەك خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا﴾[١٣]

**تایبەتمەندی سێیەم:** ئیسلام کۆتا ئاین و ئاینێکی نەمرە

هیچ ئاینێك بوار بۆ هاتنی نەماوەو ئیسلام لەگەڵ مرۆڤایەتییدا دەمێنێتەوە تا زەوی ئاوەدان بێت، لەبەرئەمەیە ئیسلام ڕەنگڕێژی ژیانی مرۆڤ دەکات لەکاتێکەوە کە کۆرپەلەیە لە هەناوی دایکیدا تا مردن و دوای مردنیش. لەو چوارچێوەیەدا ئیسلام سۆزو میهرەبانی خۆی بەرجەستە دەکات بۆ مرۆڤ.

---

١٢ المائدة: ٩٠-٩١

١٣ الاعراف: ١٥٨

**تایبەتمەندی چوارەم:** هاوسەنگی كردن:

ڕەچاوكردنی هاوسەنگی لە گرنگترین تایبەتمەندییەكانی ئیسلامە، ئیسلام خواستەكانی ڕۆح و لەش و لار پێكەوە كۆ دەكاتەوە بەرژەوەندی تاك و كۆمەڵ ڕەچاو دەكات و ئاسودەیی دنیاو دوارۆژ لەبەرچاو دەگرێت، دروشمی لەم بوارەدا بریتیە لە ﴿رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الْآخِرَةِ حَسَنَةً﴾[١٤]، بەهەمان شێوە هاوسەنگی دەپارێزێت لەنێوان جێگیرو گۆڕاو و میكانیزم و ئامانجەكاندا، مەبەست لە دوو جەمسەری ئەمەیە كەپێشتر ئاماژەی پێدرا، ئەمەش ئەو میانڕەوییە دەگەیەنێت كە خودا لەبارەیەوە دەفەرمووێت: ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا﴾[١٥]. ئەم میانڕەوییە ئەوە دەگەیەنێت كە هاوسەنگی و دادگەری ڕەچاوبكرێت لەمیتۆد و یاساو ڕێساكانیدا، نەتوندڕەوی و پەڕگیری نە كەمتەرخەمی و شلگیری، ئیسلام نێوەندگیری دەكات و نێوانێك هەڵدەبژێرێت لەعەقیدەو چەسپاندنی بیرو باوەڕدا، پشت دەبەستێك بەوەحی و عەقڵ بەبێ پشتگوێ خستنی هیچیان. هەروەها نێوانێك هەڵدەبژێرێت لەپەرستش و عیبادەتەكاندا لە نێوان ئەوانەی خەمساردن تێیدا و ئەوانەش كەخۆیان یەكلا كردوەتەوە بۆیان، وەك ئەوەی كە لە گۆشەگیری گاورەكاندا هەیە.

ئیسلام نێوانێك دیاری دەكات لەڕووی ئەخلاقەوە لەنێوان پەڕگیری میسالییەكان و پەڕگیرە واقیعەكان ئەوانەی لایەنی ڕۆحییان پشت گوێ خستووە ڕۆچوون لە حەزە ئاژەڵییەكاندا، ئیسلام مافی هەرشتێك دەدات بەقەد شایستەیی ئەو شتە،

---

١٤ البقرة: ٢٠١

١٥ البقرة: ١٤٣

ئەوەتا پێغەمبەر (ﷺ) بەروونی قسە لەسەر ئەم بابەتە دەكات و دەفەرموێن: ﴿إنَّ لِرَبِّكَ عَلَيْكَ حَقًّا، ولِنَفْسِكَ عَلَيْكَ حَقًّا، ولأَهْلِكَ عَلَيْكَ حَقًّا، فَأَعْطِ كُلَّ ذِي حَقٍّ حَقَّهُ﴾[١٦]

ئیسلام میانەو نێوانی خۆی هەیە لە دارشتنەوەی یاساو حوكمەكاندا لەبواری حەلاڵ و حەرامدا، میانەو نێوانی خۆی هەیە لەنێوان هەست و بیری تاكە كەسی و هەست و بیری دەستەجەمعییدا دەبێت هەردووكیان بەشێوەیەكی هاوسەنگ بەیەكتر بگەیەندرێن و مافی تاكەكەسی بەرژەوەندی دەستەجەمعی تێدا پارێزراو بێت، ئەرك و مافەكان هاوشانی یەكتر بن، دەستكەوتەكان بەشێوەیەكی دادگەرانە دابەشبكرێن و هەركەس بەشی ڕێكی خۆی پێبدرێت دوور لەو كێشمەكێشەی كە سەرمایەداری و ئیشتراكییەت هێناویانەتە ئاراوە.

ئیسلام میانەو نێوانی خۆی هەیە لەنێوان هەردوو دیدگای مل پێدان و گەردن كەچی زۆرەملێدا لەگەڵ سەرپشككران و ئارەزوومەندیدا (الجبر والاختیار)، لە نێوان ئەوەدا كە ئایا مرۆڤ سەرپشكە یان ناچاركراوە، لەنێوان ویستی خودا و ویستی مرۆڤدا.

پرۆفیسۆر قەرەداغی بەم شێوەیە باسی دەكات و دەڵێت: ئیسلام بەم ڕێك و پێكییە ڕەچاوی هاوسەنگییەكی ناوازە دەكات لەنێوان لایەنی ڕۆحی و لایەنی مادی، لەیەك هەڵپێكرانێك دروست دەكات تا مرۆڤ بتوانێت سوود لە هەموو تواناكانی خۆی وەربگرێت بەشێوەیەكی ڕاست و دروست، هەروەها فێری دەكات كە هەردوو لایەنی ڕۆحی و مادی تەواوكار و پێكەوە هەڵپێكراون، جیاكردنەوەیان لە یەكتری دەبێتە هۆكاری سەرهەڵدانی كێشەو گرفتی زۆر لەسەر ئاستی تاك و دەستەجەمعی.

---

١٦ رواه البخاري

**تایبەتمەندی پێنجەم:** دینی ئەرك و مافە پێكەوە.

بەپێچەوانەی دیدی سەرمایەدارییەوە كە بایەخی گەورە دەدات بەمافی تاك و فەلسەفەی خۆی لەسەر ئەوە بنیاتناوە، هەروەها بەپێچەوانەی دیدی ئیشتراكییەتی شیوعی كە ئەرك و بارگرانی زۆری خستۆتە سەر شانی تاكەكەس، ئیسلام ڕەچاوی هەردوو لایەنی كردووە، هاوسەنگییەكی گونجاو و سازی لە نێوانیاندا دەستەبەركردووە، لە دیدی ئیسلامدا هەموو مرۆڤێك مافی هەیەو ئەركیشی لەسەرە، بەڵكو ئەمە لەسەر ئاستی ژینگەو گیاندارو بێگیانیش هەروایە، مافەكانیان لە بایەخ پێدان و چاودێری و پارێزگاری و خزمەتكردندا خۆی دەبینێتەوە، هەروەها مافی مرۆڤیان لەسەرە لە بەكاربردنیان بەپێی پێویست و بەشێوەیەك بەرژەوەندییەكانی دەستەبەربكات بەبێ قبوڵكردنی زیان و زیان پێگەیاندن.

كەواتە، مەبەستییەتی میانەڕەوی دەستەبەربكات، وەك پڕۆفیسۆر قەرەداغی ڕوونی دەكاتەوە، ترسی ئەو كەسانە دەڕەوێنێتەوە كە بەڕادیكاڵی و ئوسوڵی تۆمەتباری دەكەن، مسوڵمانی ڕەسەن هیچچ كات پەڕگیرییان نەبووە وەك ئەوەی گاورەكان كردوویانە بەترس و تۆقاندن، بەهەمان شێوە كەمتەرخەم و شلگیریش نەبوون وەك ئەوەی جولەكە كردویانەتە خوی خۆیان ئەوانەیان كە دەستكاری كتێبی خوایان كردو پێغەمبەرانیان كوشت و درۆیان بەدەم خوداوە كردو بێباوەڕییان نیشاندا، بەڵكو مسوڵمانان میانڕەون و لە هەموو شتێكدا ڕەچاوی میانڕەوی دەكەن، ئەوەش بەلای خوداوە چاكترین و خۆشەویسترینە، بۆیە لێرەدا میانڕەوی (الوسط)، بەمانای چاكترین و باشترین و ناوازەترین دێت لەدیدو بۆچون و بیروباوەڕدا، لە بیرو هەست و ئەندێشەدا، لە ڕێكخستن و تەنسیقدا، لە مامەڵەو پەیوەندییەكاندا، لە كات و شوێندا.

ناوازەترین وێنای میانڕەوی لە ئەخلاق و رەفتاردا بەرجەستە دەبێت، چونکە بەهاو بنەمای ئەخلاق و رەفتار لەسەر میانڕەوی بنیات دەنرێت، وەك دادگەری و ڕاوەستاوی و بەردەوامی و دڵسۆزی و چاکەکاری و ڕاستگۆی و پاکێتی و دانایی و هاوشێوەکانیان، ﴿وَالَّذِينَ إِذَا أَنفَقُوا لَمْ يُسْرِفُوا وَلَمْ يَقْتُرُوا وَكَانَ بَيْنَ ذَلِكَ قَوَامًا﴾[17]. شیعری شاعیرێك ئەم مانایە بەرجەستە دەكات كە ئێمە قسەی لەسەر دەكەین، وەك دەڵێت:

**هم وسط يرضى الانام بحكمهم  اذا نزلت احدى الليالى العظائم**

**جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی هەموو کاتێك چاوی لەسەر فیقهی میزانە:**

لەم بابەتەشدا جارێکی تر لا بەلایدا دەکاتەوەو بە سوودی میانڕەوی بەگەڕی دەخات، بەشێوەیەك کەم و کوڕییەکان دیاری دەکات و چۆنێتی دوورکەوتنەوە لە میانڕەوی و بوون بەهۆی ئەو لادان و خراپییانە، لەسەر چەند ئاستێك ئەو لادانانە دیاری دەکات:

لەسەر ئاستی ئیلحاد، ئەمانە میزانی مەخلوق بەسەر خالقدا جێبەجێ دەکەن.

لەسەر ئاستی هاوبەشدانان بۆ خودا، بەتایبەت سەردەمی نەفامی عەرەب ئەوانەی باوەڕیان هەبوو بەخودا، بەڵام لە پەرستش و خوایەتییدا هاوبەشیان بۆ دادەنا، دروستکراوەکانیان بەخودا دەکرد و هاوبەشیان بۆ خودا دادەنا لە فریشتەو جنۆکەو مرۆڤ و خۆرو مانگ و بت و پێغەمبەران.

لەسەر ئاستی لادان و لێکچوونەکانی ئەهلی کتاب لەگاورو جوولەکە کاتێك وەسفی خودا دەکەن بەوەسفی مرۆڤ وەك

---

17 الفرقان: ٦٧

ئـەوەی دەڵێـن دەسـتی خـودا بەسـتراوەو خـودا هـەژارە، ﴿وَقَالَتِ الْيَهُودُ يَدُ اللَّهِ مَغْلُولَةٌ غُلَّتْ أَيْدِيهِمْ وَلُعِنُوا بِمَا قَالُوا بَلْ يَدَاهُ مَبْسُوطَتَانِ يُنْفِقُ كَيْفَ يَشَاءُ﴾[18].

لەسـەر ئاسـتی لادانـی گروپـە ئیسـلامییە زەندیـق و بیدعـەچییـەكان، ئـەوان ئینـكاری میزانـی دیـار و نادیـار دەكـەن، میزانـی عەقڵ و نەقڵ دەشێوێنن، میزانـی خێـرو قەدەرو میزانـی ئەركەكان (التكاليـف) ئەمرو نەهـی تێكـەڵ دەكـەن.

بۆیـە فیقهـی میـزان، یـان بەمانایەكـی تـر: فیقهـی جێگیـر و نەگـۆڕو گۆڕاوەكانـە لـە دینـدا، ئەمـەش جێكەوتەیەكـی دیـارو لەبەرچـاوی هەیـە لـە دەستەبەركردنی میانـەڕەوی و پێكـەوە ژیـان، بەڵگـەی ئەمـەش ئەوەیـە كـە ئیسـلام جێگیـرەو میراتگـری تێكـڕای ئاینـە ئاسـمانییەكانە، وەك خـودا دەفەرموویـت: ﴿شَرَعَ لَكُم مِّنَ الدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِ نُوحًا وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰ أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ كَبُرَ عَلَى الْمُشْرِكِينَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ اللَّهُ يَجْتَبِي إِلَيْهِ مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي إِلَيْهِ مَن يُنِيبُ﴾[19]

**فیقهـی نەگـۆڕو گـۆڕاوەكان سـوودێكی زۆری هەیـە لەپرسـی میانڕەوییـدا، لەوانە:**

زانیـن و پـەی پێبردنـی ئـەو جێـگاو بوارانـەی دەكرێـت ئیجتیهادیان تێـدا بكرێـت، ئەوانـەش بریتیـن لـەو دەقانـەی گومان دەبەخشـن.

داننـان بەهـەر ڕاجیاییەكدا بەمەرجێك لەئیجتیهادەوە، سـەرچاوەی گرتبێـت و لـە كەسـی خۆیـەوە بێـت و لەبـواری گۆڕاوەكانـدا بێت.

ڕاجیایـی لەگۆڕاوەكانـدا ڕاجیایـی فرەییـە نـەك ڕا جیایـی دژ بەیـەك، ئـەوەش نیشـانەی ڕەحمـەت و فراوانـی دینـە.

---

١٨ المائدة: ٦٤

١٩ الشورى: ١٣

ئینکاری نەکردنی ئەو بابەتە خیلافیانەی کە بەهۆی ئیجتیهادەوە سەریان هەڵداوە، وەك ئیختلافی مەزهەبەکان، لەبواری فیقهـ و عەقیدەدا.

قبوڵکردنی ئەهلی قیبلە بەبێ کافرکردن و بەفاسق سەیر کردن، بەڵکو دەبێت هەمووانمان ڕێنمایی و ئامۆژگاری پێشکەش بکەین و هەرکەس و لایەنێك ڕۆڵ ببینێت بۆ خزمەتی ئیسلام و مسوڵمانان لەنێوان گروپ و لایەن و حیزبە سیاسیەکاندا.

قبوڵکردنی خەڵکی نامسوڵمان، چونکە لە نێوان ئێمەو ئەواندا چەندین خاڵی هاوبەشی مرۆیی و عەقیدەیی ئاینەکانمان هەیەو تا ڕۆژی دوایش دەمێنێت.

## ئیسلام دوژمنایەتی و ترس و تۆقاندن ڕەتدەکاتەوە لەهەر سەرچاوەیەکەوە بێت

دوای ئەوەی کە جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی، ئەوەی ڕوونکردەوە کە ئیسلام دینی ڕەحمەت و میهرەبانییەو لەهەموو بوارەکاندا پێداگرە لەسەر میانڕەوی و پانتاییەکی زۆری تەرخانکردووە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو تۆمەتانەی کە دراونەتە پاڵ ئیسلام، بەشێوەیەك وای لێهاتووە کە ئیسلام و ئیرهاب بوونەتە دووانەیەك لە گوتاری ڕۆژئاواییەکاندا تەنانەت خەڵکی جگە لە ڕۆژئاواییەکانیش هەڵگری ئەم جۆرە گوتارەن، مەخابن بەشێك لە مسوڵمانانیش وەك ئەوان بیردەکەنەوەو بارگاوی بوون بەو حاڵەتە مەترسیدارە، ئەمەش ناحەقی و بێڕێزییەکی گەورەیە بەرانبەر بە ئیسلام، وەك جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی تیشك دەخاتەسەر لەڕێگەی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووەوە، جەنابیان چەندین نموونە دەهێننەوە، لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە، بەمەبەستی

بەرگریكردن لە ئیسلام و ڕەتكردنەوەی ئەو تۆمەتە بەتاڵ و بێ بنەمایانە.

ئیرهاب، لەرووی زمانەوانییەوە بەمانای: ترس و تۆقاندن دێت. بەڵام لەرووی دەستەواژەوە بەچەند واتایەك بەكار دەبرێت، وڵاتە زلهێزەكانیش بۆ بەرژەوەندی خۆیان چۆنیان بوێت بەو مانایە بەكاری دەبەن و هەركەس لە ڕوویاندا بوەستێت و دژیان بێت دەبێتە ئیرهابی لە دیدی ئەواندا، بەم كارەشیان دژ و پێچەوانە دەوەستنەوە لەگەڵ شەریعەتی ئاسمان و یاسا نێودەوڵەتییەكان، ئەوە لەبەرچاو ناگرن كە ڕووبەڕوو بوونەوەی داگیركەران كارێكی ڕەواو داواكراوە لە شەریعەتە ئاسمانی و یاسا نێودەوڵەتییەكاندا، بەڵام تۆمەتی ئیرهاب دەدرێتە پاڵی بەناڕەواو بێ جێ.

چەمكی ئیرهاب لە قورئاندا نەهاتووە وەك ئیرهاب بەڵام دەستەواژە بنەڕەتییەكەی بوونی هەیە كە ئاماژەی ترساندن دەبەخشێت، وەك خودا دەفەرمووێت: ﴿وَفِي نُسْخَتِهَا هُدًى وَرَحْمَةٌ لِّلَّذِينَ هُمْ لِرَبِّهِمْ يَرْهَبُونَ﴾[20] واتە لەخودا دەترسن.

جەنابی پرۆفیسۆر قەرداغی هەڵوێستەیەك لەسەر ئەم ئایەتە دەكات و ﴿وَأَعِدُّوا لَهُم مَّا اسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ وَمِن رِّبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَآخَرِينَ مِن دُونِهِمْ لَا تَعْلَمُونَهُمُ اللَّهُ يَعْلَمُهُمْ ۚ وَمَا تُنفِقُوا مِن شَيْءٍ فِي سَبِيلِ اللَّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنتُمْ لَا تُظْلَمُونَ﴾[21] پێیان وایە ئەم ئاینە پیرۆزە لەسەروبەندی یەكلای كردنەوەی كێشمەكێشی نێوان پێغەمبەر (ﷺ)و بێ باوەڕاندا هاتووەتە خوارەوە كە شەڕو ڕووبەڕوو بوونەوە لەنێوانیاندا بووە بێباوەڕان شمشێریان لە پێغەمبەرو هاوەڵەكانی هەڵكێشابوو دەیانویست قەڵاچۆیان

٢٠ الاعراف: ١٥٤

٢١ الانفال: ٦٠

بکـەن و چـرای ئـەم دینـە نوێیـە بکوژێنـنـەوە. بۆیـە تێگەیشـتن لـەم ئایەتـە ئەوەیـە کـە ئیسـلام نیازمەنـد نیـە بەشـەڕو بەئاواتـی ناخوازێـت، ئەگـەر لەحاڵەتـی ناچـاری و بـۆ بەرگریکـردن لەحەقیقەت و بانگـەوازی ئیسـلامی نەبێـت لـەوەش زیاتـر لـەم ئایەتـە لێـی تێدەگەیـن لـەرووی ئامادەسازییەوە بـۆ ئەوەیـە کـە شـەڕ ڕوونـەدات و دوژمنـان بترسـن و نەوێـرن دەستپێشـخەری بکـەن بـۆ شـەڕ. لـەم ڕوانگـەوە دەبینیـن سـێ ئایـەت بەدوایـی ئـەم ئایەتـەدا پێداگـری لەسـەر ئاشـتی دەکـەن و داوای ملپێدانـی ئاشـتی دەکـەن ﴿وَإِنْ جَنَحُوا لِلسَّلْمِ فَاجْنَحْ لَهَا وَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ* وَإِن يُرِيدُوا أَن يَخْدَعُوكَ فَإِنَّ حَسْبَكَ اللَّهُ هُوَ الَّذِي أَيَّدَكَ بِنَصْرِهِ وَبِالْمُؤْمِنِينَ * وَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ لَوْ أَنفَقْتَ مَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا مَّا أَلَّفْتَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ وَلَكِنَّ اللَّهَ أَلَّفَ بَيْنَهُمْ إِنَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾[٢٢]

خـودای گـەورە نەیفەرمـووە: ئامادەسـازی هێـز بکـەن ئەوەنـدەی دەتوانـن بـۆ کوشـتنی دوژمنەکانتـان بەرەهایـی، بەڵکـو بـۆ ترسـاندن و تۆقاندنـی، ئـەم ئایەتانـە ڕەهەندێکـی سـتراتیژییان تێدایـە کەلـە ئەمڕۆدا وڵاتانـی زلهێـز بیریـان لێکردووەتـەوەو بەهـۆی بەرهەمهێنانـی چەکـی ئەتۆمییـەوە دەتوانـن لەشـەڕی نەیارەکانیـان خۆیـان بپارێـزن، بـە نموونـە ئەمەریـکاو ڕوسـیا، وێـڕای شـەڕێکی درێژخایەنـی سـارد لـە نێوانیانـدا بـەڵام بەریەککەوتنیـان نەبـووە، ئـەوە لـە کاتێکـدا لـە نیـوەی یەکەمـی سـەدەی بیسـتەمدا جیهـان دوو شـەڕی جیهانـی بەخۆیەوە بینـی هـۆکاری ئەمەش نەبوونـی ئـەو جـۆرە چـەك و بۆمبـی ئەتۆمـیو ئـەو ئامـادە سـازییە بـوو.

ئـەو سـێ ئایەتـەی پێشـتر ئاماژەمان پێـدا وەك جەنابـی پرۆفیسـۆر قەرەداغـی دەڵێـت، سـتراتیژی ئیسـلامین بۆ شـەڕ، ئەو سـتراتیژییەش لەسـەر ئـەم پایانـە وەسـتاوە:

---

[٢٢] الانفال: ٦١-٦٣

ئامادەسازییەكی بەهێزی ناوازە بۆ هێزی دەروونی و مەعنەوی و ماددی و زانستی و مرۆیی و ئابووری و سەربازی و پیشەسازی.

ئەم ئامادەسازیی و هێزو توانایە بۆ دەستدرێژكاری و ستەم نییە بەڵكو بۆ ترساندن و تۆقاندنی ئەوانەیە كە خوتە خوتی ئەوەیانە دەستدرێژی بكەن. ئەمە ئامادەسازییە بۆ پارێزگاریكردن لە نیشتمانێكی ئارام.

ئەم ئامادەسازییە قەڵغانێكی ستراتیژییە بۆ ڕێگریكردن لە دوژمن تا نەتوانێت هیچ نیازخراپی و شەڕێك ڕابگەیەنێت.

دەرگای ئاشتەوایی بەهەمیشەیی كراوەتەوە بەرووی نەیارەكاندا.

لە ئیسلامدا ئەسڵ ئاشتی و ئاشتەوایكردنە.

تۆكمەو بەهێزكردنی بەرەی ناوخۆی و هەوڵدان بۆ یەكڕیزی لەسەر بنەمای عەقیدەو برایەتی ئیمانی و یەك دڵ و دەروونی.

وەفاداری و بەڵێن پارێزی لە نێوان مسوڵمان و نامسوڵماندا بەومەرجەی ئەوانیش بەڵێن پارێز بن.

پشتبەستن بەخوداو ئومێدپێبوونی لەكاتی خۆشیو ناخۆشیدا.

ئیسلام دینێكی واقیعییە و ڕووبەروو دەبێتەوە لەگەڵ هەموو ئەو میتۆدانەی كە هێزو دەسەڵاتێكی گەورەی لەپشتەو توانایەكی دارایی بێسنور پشتگیری دەكات.

لەهەمان كاتدا ئەم ئایەتانەو ئەو ئایەتانەش كە باس لەجەنگ دەكەن دژو ڕێگر نین بەشەڕكردن لەگەڵ هەر كەسێك كە نیازی شەڕو خراپەی هەبێت لەگەڵ مسوڵمانان، یان كەسێك تەنیا زمانی شەڕ سوودی هەبێت لەگەڵی.

ئەو دەرئەنجامەی پرۆفیسۆر قەرەداغی پێیگەیشتووەو دەیخاتە بەردەستی ئێمە ئەوەیە كە ترساندن و تۆقاندن لە ئیسلامدا دوو شێوەیە:

أ- ترساندن و تۆقاندنێکی ئەرێنی پەسەند لە ئیسلامدا و قبوڵکراو لای مرۆڤی هۆشمەند، بریتیە لە ترساندن و تۆقاندنی دوژمن بەئامادەسازیی هێز، بەشێوەیەك دابچڵەکێت و پاشەکشە بکات، ئەوەی کەلە ئەمڕۆدا پێی دەوترێت (الردع الاستراتیجی).

ب- ترساندن و تۆقاندنی نەرێنی و خراپ، بریتیە لە ترساندنی خەڵکی بێوەی و بڵاوکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکە لەناویاندا، ئەم جۆرە لە ترساندن و تۆقاندن یاساغ و حەرامە لە شەریعەتە ئاسمانییەکاندا.

ئیتر بەم شێوەیە، ئیسلام ئاینی ڕەحمەت و میهرەبانییە بۆ جیهان بەهەموو پێکهاتەکانیەوە بەتەواوی مانا دوورە لە تۆقاندن و ئیرهاب، دینی ئارامی و ئاسایشە بۆ مرۆڤ، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموویێت: ﴿لا يَحِلُّ لمُسلِمٍ أنْ يُروِّعَ مُسلِمًا﴾[٢٣].

ئیسلام بەهەموو شێوەیەك ترساندن و تۆقاندن و ئازاردانی یاساغ کردوە بەحەرام ناوزەدی دەکات بەڵکو تەنیا بەحەرامکردن و نەفرین لێکردنی لێ نەگەڕاوە چەندین ئەحکامی سزادان و تۆڵەکردنەوە سەرکۆنەکردنی دیاریکردوە بۆ پاریزگاری مرۆڤ، حوکمە سەرکۆنە کردنەکان (التعزيرية) سپێردراون بەدادوەر بەمەبەستی پاراستنی پیرۆزییەکانی و کەرامەتی مرۆڤ و دەستەبەرکردنی ئاسایش و ئاشتی کۆمەڵگا، تەنانەت پاراستنی گیان و ئاسایشی گیانلەبەرانیش.

”ئیسلام ئاینی ڕەحمەت و میهرەبانییە بۆ جیهان بەهەموو پێکهاتەکانیەوە بەتەواوی مانا دوورە لە تۆقاندن و ئیرهاب“

---
٢٣

بەهۆی کاریگەری مسوڵمانان بەو پاشخانە پڕ لە سۆزو میهرەبانییە، دەبینین کە لاپەڕەکانی مێژوو پڕن لەسەربەرزی و دوورن لە ترساندن و تۆقاندن و خەڵکی سڤیل پارێزراو بوون، تەنیا سزا بۆ خەڵکێك بووە کە سەرکەشی ئەنجامداوەو تووشبووە بە تاوان و سەرپێچی، ئەو سزایانەش بەشێوەیەکی یاسایی و بەبڕیاری دادوەر بوون.

ئەگەر بەوردی بەدوای ترساندن و تۆقاندنەکانەوە بین لەمێژوودا دەبینین خولیاو کاری گروپ و لایەنە توندڕەو و چەواشەکراوەکان بووە، چونکە هەمیشە مرۆڤە پەڕگیرو توندڕەوەکان تیرۆرکردن و تۆقاندن بۆتە ئیش و پیشەیان لەپێناو سەپاندنی ڕاوبۆچونی خۆیان و زاڵبوون بەسەر بەرانبەرەکانیاندا، بەڵکو بەکافر کردنیان و دواتر کوشتنیان، بەگومانی ئەوەی کە ئەم کارە جیهادێکی نهێنی و شاراوەیە. نموونەی ئەمانە وەك گروپی موغیرییەو مەنصوریە لەکوفەدا لەکۆتایی سەردەمی دەوڵەتی ئەمەویەکاندا.

## خەواریجەکان سەرچاوەی هەموو توندڕەوی و نەهامەتییەکی دینی بوون لە ئیسلامدا

جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی لاپەڕەی ئەم توندڕەوییە هەڵدەداتەوەو پێی وایە کە خەواریجەکان بەهۆی تەکفیرکردنەوە بوونەتە سەرچاوەی هەموو توندوتیژییەکی دینی لە ئیسلامدا، ئەمانە زیادەڕەوییان کرد لەپەڕگیریداو چاونەترسییان نیشاندا بەرانبەر بەهاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) تەنانەت بەرامبەر خودی پێغەمبەر (ﷺ) چاونەترس بوون، خەواریجەکان بیری توندڕەوییان بنیاتناو پەڕگیری دینیان هێنایە کایەوەو توندڕەو بوون لەحوکمداندا لەگەڵ خۆ بەباش زانینیان لە هەر کەسێکی تر، پێیان وابوو قورئان

تەنیا هی ئەوان بێت و ماناکردنی دەبێت بەپێی حەزو خولیای ئەوان بێت و.... بەهۆی ئەو خراپی و مەترسیدارییەیانەوە زۆرینەی زۆری زانایان هاوڕا بوون لەسەر شەڕکردن لەگەڵیان، لەهەمان کاتدا شەڕەکە مەرجدار بوو بەم مەرجانە:

١- دەوڵەت بانگهێشتیان بکات بۆ گفتوگۆی کراوەو ئازادی و ئاشتەوایکردن و وەڵامدانەوەی خواستە شەرعی و ڕەواکانیانە، هەڵگرتنی هەر زوڵم و ستەمێکی دیارو ئاشکرا لەسەریان.

٢- پێیان بوترێت هەڵگرتنی چەك بەرووی دەوڵەتدا بەترساندن و ئیرهاب لەقەڵەم دەدرێتو بەشەڕکردن لەگەڵی ئەژمار دەکرێت.

٣- نابێت بەزۆر بیروڕای خۆیان بسەپێنن و هیچ داگیرکارییەك بکەن و ڕێگری بکەن لە ئاشتەوایی و گفتوگۆکردن.

## ئیرهاب لەسەردەمی ئێستادا

شێوەو وێنای ترساندن و تۆقاندن لەسەردەمی کۆن و ڕۆژگاری ڕابردوودا هەرچۆن بووبێت، ترساندن و تۆقاندنی سەردەمی ئێستامان خەریکە بڵێین جیاوازی نێوانیان ئاسمان و ڕێسمانە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە خۆمان مانای دەستەواژەی ئیرهابمان ئاڵۆزکردووەو لەسەر پێناسەیەك یەك دڵ و یەك ڕا نین، بەڵکو هەرکەسەو بەپێی بەرژەوەندی و تواناو بەراوردکاری و گوتاری مەعریفی و کەڵکەڵەی دەسەڵاتداریێتی مانای بۆ دادەتاشێ و شرۆڤەی دەکات.

لە بەرگرنگی و هەستیاری پرسی ئیرهاب لەسەردەمی ئێستاماندا، جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی چەندین لاپەڕەی بۆ ئەم پرسە تەرخانکردووە، ئاماژەی بەهەموو ڕەهەندەکانی داوە، لێکۆڵینەوەی لە هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی کردووە، چەندین

چارەسەری بنەڕەتی و ڕیشەیی خستووەتە ڕوو بۆ ڕزگاربوون لەم بەڵا گەردوونییەی کە هیچ دین و نەریت و مرۆڤێك ناناسێت.

لەسەردەمی نوێدا بواری ئیرهاب زۆر زۆرە، ئیرهابی تاکە کەسی، ئیرهابی دەستەجەمعی، ئیرهابیش هەیە بەهۆکارو پاڵنەری سیاسی و دینی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدرێت، بەهەمان شێوە جۆرەکانی ئیرهاب زۆر زۆرە، لە شێوەی بەبارمتەگرتن و ڕفاندنی فڕۆکە و دانانی بۆمب بەمەبەستی تەقاندنەوەو تاوانی کوشتنی بەرنامە بۆ دارێژراو و هەڵکوتانە سەر دامەزراوە داراییەکان و زۆر جۆری تر.

سەدەی بیستەم بەداخەوە زۆرترین و دژوارترین دیاردەی ئیرهاب و توندوتیژی بەخۆیەوە بینیووە لەسەر ئاستی جیهانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، بەجیهانی ئیسلامییشەوە، بەڵکو ئیرهاب بووەتە دیارترین سیمای ئەم دوو سەدەیەی ئێستاو ڕابردوو ئەمەش ڕاستییەکی تاڵ و حاشا هەڵنەگرە.

بە لە بەرچاوگرتنی ئیرهابی نێودەوڵەتی و جێکەوتەکانی لەسەر ئاسایش و ئاشتی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێداگرە لەسەر بەگژداچونەوەی ئیرهاب و یاساغ و حەرام کردنی و بەتاوان ناساندنی و بەتاوانبار سەیرکردنی ئەنجامدەرانی کاری ئیرهابی.

کاتێك کەدەبینە بینەری کەناڵەکانی تەلەفزیۆن دەبینین چەندە کاری ئیرهابی ئەنجام دەدرێت و تاوانی جەرگ بڕ ڕوو دەدات و چەندین خەڵکی بێ گوناهـ دەبێتە قوربانی ئەم تاوانکارییانە، دەکرێت بڵێین گەورەترین کردەی ئیرهابی و تیرۆریستی لەسەدەی بیست و یەکدا ڕووداوی یانزەی سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠١ز بوو کە بزوتنەوەی تاڵیبان ئەنجامیدا بۆ سەر هەردوو تاوەری

بازرگانـی ئەمەریـکا، ئـەوە بـوو دوا بـەدوای ئـەو ڕووداوە ئەمەریـکا شـەڕی سـێیەمی جیهانـی ڕاگەیانـد بەنـاوی جەنگـی دژی ئیرهـاب، ئـەو شـەڕە تـا ئێسـتاش جێکەوتەکانـی لەبەرچـاوە وەك جەنابـی پرۆفیسـۆر قەرەداغـی دەڵێـت.

**بەدڵنیاییەوە ئیرهاب جێکەوتەیەکی زۆر خراپ و مەترسیدار جێدەهێڵێت لەپاش خـۆی، جەنابـی پرۆفیسـۆر قەرەداغـی ئەو مەترسیانە لەچەنـد خاڵێکدا کۆدەکاتەوە بەم شێوەیە:**

* شـێواندنی ئارامـی و ئاسـایش و ڕشـتنی خوێنـی بەناحەقـی خەڵکـی بێتـاوان.

* زۆرکردنی خەرجییەکان و بارگرانی، بەهۆی گرتنەبەری ڕێ و شـوێنی خۆپارێـزی لەبەرانبـەر گریمانەی ڕوودانی ئەگـەری کردەی ئیرهابی.

* لاوازبوونـی ئابـووری نەتەوەیـی، شکسـتخواردنی ژێرخانـی ئابـووری و بنەماکانـی، زۆربوونـی تەنگـژەو بەربەسـت لـە ڕێـگای گەشـەپێدان و گەشـەکردنی ئابوورییـدا.

* سـەرقاڵبوونی گەلانـی دنیـا بەیەکتـرەوە، ئـەوەش دەبێتـە هۆکاری دواکەوتوویـی زیاتری گەلانـی ئیسلامی و پەرتـەوازە بـوون و دابـەش بوونـی زیاتـر.

* قۆسـتنەوەی دەرفـەت لەلایـەن وڵاتانـی زلهێزەوە بـۆ داگیرکاری زیاتـرو گەشـتن بەئامانجـە چاوچنۆکییەکانیـان بەبیانـووی دیاردەی ئیرهـاب و دەسـتگرتن بەسـەر خێروبێـری وڵاتانـدا.

ئیرهـاب و توندوتیـژی بەنـاوی دینـەوە بەتایبـەت ئاینـی بـەرزی ئیسـلام، جەنابـی پرۆفیسـۆر قەرەداغـی بـەوردی قسـەی لەسـەر دەکات و لێکۆڵینـەوەی تایبەتـی لەبـارەوە کـردووەو تـەم و مـژی لەسـەر دەرەوێنێتـەوەو پـەردەی لەسـەر لادەبـات و هـۆکارە ناوخـۆی و دەرەکییەکانـی دەخاتـەڕوو.

سـەرەتا هۆكارەكانـی ئیرهابـی ناوخۆیـی (گروپـە تونـدڕەوەكان) ئەمانـەن:

١- نەزانـی و تێنەگەشـتووی لەدیـن، بەشـێوەیەك نەزانینەكـە ئەوەنـدە زاڵبێـت كـە نەزانێـت نەزانـە.

٢- دەسـتگرتن بەرواڵەتـی دەقەكانـەوەو گرنگـی نـەدان بەمەبەسـت و هۆكارەكانـی، ئەمـەش ئاماژەیـە بـۆ نەبوونـی تێگەیشـتنێكی قـوڵ لـە دەقـە شـەرعییەكان.

٣- نائاگاهـی لەمێـژوو و ڕێسـاو یاسـاكانی سـەركەوتن و شكسـت و ڕێسـاو یاسـاكانی ژیـان و گـەردوون و گـەلان.

٤- شـوێنكەوتنی (متشـابهات) دەقـە نـاروون و ئاڵـۆزەكان و وازهێنان لە دەقە ڕوون و جێگیرو ئاشكراكان و تێكەڵ و پێكەڵكردنی تێگەیشـتنەكان و خـۆ خەریككـردن بەشـەڕی لاوەكییـەوە لەبـری هەڵگرتنـی خەمـی پرسـە گـەورەكان.

٥- ڕۆچـون و زیادەڕەوی لەبازنـەی حـەرام كـراوەكان و بریندارکـردن و قسـە وتـن بـە ئەوانـی دیكـە و بـە لەڕێدەرچـوون و لادەر سـەیركردنیان و بەكافرزانینیـان.

**بـەڵام هۆكارەكانـی ئیرهابـی دەرەكـی (واتـە لـەدەرەوەی گروپـە تونـدڕەوەكان) بەبۆچونی جەنابی پڕۆفیسـۆر قەرەداغی دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەم خاڵانـە:**

١- غەریبـی و نامۆبوونـی ئیسـلام لـە نێوماڵـی خۆیدا لەجیهانـی ئیسلامییدا، مسوڵمان بەچاوی سەر دەبینێت لەناوجەرگـەی دنیـای ئیسلامدا گەندەڵی و ستەمكاری باڵی كێشاوە بەسـەر ژیانداو ناڕەوا و ناهەقـی دەسترۆیشـتووەو عەلمانیـەت باڵادەسـت و بڕیـاردەرە، مـەی خواردنـەوە ئاسایی بـووەو خراپـەكاری بـەرۆژی ڕوونـاك دەكرێت و فیلمـی ڕووت بەئاشـكرا نمایـش دەكرێـت.

مسـولْمان دەبینێـت زۆربـەی وڵاتـان دەڵێـن ئیسـلام دینـی دەوڵەتـە، بـەڵام شـەریعەتی ئیسـلام لـە زۆربـەی بوارەکانـی ژیانـدا کەنـار خـراوەو کاری پـێ ناکرێـت، بەڵکـو کۆمەڵێك یاسا دەردەکرێت کـە ڕەوایەتـی دەدات بـە حـەرامکـراوەکان لـە شـێوەی مەیخواردنەوەو داوێـن پیسـی (زینـا).

مسـوڵمان دەبینێـت کەزۆربـەی فەرمانـڕەواو کاربەدەسـتان هیـچ بایەخێکیـان بەپرسـی گەلانـی ئیسـلامی نیـەو خەمسـاردن لـە ئاستییانداو ڕۆچـوون لەحـەزو ئارەزوەکانـی خۆیانـداو بـێ ئـاگان، یان خۆیـان بـێ ئـاگا کـردووە، لـە گرفـت و کێشـەو خـەم و هـەژاری و نـەداری گەلەکانیـان.

٢- هێرشـکردنە سـەر ئیسـلام و ڕاگەیاندنـی شـەڕ لـەدژی ئیسـلام بەبـێ لەبەرچاوگرتنـی مەترسییەکانی لەلایـەن زۆرینـەی دەسـەڵاتدارو فەرمانڕەواکانـەوە.

٣- ڕێگریکـردن لـە بانگـەوازی ئیسـلام و بەرتەسـککردنەوەی ئازادییـەکان و ڕێـگا نـەدان بـە بانگخـوازان، بێگومـان ئەگـەر زەمینـە سـازبکرێت بـۆ بانگـەوازی ئیسـلامی زۆرینـەی گەنـج و لاوەکان ڕازی دەکرێـن بەرێبـازی میانـەڕەوی دینـداری.

٤- تاکـڕەوی و سـەرکوتکردن و زوڵـم و زۆری سیاسـی و ئەشـکەنجەدانی بانگخـوازان ئـەوەش سـەلماوە بـۆ هەمـوو لایـەك کـە توندوتیـژی جگـە لەتوندوتیـژی هیـچ بەرهـەم ناهێنێـت، بەڵکـو وایـان لـێ دەکات لـە تاریکـی شـەودا بیربکەنـەوە، بێگومـان بیـری توندڕەوی لەکـەش و هەوایەکی وادا گەشـەدەکات و سـەرهەڵدەدات، لەنـاو ئاگردانـی سزاو ئەشـکەنجەدانـدا ئیرهـاب و توندڕەوی گـەزگـەز باڵایکـرد، بیـری تەکفیـری و گروپـی تەکفیـری لـەو دیـووی دیـواری زیندانـە تاریکەکانـەوە سـەریهەڵدا.

٥- قـەوارەی زایۆنـی و داگیركردنـی ڕوگـەی یەكـەمـی مسـوڵمانان و ئـەو تاوانـكاری و سـتـەمكارییەی جولەكـە دەیـكات لەسـەر خاكـی فەلەسـتینی داگیركـراو و داگیركارییـە بەردەوامەكانیـان بەنـاوی ئاینـەوە، بـە بـاوەڕی خۆیـان خاكـی پیـرۆزی فەلەستین خاكـی پیرۆزی ئەوانـەو كۆچكردنـی ئـەوان بـۆ فەلەسـتین تەعبیـرە لەویسـت و ئیـرادەی خـودا.

جەنابـی پڕۆفیسـۆر قەرەداغـی پێـی وایـە زایۆنیـزم جیـاوازە لـە جولەكـەی شـوێنكەوتوانی تـەورات و گـەورەمـان موسـا پێغەمبـەر (علیـه السلام) ئێمـە باوەڕمـان هەیـە بەباشـی و چاكییـان بەڵـكو قورئانـی پیـرۆز وەسـفیان دەكات بـەوەی كەپابەنـدن بەتەوراتـەوە، دواتـر نەنگـی و عـەیـب و عاریـان بـاس دەكات كەپشـتیان لـە تـەورات كـرد، بۆیـە بەڕێزیـان بانگەشـە بـۆ ئـەوە دەكـەن كـە ئـەم دوانـە لەیەكتـر جیابكەنـەوە، ئـەم بانگەشـەیەش پشـت ئەسـتورە بەبڕیـاری ژمارە (٣٣٧٩) لەخولی (٣٠) لە ١٩٧٥/١١/١٠ ز، كە دان بەوەدا دەنێت كـە زایۆنیـزم جۆریكـە لـە ڕەگەزپەرسـتی، بۆیـە زایۆنیـزم بیرێكـی شـێواوی تێكەڵـكراوە بەدیـن وای لـە شـوێنكەوتوانی كـردووە خۆیـان بەباشـترین گەلانـی دنیـا سـەیر بكـەن و خـەڵكـی تـر بەكـەم بزانـن، بەڵـكو وەك كۆیلـەو خزمەتـكاری خۆیـان دەڕوانـنـە گەلانـی تـری دنیـا.

## ئیرهـاب و تونـدڕەوی لەنێـوان جولەكـەو گاورو ئیسـلامدا بەشـێوەیەكی كردەیـی و ڕشـتەبەندی

لێـرەدا جەنابـی پڕۆفیسـۆر قەرەداغـی دیدوتێڕوانینـی هەرسـێ ئاینەكـە دەخاتـە ڕوو سـەبارەت بـە دیـاردەی ئیرهـاب و توندوتیـژی، دواجـار بەدرێـژی لەسـەر دیـدی ئیسلامی سـەبارەت بـەم دیاردەیـە هەڵوێسـتە دەكات، سـەرەتا لـە تەوراتـەوە دەسـت پێـدەكات.

## تەورات و دیاردەی توندوتیژی:

کاتێك ئەم تەوراتەی لەبەردەستە هەڵدەدەینەوەو سەیری لاپەڕەکانی دەکەین هەندێك دەقمان بەرچاو دەکەوێت بەتایبەت – ئەسفاری عەدەدو تەسنیە – بەروونی ئاماژە بەکۆمەڵکوژی دەدات، وەك تێیدا هاتووە: (ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بچیت بەدوای خەون و هیواکانتدا، هەرچیت لە دەستدایە لە ئامادەسازی ئەنجامی بدە هیچ شتێك نادیدە مەگرە، هەموو شتێك بکوژە، پیاو ئافرەت، منداڵ، ژنی شیردەر، مانگا، بەرخ، حوشتر، گوێدرێژ)

بەهەمان شێوە لە تەلمودا دەق هەیە ئاماژە بەجیاوازی و تایبەتمەندی جولەکە دەدات بەسەر خەڵکی تردا، ئەوان بەگەلی هەڵبژاردەی خودا ناوزەد دەکات، بێگومان ئەمەش بیری ڕەگەزپەرستی بەرهەم دەهێنێت و دەبێتە دەروازەی شەرەنگێزی و تاوانکاری، خواردنی ماڵی بە ناحەقی خەڵك، خۆبەشت زانین و جیاکاری ڕەگەزی.

ئەوەی مەترسییەکە گەورەترو حاڵەتەکە قێزەونتر دەکات ئەوەیە کە هەموو ئەم ناڕەواییانە دەدەنە پاڵ خودا، یان دەقە پیرۆزەکانی وەحی، قورئانی پیرۆز بەوردی و بەهەستیاری ئاماژە بۆ ئەمانە دەکات و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەهلی کتاب – جولەکەو گاور – هەموویان وەك یەك نین، کەسی باش و چاکیان هەیەو کەسی خراپیشیان هەیە، وەك خودا دەفەرموویێت: ﴿وَمِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ مَنْ إِن تَأْمَنْهُ بِقِنطَارٍ يُؤَدِّهِ إِلَيْكَ وَمِنْهُم مَّنْ إِن تَأْمَنْهُ بِدِينَارٍ لَّا يُؤَدِّهِ إِلَيْكَ إِلَّا مَا دُمْتَ عَلَيْهِ قَائِمًا ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا لَيْسَ عَلَيْنَا فِي الْأُمِّيِّينَ سَبِيلٌ وَيَقُولُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾[٢٤]

---

٢٤ ال عمران: ٧٥

جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی سەرنجێكی گرنگ لەم پرسە دەخاتەڕوو و دەڵێت وێڕای ئەوەی كە زایۆنیزم پشت بەو دەقانە دەبەستن كە ئاماژە بۆ توندوتیژی دەكەن لەتەورات و تەلموددا لەڕووی ڕەگەز پەرستی و شێواندنەوە، بەڵام تەورات تا ئێستاش چەندین دەقی تێدایە ئاماژە بۆ سۆزو میهرەبانی دەكات، وەك لە (سفر الخروج)دا هاتووە (٦:٢٠) دەڵێت: (خودا سۆزو میهرەبانی دەڕژێنێ بەسەر هەزاران كەس لەخۆشەویستانی و ئەوانەی كە ڕەچاوی وەسێتەكانی دەكەن)

بەڵام لەرووی كردەییەوە ئیرهاب و توندوتیژی جولەكە شتێكی حاشا هەڵنەگرە وەك جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی دەڵێت: (ئەگەر لاپەڕەكانی مێژوو هەڵبدەینەوە دەبینین كە جولەكە ڕۆڵێكی گەورەیان هەبووە لەشەڕو ململانێكاندا، لەگەڵ ئەوەشدا كە خودی جولەكە ڕووبەرووی نارەحەتی و شەڕو كوشتاری زۆر بوونەتەوە، لەهەمان كاتدا هەندێكیان مێژوویەكی مەترسیداریان هەیە لە كۆمەڵ كوژیدا، زۆر دڵرەق و ناجوامێر بوون لەئاست پێغەمبەران و پیاوچاكانی خۆیاندا، لەكاتی دەست ڕۆیشتنیاندا بەخراپترین شێوە تۆڵەیان لە نەیارەكانیان كردووەتەوە)

نموونەی زیندووی ئەم سەردەمەی ئێستامان ئەوەی كەلەسەردەستی ئاریل شارۆن ڕوویدا، سەرۆك وەزیرانی پێشووی ئیسرائیل، ژیانی پڕە لە تاوانكاری و خوێنڕێژی، قەسابخانەكەی صەبراو شاتیلا كە هەزاران كەس لە ئافرەت و منداڵ و پیر بوونە قوربانی، نموونەیەكی بەرجەستەیە لە تاوانكارییەكانی جولەكە.

## سۆزو میهرەبانی و ئیرهاب لە ئاینی گاورەکاندا

ئاینی مەسیحییەت دەنگدانەوەیەکی جوانی سۆزو میهرەبانی تێدایە بەپێی دەقی ئینجیلەکان و ڕێنماییەکانی عیسی پێغەمبەر (علیە السلام) دیارترین ئاماژەکانی ئەو سۆزو میهرەبانییە بریتیە لەم وتەی عیسی پێغەمبەر: (رووبەڕووی شەڕو خراپەکاری مەبنەوە، ئەگەر کەسێك زللەیەکی دا لە لای ڕاستت لای چەپیشی تێبکە).

بەڵام لە ڕووی کردەیی و جێبەجێکردنی ئەو سۆزو میهرەبانییەوە کە لەلای گاورەکان هەیە، زۆربەی هەرە زۆری گەلانی مەسیحی ئەو بەهاو کارە جوانانەیان جێبەجێ نەکردووە لە ژیانی خۆیاندا، ئەو ململانێیانەی لەگەڵ خودی مەسیح هەیان بوو لەلای هەموو شارەزایانی مێژوو شتێکی ئاشکراو بەرچاوە.

## دیدو هەڵوێستی ئیسلام لەسەر پەڕگیری و توندوتیژی

پێویست بەدووبارە کردنەوەی ئەوە ناکات کەوتراوە لە بارەی میانڕەوی ئیسلام و گرتنەبەری ڕێگایەکی مامناوەند لەرووی پەرستش و بیروباوەڕەوە، لە دیدی ئیسلامدا پەنابردن بۆ هێز دوایین چارەسەرە.

لەسۆنگەی ئەم باوەڕەوەیە کە پەیماننامەی کۆنگرە ئیسلامییەکان و پەیماننامەی کۆنگرەی ئیسلامی لەسەر ئیرهاب هاتۆتە بوون، بەتەواوی مانا تۆمەتی ئیرهاب لەسەر ئیسلام تێکدەشکێنێت و ڕەتی دەکاتەوە، بە ڕوونی حاشا لە هەر شێوازو کردەیەك دەکات کە ببێتە هۆکاری کوشتنی خەڵکی بێ گوناح و بەتوندترین شێواز سەرکۆنەی هەر تاوانکارییەکی

ئیرهابی دەکات بەناوی کاری ئیسلامی و هەر ناوێکی ترەوە، تەنیا هەڵاواردن لە شۆڕشی گەلاندا دەکات، بە شۆڕشی چەکداریشەوە، کە دژ بەداگیرکاری و دوژمنداری بێگانەو داگیرکاران دەکرێت لەپێناو ڕزگاری و سەربەخۆییدا بەپێی یاسا نێودەوڵەتیەکان، بە هەمان شێوە جیهاد ئیرهاب نیە، بەڵکو جیهاد لە ئیسلامدا بۆ سەرخستنی حەق و ڕاستییە، بۆ ڕەتکردنەوەی زوڵم و ستەمکارییە، بۆ چەسپاندنی ئاشتی و ئاسایش و دادگەرییە، بۆ جێگیر کردنی ئەو سۆزو میهرەبانییەیە کە خودا پێغەمبەری پێ ڕەوانەکردووە تا خەڵك لە تاریکی و گومڕایی ڕزگار بکات بەرەو نوورو ڕووناکییەك کە بەسەر ئیرهاب و شێوەکانیدا زاڵ بێت.

ئیسلام لە بەگژدا چونەوەی ئیرهابدا زۆر لەپێش یاسا نێودەوڵەتییەکانەوەیە بەردەوام لە هەوڵی پاراستنی کۆمەڵگایە لە مەترسیەکان، لە پێش هەموو ئەوانەوە پاراستنی مرۆڤ و پارێزگاریکردن لەسەرو ماڵ و کەرامەت و ئاوەزی بەرێ و شوێنێکی مەحکەم و گرنگ کە ئیسلام ڕێگا نادات دەستدرێژی بکرێتە سەریان، وەك خودا دەفەرموویێت: ﴿وَمَنْ يَتَعَدَّ حُدُودَ اللَّهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ﴾[٢٥]

ئیسلام ڕێنمایی تاك و کۆمەڵ دەکات بەرەو میانەڕەوی و دەیەوێت لە ڕیشەوە ڕەگ و ڕیشەی توندڕەوی و هەر شتێك بەو ئاراستەیەدا بڕوات دەربهێنێت، چونکە ئەوە دەبێتە هۆکاری فەوتان و ماڵ وێرانی، وەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموویێت ﴿أيُّها النَّاسُ إيَّاكم والغُلوَّ في الدِّينِ فإنَّهُ أهْلَكَ من كانَ قبلَكُمُ الغلوُّ في الدِّينِ﴾[٢٦]

---

٢٥ البقرة: ٢٢٩

٢٦ اخرجه ابن ماجه

## تێگەیشتن لە ئیرهابی نێودەوڵەتی

لە ڕاستییدا ئاسان نیە پێناسەیەکی ڕوون و دیار بخرێتە ڕوو بۆ ئیرهابی نێودەوڵەتی، چونکە تێگەیشتنێکی فراوان هەیە لە بارەیەوە، ڕاجیایی زۆر هەیە لە سەری لە ڕووی سیاسی و بیروبۆچوونی جیاوازەوە. بەرینەی سیاسی بەم شێوەیە پێناسەی دەکات:

(بەکاربردنی توندوتیژی نایاسایی یان هەڕەشەکردن بەمەبەستی گەیشتن بەئامانجێکی سیاسی دیاریکراو). چەندین پێناسەی تری بۆ کراوە کە ئێرە جێگای ئەوە نیە بیانخەینە ڕوو بەڵام ناوەرۆکەکەیان بریتیە لەهەر کارێکی تاوانکاری دژی هەر دەوڵەتێك یان دانیشتوانێك، بەشێویەك ببێتە هۆکاری ترس و دڵەڕاوکێ لای تاكو خەڵكو گروپو جەماوەر بەگشتی، ئامانج لێی زیان گەیاندن بێت بە دارایی گشتی، لەبەر ڕۆشنایی ئەم پێناسەیەدا، ئیرهابی نێودەوڵەتی قەتیس دەبێت لە بازنەی ئیرهابی سیاسی ئامانجدار بەدیاریکراوی بەشێوازی توندوتیژ، ئەوە دەبێتە ئیرهاب و توندوتیژییەکی ئاراستەکراو ئەمە لە فیقهی ئیسلامیدا پێی دەوترێت تاوانی یاخی بوون.

## دیاردەی ئیرهاب لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی

ئیرهاب بووەتە دیاردەیەکی سەرتاسەریو لە جیهاندا ڕوودانی حاڵەتی ئیرهابی بووەتە شتێکی ساناو ناوبەناو لێرەو لەوێ ڕوو دەدات و دەبیسترێت لەسەر ئاستی گۆی زەوی، بەرۆژهەڵات و ڕۆژئاوایەوە.

لەپێناو گەیشتن بەچارەسەرو ڕێگریکردن لەم دیاردە مەترسیدارو حاڵەتە سەرشێتییە چەندین ڕێکەوتن نامەی نێودەوڵەتی

ئەنجامدراوە لەدێر زەمانەوە، ئیرهاب هیچ ئاین و ناسنامەیەكی نیە، مرۆڤایەتی زوخاوی زۆری چەشتووە بەدەستییەوە بەتایبەت لە سایەی بیری ڕەگەز پەرستانەی مرۆڤداو لە سەروبەندی جەنگی جیهانی یەكەمەوە، بۆیە هەر لەوكاتەوە ئیرهابی سیاسی وەك یەكێك لە تاوانە مەترسیدارەكان ئەژمار دەكرێت، هەروەك چەند ڕێككەوتننامەی نێودەوڵەتی ئەنجامدراوە بۆ سزادانی ئەنجامدەرانی ئیرهاب. ڕێككەوتن نامەی جنێف لە ١٩٣٧/١١/١٦ یەكێكە لەو هەموو ڕێككەوتن نامانەی ئەنجامدراوە.

### تۆمەتباركردنی ئیسلام بە ئیرهاب لەپای چییە؟

هیچ كەس لەسەر ئاستی جیهان ئاینی جولكەو مەسیحی و بتپەرستی تۆمەتبار ناكات بە ئیرهاب لەگەڵ ئەو هەموو كەتن و كارە توندوتیژی و ئیرهابییەی كە ئەنجامی دەدەن بە شێوەیەك كە مرۆڤایەتی پێ شەرمەزار دەبێت، سەرنج بدە لەوەی كە سربیەكان كردیان لەوڵاتی بۆسنە، یان ئەوەی زایۆنیزم ئەیكات لەسەر خاكی فەلەستین، یان ئەوەی میانمارییەكان دەیكەن بەرانبەر كەمینە مسوڵمانی ڕۆغەندی، یان ئەوەی گروپە مەسیحییەكان دەیكەن لە ئەفەریقای ناوەڕاست بەرانبەر بەمسوڵمانان، یان ئەوەی دەكرێت و دەبینرێت لە وڵاتانی ڕۆژئاوا لە كوشتنی مسوڵمان و لە سوتاندنی مزگەوت بەپاڵنەری ڕەگەزپەرستی و ڕق و قینێكی شاراوەی ناوناخیان، هەموو ئەمانە ئاماژەیان پێ نادرێت و نابنە جێگەی سەرنجی خەڵك لەسەر ئاستی جیهان، ئەمە لە كاتێكدا ئەگەر مسوڵمانێك كارێكی ئیرهابی ئەنجام بدات ڕاستەوخۆ ئیسلام تاوانبار دەكەن بەئیرهابو تیرۆریست، دەبینین ڕاگەیاندنەكان و لێدوانە فەرمییەكان پەنجەی تاوانكاری

بۆ خودی ئیسلام درێژ دەکەن نەك بۆ خودی ئەو کەسەی کە کارە تیرۆریستییەکەی ئەنجامداوە، وەك ئەوەی بوترێت هەڵەکە لە کەسەکاندا نیە بەڵکو لەبەرنامەو شەریعەتەکەدایە – بەگومانی خۆیان.

## دیدی چارەسەریانەی ئیسلام بۆ ئیرهاب و ئیرهابی نێودەوڵەتی

چارەسەری ئیسلام بۆ ئەم مەترسییە گەورەو دەردە بلاوە لەسەر ئاستی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەکورتی و پوختی بریتیە لە:

داخستنی دەرگای تۆقاندن و ترساندنی خەڵکی بێوەیو لاشەڕ بەداخستنێکی توندوتۆڵ.

بەگژداچونەوەی ئیرهاب و پاراستنی خەڵك و کۆمەڵگا لەشەڕو دەرهاویشتە خراپەکانی.

دوورکەوتنەوە لەهەر شتێك دەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی ئاشوب و ئاژاوە لەناو خەڵکداو خۆپاراستن لە دەرهاویشتە خراپەکانی.

بەتاوان سەیر کردنی کوشتنی خەڵك بەناڕەوا، ئەگەر یەك کەسیش بێت.

## ڕۆڵی ناوەندە زانستی و ڕۆشنبیرییەکان (المجامع الفقهية) لەبەگژداچونەوەی پەڕگیری و توندڕەوی و ئیرهابدا

گرنگترین شتێك کە جەنابی پڕۆفیسۆر قەرەداغی بانگەشەی بۆ دەکات ئەوەیە کە ناوەندە زانستی و فیقهی و ڕۆشنبیرییەکان ڕۆڵی خۆیان بگێڕن لەم ڕووەوە ئەوەش بە بنەما دۆزی و تیۆریزەکردنی (التأصيل والتنظير) ئەم بابەتە، چونکە گومان لەوەدا نیە کەبیری توندڕەوی لەجیهانی ئیسلامییدا بە پاڵپشتی ئیسلام

دەكرێت و ئەمەش بوختان و ستەمێكی گەورەیە، هەوادارانی بانگەشەی ئەوە دەكەن كە ئەوان پەیڕەوی لە ئیسلام دەكەن و كار بۆ جێبەجێكردنی دەكەن، وا گومان دەبەن ئەوان سوود لە قورئان و سوننەت وەردەگرنو ڕێبازی ئەوان ڕێبازی سەلەفی ساڵحە!

لە سۆنگەی قورسی و سەنگینی بەرپرسیاریتییەوە، دەبێت ناوەندە فیقهییەكان بە ئەركی خۆیانی بزانن كە بەروونكردنەوەی پێویست و بەڵگەی یەكلاكەرەوە ئەو درۆو بوختان و هەڵبەستراوانە ڕەت بكەنەوە كە دەدرێتە پاڵ ئیسلام لەبارەی ئیرهابەوە وەك درۆبوونی خوێنی گورگ لەسەر كراسەكەی یوسف (علیه السلام)، بەروونی هەڵەو ناتەواوییەكان بسەلمێندرێت لەو ڕووەوە كە ئەمە بیرێكی نامۆو تێگەیشتنێكی هەڵەو لادانێكی ئاشكرایە لە شا ڕێگای ڕاستی ئیسلام.

دواتر ڕێنمایی دروست بدەن بۆ گرتنە بەری ڕێگای ساڵحین و بژاركردنی هەموو لاری و خواری و خراپەكارییەكان و بۆن و بەرامەكردنی ڕێگای گوڵاوڕێژی ئەم دینە كە هەموو دنیای گرتۆتەوەو تەنیا شتێك بكرێت بۆنكردنی ئەم بۆن و بەرامە پاك و ناوازەیەیە.

نەرم و نیانی و لەسەرخۆییو ڕۆشنفیكریو میتۆدێكی میانڕەوی دوور لەتوندیو زبریو نادانی، تەنیا ڕێگەیە بۆ گەیشتن بەئامانجی ڕزگار بوون لە مەترسی ئیرهابو گێڕانەوەی لادەرو یاخییەكان بۆسەر ڕێبازی میانەڕەوی و میهرەبانی.

ئەگەر ئەم ڕێگایە بگیرێتە بەر ئیدی داعش و قاعیدەو هاوشێوەكانیان پەناگاو نیشتمانێك نابێت لەخۆیان بگرێتو سەر زەمینێك نابێت لەسەری ژیان بكەن و هاوكاری و یارمەتیدەرێك

نابێت پشتی پێ ببەستن، ئەوکاتە سەرەنجامێکی دیارو ئاشکرایان دەبێت، فڕێ دەدرێنە زبڵدانی مێژووەوەو دەبنە بەشێك لەرابردوو.

ئەگەر ئەو میتۆدە دابڕێژرێت و پەیڕەوبکرێت ئیدی گەنج و لاوەکان دەپارێزرێن لە هەڵخەڵەتاندنو دەستخەڕۆ بوون پێیان و تووشی لادان نابن لە ڕێڕەوی بنەما نەگۆڕەکانی شەریعەتو دوای ئەو نەزان و مێشك وشکانە ناکەون کە خۆیان سەپاندوە بەسەر ئیسلامداو ئیسلامیش یەخە لەو جۆرەکەسانە هەڵدەتەکێنێتو لە هیچ ڕێگاو کوون و قوژبنێکەوە پێشوازییان لێ ناکات هەرچەند هەوڵ بدەن، هەرچەند خۆیان بپێچن لەبەرگی ئیسلامەوە لەسەر ئیسلام ناکرێنە ماڵ مەگەر لەچاوی کەسانێکی نەخۆش و دەروون نزمەوە.

بەڕاو بۆچونی جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی میتۆدی ڕێگای پەسەند بریتیە لە گەشەپێدانی هۆکارەکانی پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەو گەنج و لاوانە بە ڕێگای کەناڵە ئاسمانییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئینتەرنێتو گۆڤارو ڕۆژنامەکانو کەناڵەکانی ڕادیۆو هەرشتێکی تر.

جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی کۆنگرەیەکی ئیسلامی نابەستریێت لەسەر زەوی، خەریکە بڵێین جەنابی تێیدا بەشدارنو هەر بڕیارو دەرئەنجامێك بدرێت پەیوەندیدار بەئیرهابەوە بەوردی خوێندنەوەی بۆ دەکرێت لەبارەیەوە، تا مسوڵمانان تێوە نەگلێن لە فڕوفێڵی نەیارەکانیان و بە ئاگایانە هەنگاو هەڵبنێن لەنێو زەلکاوی ئیرهابداو دڵنیابن لەوەی کە ڕزگاربوون نیە لێی مەگەر بەرۆشنفیکری و بەرچاو ڕوونی و عەقڵ گەراییەکی ڕۆشنگەر.

ئەوەی لێرەدا هەڵیدەبژێرین لەنێو کۆنگرەکاندا بڕیارو ڕاسپاردەکانی ژمارە ١٥٤ (١٧/٣) کۆڕبەندی مەجمەعی فیقهی

ئیسلامی نێودەوڵەتییە كە ڕێكخراوی كۆنگرەی ئیسلامی ئەنجامیداوە لەخولی حەڤدەی خۆیدا لە عەمانی پایتەختی ئەردەن لە ٢٨ی جمادی یەكەم بۆ ٢ی جمادی كۆتایی ساڵی ١٤٢٧ك بەرانبەر بەر ٢٤بۆ٢٨ حوزەیرانی ٢٠٠٦ز لەبارەی دیدو هەڵوێستی ئیسلام لەسەر توندوتیژیو پەڕگیریو ئیرهاب. ئەمەی خوارەوە پوختەی ڕاسپاردەو بڕیارەكانی كۆنگرە بوو سەبارەت بەو پرسە:

١- یاساغ و حەرامكردنی هەر كردەیەكی ئیرهابی بەهەموو شێوەكانییەوە بەهەر جۆرێك ئەنجام بدرێت، بەتاوان سەیر دەكرێتو دەخرێتە چوارچێوەی كاری دوژمنكارانە، لە هەر كوێ ڕوو بداتو هەركەس ئەنجامی بدات، هەركەسێكی تریش هاوبەش بووبێت تێیدا بە ئیرهابی سەیر دەكرێت هاوبەشیكردنەكەی هەر چۆن بوبێت.

٢- جیاكاری بكرێت لەنێوان كاری تاوانكاری ئیرهاب و بەرگریكردنی ڕەواو دروست دژ بەداگیركاری بەمیكانیزم و هۆكاری ڕەوا.

٣- بنبڕكردن و چارەسەركردنی ئەو هۆكارانەی ئیرهاب بەرهەم دەهێنن، لەپێش هەموویانەوە پەڕگیریو توندڕەوی و دەمارگیریو نەزانی بەرانبەر ئەحكامەكانی شەریعەتی ئیسلام.

٤- پێداگری لەسەر ئەوەی كە لەخاڵی پێشوودا هاتووە كە بەرگریكردن و جیهاد لە پێناوی بیرو باوەڕو پاراستنی نیشتمان یان ڕزگاركردنی لەچنگی داگیركەرانی بێگانە ناچێتە بازنەی ئیرهابەوە بەهیچ شێوەیەك.

٥- پێدانی ڕۆڵی زیاتر بە زانایان و بانگخوازان و فەقیهەكانو ناوەندە زانستییە گشتیو تایبەتەكان بۆ بڵاوكردنەوەی هۆشیاری زیاتر بۆ بەگژداچونەوەی ئیرهابو بنەبڕكردنی هۆكارەكانی.

٦- بانگهێشتکردنی سەرجەم ڕاگەیاندنەکان بۆ بەگەڕخستنی تەواوی تواناکانی خۆیان بۆ خستنە ڕووی بابەتەکانو کردنی بەهەواڵ، بەتایبەت هەر پرسێکی پەیوەندیدار بە ئیرهابەوە، لەگەڵ خۆ دوورگرتنیان لە تێکەڵاوکردنی ئیسلام و ئیرهاب بە یەکتری.

٧- بانگهێشت کردنی دامەزراوە زانستییەکان بۆ خستنە ڕووی جوانی ئیسلام لەو ڕووەوە کە بانگەشە دەکات بۆ بەها باڵاکانی وەك لێبوردەییو خۆشەویستیو هەماهەنگیو هاوکاریکردنی یەکتر لەسەر خێرو چاکە.

٨- بانگهێشتکردنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چڕکردنەوەی هەوڵەکانی بۆ ڕێگریکردن لەکردەی ئیرهابیو هەماهەنگی زیاتری نێودەوڵەتی بۆ بەگژداچونەوەی ئیرهاب، هەروەها کار بکات بۆ دارشتنی کۆمەڵێك پێوەری نێودەوڵەتی بۆ ناساندنو بڕیاردان لەسەر شێوازەکانی ئیرهاب بەیەك پێوەرو یەك دیدی هاوبەش.

٩- بانگهێشتی وڵاتانی جیهان بکرێت بۆ ئەوەی کەژیان بەئاشتی بکرێتە خواستی هاوبەشی هەموو وڵاتانی دنیاو وازبهێنرێت لە داگیرکردنی وڵاتانو نادیدە گرتنی مافی گەلانی بێچارەو خواستی سەربەخۆیی گەلانی ستەمدیدە.

١٠- بانگهێشتی وڵاتانی ڕۆژئاوا بکرێت بۆ پێداچونەوەی پرۆگرامی خوێندنو هەر تێڕوانینو دیدێکی تری خراپ کە هەیانە بەرانبەر بە ئیسلام، یاساغکردنی هەر کردارو هەڵسوکەوتێك کە تەعبیر لە خراپ وێناکردنی ئیسلام بکات لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە، وەك نیازپاکی بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتییانەو پەرەپێدانی گیانی گفتوگۆو ڕێگریکردن لە ڕۆحی دوژمنداریو ڕق لێبوونەوە.

ئەگەر بەوردی سەرنج بدەین لەو بڕیارو ڕاسپاردانە تێدەگەین ئیسلام چەند پەرۆشە بۆ پاراستنی شكۆو ڕێزگرتنی مرۆڤ، چەند بە تاسەوەیە بۆ دەرچوواندنی ڕێساو یاسا گەلێك كە مرۆڤ بپارێزێت لە هەڵدێرو دووری بخاتەوە لە شەڕەنگێزی و ئیرهاب، بیخاتە سەر ڕێگای پاكێتی و خێرو چاكەكاریو میانڕەوی: ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا﴾[٢٧] هیچ جیاكاری و هەڵاواردنێك بوونی نیە لە ئیسلامدا، ئەوەی ئیسلام هیوا خوازیەتی بریتیە لە پێكەوە ژیانی گەل و نەتەوەكان.

## جێكەوتەی ئیرهاب

بەڵام جێكەوتەو شوێنەواری ئیرهاب كارەساتبارو ماڵ وێرانكارە بەتەواوی مانا وەك: شێواندنی وێنای ئیسلام لەسەر ئاستی جیهان.

بەدگومانكردنی بەشێك لە مسوڵمانان بەرانبەر بەشیاوی و بەكەڵك هاتوویی شەریعەتی ئیسلام بۆ ئەم كاتو سەردەمە.

بێمتمانەبوونی بەشێك لە مسوڵمانان بەرانبەر بەئاینەكەیانو بەهاو لێبوردەیی ئیسلامو بەدگومان بوونیان لە ڕاستییەكانی دینو دووركەوتنەوەیان لەپابەندی بەحوكمە شەرعییەكانەوە.

لاوازكردنی ناوەندە ئیسلامییەكان لە زانایان و فەقیهەكان و دامەزراوەكانو زەمینە سازبوون بۆ دەم بەتاڵی و بوێری لە بەكافركردنو بەفاسق سەیركردنو بەبیدعەزانینی زۆر شت بەبێ زانستو زانیاری.

دەستپێشخەری لە كوشتنی مسوڵمانو خەڵكی بێگوناحو

---

٢٧ الاسراء: ٧٠

هاوڵاتـی سـڤیل بەشـێوازێکی خـراپو مەترسـیدار بـەبـێ هیـچ تاوانو گوناحێـك. بەرپاکردنـی خراپـەکاری لەسـەر زەویو دروسـتکردنی پشـێویو بڵاوکردنـەوەی تـرس و بیمو خولقاندنـی بێسـەرو بـەریو یاساشـکێنیو وێرانـکاریو زۆر شـتی تـر.

لاوازکردنـی هەڵوێسـتی مسـوڵمانان لـە داواکردنـی مافەکانیـانو سەرخسـتنی پرسـە نێودەوڵەتییەکانیـانو بەجـەلاد ناسـاندنیان لەکاتێکـدا کـە ئـەوان قوربانیـن ئەمـەش بەهـۆکاری ئـەوەی کـە تۆمەتـی ئیرهـاب دەدرێـتە پاڵیـان.

پەرتـەوازە بـوون و لاوازبوونـی زۆرێـك لـە کۆمەڵـگاو دەوڵەتـە ئیسـلامییەکانو بوونـی هەڕەشـە لەسـەر ئاسـایشو یەکپارچەیـیو لەبەریـەك هەڵوەشـاندنی تەونـی کۆمەڵایەتـی.

هەڵگیرسـاندنی ئاگـری تایەفەگـەریو بـرەودان بەرووحـی دوژمنـداری لەنێوان مسـوڵمانانداو نغرۆکردنیـان لەکێشـەو ململانێـی بـێ ئەنجامـدا بەشـێوەیەك کۆمەڵـگا بـەرەو شـەڕێکی مـاڵ وێرانـکار ببـاتو سـەرەنجام ئەگـەری هەڵوەشـاندنەوەی وڵاتەکانیانـی لێبکەوێتـەوەو دابـەش بکرێـن بـۆ دەوڵەتـی گچکـۆکـەو تاقـم و بـەرەی جیـاوازو پێکـەوە نەکـراو.

کۆسـپ و لەمپـەر دروسـتکردن لەسـەر ڕێـگای کاروانـی بانگـەوازی ئیسـلامیو بەفیـڕۆدانـی هـەوڵ و شـەونخونی بانگخـوازان و سـەرقاڵکردنیان بەشـت و بابەتـی لاوەکییـەوە، بەشـێوەیەك کاریـان ببێتـە بەرگریکـردن لـە ئیسـلام و مافـی مسـوڵمانانو لاوازکردنـی ڕۆڵـی کاری خێرخـوازی و فریاکەوتـن و بـێ متمانەکردنـی خەڵـك بەدامـەزراوە خێرخوازییـەکان و دورسـتکردنی ئاسـتەنگ و لەمپـەر بۆیـان.



## بەشی چوارەم:

جەنابی پڕۆفیسۆر قەرەداغی

پیاوی خاوەن هەڵوێست و خێرخواز

١- رابیتەی ئیسلامی کوردی خێرخوازی

٢- پیاوی تەنگانە و ساتە دژوارەکان

٣- هەڵوێستی قەرەداغی

لە پرسی نەتەوەکەیدا

## یەکەم: رابیتەی ئیسلامیی کورد/ خێرخوازی[1]




ڕابیتـەی ئیسـلامی کـورد بـە یەکێك لـە ڕێکخـراوە خێرخوازییـە گرنگـەکان دێتـە هەژمارکـردن و جەنابـی پرۆفیسـۆر قەرەداغـی ڕۆڵێکـی گـەورەو بنەڕەتـی هەبـووە لـە دامەزرانـدن و بەڕێوەبـردن و ڕێنمایکـردن و ئاراسـتەکردنی کارە خێرییەکانیـدا، دەکرێـت ڕابیتـەی ئیسـلامی کـورد زیاتر بناسـین لـە ڕوانگـەی ئـەم وتانـەی بەرپرسـی دەسـتەی بـاڵای ڕابیتـەی ئیسـلامی کـورد، بەڕێز ئەندازیـار حسـین نجـم الدیـن قەرەداغییـەوە، بـەم شـێوەیە:

سـەرەتای دامەزراندنـی ڕابیتـەی ئیسـلامی کـورد خێرخـوازی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی ١٩٨٨ز. ڕابیتـە بریتیـە لـە ڕێکخراوێکـی خێرخـوازی مرۆیـی، سـەرەتای دامەزراندنـی لـە ئەسـتانبوڵی وڵاتـی تورکیابـوو، لەلایـەن چەنـد زانـا و ڕۆشـنبیر و کەسـایەتییەکی کوردییـەوە، دامەزراندنـی ڕابیتـە هـاوکات بـوو لەگـەڵ کیمیابـاران و کۆمەڵکـوژی گەلـی کـورد لەلایـەن ڕژێمـی فاشیسـتی بەعسـەوە، ئەوکاتـە دەسـەڵاتی سـەدام حسـین لـە لوتکـەدا بـوو، سـەردەمی شـەڕی نێـوان عێـراق و ئێـران بـوو – لـە دوای چەند مانگێك شـەڕ ڕاگیرا

[1] ڕێکخراوی ڕابیتەی ئیسلامیی کورد/خێرخوازی، لەکۆنگرەی (٢٦)ەمینی خۆیدا لەبەرواری ٢٠١٩/٨/٢٦ لەشاری سلێمانی، بەکۆی دەنگی بەشداربووانی کۆنگرە ناوی ڕێکخراوەکەی گۆڕی بۆ (ڕێکخراوی ڕابیتەی مرۆیی)، پاش ئەوەی لەئەڵمانیا تۆمارکرا، ڕۆژی ٢٠٢١/١/٢١ لەهەرێمی کوردستان/ عێراق؛ بەم ناوە نوێیەوە بەکۆدی (٩٧٩) تۆمارکرا.

- گەلی كوردستانی باشوور لە دژواری و زەحمەت و ناخۆشییەكی زۆردابوو، لەو سەردەمە دژوارەدا ڕابیتە چاوی بەدنیا هەڵهێناو لە وڵاتی غەریبییەوە كەوتە بیری خزمەتكردن بە نەتەوەكەی.

دەستەیەك لە زانا و ڕۆشنبیر و ئەدیب بە سەرپەرشتی جەنابی پڕۆفیسۆر قەرەداغی ڕابیتەیان دامەزراند و جەنابی قەرەداغی هەڵبژێرا بە سەرۆكی ڕابیتە و بۆ یەكەم جار وەك ڕێكخراوێكی خێرخوازی مرۆیی ڕابیتە لە وڵاتی ئەڵمانیا مۆڵەتی فەرمی پێدرا، جەنابی پڕۆفیسۆر قەرەداغی كاتێك بوو بە سەرۆكی ڕابیتە، گەلی كورد دەیان كێشە و گرفتاری وەك كیمیاباران و پرۆسەی ئەنفال و ڕاگوێزان و دەربەدەری بۆ پێشهاتبوو، لەناو قوڵایی ئەم مەینەتیانەدا خۆری ئومێد هەڵهات و بەهاری ڕاپەڕین ڕووی دا، بەڵام مەخابن كۆڕەوێكی یەك ملیۆنی لێكەوتەوەو گەلی كورد ئاوارەی وڵاتی ئێران و توركیا و ئەوروپا بوون، ئیدی لەو بەروارەوە ڕابیتە چاكی كرد بەلادا و قۆڵی جوامێری هەڵكرد و دەستی دایە پرۆژەی خێرخوازی و هاوكاری و هاریكاری خەڵكی لێقەوماوی خۆی لە ئاوارەیی وڵاتی ئێران و توركیادا، وێڕای كارە خێرخوازییەكانی ڕابیتە لەسەر پرسی نەتەوەكەی بەدەنگهات و بایەخێكی زۆریدا بە پرسی نەتەوەیی و بوویە دەنگێكی ڕەسەن و زوڵاڵ و بەردەوام دەنگی ستەملێكراوی و چەوساوەیی گەلی كوردی دەدا بە گوێی جیهاندا و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و جیهانی ئیسلامی چالاكی بەرفراوانی تایبەت بەو پرسە ئەنجام دەدا، دوای دوو ساڵ لە دامەزراندنی ڕابیتە دەستی دایە كارە خێرخوازییەكانی و هاوكاری گەیاندە ئاوارە عێراقییەكان لە وڵاتی ئێران و توركیا، شایانی باسە هاوكارییەكانی ڕابیتە لەو كاتەدا بریتی بوون لە خۆراكی وشكە و پارەی كاش.

لە ساڵی ١٩٩٢ز کاتێك حكومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا، ڕابیتەی ئیسلامی کورد لە ناوخۆی کوردستان دەستیکرد بە ئەنجامدانی کارە خێرخوازی و مرۆییەکانی خۆی بەشێوازێکی نوێ و بەچڕوپڕی و لە ماوەیەکی کەم و کورتدا ڕابیتەی خێرخوازی توانی خۆی بناسێنێت و وەك یەکەم ڕێکخراوی خێرخوازی مرۆیی ناوبانگی دەرکرد و ئومێدی خێری پێوە بەسترا و چاوی هەژارانی لەسەر کلانەبووە لەو بەروارەوە تا بە ئەمڕۆ دەگات. یەکێك لە کارە لەپێشین و گرنگەکانی ڕابیتە ئەوە بوو کە جەنابی پڕۆفیسۆر قەرەداغی پرسی چارەسەری کێشەی کوردی خستەڕوو بە تێڕوانینێکی ئیسلامییانە، شایانی باسە ئەو پرسە پێشوازییەکی گەرمی لێکرا، لە هەمان کاتدا ڕابیتەی خێرخوازی کورد بەڕەسمی داوایکرد لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بەهانای گەلی کوردەوە بێت و هاوکاری مرۆیی بگەیەننە کوردستان، ئەم داوایە لە ساڵی ١٩٩٢زدا بوو.

لەناوخۆی کوردستاندا ڕابیتەی خێرخوزای کورد دەستیکرد بە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە بەشێوەیەکی مەیدانی و مزگەوت و پرۆژەی ئاوی خواردنەوەو قوتابخانە و بنکەی تەندروستی و بنکەی خوێندن و لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز بووە بەشێك لە سیمای خێرخوازی ڕابیتە و توانی لەماوەیەکی کەم و کورتدا بەهاوکاری ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان (١٣٩١) پرۆژە ئەنجام بدات. هەروەك ڕابیتە لە سەرەتای کارە خێرخوازی و مرۆییەکانیەوە تائێستا (١٣٩١) پرۆژەی ئەنجامداوە، بەشێوەیەك لە ٤٠٪ ئەو پرۆژانە دروستکردنی مزگەوت و بنکەی قورئان لەبەرکردن بووە لە گوند و ناحیە و شارەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆك و کەرکوك و موسڵ و هەڵەبجە، دەکرێت بڵێین لە (٣١) ساڵی خزمەتکردنی ڕابیتەدا سەدان ملیۆن دۆلاری خەرجکردووە لەو پڕۆژانەدا، هەموو ئەو کار و

پرۆژانە بە هەماهەنگی بووە لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف و وەزارەتی پەیوەندیدار لە حكومەتی هەرێمی كوردستان و دوای تەواوكردنی پرۆژەكە دراوەتە دەستی لایەنی پەیوەندیدار لە حكومەتی هەرێم.

بەشێكی تری گرنگی كار و پرۆژەكانی ڕابیتە بریتیە لە بەشی چاودێری كۆمەڵایەتی. ڕابیتە بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەكان مامەڵەی لەگەڵ منداڵی بێباوكدا كردووە، هاوكاری مانگانەی بۆ ئەو منداڵانە بە بڕی ٢٠ بۆ ١٠٠ دۆلار بووە، ئەو بڕە پارەیە لە ساڵی نەوەدەكاندا بڕە پارەیەكی زۆر بوو بەراورد بە ئێستا، ڕابیتەی خێرخوازی كورد دەستی دایە لە ئامێزگرتنی (الكفالە) منداڵی (نازداران) بێ باوك و ساڵانە نزیكەی (١٥ بۆ ٢٠) هەزار منداڵی كەفالەت دەكرد، ئەم كارەی ڕابیتە تائێستاش بەردەوامە، سوپاس بۆ خودا بەشێوەی مانگانە هاوكاری دەدرێتە خێزانەكانیان، ئەمە وێڕای ئەوەی كە ڕابیتە جلوبەرگی جەژن و قیرتاسیەی خوێندن و گەشت و سەیران و بردنیان بۆ مەلەوانگە و زۆر خزمەتی تر پێشكەشدەكات بۆیان، وێڕای ئەمانە خولی فێربوونی دروومانی بۆ دایكی ئەو منداڵانە دەكردەوەو، بایەخێكی زۆرتری دەدا بە منداڵانی خاوەن پێداویستی لەناویاندا.

بەشی سێیەم لە ڕابیتە بەشی فریاگوزارییە، لەم بەشەدا هاوكاری بە پارەی كاش و كاڵا و شمەك و گۆشتی قوربانی و سەبەتەی خۆراك دەدرێتە خەڵكی لێقەوماو و ئاوارە و هەژار و كەمدەرامەت، ڕابیتە هاریكاری زۆری پێشكەشكردووە بەو ئاوارە سورییانەی كە لە هەرێمی كوردستان نیشتەجێ بوون، هەروەها هاوكاری گەیاندووەتە سەرجەمی ئەو خێوەتگایانەی كە ئاوارەی پارێزگاكانی بەغدادو ناوەڕاستی عێراقو پەناهەندەی وڵاتانی سوریاو ئێرانو ...هتدیان لەخۆگرتووە لە سەرتاسەری كوردستاندا.

لـە هەمـان کاتـدا ڕابیتـە گرنگییەکـی زۆریـداوە بـە چاودێـری تەندروسـتی وەك نەخۆشـخانەی گـەڕۆك و کلینکـی پزیشـکی خێرخـوازی بەشـێوەیەك سـاڵانە زیاتـر لـە (٣٠٠,٠٠٠) هـەزار کـەس سـوودمەند دەبن بـە نرخێکـی کـەم و ئەو بـڕە پارەیـەش دەخرێتەوە خزمەتـی خـودی پرۆژەکـە.

هەروەها ڕابیتـەی خێرخـوازی بەشـێکی سـەربەخۆی هەیـە تایبەت بـە بـواری ڕاگەیانـدن و ڕۆشـنبیری، ئـەو بەشـە گرنگـی دەدات بـە چاپکردنـی کتێـب و بڵاوکـراوەی بابەتـی پەروەردەیـی و زانسـتی، تـا ئێسـتا ئـەو بەشـە ئەرکـی چاپکردنـی (٢٥) کتێبـی لـە ئەسـتۆ گرتـووە بـە وەرگێـڕان و چاپکردنـەوە، شـایانی باسـە سـەرجەمی ئـەو کتێبـە چاپکراوانـە بەشـێکن لـە بەرهەمەکانـی جەنابـی پرۆفیسـۆر قەرەداغـی، هەروەهـا دەرکردنـی گۆڤـاری بانگـی هـەق کـە مانگانـە دەردەچـوو کاروچالاکیەکانـی ڕابیتـەی خێرخـوازی تێدا بـڵاو دەکرایەوەو گرنگـی دەدا بەبابەتـی پەروەردەیـی و فیکـر و زانسـت.



شایانی باسە لە سەروبەندی شەڕی وێرانكاری گروپی داعشدا ڕابیتە بە فەرمانی ڕاستەوخۆی جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی، هەستاوە بەهاوكاری و فریاگوزاری بۆ هێزی پێشمەرگەی كوردستان، بەشێوەیەك سەركردە مەیدانییەكانی پێشمەرگە ئەو هاوكارییانەیان بەرز دەنرخاند و بەڕێزەوە سەیری كارە خێرخوازی و مرۆییەكانی ڕابیتەیان دەكرد، لەوەش گرنگتر لەڕووی فیكری و مەعنەوییەوە جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی فەتوای تایبەتیان دەركرد و تێیدا ڕەوایەتی بەرگری هێزی پێشمەرگەیان سەلماند و لە بەرانبەردا ناڕەوایی و ستەمكارییەكانی گروپی داعشیان ڕیسوا كرد.

بەلامەوە گرنگە هەلۆیستە لەسەر خالێكی بنەڕەتی بكەم ئەوەش ئەوەیە كە ڕابیتە هیچ جیاوازی و هەلاواردنێكی نەكردووە و نایكات لەڕووی ئاینی و نەتەوەیی و سیاسییەوە، لەكارو خزمەتەكانیدا، ئەم ئایەتەی كردووەتە دروشمی خۆی ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ﴾[٢]، گرنگە ئەوەش بلێم كە ڕابیتە بۆ ساتێكیش مەیدانی خزمەتكردنی چۆل نەكردووە تەنانەت لەكاتی شەڕی ناوخۆشدا، كە زۆرینەی ڕێكخراوە نێودەولەتییەكان كوردستانیان بەجێهێشت.

## چەند نمونەیەك لە كارە خێرخوازی و مرۆییەكانی ڕابیتە

- دەستەبەركردنی دارایی (الكفالة) بۆ زیاتر لە (٣١٠,٠٠٠) مندالی بێ باوك(نازدار) لە ماوەی (٣١) سالی تەمەنی ڕابیتەدا، واتە (١١٠٠٠) مندال بەشێوەی سالانە.
- ئەنجامدانی (٤٤٧) پرۆژەی ئاوی خواردنەوە.

---

٢ الإسراء: ٧٠.

- دروستکردنی (٥٢٥) مزگەوت لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان بە گوندو شارۆچکە و شارەوە.

- (٣٧٩) پرۆژەی هاوبەش لە پرۆژەی ئاوی خواردنەوەو قوتابخانە و بنکەی تەندروستی و یەکەی نیشتەجێبوون بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی (یونیسێف) و (هابیتات) و (ئۆفد).

- دروستکردنی (١١) قوتابخانەی حکومی و دروستکردنی (١٢) بنکەی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز، ئەمە وێڕای (٢١) پرۆژەی تری جۆراوجۆری مرۆیی.

- دروستکردنی (٢٩) خانوو بۆ خێزانی منداڵانی بێ باوك(نازدار) بەناوی پرۆژەی (پەنا) کە تەنیا لەماوەی ساڵانی ٢٠١٩ و ٢٠٢٠ دروستکراون.

- ڕابیتە هاوبەشی بووە لە دامەزراندنی چەندین ڕێکخراوی خێرخوازی مرۆیی نوێدا، هاوکاری و خزمەتی بەردەوامی هەبووە لە شێوەی فریاگوزاری و هاوکاری ئاوارە و دەستەبەری دارایی منداڵی بێ باوك و کردنەوەی مزگەوت و قوتابخانە و نەخۆشخانە.



- هەڵكەندنی سەدان بیری ئیرتیوازی لە گوندە هەژارنشینە دوورە دەستەكان و دروستكردنی گەورەترین مزگەوت لە شاری هەولێر لەوكاتەدا بەناوی مزگەوتی سەواف، بە ئێستاشەوە یەكێكە لە مزگەوتە گەورەكانی شاری هەولێر، هەروەها دروستكردنی مزگەوتی خەدیجەت (الكبری) لە شاری هەولێر و دروستكردنی نەخۆشخانەی هیوا لە شاری دهۆك.

- گرنگی پێدان و هەماهەنگی و هاوكاری زانایانی ئاینی و قوتابخانە ئاینیەكان (حوجرەكان)، بەڕێگای جۆراوجۆر و پەیوەندی گەرموگوڕ لەگەڵیان و بەسەركردنەوەی یەكتری.

- كارو چالاكی خێرخوازی و مرۆیی جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی تەنیا لە ڕابیتەدا قەتیس نەبووە و لە چوارچێوەی كوردستاندا نیە، بەڵكو جەنابیان زۆرترین گەشت و گەڕانیان هەیە لەسەر ئاستی جیهان و هاوكاری و هاریكاری خێرخوازی و مرۆیی بە ڕێگای هاندانی ڕێكخراوە خێرخوازییە مرۆییە جیهانییەكان دەگەیەنێتە وڵاتانی بەش مەینەتی وەك فەڵەستین و بۆرما و بۆسنە و كشمیر و هیدنستان و زۆر جێگای تری دنیا.

## دووەم/ هەڵوێست لەكاتی تەنگانە و ساتە دژوارەكاندا

لە گرنگترین هەڵوێستی بوێرانەی جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی بەدەمەوەچوونی گەرماوگەرمی كۆمەڵكوژییەكەی مزگەوتی نیوزلەندا بوو، ئەوەبوو جەنابیان بە سەرۆكایەتی وەفدێكی گەورەی یەكێتی جیهانی زانایانی مسوڵمان لە توركیاوە چووە كوەیت و لە كوەیتەوە ڕاستەوخۆ چوو بۆ نیوزلەندا - بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە ماڵی خۆیان - ئیدی لەو سەفەرەدا شەو و ڕۆژیان خستە سەریەك بەبێ گوێدان بە خواردن و خەوتن بۆ

بەشداریکردن لەو خەمە گەورەیەدا بۆ دڵنەوایی و دڵدانەوەی موسڵمانان، لەو سەفەرەدا لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی نیوزلەندی کۆبوویەوەو چەندین دیداری ئەنجامدا لەگەڵ بەرپرسانی حکومی و وەفدی موسڵمانان کە لەملاولاوە گەیشتبوونە نیوزلەندا.

هەڵوێستێکی تری گرنگی جەنابیان بریتی بوو لەو ئاشتەواییە مێژووییەی کە لە کۆماری داغستان ئەنجامیدا، هەروەها لە وڵاتی ئەنغۆشیا و وڵاتی شیشان توانیان ئاشتەوایی بکەن لە نێوان لایەنە ناکۆکەکاندا، تەنانەت سەرۆکی داغستان لەکاتی وتەی ڕەسمی خۆی لە چەند جێگایەك دەڵێت: «لەوکاتەوە دکتۆر عەلی قەرەداغی بەشداربووە لە ئاشتی وڵاتەکەماندا پێش لە دوو ساڵ هیچ کردەیەکی ئیرهابی ڕووی نەداوە».

هەروەها لەگەڵ وەفدی یەکێتی جیهانی زانایانی موسڵمان بەشداریکردووە لە ئاشتەوایی نێوان حکومەتی یەمەن و حوسییەکان بەمەبەستی کۆتایی هێنان بە توندوتیژی نێوانیان لە ساڵی ٢٠١٠ز. هەروەها هەستاوە بە سازدانی کۆنگرەیەك بۆ گفتوگۆ لە نێوان موسڵمانان و ئاینە ڕۆژهەڵاتییەکان لە نیودەلهی لە هیندستان لە ساڵی ٢٠١٠ز.

بەهەمانشێوە سەرۆکایەتی وەفدێکی کردووە بۆ ئاشتەوایی کردن لە نێوان هەردوو گەلی قرغیز و ئۆزبەك لە وڵاتی قرغیزستان، شایانی باسە وەفدەکە سەرکەوتو بوون لە کۆتایی هێنان بە ناکۆکی نێوان ئەو دوو هۆزە و توانرا ئاشتی و ئارامی بگەڕێنرێتەوە بۆ ئەو ناوچەیە دوای ئەو سەردانکردنە، ئەم ڕووداوە لەسەر زمانی سەرۆك وەزیرانی قرغیزستانەوە ستایش کراو بەکارێکی گرنگ وەسفکرا. بەهەمانشێوە لەگەڵ وەفدی یەکێتی جیهانی زانایان بەشداریکردووە لە کۆنگرەی ئاشتەوایی وڵاتی لیبیا لە ساڵی ٢٠١١ز.





## سێیەم/ هەڵوێستی پڕۆفیسۆر قەرەداغی بەرانبەر پرسی نەتەوەیی كورد

جەنابی پڕۆفیسۆر قەرەداغی كەسایەتیەكی دیار و لەبەرچاوی جیهانییە لەسەر ئاستی جیهانی ئیسلامی و عەرەبی، لەهەمانكاتدا وەك كەسایەتیەكی كوردی ناسراوەو خەڵكی قەرەداغی سەر بە پارێزگای سلێمانییە لە هەرێمی كوردستانی عێراق، لەهەمانكاتدا جەنابیان زیاتر وەك كەسایەتیەكی بێ لایەن بەدیاردەكەون و زیاتر كەسێكی چاكساز و چاكەخوازن و دەیانەوێت ئاشتی و پێكەوەژیان بەرقەرار بكەن لە نێوان لایەنە ناتەبا و پێكەوە نەكراوەكاندا.

لای جەنابی پڕۆفیسۆر قەرەداغی پرسی نەتەوەی كورد پرسێكی ئیسلامی و نەتەوەییە لەیەك كاتدا، لە سەردەمی شەڕی ناوخۆی لایەنە كوردییەكان لە هەرێمی كوردستان ڕۆڵێكی لەبەرچاوی هەبوو بۆ ئاشتەوایی و لەیەكتر نزیككردنەوەی

لایەنەکاندا، چونکە باوەڕی وابوو پرسی کورد پرسێکی مرۆیی ئیسلامییە پێش ئەوەی پرسێکی نەتەوەیی تایەفەگەری بێت، لەهەمانکاتدا پێی وایە ئەرکی مسوڵمان لە هەرکات و شوێنێکدا هەوڵدانە بۆ خێر و چاکسازی و چاکەکاری لە نێوان مسوڵماناندا بەچاوپۆشی لە ئینتیما و نەتەوەو مەزهەب.

جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی هەڵوێستێکی جوامێرانە و مەردانەی هەبووە بەرانبەر نەتەوەکەی و بەردەوام هەرچی پێ کرابێت لە خێر و بەخشین و هاوکاری و چاکە لەڕووی مادی و مەعنەوییەوە دریغی نەکردووە لە ئاست گەلەکەیدا، لەهەمانکاتدا ڕۆڵی گەورەی هەبووە لەڕووی چاکسازی و ئاشتەوایی لەناویاندا، لەڕوویەکی ترەوە هەستاوە بە کردنەوەی مزگەوت و نەخۆشخانە و قوتابخانە و دامەزراوەی کۆمەڵگای مەدەنی، مزگەوتی دروستکردووە تا ببێتە ناوەندێك بۆ لەیەکتر نزیکبوونەوەو یەك ڕیزی و یەك دڵی بەرهەم بهێنێت، ئەمە وێڕای چاودێریکردنی هەژار و منداڵی بێ باوك ئەوانەیان کە هیچ پەناو دەرەتانێکیان نیە.

لەگەڵ ئەو خزمەتە بەردەوامە لەبەرچاوە جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی هیچ نیاز و تەماعێکی نیە لە هاوبەشیکردنی پرۆسەی سیاسی لەسەرئاستی حکومەت و حیزبەکان تەنانەت بە حیزبە ئیسلامییەکانیشەوە، جەنابیان زیاتر لە جارێك ئەمەیان وتووەو ڕایانگەیاندووە کە نیازی هیچ جۆرە بەشدارییەکی سیاسی نیە و چاوەڕێی هیچ دەستکەوت و خەڵات و پاداشتێك ناکات، بەڵکو زۆرجار ئەوەیان ڕاگەیاندووە کە بەشێك لە خۆشبەختی و شانازییان ئەوەیە کە چاویان لەسەر هیچ شتێك نیە لە کوردستان بەڵکو دروشمیان تەنیا و تەنیا بریتییە لە ﴿إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَى اللَّهِ﴾[٣].

---

٣ سبأ: ٤٧.

ئەمە وێڕای ئەوەی کە حیزبە ئیسلامی و عەلمانییەکان چەندین جار داوایانکردووە لە جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی کە بەشداری لەکاری سیاسیدا بکات و پلە و پۆستیان بۆ پێشنیار کردووە لەسەر ئاستی جیا جیا، بەڵام جەنابیان بەرێزەوە ئەو داواکارییانەی ڕەتکردووەتەوەو سوپاسی کردوون لەسەر ئەو هەڵوێستەیان و پێی ڕاگەیاندون کە ئەو چاوی لە هیچ پلە و پۆستێك نیە و دەیەوێت خۆی بهێڵێتەوە لە بواری خزمەتکردنی بانگەواز و برەودان بە پسپۆڕییەکەی خۆی لە ئابووری ئیسلامییدا و خزمەتکردنی هەژاران و منداڵانی بێ باوك بکاتە کاری لەپێشینەی خۆی و دروستکردنی مزگەوت و نەخۆشخانە و قوتابخانە و یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هەژاران کاری بەردەوامی بێت.

لەگەڵ ئەو بێنیازییەی جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی لەکاری سیاسەت، هیچ کات دوور نەبووە لە مەیدانی سیاسی کوردستان، بەڵکو لەگەڵ خۆشی و ناخۆشی گەلەکەی ژیاوە، کاتێك لایەنە سیاسیەکان گرفت و کێشەیان هەبووبێت کەوتووەتە نێوانیان و تەواوی هەوڵ و توانای خۆی بەگەڕخستووە بۆ ئاشتەوایی و نزیککردنەوەیان لەیەکتری، وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا لەشەڕی نێوان پارتی و یەکێتیدا جەنابیان ڕۆڵێکی سەرەکییان هەبوو لە کۆتایی هێنان بەو شەڕەدا، بەهەمانشێوە لەکاتی بوونی کێشەی نێوان حیزبەکان لەسەر چۆنێتی حوکمڕانی، پەرلەمانی بێت یان سەرۆکی هەرێم لە پەرلەمان هەڵببژێرێت یان لەناو خەڵکدا، بوونی ئەو بۆچوونە جیاوازانە وایکرد پەیوەندی نێوان حزبەکان ئاڵۆزی تێبکەوێت تا کار گەیشت بەوەی کە ڕێگری بکرێت لە چوونی سەرۆکی پەرلەمان بۆناو شاری هەولێر، بەهۆی ئەو ئاڵۆزییانەوە جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی گەڕایەوە کوردستان

و دیداری لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكان ساز كرد و ڕێگاچارەی خستە بەردەستیان و هانی دان كە لەبری ئەو ناكۆكییانە بیر لە باشكردنی ژیانی خەڵك و گەشەپێدانی ئابووری وڵات بكەنەوە.

جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی چەندین هەڵوێستی دڵسۆزانەی نەتەوەیی و نیشتمانی هەبووە لە سۆنگەی هەستكردن بە بەرپرسیاریێتی و ئەركی سەرشانی لەبەرژەوەندی نەتەوەكەی، لە زۆر جێگا و مینبەردا بەرگری لە گەلی كورد كردووە لەسەر ئاستی كۆنگرە جیهانی و نێودەوڵەتییەكاندا. لە یەكێك لە كۆنگرەكانی وڵاتی ئەڵمانیا لە شاری (كوڵن) لە ساڵی ١٩٨٨ز، بە بەشداری وڵاتە ئیسلامییەكان و چەندین بەرپرس و نوێنەری بەڕێز (مەسعود بارزانی) و هەشت حیزبی تری كوردی، ئەوەی سەلماند كە گەلی كورد گەلێكی ڕەسەنە و یەكێكە لە گەلەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست كە بریتین لە: (عەرەب، فارس، تورك، كورد، چەند كەمینەیەكی تریش)، مێژوویەكی هاوبەشیان هەیە و كورد ڕۆڵێكی لەبەرچاو و حاشا هەڵنەگری هەیە لە بنیاتنانی شارستانییەتی ئیسلامی و مرۆییدا، بۆیە وەك هەر گەلێكی تر مافی ژیان و سەربەخۆییان هەیە بەبێ هیچ جیاوازییەك وەك گەلانی تر.

جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی پێی وایە كە ئارامی و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نایەتەدی بە هاوكاری و تەبایی و یەكێتی گەلانی ناوچەكە نەبێت، دەبێت ڕەچاوی ئەرك و مافەكان بكەن لەگەڵ یەكتریدا، لەبەرئەوەیە كە دوژمنان بە هەموو شێوەیەك هەوڵی چاندنی تۆوی دووبەرەكی و ناكۆكی دەدەن بۆئەوەی ئەو گەلانە بە یەكترەوە سەرقاڵ بكەن و بیاندەن بەگژ یەكتردا، ئەوكاتە ئیتر دوژمنان خەون و ئاواتیان دێتەدی و دەگەنە

ئامانجـی خۆیـان لەدەسـت ڕۆیشـتووی و زاڵبـوون بەسـەریاندا، بۆیـە دەبێـت هەمـوو ئـەو کەلێنانـە بگیرێـن و دەرگا بـەڕووی شـەیتاندا دابخرێـت بـە ڕەچاوکردنـی یەکسـانی لـە مـاف و ئەرکـدا.

جەنابـی پرۆفیسـۆر قەرەداغـی لـە سـاڵی ١٩٨٨ز کتێبێکـی نووسـی لەسـەر پرسـی کـورد لـە دیـدگای ئیسـلامەوە تێیدا گەیشـتە ئـەو دەرەنجامـەی کـە لـە پێشـەوە باسـکرا، وە گەیشـتە ئـەوەی ئـەو شـێوە حوکمڕانیـەی خەلیفـە عومـەر (خـوا لێـی ڕازی بێـت) لە شـێوەی ویلایەتـەکان بڕیـاری لەسـەرداو، مسـوڵمانان لەسـەری بـەردەوام بوون لـەدوای ئـەو، زۆر باشـترە و مافـی زیاتـری تێـدا ڕەچـاو دەکرێـت لـەوەی کـە پێـی دەڵێـن یاسـای فیدراڵـی، ئەمـە وێـڕای مافـی زمانـی دایـك و یەکسـانی لـە کـۆی ئـەو مافانـەی کـە ئیسـلام ئیقراریکـردون.



## بەشی پێنجەم:

جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی

لە دیدی بەرانبەرەکانیدا

## جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی لە دیدی بەرانبەرەكانیدا

لەم بەشەدا دید و شایەتیدانی بەشێك لەو زاناو كەسایەتیانە دەخەینەڕوو كە لە نزیكەوە جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی دەناسن و لەگەڵی ژیاون و نوسین و بەرهەمە زانستییەكانی جەنابیانیان خوێندووەتەوە، بێگومان ئەوانەی كاریگەربوون بە جەنابیان و سوودیان لە بەرهەمە زانستییەكانی وەرگرتووە جەماوەرێكی گەورەن لەسەر ئاستی جیهان لە چەندین نەتەوەی جیاواز، بەشدارییە بەردەوامە گەرم و گوڕەكانی جەنابیان بە ڕێگای كۆنگرەكان و بەرنامە تایبەتەكانی لە كەناڵە ئاسمانییەكان وایانكردووە زۆرترین كاریگەری هەبێت و ڕێز و خۆشەویستییەكی لەبەرچاوی بۆ دەستەبەر بوبێت لەسەر ئاستی جیهان، شایانی باسە ئەوەی لێرەدا ئاماژەی پێ دەدەین سەربوردێكی كورتە، وەك دەوترێت (مشتێك نمونەی خەروارێكە).



### یەكەم: دیدی بەڕێز (مام جەلال تاڵەبانی سەرۆك كۆماری پێشوتری عێراق

ئەرشیف: كردنەوەی مزگەوتی گەورەی ڕانیە ١٩٩٩ز كە ڕابیتەی خێرخوازی دروستیكردبوو.

برایانی بەڕێز ئامادەبوانی خۆشەویست، پیرۆزبایی لە ئێوە خەڵكی قارەمانی مەڵبەندی ڕاپەڕین دەكەم، بەبۆنەی بیناكردنەوەی ئەم مزگەوتە جوان و ڕێكوپێك و پیرۆزە، كە هەمیشە مزگەوت لە كوردستاندا جێی ئەوە بووە كە مسوڵمانان عیبادەتی خوای گەورەی خۆیان بكەن، هەروەهاجێگای ئەوە بووە

کە جەژنی لێ بگرن و گەردنی یەکتر ئازاد بکەن، مزگەوت لە خۆشی و ناخۆشیدا بەکەڵکیان هاتووە، لە کوردستانی ئێمەدا مزگەوت مەڵبەندی پێشمەرگە بووە، هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان قەرزاری مزگەوتەکانی کوردستانن، مزگەوتەکان باشترین شوێن بوون کە پەنای دابوون و خۆیان تێدا گەرم دەکردەوە و پشوویان دەدا، بۆیە مزگەوت هەم لەڕووی ئاینیەوە هەم لەڕووی کوردایەتیەوە شوێنێکی پیرۆزە.

دینی پیرۆزی ئیسلام لە کوردستاندا ڕۆڵی زۆر گەورەی بینیوە هەم لەڕووی ئەوەی کە خەڵکی کوردستانی هیدایەت کردووە بۆ ڕێبازی پیرۆزی ئیسلام و هەم دەستکەوتەکانی خەڵکی کوردستانی پاراستووە، مزگەوت و پیاوانی ئاینی خانەقاکان و تەکیەکان، ئەو شوێنانە بوون کە ئەدەبی کوردی لێیانەوە پەیدا بووە، شاعیرە گەورەکانی کوردستان بەشی زۆریان مەلاکان بوون، لە سەدەی بیست بەولاوە غەیری مەلا پەیدا بووە کە شاعیر بووبێت و خزمەتی ئەدەبی کوردی کردبێت گەرنا پێشتر هەموو شاعیر و ڕۆشنبیران پەروەردەو دەرچووی مزگەوت و خانەقاکانی کوردستان بوون، کوردایەتیش هەر لەوێ سەریهەڵداوە، بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردستان لەسەر دەستی مەلا و شێخەکانی کوردستان دەستی پێکردووەو بۆ ماوەی دەیان ساڵ بە ڕێبەری ئەوان بووە لەپێناو مافەڕەواکانیدا. بۆیە لە کوردستانی ئێمەدا هەم مزگەوتەکان و هەم پیاوانی ئاینی جێگای تایبەتیان هەیە، شایەنی ڕێز و تەقدیر و خزمەتکردنن بەهەر شێوەیەك کە لەتوانامانـدا بێت.

لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێم کە ئێمەی کورد بە چاوی کوردەواری و کوردایەتیەوە بڕوانینە کەسایەتیەکانمان، مێژووی ئێمە گەلێك

پیاوی ئاینی گەورەی لێ هەڵكەوتووە لە ڕابردوودا، شكور ئێستاش ڕۆڵەیەكی گەلەكەمان (پرۆفیسۆر د. عەلی قەرەداغی) هەڵكەوتووە كە مایەی شانازی نەتەوەكەمانە، لە هەموو دەوڵەتانی ئیسلامیدا سەرمانی بەرز كردووەتەوە بە تێگەیشتنی ڕاست و دروستی و تێگەیشتنی خۆی لە دینی ئیسلام و بە گەیاندنی دەنگی میللەتی ستەمدیدەی كورد كە بەداخەوە ئێمە نەمانتوانیوە وەكو پێویست دەنگی میللەتی بەش خوراوی كورد بە دەوڵەتانی ئیسلامی بگەیەنین.

هەرچەندە دكتۆر عەلی قەرەداغی بۆخۆی ژیانێكی باشی هەیە، بەڵام ئێوەی لەبیر نەچووە و كۆمەڵانی خەڵكی كوردستانی لەبیر نەچووە، لەو شوێنانەی كە كاری لێ دەكات هەمیشە خەباتی كردووە بۆئەوەی كۆمەك و پارە و پول كۆ بكاتەوە بۆ خزمەتكردنی مزگەوت و بێ باوك و كەسوكاری لێقەوماوانی كوردستان، ئێمە شانازی بەو جۆرە ڕۆڵانەی وەك پرۆفیسۆر د. عەلی قەرەداغی یەوە دەكەین كەوا میللەتەكەیان لەبیر نەكردووە و لەپێناو میللەتەكەیان و دینی ئیسلامدا خەباتیان درێژە پێداوە، بەوبۆنەیەوە من بەناوی ئێوەی تێكۆشەرەوە، بەناوی یەكێتی نیشتمانی كوردستانەوە زۆر سوپاسیان دەكەم و تەقدیری خەبات و تێكۆشانەكانی دەكەم، هیوای تەمەن درێژی بۆ دەخوازم و هیوادارم درێژە بدات بە خەباتی خۆی و نموونەی ڕاستەقینەی هەموو خەڵكی كوردستان بێت بە جیاوازی دینی و بیری سیاسی، لەوێش لەناو دنیای ئیسلامدا لەناو ڕێكخراوە ئیسلامییەكاندا لەو كۆڕ و كۆبوونەوانەی كە بۆی دەلوێت بە زمانی هەمووومان بە زمانی هەموو خەڵكی كوردستان بە جیاوازی بیروڕای سیاسیانەوە قسە بكات و خەبات بكات.



**دووەم: دید و شایەتیدانی گەورە زانای سەردەم جەنابی دکتۆر یوسف قەرەزاوی**

زۆرینەیەك لە زانایانی سەردەم شایەتی دەدەن کە فەقیهێکی گەورەو کەسێکی مەوسوعەییەو، وردبینی و تێگەیشتنێکی قوڵی هەیەو، پسپۆڕێکی لەبەرچاوی مامەڵە داراییەکان و ئابووری ئیسلامییەو، توانیویەتی زانستی کۆن و نوێ پێکەوە کۆ بکاتەوە.

لەسەروبەندی نوسینی پێشەکی بۆ کتێبی: (حکم الاستثمار فی الأسهم) جەنابی دکتۆر قەرەزاوی دەڵێت: زۆر پرسیار هەیە پێویستی بە وەڵامی یەکلاکەرەوە هەیە، ئەو کەسەی توانی وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە برای بەڕێزم گەورە زانا دکتۆر عەلی قەرەداغییە، خودا بیپارێزێت، بەڕاستی ئەو ئەهلی ئەو بابەتەیەو، سوارچاکی ئەو مەیدانەیە، سوپاس بۆ خودا جەنابیان بوونەتە خاڵی یەکلاکەرەوەو بەڵگەی بەهێزن لە بواری مامەڵە داراییە سەردەمیەکاندا، لە مێژە لەگەڵ ئەو بوارەدا خەریکە و سەرقاڵە پێیەوە هەر لەوکاتەوە کە خەریکی نوسینی دکتۆراکەی بوو لە کۆلێژی شەریعەی زانکۆی ئەزهەر، لە فیقهی مامەڵە داراییەکاندا.

توانایەکی زۆر باشی هەیە و دەتوانێت لێکۆڵینەوەو ساغکردنەوە بکاتو کەرەسەیەکی باشی زانستی پێیە، لە قورئانی پیرۆز و لەبەرکردنی و ئاگاداربوونێکی باش بەسەر سوننەتداو، ڕۆچون و ئاگاداربوون لە کتێبە فیقهییەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە، ئاگاداربوون لەوەی چی لە سەردەمی ئێستاماندا دەگوزەرێت، جەنابیان فیقهی کلتوری ئیسلامی و فیقهی واقیع ئاگادارن و شارەزان بە دەقەکان و زانان بە زانستی مەقاسید، ئەمانەش ئەو کەرەسەو

میكانیزمە پێویستەن بۆ هەر فەقیهێك كە بیەوێت ڕووبەڕووی گرفت و كێشەكانی سەردەم ببێتەوە، لەگەڵ دیدێكی هاوسەنگ و باوەڕێكی قووڵ بە میتۆدی میانەڕەوی، كەسێك بەم جۆرە بێت دەكرێت سەركەوتووبێت لە لێكۆڵینەوەكانیدا و بگاتە ڕوشد و سەواب، ئەگەر چی پاكی و بێ هەڵە و پەڵەیی تەنیا بۆ پێغەمبەری خودایە.

جێگای سەرسوڕمان نیە كە برای خۆشەویستمان دكتۆر عەلی قەرەداغی بووەتە خاڵی هاوبەش و یەكلاكەرەوە لە كۆنگرە و سیمینار و كۆڕبەندە فیقهییەكاندا ئەوانەیان كە دەبەسترێن بۆ بابەتە داراییە جۆراوجۆرەكان، جەنابیان یەكێكن لە پسپۆڕ و خەبیرە گەورەو باوەڕپێكراوەكان لای زانایانی گەلانی ئیسلامی.



**سێیەم: دید و شایەتیدانی گەورە زانای مەقاسیدی دكتۆر ئەحمەد ڕەیسونی، سەرۆكی یەكێتی زانایانی جیهانی ئیسلامی**

لە بەرهەمی خوێندنەوەی ئەم هاوینەم كتێبێك بوو لە شاری ئێستانبوڵ خوێندمەوە، دواتریش لە شاری ڕیبات چاوم پێداخشاندەوە، ئەو كتێبەش كتێبی (یوسف وەك پێشەنگێك بۆ مسوڵمانان) لە نوسینی زانا و فەقیهـ و بانگخواز و موجتەهیدی گەورە، جەنابی دكتۆر عەلی قەرەداغی، ئەمینداری گشتی یەكێتی جیهانی زانایانی مسوڵمان بوو.

ئەم كتێبە بەهاو گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، بەچاوپۆشی لە پلە و پێگەی نوسەرەكەی، بێگومان جێ پەنجەی نووسەر و كەسێتییە بەناوبانگەكەی لەسەر كتێبەكە، شتێكی حاشاهەڵنەگرە. نوسەر - خودا بیپارێزێت - خاوەنی ژیان و ڕابردوویەكی پڕ و لێوانلێوە لەكاری گەورە و شاكار و دەستكەوتی ناوازە، بەڵام ئەوەی بۆ من

گرنگە و دەبێت قسەی لەسەر بکەم کەسێتی نوسەر و سیفات و تایبەتمەندییەکانیەتی، بەڕێزیان یەکێکە لەو زانا گەورانە یان تەنیا کەسێکە کە زۆرترین ئاگاداری و هاوبەشی هەیە لەسەر کاروباری مسوڵمانان و خەم و هیواکانیان، بەئاسۆییو ستوونی ئاگاداری هەواڵ و ڕووداوەکانیانە، بەهاوبەشییکردن و خوێندنەوەو بەدواداچوون، بەتایبەت ژیان و بارودۆخی مسوڵمانان لە ڕۆژئاوادا، چەندینجار گەشتیکردووە بۆلایان و هاتوونەتە سەردانی، چەند گوێی گرتووە لە خەم و ناسۆرەکانیان و چەند قسەی خێری بۆ کردوون، چەندینجار بانگهێشتکراوەو وەڵامیداونەتەوە، چەندین پرسیاریان کردووە و وەڵامی داونەتەوە، چەندین بابەت و لێکۆڵینەوەو فەتوای بۆ نوسیون، چەندین وتار و ئامۆژگاری و کۆڕی بۆ گرتوون.

ئەم ئاگابوون و بەشدارییە ڕاستەوخۆ و مەیدانییە، سەنگ و بەهایەکی زیاتری داوە بەم کتێبە، چۆن سەنگ و بەهای زۆرتری نەداتێ، کە نوسەرەکەی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی ئەوروپییە بۆ فەتواو لێکۆڵینەوە.



**چوارەم: کاك عومەری سەید عەلی ڕێکخەری گشتی بزوتنەوەی گۆڕان:**

پێویستە دکتۆر عەلی قەرەداغی ڕۆڵی گەلی کورد لە خزمەتکردنی ئاینی ئیسلام و مرۆڤایەتی بە دنیا بناسێنێ. بەو هیوایەی میللەتانی سەردەستە، کورد وەك نەتەوەی ژێردەستە و ملکەچ هەژمارنەکەن.

لە ساڵانی نەوەدەکاندا، ئەو ڕۆژانەی بەداخەوە تارمایی شەڕی براکوژیی و یەکتر لەناوبردن لە باشوری کوردستان، باڵی بەسەر

نیشتماندا كێشابوو، د. عەلی قەرەداغی سەرۆكی یەكێتی جیهانی زانایانی موسڵمان، بە كۆمەڵێ كاری خێرخوازیی لەرێگەی رێكخراوی خێرخوازی (رابیتەی ئیسلامی كورد) و (ئیغاسەی ئیسلامی) لەسەرتاسەری كوردستاندا رۆڵی خێرخوازانەی خۆی لە كۆمەڵێ بواردا دەرخست كە گرنگترینیان بریتیبوون لە:



كەفالەتی سەدان منداڵی بێ دایك و باوك و برینەوەی موچەیەكی مانگانەی شایستە بۆیان.



دروستكردن و ئاوەدانكردنەوەی دەیان مزگەوتی رووخاو و خاپووركراوی كوردستان بە گشتی و گوندە وێرانكراوەكان بە تایبەتی.

هاوكاری هەژاران و كەمدەرامەتان و هاندانی هاوڵاتیان بۆ دینداریيەكی ناتوندوتیژیی.

گرنگیدان و برەودان بە پرۆسەی ئاشتی لە كوردستان و سازكردنی سیمینار و كۆڕی زانستی، دواتریش دامەزراندنی زانكۆی گەشەپێدانی مرۆیی لە قەرەداغ.

لەگەڵ ئەم هەنگاوانەدا، د. عەلی قەرەداغی رۆڵێكی گەورەی گێڕا لە ناساندنی دۆزی كورد بە وڵاتانی كەنداوی عەرەبی و لە چەندین سیمینار و كۆڕی ناوچەیی و جیهانی وتەی پێشكەشكرد

و بەرگری لە خەبات و تێکۆشانی ڕەوای خەڵکی کوردستان کرد.

پاش ئەم قۆناغە و لەم ساڵانەی دوایدا، شێوازی خەبات و تێکۆشان و ئەرکی د. عەلی قەرەداغی گۆڕانکاریی بەسەرداهات، لەهەمانکاتیشدا خەباتی گەلەکەمان، گۆڕانکاریی گەورەی بەخۆیەوە بینی. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، بوویە گۆڕەپانی ململانێی هێزە ناوچەیی و زلهێزەکانی دونیای نوێ. لەم گۆڕەپانەشدا، د. عەلی قەرەداغی، لەڕێگەی یەکێتی جیهانی زانایانی موسڵمانەوە ئاگای لە ململانێ و کێشمەکێشی زیاتری کێشە و گرفتەکان بوو، هەرچەندە هەندێ لێدوان و هەڵوێستی ڕەنگە مایەی نیگەرانی هەندێ کەس بووبێ لە ناوخۆی وڵاتدا، بەڵام بەبڕوای ئێمە، گرنگە بە هەمان بیرکردنەوەی نەوەدەکانەوە، بەڵام بە ستراتیژ و تێڕوانینێکی هەمەلایەنەتر، د. عەلی قەرەداغی دەتوانێ وەك سەرۆکی ڕێکخراوی زانایانی ئیسلامی جیهانی، کە یەکمجارە کەسایەتییەکی ناسراوی کورد، ببێتە سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە جیهانییە، زیاتر ڕۆڵ ببینێ لە نزیککردنەوەی نەتەوەکەمان و نەتەوەکانی جیهانی ئیسلامی و ڕۆڵی گەلی کورد لە خزمەتکردنی ئاینی ئیسلام و مرۆڤایەتی بە دنیا بناسێنێ. بەو هیوایەی میللەتانی سەردەستە، کورد وەك نەتەوەی ژێردەستە و ملکەچ هەژمارنەکەن. هەروەك چۆن ئاینە ئاسمانیەکان و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤیش جەخت لە پاراستن و مومارەسەکردنی هەموو مافەکانی نەتەوە جیاوازەکان دەکەنەوە، حەق وایە ئەو مافانەش بە نەتەوەی کورد ڕەوا ببینرێ و بەرگری لە دۆزەکەی بکرێت.

لە مێژووی کۆن و نوێشدا، کورد بەدەر لە سەڵاحەدینی ئەیوبی

چەندین عاریف و كەسایەتی گەورەی تێدا هەڵكەوتووە، كە خزمەتی زۆری ئاینی دادپەروەرییان كردووە، لە (ئیبن خەلەكانەوە بۆ شێخ مارفی نۆدێ و سەعید نەورەسی و مەولانا خالیدی نەقشبەندی و شێخ عوسمانی سەراجەدین و مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس و ئەحمەدی موفتی زادە) و دەیان كەسایەتی گەورەی تر.

دەبێ ڕۆڵ و كاریگەریی ئەم كەسایەتیانەش، لە خزمەتكردنی مرۆڤایەتی، بەدەر لە تەنیا نەتەوەو گەلێك بنرخێنرێت و ئیدی سەردەمی چەوساندنەوەو ڕەشەكوژی مرۆڤی كورد، لە سەردەمی هاوچەرخدا كۆتایی بێت!

لە كۆتاییدا، هیوای سەركەوتن بۆ د. عەلی محێدین قەرەداغی دەخوازم



## پێنجەم: دید و شایەتیدانی بەڕێز مامۆستا دكتۆر بەشیر حەداد، جێگری دووەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

جەنابی دكتۆر عەلی قەرەداغی یەكێكە لە ڕەمزە گەورە نەتەوەیی و نیشتمانی و ئیسلامییەكان، مامۆستایەكی بەڕێز و خۆشەویستە لە دڵی ئێمەدا، زانایەكی گەورە و گران قەدری گەلەكەمانە، یەكێكە لەو زانایانەی كە بەشی زۆری تەمەنی لە خزمەتی زانست و مەعریفەتدا بەسەربردووەو لەگەڵ ڕەوتی ئیجتیهادی سەردەمدا ڕۆشتووەو ئاگاداری ڕاوبۆچوونی زانایانی كۆن و نوێیە.

دكتۆر عەلی نمونەیەكی بەرز و دیاری دنیای زانست و ئەكادیمییە، نەك تەنیا لە كوردستاندا، بەڵكو لەسەر ئاستی جیهانی ئیسلامی بەگشتی، خزمەت و بەرهەمە زانستیەكانی

تەنیا بۆ نەتەوەکەی خۆی نەبووە، بەڵکو بۆ جیهانی ئیسلامی بووە، ڕاوبۆچوون و ئیجتیهاد و لێکدانەوە و ڕاڤەکردنە زانستییەکانی بۆ پرس و دەقەکان یان هەر بۆچوونێکی نوێی فیقهی هەبووە هەمووی بۆ خزمەتی مسوڵمانان بووە بەگشتی.

دکتۆر عەلی توانی بەرەو وەرگرتنی پسپۆڕی بڕوات و پسپۆڕییەکەی لە بواری ئابووری ئیسلامی و مامەڵە داراییەکاندا بوو بەتایبەتی، لەوێوە توانی بەرهەمی زانستی زۆر تایبەت پێشکەش بکات، بەرهەمەکانی لە بواری ئابووری و مامەڵە داراییەکان و بانکە ئیسلامییەکاندا بووەتە سەرچاوەگەلێکی باوەڕپێکراو بۆ هەموولایەك، وەك دەزانرێت کە مێژووی بانکە ئیسلامییەکان و مامەڵە دارایی و بانکە ناریبەویەکان بەگشتی شتێکی نوێیە لە جیهانی ئیسلامییدا، بۆیە پێویستیان بەسەرچاوەی شەرعی و فەتوای نوێ و ئیجتیهادی تازە هەیە.

بێگومان لەم بوارەدا جەنابی دکتۆر عەلی قەرەداغی دەستێکی باڵای هەبووەو خزمەتێکی کەم وێنە و لەبەرچاوی کردووە بەم بوارەو، کتێبخانەی ئیسلامی دەوڵەمەند کردووە و بۆشاییەکی گەورەی پڕکردووەتەوە لە بواری ئابووری ئیسلامی و مامەڵە داراییە سەردەمیەکاندا، بۆیە بە ڕێز و سوپاسەوە سەیری ئەو ڕۆڵ و زەحمەت و شاکارە جوانانەی دەکەین و ئیجتیهاد و ماندووبوونی دەنرخێنین، ئێمە شانازی دەکەین کە گەلەکەمان پیاوانێکی گەورەی وەك جەنابی عەلی قەرەداغی و خوالێخۆشبوو مستەفا زەڵمی و خوالێخۆشبوو مەلا عەبدولکەریمی مودەریسی تێدا هەڵکەوتووە، لێرەشەوە بانگەشەی ئەوە دەکەین کە گەنج و لاو و ڕۆڵەکانمان جێگە پێی ئەم پیاوە گەورانە هەڵبگرن و خۆیان بە زانست و زانیاری پڕ چەك بکەن و بچنە بواری خزمەتکردنی

زانسـتەوە لـە بـواری شـەریعەت و فیقهـی ئیسـلامیدا بـە نمونـە هەرچەند كەسێك پسپۆڕی لە بوارێكدا بەدەستبهێنن وەك پسپۆڕی تەفسـیر و فیقهـ و مێژوو، چـەندیـن بواری تـر، لەم ڕێگایـەوە دەتوانین گرفتـەكان چارەسـەر بكەیـن و ڕێگاچـارە بۆ پرسـە ئاڵۆزەكان بدۆزینـەوە، بەشـێوەیەك لـە ئاسـتی سـەردەم و واقیعـی خۆمـان دوانەكەویـن.

چەنـد بوارێكـی تـر هەیـە لـە ژیانـی جەنابـی دكتـۆر عەلـی قەرەداغیـدا پێـم خۆشـە ئاماژەیـان پـێ بـدەم، وێـڕای ئـەوەی كـە جەنابیـان زانایەكـی گـەورەو موجتەهیدێكـی دیـارن و پسـپۆڕێكی ئەكادیمیـن و بانگخوازێكـی نـاوازەن و كار بـۆ نزیككردنـەوەی دیـدە جیاوازەكان دەكـەن و لـە هەوڵـی بڵاوكردنـەوەی بیـری میانڕەویـدان، وێـڕای هەمـوو ئەمانـە جەنابیـان سوارچاكی بـواری كاری خێرخـوازیو مـرۆڤ دۆسـتین بەڕێـگای (رابیتـەی خێرخـوازی كـوردی)، جەنابیـان لـە ڕێـگای ڕابیتـەوە توانیویانـە خزمـەت بەدەیان هـەزار منداڵـی بـێ بـاوك و خەڵكـی هـەژار و نەخـۆش بكـەن لەسـەر ئاسـتی هەرێمـی كوردسـتان و عێـراق و چەندیـن وڵاتـی تـر لەسـەر ئاسـتی جیهانـی ئیسـلامی، جەنابیـان بەهـۆی ئـەو كەسـایەتیە بـەرزەی هەیەتـی و ئـەو متمانـە زۆرەی بەدەسـتی هێنـاوە لای خەڵكـی دەوڵەمەنـد و دارا توانیویەتـی هـاوكاری و داراییەكـی زۆر كـۆ بكاتـەوەو لەبـواری خێرخوازییـدا خـەرجی بـكات بـۆ خەڵكـی هـەژار و نـەدار و خوێنـدكار و هەركەسـێكی تـر داوای هـاوكاری كردبێـت لێیـان.

ئێمـە لەسـەر ئاسـتی كوردسـتان و عێراق سـەردەمێك بارودۆخـی دارایی زۆر خـراپ بـوو، لـەو ڕۆژگارەدا ڕابیتـە ڕۆڵێكـی كارا و لەبەرچـاوی هەبـوو لـە سـوككردنی مەینەتیەكانـی خەڵـك، بەڵكـو هەندێـك جـار بارگرانـی سەرشانی حكومەتیشیان سوك دەكـرد، چونكـە بەگشـتی هـەر خزمەتێك بـە كۆمەڵـگا بكرێـت دواجـار بـە خزمەتـی حكومـەت تـەواو دەبێـت.

بەهەمانشـێوە لـە بـواری بانگـەوازدا ڕۆڵێکـی گرنگـی هەبـووە لـە کۆکردنـەوەی زانایـان و یەکدەنگبوونیـان لـە چوارچێـوەی کار و چالاکییەکانـی لەنـاو یەکێتـی جیهانـی زانایانـی مسـوڵمان وەك ئەمینـداری گشـتی یەکێکتیەکـە، هەمـووکات جەنابیـان ڕۆڵ و چالاکـی جۆراوجۆریـان هەبـووەو، لـە چەندیـن وڵاتـی جۆراوجـۆردا ڕۆڵـی چارەسـەری بینیـوە لـە گرفـت و کێشـەکانیاندا، ئـەو متمانەیەی کـە زانایـان پێیـان داوە، بەتایبـەت جەنابـی دکتـۆر قـەرەزاوی، لـە پێدانـی پۆسـتی ئەمیندارێتـی گشـتی ئـەو ڕێکخـراوەدا، زایـەی نەکـردووەو بەڵکـو بەزیـادەوە ڕۆڵـی ئەرێنـی بینیـوە.

لـە هەرێمـی کوردسـتانی لەمـەڕ خۆمـان لـە سـەردەمی شـەڕی ناوخـۆدا لـە نێـوان دوولایەنـە سـەرەکییەکی کوردسـتاندا، ڕۆڵێکـی شـەرەفمەندانەو بوێرانـەی هەبـوو لـە ئاشـتەوایی نێوانیانـدا.



**شەشەم: مامۆستا ئارام قادر**

**سەرۆکی هاوپەیمانی نیشتمانی**

یەکێـك لـە شـاکارەکانی دکتـۆر عەلـی دامەزراندنـی زانکـۆی گەشـەپێدانە کـە بووەتـە وێسـتگەیەکی گرنگـی زانیـاری و پێشـکەوتنی زانسـتی بـۆ کوردسـتان.

لـە ڕاسـتیدا ڕۆڵـی دکتـۆر عەلـی قەرەداغـی بەرچـاو و گرنـگ و کاریگـەر بـووە لـە ڕووی خێرخوازی و هاوکاری کۆمەڵایەتی و پشـتیوانی کردنـی کۆمەڵگـەی کـوردی بەتایبـەت لـە پاش ڕاپەڕیـن، کـە خەڵـك ئاسـتی بژێـوی خـراپ و داڕووخـاوو بـوو، دکتـۆر عەلـی قەرەداغـی بویـە فریادڕەسـێك بـۆ زۆرێـك لـە خانەوادەکانـی کوردسـتان، لە بـواری پشـتیوانی کۆمەڵگـەی کـوردی توانـی سـەدان مزگـەوت بنیـات بنێـت،

دەیان بنكەی تەندروستی و پڕۆژەی خزمەت گوزاری پێشكەش بە میللەتی كورد بكات، فریاگوزار بێت بۆ هەزارەها منداڵی كورد ، كاریگەری ئەمەش تەنیا سنوردار نەبووە لە فریاكەوتنی دارایی بەڵكو كاریگەری دەروونی و كۆمەلایەتی هەبووە ، لەبەرئەوە كاروبارەكانی دكتۆر عەلی لە بواری خێر خوازی و كۆمەڵایەتی جێگەی دەست خۆشی و پێزانینەو توانی بە ڕۆڵێكی جوان كەمێك لە نارەحەتی و ژانەكانی ئەم میللەتە ساریژ بكات.

لەڕووی نەتەوەییەوە دكتۆر علی وەك كاراكتەرێكی كاریگەرهەمیشە ڕۆلی هەبووە لە ناساندنی كورد لە ناوەندە زانستی و نێو دەوڵەتیەكاندا، ئەوە شانازییە بۆ میللەتی كورد كە زانایەكی كورد پێشەوایەتی و ڕابەرایەتی دامەزراوەیەكی گرنگی جیهانی ئیسلامی دەكات، هەروەها ئەندامی كارای چەندین ڕێكخراوی فیقهی و زانستی گرنگی جیهانی ئیسلامییە، لە هەمانكاتدا دكتۆر عەلی توانیویەتی لە بواری ئابووری ئیسلامییدا خاوەن چەندین تیۆر و ڕای نوێ بێت لە بواری ئابووریدا كە بووەتە هۆی كارئاسانی و بار سوكی بۆ بازرگانان و خاوەن كارەكان لە جیهانی ئیسلامیدا، دكتۆر عەلی لە كاتی گرفت و كێشە نێو خۆییەكانی كوردستان كاری كردووە بۆ بەرقەرار كردنی ئاشتی و سەقامگیری لە كوردستان، بەهەوڵدان بۆ نێوەندگیری لە نێوان حزبە كوردییەكاندا، یەكێك لە شاكارەكانی دكتۆر عەلی دامەزراندنی زانكۆی گەشەپێدانە كە بووەتە وێستگەیەكی گرنگی زانیاری و پێشكەوتنی زانستی بۆ كوردستان.

ئەمانەش وا دەكات كە دكتۆر علی ببێتە شانازی بۆ گەلەكەی و ببێتە جێگەی ڕێزی هەموو كوردێك كە زاناو بیرمەندێكی وەك دكتۆرعەلی لە نێو هاوڵاتیانی كورد هەڵكەوتووە.



## حەوتەم: دید و شایەتیدانی بەڕێز دکتۆر سەید ئەحمەد عەبدولوەهاب پێنجوێنی

ئەوەی من دەیزانم لە بارەی جەنابی دکتۆر عەلی قەرەداغییەوە خودا سەلامەت و پارێزراوی بکات، جەنابیان لە بنەماڵەیەکی ڕەسەنی شێخانی قەرەداغن، لە خێزانێکی دین پەروەر چاوی بە ژیان هەڵهێناوە، لە سەرەتای تەمەنی منداڵیدا دەستی کردووە بە لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز و لەبەرکردنی مەتنی کتێبەکان و لە خزمەت بەشێکی زۆر لە گەورە مامۆستایانی قەرەداغ و سلێمانی خوێندوویەتی، بەتایبەت جەنابی مامی مامۆستا شێخ نجم الدین و مامۆستا شێخ مستەفا قەرەداغی، جەنابیان هەر لە سەرەتای تەمەنی منداڵییەوە بەپاکی و چاکی و دینداری و ساڵحی هێناویەتی و لە خانەوادەیەکی دین پەروەردا گەورە بووە.

دواتر پەیمانگای ئیسلامی تەواوکردووە لە سلێمانی بەسەرکەوتوویی و بە پلەی نایاب، بەوهۆیەوە دەبێتە پێش نوێژ لە مزگەوتی (حاجی عزیز لە گەڕەکی سەرشەقام لە شاری سلێمانی) دوای ئەوە بەرەو بەغداد دەکەوێتەڕێ بۆ تەواوکردنی خوێندنی بەکالۆریۆس لە کۆلێژی ئیمام ئەعزەم، ئەوکاتە خوێندن پێنج ساڵ بوو بەسەرکەوتوویی و بەپلەی نایاب کۆلێژی ناوبراو تەواودەکات، بەمەبەستی خوێندنی باڵا مۆڵەتی ڕەسمی وەرگرت لە وەزارەتی ئەوقاف، ئەوکاتە وەزیری ئەوقاف جەنابی دکتۆر (احمد عبدالستار الجواری) بوو خودا لێی خۆش بێت، پیاوێکی زانا و دانا و ئەدیب و دیندار بوو، بەباشی جەنابی مامۆستا عەلی قەرەداغی دەناسی و

ڕێزی لێ دەگرت، ناسینەكەی بەهۆی ئەوەوەبوو كە جەنابی مامۆستا عەلی لە مزگەوتی قەمەریە لە بەغداد پێشنوێژ و وتارخوێن بوو، بەخۆشحاڵییەوە جەنابی وەزیر و وەزارەتی ئەوقاف داواكارییەكەیان قبوڵكرد و بە خێزانی چوون بۆ وڵاتی میسر و چەند ساڵێك لەوێ مانەوە تا بڕوانامەی دكتۆراكەی بە پلەی نایاب لەگەڵ (مرتبة الشرف) بەدەستهێنا.

دواتر چووە وڵاتی قەتەر و لەوێ نیشتەجێ بوو، ڕەگەزنامەی قەتەری بەدەستهێنا ئیدی لەوكاتەوە دەستیكرد بە وانە وتنەوە لە وڵاتی قەتەر و بویە مامۆستا و سەرۆكی بەشی ئوسولی فیقهـ، لەهەمانكاتدا بووە وتاربێژی مزگەوتی (عائیشە) خودا لێی ڕازی بێت، بەڕێزیان وێڕای شارەزایی زۆریان لە شەریعەتدا خاوەن پلە و پایەیەكی بەرزن باوەڕم وایە و دڵنیام لەم قسەیەی دەیكەم كە بەڕێزیان گەیشتونەتە پلەی ئیجتیهاد لە كۆی زانستە شەرعییەكاندا بە هەموو مەزهەب و ڕێباز و قوتابخانە فیقهی و ئوسوڵیەكانەوە.

لەسەر وانە وتنەوە بەردەوام بوو تا نازناوی (الأستاذیة)ی پێدراو بوویە پڕۆفیسۆر، دوای ئەو ماوەیە وازی لە كاری زانكۆ هێناو خۆی تەرخانكرد بۆ پسپۆڕی لە بواری ئابووری ئیسلامییدا بەشێوەیەك گومان دەبەم هیچ كەس شان نەدات لە شانی و لە ئاستی بەڕێزیاندا نەبێت، لەڕووی شارەزایی لە ئابووری ئیسلامی و بانكە ئیسلامییەكاندا، سەرەنجام كۆمەڵێك بەرهەمی زانستی ناوازەی لەو بوارەدا نووسی.

ئەو كتێب و لێكۆڵینەوە زانستییانە زیاتر لە بیست بەرگ دەبن كە پڕن لە نوسینی نایاب و داهێنانی زانستی زۆر لە بواری ئابووری ئیسلامییدا بەشێوەیەك بەشێك لە بەرهەم و

نوسینەکانی بەڕێزیان بووەتە پرۆگرامی خوێندن لە زانکۆکانی قەتەر و مالیزیا و شوێنانی تر.

وێڕای ئەو بەرهەمە ناوازانە چەندین بەرهەم و نوسینی بەهێز و بەپێزی تری هەیە لە بوارە جیاجیاکاندا بەتایبەت کتێبێکی ناوازەی نوسی بەناوی (فقه المیزان) لە مێژووی مسوڵماناندا کتێبی هاوشێوە نەنوسراوە بە بڕوای من، خەڵکێکی زۆر لە نوسەر و ئەدیب و زانایان هەمان شایەتی دەدەن.

لە سەروبەندی دامەزراندنی یەکێتی جیهانی زانایانی مسوڵمان لە ساڵی ٢٠٠٤ ز. دا لە لەندەن، دوای چەند ساڵێك لە دامەزراندنی ئەو یەکێتییە بە ئەمینداری گشتی یەکێتییەکە هەڵبژێردراو تا ئێستاش لەسەر کارەکەی بەردەوامە و بە ئەوپەڕی دڵگەرمی و دڵسۆزییەوە کارەکانی جێبەجێ دەکات، جەنابیان بە حوکمی کارو شوێنەکەی یەکێکە لە کەسە زۆر نزیکەکانی جەنابی دکتۆر قەرەزاوی.

لەگەڵ سەرقاڵی زۆر و کار و پرۆژەی بەردەوامدا بەڕێزیان بە ئێستاشەوە ڕاوێژکاری کۆمەڵێك بانکی ئیسلامییە لەسەر ئاستی جیهان، لەهەمانکاتدا ئەندامە لە دامەزراوەی ئۆکسفۆرد لە بەریتانیا، هەروەها ئەندامێتی هەیە لە چەندین کۆڕبەندی فیقهیدا، لە زۆربەی پانێڵ و کۆنگرەکاندا بەشدارە و پیاوێکە بە گەشتکردن و سەفەری زۆر ناسراوە، بەشێوەیەك ئەمڕۆ لە فڕۆکەیەك دادەبەزێت و سبەینێ لە فڕۆکەیەکی تر سەردەکەوێت، ئەمەش وایکردووە کەمتر بتوانێت بکەوێتە ماڵەوەو لەگەڵ خێزان و منداڵەکانی ژیان بەسەر ببات.





## هەشتەم/ دیدو شایەتیدانی سەرۆكی زانكۆیی گەشەپێدانی مرۆیی

بەڕێز پرۆفیسۆر دكتۆر عەلی قەرەداغی ئەو كەسایەتیە بەڕێزەیە كە كەم كەس هەیە ناوی نەبیستبێت، چونكە ناوی بەڕێزیان لكاوە بەخزمەتكردنی میللەتەكەمانەوە، هەمووان ناوی رابیتەی ئیسلامی كوردمان بیستووە، كە بەڕێزیان دایانمەزراندووە، ئەم دەزگایە دەزگایەكی خێرخوازیەو یارمەتیدەرێكی باشی بووژاندنەوەی كوردستان بووە، لە ئاوەدانكردنەوەی دێهات و شاروشارۆچكەكانی كوردستان بە دروستكردنی مزكەوت و پڕۆژەی خێرخوازیی و خزمەتكردنی مندالانی بێباوك و چەندین كاری خێرخوازی تر.

ئەم كەسایەتیە جیهانیە ماندوونەناسە كە دەیان ساڵە لە خزمەتی بوارە جیاجیاكاندا جێدەستی دیارە، سەرەڕای ئەوەی زانایەكی ئاینی دیارە لەجیهانی ئیسلامیدا، لەبواری ئابووریی ئیسلامیدا مەرجەع و سەرچاوەیەكی پڕ زانستە و سوود لە تواناو شارەزایی بەڕێزیان وەرگیراوە، چ لە بواری بانكیدا بێت یان هەر بوارێكی تری ئابووریی بێت، بەڕێزیان لەبواری خزمەتكردنی زانست و ئەكادیمیدا وەك زانایەك و ئەكادیمەیەكی خاوەن خیبرە توانیویەی خزمەتێكی باش پێشكەش بەقوتابیانی زانكۆ و بواری توێژینەوەی زانستی بكات.

ئەوەبوو لە ساڵی ٢٠٠٨ز زانكۆی گەشەپێدانی مرۆیی لەهەرێمی كوردستان دامەزراند، ئەم كارە خۆی لەخۆیدا پێویستیەكی گرنگی ناوچەكە بوو، چونكە بۆشاییەكی زۆر لەم بوارەدا لە كوردستان بوونی هەبوو، بۆیە بۆ پڕكردنەوەی ئەم بۆشاییە زانكۆی گەشەپێدانی مرۆیی كە یەكەم و تاكە زانكۆی قازانج نەویستە خستیە خزمەتی

نـەك تەنهـا قوتابیانـی هەرێمـی کوردسـتان بەڵکـو خەڵکـی عێـراق و دەرەوەی عێـراق و بـەر هـەزاران قوتابـی تـا ئێسـتا لـەم زانکۆیـە بڕوانامەیـان وەرگرتـووە.

بـۆ نموونـە بەسـەدان قوتابـی ئـاوارەی سوریا لەهەرێمـی کوردسـتان بێبەرامبـەر لـەم زانکۆیـە خوێندوویانـەو بڕوانامەیـان وەرگرتـووە، بەردەوامیـش سـاڵانە ژمارەیەکـی بەرچـاو وەردەگیرێـن. هەروەهـا سـاڵانە لـەم زانکۆیـە قوتابیانـی کەمدەرامـەت و هـەژار یارمەتـی دەدرێـن کـە کرێـی خوێندنیـان لێوەرناگیرێـت.

بەنـدە وەك سـەرۆکی زانکـۆی گەشـەپێدانی مرۆیـی ئـەم شایەتیە دەدەم کە سـەرەڕای کاری زۆری بەڕێزیان وەك ئەمینداری گشـتی یەکێتـی جیهانـی زانایانـی مسـوڵمان و دەیـان کاری تـری بەڕێزیـان کـە هەمـوو لەچوارچێـوەی خزمەتکردندایە لەنزیکـەوە خەمخۆرانـە بـەدەم کارەکانـی زانکۆوەیە وەك خاوەنی زانکۆ و وەك سەرۆکی ئەنجومەنی ئەمینداریێتی زانکـۆ بـەردەوام لـە هەوڵـی پێشخسـتنی زانکۆدایـە، بەیارمەتـی ماددی و مەعنـەوی بەڕێزیـان زانکـۆ بـەردەوام لەپێشـکەوتندایە، لەئێسـتادا زانکـۆی گەشـەپێدانی مرۆیـی لەسـەر ئاسـتی زانکـۆ تایبەتـەکان لەهەرێمـی کوردسـتان و عێـراق لەپلـەی یەکەمدایـە، سـاڵانە لەریزبەنـدی زانکـۆ جیهانیەکانیـش بەرەوپێـش دەچێـت.

خزمەتـە گەورەکانـی بەڕێـز پرۆفیسـۆر دکتـۆر عەلـی قەرەداغـی جێـی دەستخۆشـی بـووە لەلایـەن سـەرکردایەتی کوردیـی و خـەڵکـی هەرێمـی کوردسـتان و جیهانـی ئیسـلامی.

لـە کۆتایـدا هیوایـی تەمـەن درێـژی بـۆ بەڕێزیـان دەخـوازم و لەخـوای گـەورە داواکارم کـە نموونـەی بەڕێزیـان زۆر بێـت بـۆ خزمەتکردنـی گـەل و نیشـتمان.

پ. دکتۆر مەریوان ئەحمەد رەشید



## نۆیەم: عەللامەی قەرەداغی و ڕەهەندەكانی كەسایەتیی ئەو پرۆفیسۆر دكتۆر سەباح بەرزنجی

زانای ناودار و پایەبەرز دكتۆر عەلی قەرەداغی، ناوێك و بالایەكی زانستی و فیكریی بەرزە لە سەر ئاستی كوردستان و ناوچەكە و جیهان بە گشتی .

ئەو كەسایەتییەكی كوردستانی ڕەسەن و ڕیشەدارە ، لە ڕووی بنەماڵەوە لە ساداتی كوردستانە و لە ڕووی خوێندنەوە واریسی عیلمی مەدرەسەكانی قەرەداغ و سلێمانی و درێژەپێدەری كاروانی قەرەداغییەكان و تەكیەییەكان و بەرزنجییەكان و زەهاوییەكانە . دوای وەرگرتنی مۆڵەتنامەی زانستیی دوانزەعیلمی ئەدەبی و علومی عەقڵی و نەقڵیی، ئینجا ڕوودەكاتە بەغداد و لە مەدرەسەی ئیمامی ئەعزەم دەبێتە شاگردی عەللامە گەورەكانی وەك حەمەد ئەلكوبەیسی و هاشم جەمیل و عەبدولكەریم زەیدان و بە شانازییەوە دەبێتە یەكەمی دەورەكەی خۆی. لەبەر لێهاتوویی كاندید دەكرێ بۆ خوێندن لە ئەزهەری شەریف بۆ وەرگرتنی ماستەر و دكتۆرا ، لەوێش هەر بە پلەی ئیمتیاز شەرەف بڕوانامە وەردەگرێت لە بەراوردی شەریعە و قانوندا . كەواتە دەتوانین بڵێین شێخی قەرەداغی لە هەردوو بواری خوێندنی حوجرەی كلاسیك و زانكۆی ئەكادیمیدا ئەستێرەیەكی درەوشاوەی ئاسمانی عیلم و مەعریفەتە.

هەنوكە ئەو لە جیهانی ئیسلامدا لەبەرزترین زانكۆ و مەحفەلە عیلمییەكاندا ئامادەگییەكی بەرچاو و ناوازەی هەیە و نووسین و توێژینەوە و ئەندامێتی ئەو لە كۆڕ و سمینارو ئەنجوومەنە فیقهییەكاندا گەواهیی پلەی بەرزی ئەو دەدەن.

لەکاری خێرخوازیی و ژیاری و ئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا، وا لە ڕیزی پێشەوەی هەموو ئەو کەسانەی کاری خێرخوازیی دەکەن . ڕابیتەی ئیسلامیی کورد لە کاتی دروستبوونییەوە زۆرترین خزمەتی بە کورد و کوردستان کردووە، ٣١ ساڵی ڕەبەقە خەریکی ئاوەدانکردنەوەی کوردستانە ، پرۆژەکانی پرۆژەی نەوعیی و فرەچەشنن ، لە مزگەتەوە بگرە تا خەستەخانە و قوتابخانە و یارمەتی بێباوکان و هەژاران بەبێ جیاوازیی لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا جێگەدەستیان دیارە. کە بێگومان ئەم دەزگا خێرخوازییە بە پلەی یەکەم بەرهەمی هەوڵ و تێکۆشانی پرۆفیسۆر شێخ عەلی قەرەداغییە.

لە هەمان کاتدا توانیویەتی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی لە سلێمانی دابمەزرێنێت و هەزاران کەس لەبواری زانست و مەعریفەی نوێدا بخاتە سەر ڕێی فێربوون، ئەم زانکۆیە لە ماوەیەکی قیاسییدا توانی ببێتە یەکێك لە زانکۆ سەرکەتووەکانی ناوچەکە و لە ڕیزبەندییەکاندا بچێتە پێشەوە و حاڵی حازر ناونیشانێکی بەرز و پێگەیەکی وای هەیە کە خەڵکی کوردستان شانازیی پێوە دەکەن .

شێخی قەرەداغی تەنیا کەسایەتیەکی زانستی و خێرخوازیی نیە، ئەو کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتییشە پەیوەندیی زۆر باشی بەهەموو چینو توێژەکانەوە هەیە، شێوازی ڕاکێشان و تەوازوعی زۆر و خاوەنی لێبوردەیی نموونەییە. لەم ڕووەوە دەکرێت بڵێین زۆر لە زانایانی سەلەف دەچێت وەکو عەللامە مەلا عەبدولکەریمی مودەڕریس و عەللامەی زەڵمی، کە هەمیشە لە خزمەتی چین و توێژەکانی کوردەواریدایە.

لە دەرەوەی کوردستانیش پێگەی عیلمی و کۆمەڵایەتی خۆی بەکارهێناوە بۆ داکۆکیی لە پرسی ڕەوای گەلانی موسوڵمان بە

تایبەت پرسی ڕەوای گەلی كوردستان و خاوەنی پرۆژەی چارەسەری كێشە درێژخایەنەكانیەتی . لە كێشە سیاسیەكاندا ئەم زانا گەورەیە ڕۆڵی چاكسازیی و ئاشتەوایی دەبینێت و بەشێكە لە چارەسەر، چونكە هاوسەنگیی خۆی پاراستووە و ڕێگەی نەداوە توندڕەویی لە هەڵوێست و بڕیارەكانیدا هەبێ.

لە بواری فیكری مەقاسیدیی و میانڕەوییدا خاوەنی تیۆر و توێژینەوەی بەهادارە ، كتێبی ناوازە و بەرهەمی ئەو لە ناوەندە زانستییەكاندا بوونەتە سەرچاوەی متمانە پێكراو. جێی داخە لە كوردستان تاكو ئێستاش وەكو پێویست سوود لە بەرهەمەكانی نەبینراوە بەو هیوایەی زانستخوازان و زانایانی كوردستان زیاتر سوود لە فیكر و ئەزموونی ئەم كەسایەتییە بەرزە وەربگرن و لانی كەم وەكو وڵاتانی عەرەبی قەدری بزانن.

لە خوای گەورە داواكارم ئەم زاتە پایەدار و كاروانەكەی پڕ ڕێبوار بێت و بەرهەمەكانیشی بەرەكەتدار بن.



### دەیەم: دیدی بەڕێز مامۆستا زاهد ئەسعەد محمد

لە ساڵی ١٩٧٣ز جەنابی دكتۆر عەلی قەرەداغیم ناسی، ئەوكاتە بەڕێزیان قوتابی قۆناغی سێیەمی كۆلێژی (الإمام الأعظم) بوو، ڕاستە لە قۆناغی خوێندن و قوتابی بووندا بوو، بەڵام ناو و ناوبانگێكی لەبەرچاوی هەبوو، ئەوەش لەبەرئەوەی كە ئاستی زانست و هۆشیاری لە ئاستێكی باڵادابوو، بەردەوام لەگەڵ قوتابی و مامۆستاكاندا پەیوەندییەكی باشی هەبوو، بەسەركەوتویی و پلەی نایاب ساڵانی خوێندنی تەواوكرد.

مامۆستای وانەی تەفسیر بوو لە مزگەوتی (البنیة) لە شاری بەغداد، لەگەڵ جەنابی مامۆستا (محمود غەریب) کە پێشنوێژ و وتاربێژی مزگەوتەکەبوو.. لە زۆربەی چالاکی و بۆنە ئاینیەکاندا بەشدار دەبوو، لە مزگەوتەکانی شاری بەغداد. دوای تەواوکردنی کۆلێژ ڕاستەوخۆ لە وڵاتی میسر لە ئەزهەر قبوڵکرا بۆ خوێندنی ماستەر، دواتریش دکتۆراکەی لە هەمان زانکۆ تەواوکرد. ئەوەی گرنگە لێرەدا بوترێت خستنەڕووی بەشێك لە کاروچالاکی و خزمەتەکانی بەڕێزییانە، لەوانە:

**یەکەم: ڕۆڵ و بەشداری کارای بەڕێزیان لەکاری خێرخوازی و مرۆڤ دۆستی و زانستیدا، لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ز:**

١- کارو پرۆژە زۆر و لەبەرچاوەکانی لە ڕێگەی ڕابیتەی خێرخوازییەوە: بەشێوەیەکی سەرتاسەری لە هەموو کوردستاندا، شار و شارۆچکە و گوندەکان. هاوکاری و لەئەستۆگرتنی منداڵانی بێ باوك، بەڕێژەیەکی لەبەرچاو و بەشێوەیەکی بەردەوام، ئەو هاوکاریکردنە وێڕای یارمەتیدانی دارایی، بواری پەروەردەیی و زانستیشی گرتبووەوە، بەشێوەیەك، بەشێکی زۆری خەڵك خۆزگەی بەو منداڵانە دەخواست.

٢- کاری زانستی و ئەکادیمی: جەنابی دکتۆر عەلی قەرەداغی تەنیا بایەخی بەکاری خێرخوازی نەدابوو، بەڵکو لەپاڵ ئەو کارە گرنگ و پیرۆزەدا، بیری لای خزمەتی زانست و زانست خوازان بوو، بۆیە گرنگی زۆری دەدا بە کردنەوەی قوتابخانە و ناوەندی فێرکردن و لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز، تا گەیشت بە ئاواتی ئەوەی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی دابمەزرێنێت.

٣- لەڕووی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە: جەنابیان

توانایەكـی باشـیان هەیـە لەوبـوارەدا، پەیوەندییەكـی سـەركەوتوویان هەیـە لەگـەڵ هەمـوو لایـەن و دامەزراوەكانـی كوردسـتان، بەبـێ جیاوازیكـردن لـە نێوانیانـدا.

**دووەم: ڕۆڵـی بەڕێزیـان لـە پرسـی كـورد و پرسـە ئیسـلامییەكاندا بەگشـتی:**

١- لەبـواری ناسـاندنی مەزڵومیەتـی گەلـی كـورددا، ڕۆڵێكـی لەبەرچاوی هەبـوو، توانیـان دۆزی كـورد ببەنـە ناوەنـدە عـەرەبـی و جیهانیـەكان.

٢- لـەڕووی پرسـە ئیسـلامییەكانەوە، بەروونـی ئـەوە بـە ژیانـی بەڕێزیانـەوە دیـارە، كـە وەك بڵێـی خـۆی بـۆ ئـەم پرسـە یەكلاكردووەتـەوە، بەشـێوەیەك خزمەتـی بـەردەوام و هەوڵـی بـێ وچانـی هەیـە لـەم بـوارەداو، هەمـووان شـایەتی ئـەو ڕاسـتییەن.

٣- لەسـەر ئاسـتی ولاتانێكـی زۆر ڕۆڵـی پێشـەنگی و ئاشـتەوایی و خزمەتكردنیـان لەبەرچـاوە، لـە ناوخـۆی هەرێمـی كوردسـتانیش ڕۆڵـی لەبەرچاویـان هەبـووە لەبـواری ئاشـتەوایی دا.

**سـێیەم: لەڕووی فیكر و ئیجتیهاد و توانای زانسـتییەوە:**

توانـای زانسـتی و هێـزی فیكـری و بوێـری جەنابیـان لەبـواری ئیجتیهـاددا، ڕاسـتییەكی سـەلمێنراوەو دوور و نزیـك شـایەتی لەسـەر دەدەن، بەڕێزیـان بەهـۆی ئـەو پاشـخانە زانسـتییەی كـە لـە حوجرەكانـی كوردسـتان و لەسـەر دەسـتی مامۆسـتایان بەدەسـتی هێنابـوو، هەروەهـا ئـەو دنیـا بینیـەی هەیانبـوو لـەڕووی ئەكادیمیـەوە، یارمەتیدەرێكـی باشـە بۆیـان بـۆ فەتـوای نـوێ و وەڵامدانـەوەی پرسـیارە ئاڵـۆزەكان و ئیجتهـادی سـەردەم، بەتایبـەت لـەڕووی ئابـووری ئیسـلامی و مامەڵـە داراییەكانـی سـەردەمەوە جەنابیـان كەسـێكی دیـار و هەڵكەوتـووی ئـەو

بوارەن و لەسەر ئاستی وڵاتە زلهێزەکان پێشوازی لێدەکرێت بۆ سوودمەندبوون لە بیروڕا و سەرنجەکانیان، بەرهەم و نوسینەکانی بەڕێزیان سەبارەت بە ئابووری ئیسلامی و مامەڵە داراییەکانی سەردەم، نمونەیەکی لەبەرچاون و لەسەر ئاستی جیهان سودیان لێ وەردەگیرێت.

وێڕای هەموو ئەمانە بەدیارکەوتنی جەنابی دکتۆر عەلی قەرەداغی لەسەر ئاستی جیهانی ئیسلامی و جیهان بەگشتی، وەك زانایەکی کورد جێگای شانازییە و دەبێت بنرخێنرێت.

لەڕوویەکی ترەوە جەنابیان وەك زانایەکی میانەڕەو توانیویانە بە ڕەفتار و گوفتاری جوانیان پردی پێکەوەکران و پێکەوەژیان ببەستن لەگەڵ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەگشتی، بەتایبەت لە ڕێگای یەکێتی جیهانی زانایانی مسوڵمانەوە.

لە کۆتاییدا هیوای سەرکەوتنی بەردەوام و دامەزراوی و تەمەن درێژی بۆ دەخوازم.



## یانزەیەم: وتەی بەڕێز: (مامۆستا ڕشید طه عثمان)

بەڕێز دکتۆر عەلی محي الدين قەرەداغی کەسایەتییێکە پێگە و ناوبانگی خۆی هەیە لە جیهاندا لە چەند لایەکەوە لە چالاکیەکانی بانگەوازیدا ڕۆلی خۆی بینیووە لە سەر ئاستی جیهانی ئیسلامی، یەکێك لە گەورەترین و دیارترین کارەکانی دامەزراندنی (یەکێتی جیهانی زانایانی مسوڵمان)ە لەگەڵ ژمارەیەك لە زانایانی تر وەك د. یوسف قەرەزاوی ئەم

دامەزراوە ئاینی و جیهانییە سەربەخۆیی خۆی هەیە لە هەموو ڕوویەكەوە وهەموو جیهان دەگرێتەوە، بۆیە زیاتر لە نەوەد و پێنچ هەزار كەسایەتی زانستی و ئاینی وەك ئەندام لەخۆ دەگرێت، شەست و حەوت كومەڵەی ئاینی ودەزگای زانایانەوە و نوێنەریەتیەكان لە زیاتر لە هەشتا و سێ وڵات لە خۆ دەگرێت. ئەم یەكێتییە (یەكێتی جیهانی زانایانی مسوڵمان)لەسەر بنەمای ئاینی ئیسلام دروست بووە, دوور لە حیزبایەتی و شوڤێنزمی و دەمارگیری و بیروباوەڕی دووبەرەكی ئاینی و ڕێباز خواز و هەڵساوە بە ڕۆڵێكی بە كار و ئیفتائی و بانگەوازی و ڕاوێژی لە جیهانی ئیسلامییدا. ئەم تەجەمموعە جیهانییە نا كەوێتە ژێر كاریگەری هیچ لایەنێكی سیاسی یان بیرۆكەیەكی سیاسی و لەسەر ڕێبازێكی مام ناوەند و میانڕەو دەڕوات دوور لە پەڕگیری و بەرتەنگی هزری و بایەخێكی زۆر دەدات بە كێشەكانی جیهانی ئیسلامی و هەوڵی جێبەجێكردنی پێكەوە ژیانی ئاشتییانە دەدات. یەكێتی جیهانی زانایانی موسڵمان بووە بە ژێدەرێكی گرنگ و هەرە سەرەكی ڕەوا و شەرعی بۆ موسڵمانان. هەموو ئازاری موسڵمانان دیاریدەكات  و چارەسەری بۆ دادەنێت, هەوڵدەدات بۆ جێبەجێكردنو خزمەتكردنی كێشەكانی جیهانی ئیسلام. مەواقیفی ئەم یەكێتییە سەربەخۆن و نوێنەرایەتی مسوڵمانان دەكات بە هەموو چینو ڕێبازەكانەوەو دەوەستێت لە گەڵ ستەم لێكراوەكانو كەسانی چەوساوە لەهەرجێگایەك بێتو پشتگیرییان دەكات.

هەروەها لە كارەكانی د. علی قەرەداغی دامەزراندنی (رابیتەی ئیسلامی كوردی)یە لە ساڵی ١٩٨٨ز لەهەمانكاتدا سەرۆكایەتی ئەم دەزگا خێرخوازییە دەكات و ئەمە بەڵگەیە

لەسـەر گرنگیـدان و بایـەخ پێـدان بـە کێشـەکانی نەتەوەکـەی و هاوخـەمبـووە, بۆیـە ئـەم ڕابیتـەیـە دەورێکـی کاریگـەری هەیـە لـە بـواری خێرخـوازی و ئاوەدانکردنـەوەدا لـە هەرێمـی کوردسـتان هـەر لـە سـاڵی ١٩٩١ ەوە و بـە تایبـەت پـاش ئـەوەی ژێرخانـی ئابـووری هەرێمـی کوردسـتان و عێـراق توشـی وێرانـکاری بـووەو بارودۆخـی ئابـووری لاواز بـوو لـەو ماوەیـەدا ڕابیتـەی ئیسـلامی ڕۆڵـی خـۆی بینیـووە و جێپـەنجـەی خـۆی هەبـووە لە هەر شـوێنێك لـە هەرێمی کوردسـتان لـە ڕووی هاوکاریکردنـەوە ئـەم دەزگایـە هەڵسـاوە بـە دابەشـکردنی هاوکارییـەکان و سـەبەتەی خـۆراك لەسـەر چینـی هـەژار و کـەم دەرامـەت و ئـاوارەکان و زیـان پـێ کەوتـووان.... هتـد.

لـە ڕووی ئاوەدانکردنـەوەوە ڕابیتـەی ئیسـلامی زۆر ئیشـی کـردووە لـە هەرێمـی کوردسـتان بـە تایبـەت پـاش سـاڵی ١٩٩١ز و تائێسـتا، وەك دروسـتکردن و کردنـەوەی قوتابخانـە و مزگـەوت لـە دێ و شـارەکان وکەمپـی ئـاوارەکان و گرنگیـدان بـە کاروبـاری ئـاوارەکان و بنیاتنانـی نەخۆشـخانە و هەڵکەندنـی بیـری ئـاو لـە هەنـدێ جێگای نێشـتەجێبوون، دروسـتکردنی تـۆڕی دابەشـکردنی ئـاو.

سـەرەرای ئـەوەش پـرۆژەی کەفالەتـی هەتیـو (کەفالەتـی منداڵانـی بـێ بـاوك یـان دایـك) دانـاوە لـە کاتێکـدا هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق لـە ژێـر دۆخێکـی سـەخت ونـا سـەقامگیر و ئاژاوەگێـڕ دەژیـا وهەروەهـا نەبوونـی حکومـەت و تێکچوونـی بارودۆخـی ئابـووری، د.عەلـی قەرەداغـی توانـی لـەو سـەردەمە دژوارەدا هـاوکارو یارمەتیـدەری گەلەکـەی خـۆی بێـت.

ئەگـەر باسـی پـڕۆژەی کەفالەتـی هەتیـو (کفالة اليتيم) بکەیـن و بـە کورتـی کـە شـایەتن لـە سـەر خزمەتـی گـەورەی جەنابـی د. علی محـي الديـن قەرەداغـی لە ڕێگای ڕابیتەی ئیسـلامی کوردی لە کاتێك

هەرێمی كوردستان و عێراق بە دەیان ساڵ لە دوخێكی نا بەكار و نا خۆش تێدەپەڕی لە هەموو ڕوویەكەوە، هەروەها هەرێمی كوردستان تووشی پاكتاوكردنی ڕەگەزی بووە لە ژێر دەسەڵاتداران و ڕژێمەكانی كار بەدەست لەو كاتەدا. گەمارۆی ئابووری لە سەر عێراق و شەڕی برا كوژی لە هەرێمدا ئەمانە بووە هۆی ئەوەی ڕێژەی هەژاری و بێكاری و ڕێژەی مندالانی هەتیو ( بێی باوك یا ن بیْ دایك )بەرەو زیادبوون بڕوات. لەوە خراپتر ئەو مندالانەی كە هەتیون نا چار بوون واز لە خوێندنیان بهێنن و دەست بكەن بە كارێكی كەم داهات، بو ئەوەی بتوانن خێزانەكانیان بەخێو بكەن بۆیە پاشەڕۆژیان ون بووە، بەڵام ڕابیتەی ئیسلامی كوردی ڕۆڵی خۆی هەبووە بۆ ڕزگاركردنی ئەم توێژە یان چینی گرنگە لە ناو كۆمەڵگا، كە ئەوانە هیچ تاوانێكیان نییە لە ڕووداوەكان و ئاڵۆزی لە دەوریان و ئەمە وەك دەزگاییێكی خێرخوازی دەستیكرد بە ئیشی خۆی بە شێوازێكی كاریگەر و كەفالەتی ژمارێكی زۆری منداڵی هەتیو (یتیم) كرد بە ناوی پڕۆژەی (كفالە الیتیم) هەروەها كەفالەتی ژمارەییێك لە كەسانی پەككەوتوو و قوتابی كرد بە بیْ سەیركردن لە نەتەوە و چین و ڕێباز (مذهب) ی ئەو كەسە بكات وچاودێریان دەكرد لە ڕووی ئابووری، پەروەردەیی، خوێندن، فێركردن، تەرفیهی و ڕۆشنبیری. ڕابیتەی ئیسلامی توانی زیاتر لە (١١,٠٠٠) هەتیو (یتیم) بە خێوبكات و كەفالەتیان بكات لە هەرێمی كوردستان بە باشترین شێوە. بەم كارە مرۆڤایەتییە ئەم دەزگایە توانی هاوكار بێت بە چالاككردنی ئابووری لە ڕێی كاركردنی هاوڵاتی و كەم كردنی ڕێژەی بێكاری لە ناو خەڵك لە بەرئەوەی بەڕێوەبردنی ئەم پڕۆژانە و كاركردن لەم پڕۆژانەدا هەر بۆ هاوڵاتی دەگەڕێتەوە.

سـەرەرای ئـەو هەمـوو گیروگرفتانـە، بـەڵام بـە هیممـەت و پاڵپشـتی جەنابـی د.علـی قەرەداغـی و کەسـانێن خۆبەخـش و خێرخـواز کاروانـی مرۆڤایەتـی بەردەوامـە بـۆ جێبەجێکردنـی ئامانجـەکان بەسـەرکەوتووانە و بـە دڵسـوزی بۆ ئـەوەی بیگەیێنێت بـۆ کەسانی شاییسـتە و مافـدار. فەزڵـی ئـەم خزمەتـە بـۆ خەڵکـی ناوچـە دەگەڕێتـەوە بـۆ د. عەلـی قەرەداغـی لـە بەرئـەوەی جەنابیـان پشـتیوانن بـۆ دابینکردنی خەرجـی پڕۆژەکانی خێرخوازی چ بـە ڕاسـتەوخۆ یـان نـا ڕاسـتەوخۆ. ڕابیتـەی ئیسـلامی کـورد بـە هـەزاران پـڕۆژە جێبەجێکـراون تـا ئێسـتا و چـەندیـن پـڕۆژە لای د. قەرەداغـی کـراوە وەك پـڕۆژەی کردنـەوەی (زانکـۆی گەشـەپێدانی مرۆیـی) و زۆری تـر.

لـە ڕووی زانسـتییەوە ئـەم زانکۆیـە وەك دەسـتکەوتێکی زانسـتی گەورەیە لـە هەرێمـی کوردسـتان و یەکێکـە لـە باشـترین ناوەنـدی ئەکادیمـی لـە ناوچەکـە ولـە سـەر دەسـتی پڕۆفیسـۆر دکتـور علـی محـی الدین قەرەداغـی لـە سـاڵی ٢٠٠٨ز. دامـەزرا ناوبانگـی هەیە لـە سـەر ئاسـتی جیهـان ئامانجەکـەی دیـارە بـۆ خزمەتکردنـی زانسـت و وەك قەڵغانێکـی زانسـتی، ئـەم زانکۆیـە ڕیکۆردێکـی سەرسـوڕهێنەر و نوێـی تومارکـردووە، بـە توانـای سـتاف و دەسـتەی سـەرکەوتووی ئـەم زانکۆیـە و شـارەزایی د. علـــی قەرەداغـــی توانیویەتـی پلـەی یەکـەم بـە دەسـت بێنێـت لـە سـەر ئاسـتی زانکـۆ تایبەتەکانـی هەرێمـی کوردسـتان وهەمـوو عێـراق و پلـەی سـێهەم بێنێـت لـە سـەر ئاسـتی زانکـۆ تایبـەت و حکومیەکانـی هەرێمـی کورسـتان و ئـەم هەمـوو ڕیکۆردانـە دەلالەتـی حیکمـەت و توانـای جەنابیانـە. ئـەم زانکۆیـە بوویـە قەڵاییێکـی دیـار و گرنـگ وەك هـەر جـار د. علـی قەرەداغـی بـووە پاڵـدەر و پێشـەنگی

كاروانی زانست و زانین لە ناوچەكە. ئەمە وەك هاوكارییێكەش بو ئەو قوتابیانەی حەزی خوێندنیان هەیە و باری ئابووریان نا جێگیرە، ئەم زانكۆیە لە بەر كەمی نرخەكەی خوێندن و لە گەڵ دۆخی ئابووری هەرێمی كوردستان دەگونجێت و لە لاییێكی دیكەوە لە بەر بەرزی ئاستی زانستی، ساڵانە هەزاران خوێندكار ڕوودەكەنە زانكۆكە. ڕیزبەندییەكەی زانكۆی گەشەپێدانی مرۆیی گەیشتووە پلەیەكی باش كە ئەم ڕێزبەندییە لە وڵاتی ئیسپانیا ئەنجامدراوە وئەمەش یەكێكە لە جێپەنجەكانی.

بەو كارانەوە د. علی قەرەداغی دەكەوێتە خانەی ئەوانەی خوای گەورە و میهرەبان پێی گوتووە (الذین یبلغون ڕسالات الله ویخشونه ولا یخشون احدا الا الله). لە ڕووبەڕووی ئاریشەكانی سەردەم بووە بە چارەسەرێكی هاوسەنگ و باوەڕێكی میانڕەو و پێگریكردن بە پەیڕەوی قورئانی پیرۆز بە ژیری و وتاری چاك و گفتوگۆكردن بە باشترین و ڕاسترین قسە. ئەم سیفاتانە وای كردووە كە جەنابی پرۆفیسور ببێتە جێگای متمانە و پشت بەستنی زانایانی ئیسلام و یەكێكە لە باشترین پاڵپشت كە پشتگیری كێشەكانی نەتەوەیی و ئیسلامی دەكات. ئەو ئیش و پلە و ئەندامەتی لە ئەنجومەنەكان، ڕێكخراوەكان، دەستەكان، دامەزراوەكان و كومەڵە و لیژنەكان ئەوەش بەڵگەن لە سەر توانای زانستی جەنابیان، هەروەها توانی خزمەتی ئیسلام و موسڵمانان بكات لەڕێگای دانان (تألیف)ی ژمارەیەكی زۆری پەرتوك وچەندین لێكۆڵینەوە و توێژینەوە لە بواری فیقهـ، ئابووری، كومەڵایەتی، سەرەڕای ئەمە حافزی قورئانی پیرۆزە و شارەزایەكی باشە لە بواری ( السنه والحدیث)....هتد. ئەمانە وای كردووە ببێتە مەوسوعە (ئینسایكلۆپێدیا)ی ئیسلامی و

زانستی، زۆربەی زانایانی سەردەم شایەتی دەدەن بە (فقە) و شارەزایی د. عەلی قەرەداغی و وەسفی دەکەن بە (موسوعە) لە بواری فیقە و ئابووری و زۆر بواری تر. هەمووکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیری مامناوەند میانڕەو بووە هەروەك خوای گەورە دەیەوێ لە موسڵمانان ببنە (أمة وسطى) مامەڵەکردن و لە هەموو شتێك. لێرەوە عەللامە شێخ مصطفى زرقا شایەتی دەدات و دەڵێت (نحن امام فقيه جديد له أفق واسع) ئەم کەسایەتیە لە هەموو ژیانی خۆی بەرگری لە ئیسلام و بڵاوبونەوەی ئیسلام کردووە و بەرگری لە مافی ئەوانەی ستەملێکراون کردووە لە هەر شوێنێك بێت. هەموو کات دەست پێشخەربووە بۆ دانانی پەیوەندییەکان لە ڕێی (یەکێتی جیهانی زانایانی مسوڵمان) لە نێوان جیهانی ئیسلامی و وڵاتانی تری جیهان. ئەتوانین بڵێین کەسایەتییێکی ئاشتیخوازە هەمووکات کاری تیرۆری بە تاوان ناوبردوە و تاوانباریکردووە بەو کار و کەسایەتیانە بۆ جیهان دیار دەبێت کە ئیسلام ئاینی میهرەبانی و ئاشتی و لێبوردن و برایەتییە. جەنابیان دەستی دەباتە ناو دەستی هەر لایەنێك هاوکاربێت لە سەر چاکی و خواناسی و بە نەخێر لە گەڵ ئەوانەی گونەهبارن و دەست درێژی بکات و دژایەتی ئیسلام بکات.

د. علی قەرەداغی ڕۆلێکی بە کاری هەیە لە ڕێکخستن و ڕاستکردنەوەی ئاژاوەگێڕی و ناکۆکی ململانێی نێوڕەگەزی لە نێوان نەتەوەکان و وڵاتاندا هەر وەك ئەوەی ڕوویداوە لە نێوان نەتەوەی قیرغیز و ئوزبەك و ڕۆلێکی گەورە و سەرەکی هەبووە بۆ گەڕانەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان بەرەو برایەتی و ئاشتبوونەوە و بە پاڵپشتی ڕوسیا ئەم کارەی ئەنجام داوە،

هەروەها ڕۆڵی هەیە لە كپكردنی فیتنەی نێوان موسڵمانان لە زۆر شوێن. دڵ و چاو شایەتن لە سەر ئەم كارانەی گەورە و هەموو كات داوای بڵاوبوونەوەی بیرۆكەی ئیسلام دەكات و كاركردن بە گیانێكی لێبوردن و هەوڵ دەدات بە جێبەجێكردنی پێكەوە ژیانی ئاشتیانە.

د. علی قەرەداغی لەو كەسایەتیانەیە كە هەڵگری ئازاری گەلانی ئیسلامە وئیش بۆ ئەوە دەكات ئەم ئازارانە لابدەن بە قسە و بە كردار و بە نییازێك و مەبەستێكی ڕاستگۆیانە، داوا دەكەین لە خوای بەخشندە و میهرەبان هەموو ئەوانەی چاكسازن بیپارێزێت بۆ خزمەتكردنی ئیسلام و مرۆڤایەتی.

الشيخ ڕشيد طه عثمان
إمام وخطيب جامع صلاح الدين الأيوبی/ دهوك
الأمين العام المساعد لمجلس علماء العراق



**دوانزەیەم: دكتۆر عومەر عبدالعزیز دەربارەی بەڕێز د. عەلی قەرەداغی**

ناسینی بەندە بۆ بەڕێز د. عەلی قەرەداغی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٨٨)ز. لە شاری ئیستانبوڵ، كە یەكەم كۆنگرەی تایبەت بە پرسی كورد و كاری ئیسلامیمان گرێدا و دامەزراندنی (رابیتەی ئیسلامی كورد)ی لێ كەوتەوە.

لەوكاتەوە زانیم كە بەڕێزیان كەسایەتییەكی بەتوانا، ئەكادیمی، فرە بەهرە و بەخزمەتە، توانیبوی لە وڵاتانی كەنداو و زۆر وڵاتی ئەورووپی لەڕێی وتار و لێدوان و سەردانەكانیەوە دەنگی

مەزڵومیەتـی کـورد بگەیەنێتـە ئـەو شـوێنانە و کەلێنێـك لە بۆشـایی بێدەنگـی دنیـای مسـوڵمانان لەمـەڕ پرسـی کـورد پـڕ بکاتـەوە.

بۆیـە مامۆسـتا قەرەداغـی لـە ناسـاندنی کـورد بەناوەنـدە ئیسـلامییەکان شـێرە بەشـی هەیـە و هـەر ئـەوەش فاکتەرێکـی سـەرەکی بـوو کـە ڕێکخـراوی (رابیتـەی ئیسـلامی) ببێتـە جێـی متمانەی ڕێکخـراوە ئینسـانی و ئیسـلامییەکان و لـە سـەرەتای نەوەدەکانـی سـەدەی بیسـتدا یارمەتـی زۆر و پـرۆژەی گرنـگ بنێـرن بـۆ کوردسـتان.

**لەڕووی فریاگوزاری و خزمەتگوزارییەوە:**

ئـەوەی ئاشـنا بێـت بـە دۆخـی نەوەدەکانـی کوردسـتان دەزانێـت کـە ڕابیتـەی ئیسـلامی جێدەسـتی گەیشـتە دەیـان گونـدی کاولکـراو و سـەدان پـرۆژەی خزمەتگوزاریـی و ئاوەدانـی و فریاگوزاریـی گەیانـدە ناوچـە بێبەشـکراوەکان، هـەزاران بـێ باوکـی نـازداری لـە مەینەتـی هەژاریـی ڕزگارکـرد و خوێندنیـان تـەواو کـرد و چوونـە سـەر ماڵ و حاڵـی خۆیـان، جگـە لـە یارمەتیدانـی هـەزاران ماڵـی هـەژار و دروسـتکردنی خانـووی نیشـتەجێبوون بـۆ دەیـان کەسـی دەسـتکورت و کـرێ نشـین.

**لەڕووی کێشـەی نـەتـەوەیی و گـەلانی جیهانـەوە:**

د. عەلـی لەنـاو خـۆو دەرەوەی کوردسـتان هەمیشـە پەرۆشـی پرسـی کـوردی بـووە و لـە چەندیـن ڕەهەنـدەوە کاری کـردووە:

- لـەڕووی بەشـداریی کۆنگرەکانـی تایبـەت بـە کـورددا، داکۆکیکارێکـی بەهێـز بـووە.

- لـەڕووی صولـح و ئاشـتەوایی ناوخۆییـەوە ناوبژیوانێکـی خەمخـۆر بـووە و لـە زۆربـەی شـەڕەکانی کـورد کوژیـی ناوخۆییـدا ڕۆڵـی ئیجابـی بینیـوە.

- لـەڕووی کێشـە عەشـائیرییەکانەوە لـە چەندیـن بۆنـەدا ڕێگریـی لـە تەشەنەسـەندنی ناکۆکییەکان گرتووەو چەندین بنەماڵەی ئاشـتکردوەتەوە.

- لـە هەوڵـی نزیكخسـتنەوەی هێـزە ئیسـلامییەكاندا لەیەكتـر، ڕۆڵێكـی كاریگـەر و بەرچـاوی هەبـووە.

**لە بواری فیكر و مەعریفە و زانستدا:**

- تازەگەریـی و ئیجتیهـادی نوێـی گونجـاو لەگـەڵ سـەردەم پێشـكەش بـە فیكـری ئیسـلامی كـردووە، بەتایبەتـی لـە بـواری پسـپۆڕییەكەی خۆیـدا (ئابـووری ئیسـلامی).

- توانیویەتـی دەیـان فەتـوا و حوكمـی نـوێ بـۆ پرسە هاوچـەرخـە ئاڵـۆزەكان دەربـكات، بـۆ یەكلاكردنـەوەی زۆرێـك لـە ناكۆكـی و خیلافـەكان.

- یەكێـك لـە شـاكارەكانی گەشـەدانی بـە مەعریفـە و زانسـت لە كوردسـتان، كردنـەوەی زانكـۆی (گەشـەپێدانی مرۆیی)یـە، كـە لـە پێشـەوەی زانكـۆ بەخزمەتەكانـی ناوچەكەیـە و هـەزاران خوێنـدكار لێـی بەهرەمەنـد بـوون.

**لەبـواری خزمـەت بـە ڕێكخـراو و بانـكو دامـەزراوە ئیسـلا مییە كا ند ا :**

بەوپێیـەی بەڕێزیـان ئەنـدام یـان ڕاوێـژكاری چەنـدین دامـەزراوەی فیقهـی و ئابوورییـە توانیویەتـی خزمەتێكـی گـەورە بـەو ناوەندانـە پێشـكەش بـكات، بەمـەش شـانازییەكی زۆری بـۆ خـۆی و نەتـەوە و نیشـتمانەكەی تۆمـار كـردووە، بەتایبەتـی لـە پۆسـتی ئەمینـداری گشـتی یەكێتـی زانایانـی جیهـان.

بەڕێزیـان شـایانی لـەوە زیاتـرە، (ولا نزكـی علـی اللـه أحـدا). خـوا بیپارێزێـت و موەفەقـی بـكات

د. عمر عبدالعزیز

ئەندامی دامەزرێنەر لە یەكێتی زانایانی جیهان

ئەندامی ئەنجوومەنی ئەمیندارانی ڕابیتەی ئیسلامی



## سیانزەیەم: وتەی بەڕێز ئەبوبەکر کاروانی، بیرمەندو سیاسەتمەدار:

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

یەکەم/ لەڕووی فریاگوزاری و کاری خێرخوازی و ئاوەدانکردنەوەی کوردستانەوە، شوێن پەنجەی دکتۆر عەلی قەرەداغی بووە بەبەشێك لە مێژووی کوردستانی دوای دامەزراندنی ڕابیتەی ئیسلامی کورد لە ساڵی (١٩٨٨)ز. دکتۆر لە ڕێی ڕێکخراوەکەیەوە لە بڕگەیەکی مێژوویی هەستیاری کوردستاندا، بەهانای گەلە لێقەوماوەکەیەوە هاتووە، توانی باری سەرشانی دەیان هەزار خێزان سووك بکات و ورەو ئومێدیان پێ ببەخشێتەوە، دوای ئەوەی شەڕ و برسێتی و ئاوارەیی شەکەت و ماندووی کردبوون، یارمەتی گەیاندە ئاوارەکان لەدوای دامەزراندنی و بەهاناوەچوونی خەڵکی جەزرە بە چەشتووی کوردستان لە کۆڕەوەکەدا، دواتریش خزمەتە بەردەوامەکانی بۆ چەندین ساڵ دوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێم و لە سایەی ئابڵۆقەی بەعس و شەڕی ناوخۆو برسێتی و قاتی و قڕیەکی ڕاستەقینەدا، داڵدەدانی هەزاران بێ باوك و خێزانەکانیان بێ جیاوازی کردن لەڕووی ئاینی و مەزهەبی و نەتەوەیی و سیاسیەوە، بەشێ لەو خزمەتانەن، کە هەتاهەتایە لەمێژووی کوردستاندا دەمێنێتەوەو جێگای شانازی دکتۆر عەلی و براو هاوکارەکانێتی، هەرکەسێك لەو ڕۆژانەدا نەژیابێت نازانێت بەهای ئەو بەدەمەوەچوونانە چەند گەورەبوون و چ کەلێنێکیان بۆ خەڵکی هەژار و کەم دەرامەت و بەگشتی گەلی کوردستانی باشوور پڕەکردەوە.

**دووەم/ لەڕووی كێشەی نەتەوەیی و كێشەی گەلانی ئیسلامی:**

لەم ڕووەشەوە جێ پەنجەی دكتۆر عەلی بەڕوونی بەمێژووی دوای دامەزراندنی ڕابیتە و دەركەوتنی كەسێتی بەڕێزیان وەك زانا و خەمخۆر و خێرخوازێك بەڕوونی دیارەو هەمووو مرۆڤێكی بەویژدان شایەتی بۆداوە، لەوانەش ئێمە كە لەناو ڕووداوەكاندا بووین.

**گرنگیدانی دكتۆر لەم ڕوەوە بەكێشەی كورد و كێشەی گەلانی تری مسوڵمان لە چەندین ڕووەوە بوو لەوانەش:**

١- دەركردنی گۆڤاری بانگی هەق لە كۆتایی هەشتاكانەوە، كە كارێكی گرنگی گۆڤارەكە ناساندنی مەزڵومیەتی كورد و عادیلانە بوونی كێشەكەی و ناساندنی كارەساتەكان و ئەو كەسێتیە ئیسلامیانە بوو، ڕابەرایەتی چەندین شۆڕش و ڕاپەڕینی كوردیان كردووە.

٢- سوود وەرگرتن لە كۆڕ و كۆنفرانسەكان بۆ ناساندنی واقیعی گەلی كورد و ڕەواندنەوەی تەم و مژ لەسەر ناسنامە ئیسلامییەكەی و حەقیقەتی ڕژێمی بەعس و ئەوەی بەسەر كورددا هاتووە لە ئەنفال و كیمیاباران و وێرانكردنی كوردستان و بەگشتی جینۆسایدی ئەم گەلە.

٣- ناساندنی واقیعی كورد و كێشەكەی بە ناوەندە ئیسلامییەكانی ناوچەكە و داواكردنی پشتیوانیكردن لێی و نەخڵەتان بە پڕ و پاگەندەی ڕژێمی بەعس و ڕژێمەكانی تری ناوچەكە.

٤- (تأصیل)كردنی كێشەی كورد لەڕووی ئیسلامییەوەو بەراوردكردنی فیدراڵیەت بە ویلایەتی ئیسلامی و نامۆ نەبوونی بە مێژووی ئیسلامی ناوچەكە و ڕەتكردنەوەی هەموو ئەو مێژانەی هەوڵەكانی كورد بۆ ڕزگاری و گەیشتن بە مافەكانیان

دەبەستەوە بە دژایەتی ئیسلام و گەلانی مسوڵمان.

٥- بەشداری گەرم لە هەوڵەكانی ئاشتەوایی لە نێوان هێزە كوردییەكان و كۆتایی هاتن بە شەڕی ناوخۆ و ناكۆكی و خوێنڕێژی.

٦- بەكارهێنانی (فەتوا) وەك چەكێك بۆ یارمەتیدانی گەلی كورد و وەسفكردنی خاكی كوردستان لە ڕووی شەرعییەوە بە (غصب) كراو و دروستنەبوونی نوێژ تیایدا، هەروەها چارەسەركردنی ڕەهەندە ئیسلامییە تەزویرەكەی داعش بۆ پێشمەرگە و ڕەوایەتی جەنگان دژی داعش و بەرگریكردن لە خاك و نیشتمان و سەر و ماڵی كورد.

٧- بەتەنگەوەبوونی كێشەی گەلانی مسوڵمان و قسە لەسەركردنی و بەرگری لێ كردنیان و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی پشتیوانی لە دۆزە ڕەواكەیان.

**سێیەم/ لە بواری فیكری و زانستییشدا دكتۆر عەلی قەرەداغی وەك زانا و شارەزایەك درێغی نەكردووەو لە چەندین ڕووەوە خزمەتی بەم بوارەش كردووە لەوانەش:**

١- دەركردنی گۆڤار و چاپكردنی كتێبی جۆراوجۆر.

٢- پشتیوانیكردن لە دەیان حوجرە و خوێندنگەی ئاینی.

٣- چارەسەركردنی كۆمەڵێ كێشەی مسوڵمانی هاوچەرخ لەڕێی فەتوا تازەكانیەوەو ڕاوێژ پێشكەشكردن بە چەندین بانك و دامەزراوەی ئابووری ئیسلامی و جیهانی.

٤- نوسینی كۆمەڵێ كتێب لە بواری پسپۆڕییەكەی خۆی و دەرەوەی ئەوداو ئیزافەكردنی بۆ مەكتەبەی ئیسلامی و كوردی.

٥- خزمەتكردن بە (تأصیل)كردنی بیری میانەڕەوی ئیسلامی لەڕێی چەندین كۆڕ و موحازەرە و كتێب و بەرنامەوە.

## چواردەیەم: دید و شایەتیدانی چەندین گەورە زانای تر

لێرەدا دووبارە دید و شایەتیدانی چەندین گەورە زانای تر دەخەینەڕوو، وەك زانا و فەقیهی گەورە جەنابی شێخ مستەفا زەرقا، خودا لێی خۆش بێت، كاتێك ڕاپۆرتی بەرزكردنەوەی پلەی جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی نوسیبوو بۆ پلەی (الأستاذية) تێیدا دەڵێت: «ئێمە لەبەردەم فەقیهێكی نوێ داین، خاوەنی دیدێكی فراوانە لە زانستی فیقهـ و بوارەكانی تریشدا».


بەهەمانشێوە دید و شایەتیدانی گەورە زانا دكتۆر بەكر أبو زید، كاتێك ئەم كتێبەی جەنابی پرۆفیسۆر قەرەداغی دەخوێنێتەوە (الغايه القصوى فى دراية الفتوى)، دواتر دەگات بە دیداری جەنابی قەرەداغی لە ساڵی ١٩٨٧ز پێی دەڵێت: «من سەرنج و تێگەیشتنەكانی تۆم كۆكردۆتەوە، پاشان داومە بە قوتابییەكانم بۆ ئەوەی وەك نمونەیەك چاوی لێ بكەن» دواتر پێی دەڵێت: «من وامزانی تۆ مامۆستا و زانایەكی بەتەمەن بیت، چونكە چاوەڕێی ئەو زانست و دیدە فراوانە نەبووم لە گەنجێكی وەك تۆ».

هەروەها دید و شایەتیدانی بەڕێز دكتۆر حسين حامد حسان كە سەرنجی خۆی لەسەر كتێبی (الإجارة وتطبيقاتها المعاصرة) نوسیوەو دەڵێت: «سەركەوتوو بووە لە ئیجتیهادە نوێكانیدا، توانیویەتی چارەسەری نوێ بخاتەڕوو، بە بنەمادۆزییەكی ناوازەوە».

ئێمە لێرەدا نامانەوێت هەموو ئەو دید و شایەتیدانە بخەینەڕوو لەسەر كەسێتی و نوسراو و بەرهەمە زانستییەكانی وتراون، بەڵكو تەنیا مەبەستمان بوو چەند ئاماژەیەك لەم بوارەدا بدەین.

# بەشی شەشەم

# ئەرشیفی وێنە





دکتۆر لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا لەپەیمانگای ئیسلامی لەسلێمانی



لای راستەوە دایکی دکتۆرعەلی، لای چەپی شێخ مستەفای برای



دکتۆر لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا لەکۆلێژی ئیمام ئەعزەم لەبەغداد



دکتۆر لەگەڵ زانای گەورە سەید محەممەد نەداو هەندێ لەهاوڕێکانی کۆلێژی



دکتۆر لەگەڵ شێخی وتاربێژان؛ محەمەد رەفاعی لەپەیمانگەی قیرائات



دکتۆر لەگەڵ هەندێك لەبرایان



لای راستەوە: غالب هیمەت، میوانێك، دکتۆرعەلی قەرەداغی، دکتۆر یوسف قەرزاوی، دکتۆر منان قەتتان، یوسف نەدا لەشاری لۆگانۆی سویسرا



دکتۆر پێشوازی لەهەندێك میوان دەکات لەئۆفیسی رابیتەی ئیسلامی کورد ١٩٩٣



گفتوگۆی دكتۆرای دكتۆر لەكۆلێژی یاساو شەریعەت لەزانكۆی ئەزهەر



دكتۆر لەگەڵ كاك ماجدی كوڕی لەشاری مەككەی پیرۆز



گفتوگۆی دکتۆرای دکتۆر لەکۆلێژی یاساو شەریعەت لەزانکۆی ئەزهەر



دکتۆر عەلی لەگەڵ شێخ حەمد ئالثانی؛ ئەمیری پێشووی وڵاتی قەتەر



لای راستەوە: دكتۆر یوسف قەرزاوی، شێخ خالد بن حمد ئالثانیو كوڕەكەی، دكتۆر عەلی قەرەداغی



دكتۆر لەگەڵ سیناتۆری روسی مامۆستا ئەحمەد لەئەنجومەنی دەومەی روسی ٢٠١٤ز



دکتۆر عەلی لەگەڵ زانایانی روس ٢٠١٤ز



دکتۆر عەلی لەگەڵ بەشداربووانی کۆنگرەی بترسبۆرگ لەروسیا ٢٠١٥ز



مەراسیمی کردنەوەی گەورەترین مزگەوت لەمۆسکۆ ٢٠١٤ز



دکتۆر لەگەڵ سەرۆکی داغستان ٢٠١٢



دکتۆر لەگەڵ سەرکردەکانی حکومەتی داغستان ٢٠١٢ز



دکتۆر لەگەڵ سەرۆکی ئەنگۆشیا ٢٠١٥ز



دکتۆر لەگەڵ موفتی بۆسنە؛ شێخ مستەفا و دکتۆر محەمەد سەفوەت



دکتۆر لەگەڵ سەرۆکی کۆمەڵەی فیقهـ لەهندستان ٢٠١٤ز



دکتۆر لەگەڵ باڵیۆزی ئازەربایجان لەوڵاتی قەتەر ٢٠١٥ز



دکتۆر لەگەڵ سکرتێری سیاسیی لەباڵیۆزخانەی یابان لەقەتەر ٢٠١٢ز



دکتۆر لەگەڵ سەفیری سۆماڵ لەقەتەر ٢٠١٢ز



دکتۆر لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمانی ئیندۆنیسیا ٢٠١٠ز




دکتۆر لەکۆنگرەی قونیا ٢٠١٥ز



موحازەرەیەکی دکتۆر لەمۆسکۆ ٢٠١٥ز




دكتۆر لەوڵاتی تاجیكستان ٢٠١٥ز




دكتۆر عەلی لەكۆنگرەی ئابووری لەوڵاتی قەتەر ٢٠١٥ز



دکتۆر لەکاتی وەرگرتنی خەڵاتی ڕێزلێنان لەلایەن کارگێڕی کاروباری ئاینی لەروسیا ٢٠١٤ز



دکتۆر عەلی لەگەڵ عەینەدین راوی، موفتی وڵاتی روسیا ٢٠١٤ز



دکتۆر لەیادی شێخ دیب ٢٠١٢ز



دکتۆر عەلی لەدیداری ڕێکخراوی کیبیری ئەمریکی ٢٠١٢ز



دکتۆر لەگەڵ فەخامەتی سەرۆك کۆماری پێشووی عێراق؛ جەلال تاڵەبانی




دکتۆر لەگەڵ بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی پێشووی هەرێم



دکتۆر لەگەڵ بەڕێز مام جەلال لەمەراسیمی کردنەوەی
زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی لەقەرەداغ ٢٠٠٧ز





دکتۆر عەلی لەگەڵ دکتۆر بەرهەم ساڵح؛ سەرۆك کۆماری عێراق



دکتۆر عەلی لەگەڵ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی؛ سەرۆکی هەرێمی کوردستان



دكتۆر لەگەڵ بەڕێز كۆسرەت رەسوڵ عەلی؛ جێگری پێشوتری سەرۆكی هەرێمی كوردستان



دكتۆر عەلی لەگەڵ بەڕێز نەوشیروان مستەفا؛ سەرۆكی پێشووتری بزوتنەوەی گۆڕان



دکتۆر عەلی لەگەڵ مامۆستا سەڵاحەدین محەمەد بەهائەدین
ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان



دکتۆر عەلی لەگەڵ مامۆستا عەلی باپیر؛ سەرۆکی کۆمەڵی دادگەری کوردستان



دكتۆر عەلی لەگەڵ محەمەد حاجی مەحمود؛ سكرتێری حیزبی سۆسیالیستی كوردستان



دكتۆر عەلی لەگەڵ مامۆستا ئەبوبەكر پێنجوێنی (وەرگێڕی ئەم كتێبە)



دکتۆر عەلی لەگەڵ شێخ عەلی عەبدولعەزیز؛ رابەری پێشووتری بزوتنەوەی ئیسلامی



دکتۆر عەلی لەگەڵ بەرێز شێخ محەمەد بەرزنجی؛ پێشەوای کۆمەڵی ئیسلامی



سەردانی دكتۆر عەلی بۆلای دكتۆر مستەفا زەڵمی



دكتۆر عەلی لەگەڵ دكتۆر هادیساڵح؛ وەزیری پێشووتری خوێندنی باڵا



دکتۆر عەلی لەگەڵ دکتۆر دلاوەر عەلائەدین؛ وەزیری پێشووتری خوێندنی باڵا



دکتۆر عەلی قەرەداغی لەگەڵ بەڕێز فاروقی مەلا مستەفا



دكتۆر عەلی لەگەڵ مامۆستا محەمەد فەرەج؛ ئەمینداری پێشووی یەكگرتووی ئیسلامی



كۆبوونەوەی دكتۆر لەگەڵ زانایانی ئاینییدا



دکتۆر عەلی قەرەداغی لەگەڵ سەرۆكو مامۆستایانو کارمەندانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی



یەکەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی زانستی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی



دەستەی کارگێڕیو بەڕێوەبەری لقەکانی رابیتەی ئیسلامیی کورد




بیستو پێنجەمین کۆنگرەی رابیتەی ئیسلامیی کورد



مزگەوتی گەورەی رانیە؛ لەلایەن رابیتەی ئیسلامیی کوردەوە دروستکراوە




دکتۆر عەلی قەرەداغی لەکاتی کردنەوەی پرۆژەیەکی رابیتەی ئیسلامیی کورددا